# دان چەرموو

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

جەك لەندەن

# دان چەرموو

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ناوی کتێب: دان چەرموو – ڕۆمان
نووسینی: جەك لەندەن
وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەد قازی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٧٥
پیت لێدان: ئەڤین محەمەد
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٥٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێش بار

جەك لەندەن، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی، ساڵی ۱۸۷٦ی زاینی لە شاری سانفەرانسیسکۆی ئەمریکا لە دایك بووە، لە منداڵیدا لەبەر دەستتەنگیی بنەماڵەکەی لە کێڵگەیەك دەستی بەکار کرد. بەڵام ماوەیەك دواتر وازی لە کاری کێڵگە هێناو ئاوارەی کووچە و کۆڵانی شارەکان بوو. بنەماڵەکەی کە لەباری تەربیەتی کۆمەڵایەتییەوە لە پاش بوون، زۆر گوێیان بەپێگەیاندن و ڕاهێنانی نەدا و لە ئاکامدا منداڵێکی بێ کارە و بێ تەربیەتی لێ دەرچوو. هەر بۆیەش چەندجار بەتاوانی دزی و سواڵکەری کەوتە بەندیخانە.

دایك و بابی لەبەر دەستکورتی نەیانتوانی بینێرنە قوتابخانە و تەنیا فێری نووسین و خوێندنەوەیان کرد. لە تەمەنی یازدە ساڵیدا لەگەڵ دایك و بابی چوونە «ئووکلاند» و لەوێ دەستی کرد بەڕۆژنامە فرۆشتن. کەچی دوای ماوەیەك وازی لەو کارەش هێنا و لەگەڵ تاقمێك گیرفان بڕ کەوت.

دووبارە گیرا و بردیانە بەندیخانە، دوای ئازادبوون بۆ ڕاوی نەهەنگی دەریایی و مرواری، بەسواریی کەشتی چووە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بەتایبەتی لێوارەکانی ژاپۆن. لەم سەفەرانەدا تووشی زۆر کوێرەوەری و چەرمەسەرێ هات و هەرچەند هێندێ ئەزمووني پەیدا کردبوو، کەڵلەشەقی و لە خۆبایی بوونی سەردەمی لاوەتی، نەیانهێشت ڕاستییەکانی ژیان تێ بگا.

تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو کە ڕۆژێکیان هەروا بە ئیشتیا و بۆ وەخت ڕابواردن چووە کتێبخانەیەك و بەڕێکەوت چاوی بەکتێبی «ڕابینسۆن کرووزئە»ی «دانیل دووفووئە» کەوت. لەبەرئەوەی بۆخۆی چەند ساڵ سەفەری دەریاکانی کردبوو، و ئەو کتێبەش باسی ژیانی پڕ کارەساتی کوڕێکی دەکرد کە ماڵ و بنەماڵەی بەجێ هێشتووە و چووەتە سەفەری دەریاکان و تووشی بەسەرهاتێکی سەخت هاتووە، کتێبەکەی زۆر پێ خۆش بوو. هەر ئەو ڕۆژە دەستی بەخوێندنەوەی کرد و بەجۆرێك سەرگەرمی خوێندنەوەی بوو کە وەختی داخستنی کتێبخانەکەش حازر نەبوو بەخۆشیی خۆی دەست لە خوێندنەوەی هەڵگرێ، هەتا بەرپرسی کتێبخانەکە بەزۆر وەدەری نا.

لەوەودوا کاری جەك لەندەن ئەوە بوو کە ڕۆژێ ۱۰–۱۵ سەعات خەریکی خوێندنەوەی داستانە پڕ کارەساتەکان بێ. بەرە بەرە خوێندنەوەکەی شێوەیەکی زانستیی بەخۆیەوە گرت و لەوەڕا دەستی کرد بەخوێندنی ناوەندی و بەچەشنێك خەریکی دەرسەکانی بوو کە چوار

ساڵ خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەی «ئووکلاند»دا بەماوەی سێ مانگ تەواو کرد و چووە زانکۆ. بەڵام دوای ماوەیەك زانکۆی بەجێ هێشت و دەستی کرد بەکاری نووسین.

لەبەرئەوەی باوکی ڕاوکەرێکی کارامەی کالیفۆڕنیا بوو و بۆ خۆشی لە سەردەمی منداڵی و سەرەتای تەمەنی لاوەتیدا لەگەڵ هەژاری و نەداری ئاشنا بوو، لەبارەی سروشت و خووی حەیوانەکان بەتایبەتی دڕندەکانەوە موتاڵا و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی دەکرد و دنیای حەیوانەکانی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش نیشان دەدا.

جەك لەندەن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بوو بەنووسەرێکی گەورە و بەماوەی هەژدە ساڵ کاری نووسەری، پەنجا و یەك کتێبی گەورە و سەد و بیست کورتە چیرۆکی نووسی کە زۆربەیان زۆر زوو بەچەندین زمانی زیندووی دنیا بڵاوبوونەوە و ناوبانگی جەك لەندەنیان گەیاندە زۆربەی وڵاتانی جیهان. ئەم نووسەرە مەزنە، ساڵی **١٩١٦** لە ئاکامی کاری زۆر و لە ڕادەبەدەردا کۆچی دوایی کرد.

«دان چەرموو»، یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی جەك لەندەنە. جەك لەندەن لەم داستانەدا بەوەستایی و کارامەییەکی تایبەتییەوە بەسەرهاتی پڕ کارەساتی بێچووە گورگێکی کێوی دەگێڕێتەوە کە بووەتە هاودەمی ئادەمیزاد و ئازادیی خۆی تەسلیمی بنیادەم کردووە و زنجیری دیلی و کۆیلەتیی بۆ کردووەتە ملی. لەگەڵ بنیادەمی جۆراوجۆر بەرەو ڕوو بووە، زوڵمی لێ کراوە و خۆشەویستیی نیشان دراوە، دارکاری کراوە و دەستی لاواندنەوەی بەسەردا هێنراوە و سەرەنجام لە ماڵی وایدن سکاتدا بووەتە پارێزەر و ئەمینداری گیان و ماڵی خاوەنە خۆشەویستەکەی یان وەك جەك لەندەن خۆی دەڵێ «خوای خۆشەویستی».

لەم داستانەدا بەراوردی بەسەرهاتی دان چەرموو کە بێچووە گورگێکی کێوی بووە و ماڵی کراوە، لەگەڵ سەربردەی «جیم هال» کە ئادەمیزادێکی خاوەن شارستانەتی بووە و لە ئاکامی ڕاهێنانی نا دروست و نا بەرامبەریی کۆمەڵایەتیدا ڕووی کردووەتە کێوان و یاخی بووە، تابلۆیەکی جوانی لێ دروست بووە کە پێم وایە سەرنجی هەموو خوێنەرێك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.

لەمێژ بوو بەئاواتەوە بووم دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێ ئەم داستانە بکەمە کوردی و بیخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، بەتایبەتی خوێندەوارە کەم تەمەنەکان کە پێم وایە زیاتر حەزی پێ دەکەن. خۆشحاڵم کە سەرەنجام ئەو دەرفەتانەم بۆ پێك هات و بەو ئاواتە گەیشتم. ئێستا ئاواتم ئەوەیە توانیبێتم ئەم کتێبە، کە بەڕاستی وەرگێڕانەکەی دژوار بوو، بەجۆرێك بکەمە کوردی کە تام و چێژی خۆی پاراستبێ و خوێنەرە خۆشەویستەکان لێی ڕازی بن.

هاوینی ١٩٨٨، وەرگێڕ

١

# شوێنی نێچیر

لێڕەواری پان و بەرینی دار سنۆبەر، لە هەردوو بەری چۆمی سەهۆڵبەستوو، بەوەزعێکی سامناك و پڕ لە هەڕەشەوە ڕاخرابوو. دارەکان کە بەهەڵکردنی بایەکی تازە کەوا سپییە بەفرینەکەیان لەبەر داڕنابوو، ڕەشپۆش و خەمناك، بەرامبەر بەتیشکی ڕەنگ پەڕیوی هەتاوی دەمەو ئێوارە تێکدا دەتلانەوە، دەتگوت لەبەر ترس و خەمباری دەیانەوێ پاڵ وێك بدەن. زەوی بیابانێکی مردووی لە بڕان نەهاتوو بوو کە لەوێدا نە زیندەوەرێك دەبزووت و نەپەلەوەرێك باڵی لێك دەدا، ئەوەندە سارد و چۆڵ و خەماوی بوو کە خەیاڵی بنیادەم لە ترسان ڕای دەکردە ئەودیو هەرێمی خەم و سامگرتوویی. ئارەزووی پێکەنینێکی وەك ژەهرە مار، پێکەنینێکی وشك و بێ گیان و بێ دەماخ، پێکەنینێکی وەك پێکەنینی کۆشکی بەرز و بێ وێنەی هەرمان بەدەزگای پڕوپووچی ئەم جیهانە و بەپەلەقاژەی بێ کەڵکی ئێمە، گیانی خەمناکی بنیادەمی دادەگرت. ئێرە بیابانی سامناك و سیس هەڵاتووی شیمال بوو کە بووبووە یەك پارچە سەهۆڵ.

خێشکێك کە بەچەند سەگورگەوە بەسترابوو، بەسەر ڕووبەری سەهۆڵبەستووی چۆمەکەدا بەزەحمەت بەرەو پێش دەچوو، دەتگوت لەگەڵ سام و شکۆی بیابانی شیمال لە بەربەرەکانێدایە. مووی لەشی سەگانی خێشکەکە وەك نەشتەر ڕاست بووبوونەوە و بەفر لەسەریان قەبارەی بەستبوو. هێشتا هەناسەی گەرم بەتەواوی لە زاریان نە دەهاتە دەر، کە دەبوو بەسەهۆڵ و وەك وردە شووشەی بریقەدار بەسەریاندا دەرژایەوە، دەتگوت لەجیاتی کەف، وردە شووشە لە زاریان دەپرژێ.

تەنگەی سەگەکانیان بەقایشێك کێشابوو و زین و هەوسارێك ئەوانی بەخێشکێکی لەرزۆکەوە دەبەستەوە کە نەختێك دوورتر، بەدوایاندا ڕادەکشا. ئەم خێشکە، خولخولەی نەبوو و لە چەند پارچە داری لێڕەوار دروست کرابوو کە توند و قایم لێك بەسترابوون. تەختی بنی بەتەواوی دەکەوتە سەر بەفر. نووکی پێشەوەی باریك و کووڕ دروست کرابوو بۆ ئەوەی لە بەفر ڕۆنەچێ و تەبارە بەفرەکان بەئاسانی ببڕێ و تێ پەڕێ.

سندووقێکی گەورەیان توند و قایم لەسەر خێشکەکە دابەستبوو. ئەم سندووقە درێژ و

تەسك، بەڵام بڵند بوو و دەكرێ بڵێین تەواوی ڕووبەری خێشكەكەی داگرتبوو. لە تەنیشت سندووقەكە هێندێ شتی دیكە، بۆ وێنە چەند دانە لێفە و تەورێك و قاوەجۆشێك و تەباخێكی چێشت لێنان لەسەر یەك كەڵەكە كرابوون.

لە پێشەوەی سەگەكان پیاوێك بە شەكەتی ڕێگای دەبڕی و پیاوێكی دیكەش بەدوای خێشكەكەدا دەڕۆیشت، لە نێو سندووقەكەشدا پیاوێكی دیكە خەوتبوو كە لە دەست ڕەنج و كوێرەوەری و خەم و خەفەت ڕزگاری بووبوو. "بیابانی شیمال" ئەم بەستەزمانەی بەجۆرێك هاڕیبوو كە جارێكی دی بیر لە ژیان و جموجۆڵ نەكاتەوە و هەوای مل بەملە و بەربەرەكانێ لەسەری نەدا. بەڵێ، "بیابانی شیمال ڕقی لە جموجۆڵ و تێكۆشان دەبێتەوە و بووژانەوە بەسەرپێچی لە دەسەڵاتی جەهەننەمیی خۆی دەزانێ. "بیابانی شیمال" ئاوێ دەبەستێ تا نەهێڵێ بەرەو دەریا بڕوا، شیلەی گیایی لە ژێر پێستی ئەستووری داری لیڕەواردا دەبەستێ هەتا وشك بن و بمرن، لەوەش خراپتر و بێ بەزەییانەتر، پەلاماری مرۆڤ دەدا بۆ ئەوەی تێكی بشكێنێ و بیكاتە ملكەچ و ژێر فەرمانی خۆی، چونكە مرۆڤ چالاكتر و بەرپەڕترین بوونەوەری سەر زەوییە كە هەرگیز ڕاناوەستێ و هەرگیز ماندوو نابێ، و دیارە "بیابانی شیمال"یش ڕقی لە جموجۆڵ و ژیان و تێكۆشان دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش ئەو دوو پیاوە كە هێشتا گیانیان لەبەردا بوو، بێ ئەوەی ماندوو بن، یان ناهومێدی بیانگرێ بەهەر گیان كێشانێك بوو لە پێش و پاشی خێشكەكەوە دەڕۆیشتن. جلوبەرگیان لە چەرمێكی نەرم بوو كە وەك چەرمی لە دەباغدراو وابوو. هەناسەیان هەروەك هەناسەی سەگەكان هێشتا بەتەواوی لە دەمیان نەدەهاتە دەر كە دەبوو بەسەهۆڵ و وەك وردە سەهۆڵ و بەفر بەجۆرێك لەسەر برۆ و برژانگ و ڕوخسار و لێویان دەنیشت كە لێك جیاكردنەوە و ناسینەوەیان دژوار بوو، دەتگوت دوو ئەندامی دایرەی ناشتنی مردووانن كە ڕووبەندیان بەسەر خۆیاندا داوە و تەرمی چەند تارماییەك بەرێ دەكەنە ئەو دنیا. بەڵام لە ژێر ئەو ڕووبەندانەدا دوو پیاوی بەزیپك و زاكوون هەبوون كە سەرەڕای هەموو كەند و كۆسپێكی سەر ڕێگا، لەو وڵاتە چۆڵوهۆڵ و بەسامەدا دەچوونە پێش و، ئەگەرچی بەرامبەر بەمەزنی و دەسەڵاتی ئەو دنیا سەیروسەمەرەیە، بەسام و شكۆ كە وەك گێژاوێكی بێ سەر و بن دەهاتە بەرچاو، زۆر چووكەڵە و بێ بایەخ دیار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕق و قینی كوێرانە و دڕندانەی ئەو دنیایە پێ دەكەنین.

هەردووكیان، بەئەندامێكی پتەو و ڕاكشاوەوە، بەرەوپێش دەچوون و خۆیان لە

تـەقـەلای بـێ سوود دەپـاراست. دەیـانـەویست لـە بـەکـارهـێنـانـی تـوانـا و تـەنـانـەت لـە هـەنـاسـەکـێشـانیش دا دەست پێوەبگرن. لە هـەموو لاوە بێدەنگییەکی بەسام دەوری دابوون کە بۆنی مەرگی لێ دەهات، بێدەنگییەك کە بەقورسایی خۆی وەك ئـاوێك کە خنکاوێك ڕادەگوشێ و وردە وردە دەیباتە قووڵایی زەریـا، لەشی ئەوانی دەگوشی و وردی دەکرد.

سەعاتێك ڕابورد و تریش دیکەش تێ پەڕی. تیشکی ڕەنگ پەڕیوی ڕۆژ، واتە تیشکی بێ هەتاوی قوتبی شیمال، خەریك بوو ئاوا بێ کە لەنەکاو دەنگێکی کز لە دوور، و لە هەوای ئارامی بیابـانـدا بەرز بووەوە. ئەم دەنگە بەرە بەرە گەورە بوو و زیادی کرد هەتا گەیشتە ئـەوپـەڕی خـۆی. مـاوەیـەك درێژەی کـێشا، ئـەمـجـار کـپ بـوو. ئـەگـەر بـاری درندەیـی و خوێنخۆرییەکەی تێدا نەبایە، وەك هاواری پڕ لە ناهومێدیی لێقەوماوێك دەچوو. ئەم دەنگە هـاواری پڕ گەرمـایی حەیوانێك بوو، هـاواری برسییەکی قـاتی لێ دراو بوو کە بەدوای خۆراکدا دەگەڕا.

ئەو پیـاوەی لە پێشەوە دەڕۆیشت ئەوەندە سەری وەرسووڕاند تـا لەگەڵ ئەو پیـاوەی لـە دواوە دەهـات چـاویـان تێك هەڵ ئەنگوت و هەردووکیـان لەسەر ئەو سندووقە کە لەسەر خێشکەکەدا بەسترابوو، یەکتریان حاڵی کرد.

نـارەتـەیـەکی دیکە بەرز بووەوە و بێدەنگیی شکاند. دوو پیـاوەکە تێ گەیشتن دەنگەکە لە کـام لاوە دێ. دەنگەکە لە پشتەوە و لـەو بیـابـانـە پڕ بەفرەوە دەهـات کە تـا ئێستـا بڕیبوویـان. نـارەتەی سێیەم وەڵامی دوو نـارەتەی پێشووی دایەوە. ئەو نـارەتـەیـەش لە پشتەوە و لە لای چەپی دەنگی دووەم هەستا.

ئەو پیاوەی لە پێشەوە دەڕۆیشت بەهاوڕێیەکەی گوت: ”بیل! وە دوای ئێمە کەوتوون.“

دەنگەکەی زبر و لەرزۆك بوو، دەتگوت بەزەحمەت لە گەرووی دێتە دەر.

بیل کە لە دواوە دەهـات وەڵامی دایەوە، ”بەڵێ. لەم وڵاتە گۆشت چنگ نـاکەوێ. ئەمن چەند ڕۆژە تەنـانەت شوێنی کەرۆیشکێکیشم نەدیوە.“

پـاشان هـەردووك بێدەنگ بوون. بەڵام هۆشیـان هـەر لـەسەر ئەو دەنگە بوو کە لە پشتیـانـەوە دەهـات و بەدوای خۆراکدا دەگەڕا.

هـەرکە شەو داهـات، سەگەکانیان لە خێشکەکە کردەوە و لە قەراخ چۆمی، لە مێشەیەکی چـووکـەڵـەی دارسنـۆبـەردا کـۆیـان کردنـەوە، پـاشان چـەند هـەنگـاو لـەو لای سەگـەکـان ئـاگرێکیـان کردەوە و دەزگایـان لێ داکوتـا و تـابووتی هـاوڕێ مردووەکەیـانیـان لـەجیـاتی

مێز و کورسی بەکارهێنا. سەگورگەکان دەیان مڕاند و پێك هەڵدەپرژان. بەڵام نیازی ئەوەیان نەبوو ڕابکەن و لە تاریکاییی بیاباندا ون بن.

بیل ڕووی کردە هاوڕێیەکەی و گوتی: "هانری! وا دیارە ئەم سەگانە هەتا سەر لەم کاروانەدا دەمێننەوە."

هانری کە لەبەر ئاگرەکە خەریك بوو سەهۆڵی دەتواندەوە بۆ ئەوەی بەئاوەکەی قاوە ساز بکا، بەسەر لەقاندن قسەکەی ئەوی سەلماند؛ پاشان لەسەر تابووتەکە دانیشت و دەستی بەخواردن کرد و گوتی:

"چونکە خواردنیان پێ لە خوران باشترە و باش دەزانن کە لە لای ئێمە گیانیان کەمتر لە مەترسیدایە. ئەم سەگانە حەیوانێکی بێ هۆش نین."

بیل سەری ڕاوەشاند و گوتی: "ئەمن زۆر سەرم لەم مەسەلانە دەرناچێ."

هاوڕێیەکەی بەسەرسووڕمانەوە سەیرێکی کرد و گوتی: "سەیرە!... یەکەم جارە کە دەبینم گومانت لە زرینگی و هۆشی سەگەکاندا هەیە."

بیل لە کاتێکدا بەئیشتیایەکی تەواوەوە فاسوولیای کوڵیوی دەجووی، گوتی: "ئاگات لێ نەبوو کاتێك شێوم بۆ بردن چەند نیگەران و ناڕەحەت بوون و چ گوڵمەزێکیان سازکرد؟... ئەرێ بەڕاست هانری، ئێمە چەند سەگمان هەن؟..."

هانری گوتی: "شەش دانە."

"زۆر باشە"

بیل وەك بیهەوێ سەنگینییەکی زیاتر بەقسەکانی بدا، کەمێك بێدەنگ بوو، ئەمجا گوتی: "ئێمە دەمانگوت شەش سەگمان هەن و بۆیە منیش شەش ماسیم خستنە توورەکەیەکەوە و بۆم بردن و هەریەکەی ماسییەکم وێ دان، کەچی لە ئاخردا دیتم ماسییەکم کەم هێناوە."

"حەتمەن خەراپت ژماردوون."

بیل لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە: "نا، خەراپم نەژماردوون. ئێمە شەش سەگمان هەبوون و شەش دانە ماسیم بۆ بردن. کەچی "یەك گوێ" وەبەری نەکەوت. ئەو دەم هاتمەوە ماسییەکی دیکەم لە توورەکەکە دەرهێناو بۆم برد."

هانری گوتی: "هەرچۆنێك بێ، ئێمە شەش سەگ زیاترمان نییە."

بیل گوتی: ″ئەمن نالێم جگە لە سەگ حەیوانێکی تریشی لێ بوو. بەڵام دەڵێم ماسیم دا بە حەوت سەگ.″

هانری دەستی لە خواردن هەڵگرت و لەبەر تیشکی گڕی ئاگرەکە لە دوورەوە حەیوانەکانی ژمارد و گوتی: ″هەرچۆنێك بێ، خۆ ئێستا شەش دانە زیاتر نین.″

بیل گوتی: ″ئەمن حەوتەمینم دی کە بەنێو بەفرەکەدا ڕای کرد.″

هانری لە ڕووی بەزەیی پێداهاتن و دڵسۆزییەوە تەماشایەکی بیلی کرد و گوتی:

″خوا ئاخری کارمان لەم سەفەرە پڕ نەگبەتەدا وەخێر بگێڕێ. خۆزگە زووتر دەگەیشتینە جێ!″

بیل گوتی: ″مەبەستت لەم قسەیە چییە؟″

هانری گوتی: ″مەبەستم ئەوەیە کە سەختیی ڕێگا و ڕەنجی سەفەر ئەحواڵی تۆی زۆر تێك داوە و بەرە بەرە خەریکە چاوت ڕەشکەوپێشکە دەکا و شتی نەبینراو دەبینێ.″

بیل بەتوندی لەم قسەیەی هاوڕێیەکەی وە جواب هات و گوتی: ″ ئەمنیش لە پێشدا وام دەزانی، بەڵام شوێنی حەیوانی حەوتەم ئێستاش لەسەر بەفرەکە ماوەو ئەگەر پێت خۆش بێ حازرم نیشانت بدەم.″

هانری هیچ جوابی نەدایەوە و دووبارە بەبێ دەنگی دەستی کردەوە بەخواردن. کاتێك خواردنەکەی تەواو بوو، فنجانێك قاوەشی لەسەر خواردەوە و پاشان دەم و لێوی خۆی بەپشتی دەستی سڕینەوە و لەپڕ وەدەنگ هات و گوتی:

″بەڕاست بیل! ئەتۆ باوەڕ دەکەی حەیوانێکی وا...″

لەو کاتەدا هاوارێکی سامناك و بەئازار لە نێو تاریکاییدا بەرز بووەوە و قسەکەی پێ بڕی. هانری بێدەنگ بوو تا باشی گوێ لێ بێ. پاشان دەستی بۆ ئەولایە کە دەنگەکەی لێوە هاتبوو، ڕاداشت و گوتی: ″ئەمە یەکێك لەوانە، هاتووە.″

بیل بەسەرلەقاندن قسەکەی ئەوی سەلماند و گوتی: ″ئەمن لەوە زیاتر کە گوتم بیرم بۆ هیچ شتێکی دیکە ناچێ. ئەتۆ بۆ خۆت دیتت سەگەکان چ هەڵڵا و هەنگامەیەکیان ساز کردبوو.″

دەنگ لە دوای دەنگ بەرز دەبوونەوە و لە هەر لاوە، لە دوور و نیزیك وەڵامی یەکتریان دەدایەوە، دەتگوت بیابانی شیمال لە نەکاوێك بووەتە شێتخانە. سەگەکان، بەسام

گرتوویی پەتەکانیان پساندبوو و ئەوەندە نیزیکی ئاگرەکە تێك خزیبوون کە تووکی لەشیان لەبەر شۆقی ئاگر سوور دەچوو.

بیل داری خستنە سەر ئاگرەکە، قەلنەکەی داگیرساند، چەند مژی لێ دان و گوتی: ″هانری! بیر لەوە دەکەمەوە دەڵێم ئەو پیاوەی لەوێ دایە (قامکی بۆ ئەو سندووقە ڕا داشت کە لە سەری دانیشتبوون) زۆر لە من و تۆ بەختەوەرترە. ئەمن و تۆ پاش مردن نەك هەر سەفەرێکی وا بە ڕەحەتی ناکەین، بەڵکە نازانم کەس دەبێ بەردێك لەسەر گۆڕەکەمان دانێ یان نا. ئەوەم پێ سەیرە بابایەکی وەك ئەم کابرایە کە بێگومان لە وڵاتی خۆیدا دەوڵەمەند و پیاوماقووڵێك بووە و هەرگیز تووشی خەفەتی نان و ئاو و خانووبەرە نەبووە، چۆن بەمێشکیدا هاتووە کە ڕوو بکاتە ئەم وڵاتە تووك لێ کراوە، کە خواش بەخوایەتیی خۆی بەجێی هێشتووە. بەڕاستی سەرم لەم مەسەلەیە دەرناچێ.″

هانری بۆی لە مل دا و گوتی: ″ئەم پیاوە ئەگەر لە وڵاتی خۆی مابایەوە، لەوانە بوو زۆر بژی.″

بیل دەیەویست لەسەر قسەکەی بڕوا کە لەپڕ لە تاریکاییی سامناکی شەودا (کە سات بەسات وەك دیوارێکی ڕەش زیاتر ئەڵقەی گەمارۆی لێ تەنگ دەکردنەوە و هەموو شتێکی لە خۆیدا ون دەکرد)، چاوی بەجووتە چاوێکی ترووسکەدار کەوت کە وەك ئەستێرەی پڕشنگدار دەبریسکانەوە. بیل ئەو دووچاوەی بەهانری نیشان دا و هانرییش جووتە چاوێکی ترووسکەداری دیکە و پاشان سێیەم جووتە چاوی بەو نیشان دا. بەرە بەرە دیتیان کە بەئەڵقەیەك لەو چاوە ترووسکەدارانە گەمارۆ دراون. جاری وابوو چاوێك جێگای دەگۆڕی، یان بەجارێك ون دەبوو، بەڵام دووبارە لە شوێنێکی تر دەردەکەوتەوە.

سەگەکان جار لە جار زیاتر ترسیان ڕێ دەنیشت. هەموویان وەك شێتان لە دەوری ئاگرەکە هەڵبەز و دابەزیان دەکرد، یان لە ترسان لەسەر زەوی ڕادەکشان و خۆیان لە نێو لاقی ئەو دوو پیاوەدا دەشاردەوە. لەو بەزمی هەڵبەز و دابەزەدا یەکێك لە سەگەکان کەوتە نێو ئاگر و قرووسکەیەکی بە ژان و ئۆفی لێ هەستا و دنیاشی پڕ کرد لە بۆ زووروو. ئەم هەڵلا و هەنگامەیە تاوێك ئەڵقەی چاوە ترووسکەدارەکانی پساند و ئەوانی بەرەو دوا کشاندەوە، بەڵام هەرکە سەگەکان ئارام بوونەوە سەرلەنوێ ئەڵقەکە دروست بووەوە.

بیل گوتی: ″تەقەمەنیمان خەریکە تەواو دەبێ؛ پیس قەوماوە.″

بیل قەلنەکەی تەواو کردبوو و خەریك بوو یاریدەی هاوڕێیەکەی دەدا هەتا دۆشەکە

خورییەکەی لەسەر ئەو لکە سنۆبەرانە ڕابخا، کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بەفرەکە ڕیزی کردبوون.

هانری لە کاتێکدا کاڵە چەرمە شوورەکەی دادەکەندن، بەپرتەوبۆڵەیەکی نەقایلانە لە هاوڕێیەکەی پرسی: ″چۆن، بیل، گوتت چەند فیشەکمان ماوە؟.″

بیل گوتی: ″سێ دانە، و بریا سێ سەد دانە مابایە هەتا مشووری ئەم نەحلەتییانەم خواردبایە.″

بیل بەتووڕەیی مستی بۆ لای چاوە ترووسکەدارەکان ڕاداشت و پاشان ئەویش کاڵەکانی زۆر بەسپایی لە نزیك ئاگرەکەی دانان و بەم جۆرە درێژەی بەقسەکانی دا:

″... حەزم دەکرد ئەم سەرما نەحلەتییەش تەواو بایە، بێ وێژدانە دوو حەوتوویە لە دە پلە خوار سیفر کەمتر نەبووە. خۆزگە هەر نەهاتباینە ئەم سەفەرە نەگبەتە؛ ئەمن سەفەرم پێ ناخۆش نییە، بەڵام بەو پێشهات و ڕووداوە ناخۆشانە قەڵسم. سەرەنجام هەموو سەفەرێك کۆتایی دێ، بەڵام خۆزگە زووتر لەوەی بیری لێ دەکەینەوە تەواو دەبوو و، ئیدی هەر بیریشمان لێ نەدەکردەوە. خۆش دەبوو ڕۆژێك ئەمن و تۆ ساغ و سەلیم لە ″فۆڕم گووری″ یەکترمان دیتبایە و بەئاسوودەیی لەبەر ئاگر پاڵمان دابایەوە و قومارمان کردبایە. ئەوەی ڕاست بێ، بەش بەحاڵی خۆم لەوە زیاتر ئاواتێکم نییە.″

هانری بەقەڵسییەوە بۆڵەیەکی دیکەی لێ هات و دەلێفەکەی خزی. خەریك بوو خەوی لێ بکەوێ کە بیل بەتوندی ڕووی تێ کرد و گوتی: ″هانری! پێم بڵێ بزانم ئەو بێ چاوڕووە کە خۆی تێکەڵی سەگەکانمان کرد و ماسییەکەشی لێمان دزی، بۆچی سەگەکان تێی ڕۆ نەهاتن و هەڵیان نەدڕی. بەڕاستی لە داخی ئەو نەحلەتییە خەریکە بتەقم.″

هانری بەدەنگێکی خەواڵووەوە گوتی: ″چ باسە بیل! زۆر تێك چووی، ئەتو جاران وانەبووی، پێم وایە زگت باش کار ناکا، توخوا کەمتر هاتەران پاتەران بڵێ، بخەوە ئەگینا سبەینێ حاڵت باش نابێ. بۆچی لەخۆڕا ئەوەندە مێشکی خۆت ئازار دەدەی؟...″

هەردوو هاوڕێ لە پەنای یەك و لە ژێر یەك لێفەدا خەوتن، هەناسەیان بەزەحمەت دەهات.

ئاگرەکە وردە وردە دەکوژایەوە و چاوە ترووسکەدارەکان ئەڵقەی گەمارۆیان تەنگتر دەکردەوە. هەر وەخت دوودانە لەوان نیزیکتر دەبوونەوە، سەگەکان هەم لە ترسان و هەم

بۆ ئەوەی ئەوان بترسێنن، دەیانمڕاند. سەرەنجام مڕەی سەگەکان ئەوەندە توند بوو کە بیل وەخەبەر هات و بۆ ئەوەی خەوی هاوڕێیەکەی نەشێوێنی بەئەسپایی و بێ هەست لە ژێر لێفەکە هاتە دەر و سەرلەنوێ ئاگرەکەی خۆش کرد.

هەرکە گڕی ئاگر بەرز بووەوە، ئەڵقەی چاوەکان کشایەوە. بیل تەماشایەکی سەگەکانی کرد و پاشان پێڵووی چاوەکانیی هەڵگلۆفی و دووبارە وردتر تەماشای سەگەکانی کردەوە، ئەمجار خۆی گەیاندەوە بن لێفەکە و گوتی: "هانری، هانری، هۆی هانری!..."

هانری وەك کەسێك کە بێ وەخت خەبەریان کردبێتەوە، ناڵەیەکی لێ هات و گوتی: "ها، چ بووە دیسان؟..."

"هیچ، دیسان سەگەکانم ژماردن، حەوت دانەن."

هانری بەو خەبەرە هیچ تێك نەچوو، و تاوێك دواتر دووبارە خەوی لێ کەوتەوە و پرخ و هۆڕی لێ بڵند بوو."

بەیانی زووش لە پێشدا ئەو وەخەبەر هات و هاوڕێیەکەی لە بن لێفەکەی دەرکێشا. سەعات شەش بوو، هێشتا هەتاو دەرنەکەوتبوو، و هەتا سێ سەعاتی دیکە هەتاو بەرز نەدەبوو.

هانری بەتاریکی خەریکی سازکردنی قاوڵتی بوو، هاوڕێیەکەشی جێ و بانەکەی خڕ دەکردەوە و خێشکەکەی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد.

بیل لەنەکاو پرسی: "هانری! بڵێ بزانم. پێت وایە چەند سەگمان هەن؟..."

"شەش دانە."

بیل بەسەرکەوتنەوە نەڕاندی و گوتی: "هم!... بزانە بەهەڵەچووی!..."

"چۆن یانی؟ دیسان حەوتن؟..."

بیل گوتی: "نەخەیر پێنجن، یەکێك لە سەگەکان ڕۆیشتووە."

هانری لە داخان ڕاچڵەکی و گوتی: "بەدەرەك!..."

پاشان کارەکەی بەجێ هێشت و دەستی کرد بەژماردنی سەگەکان و دووبارە گوتی: "بیل! قسەی تۆیە" بوول دوسویف" ڕۆیشتووە."

بیل گوتی: "وەك بریسکە ڕای کردەوە و لەبەر دووکەڵی ئاگر ئێمە نەماندیوە."

هـانری گوتی: ″ئەم پێشهاتە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ ئەو، بەدبەختییەکی گەورە بوو؛ حەتمەن بەزیندوویی قووتیان داوە. ئەمن گرەوت لەگەڵ دەکەم کە وەختێك لە گەروویان چووەتە خوار، وەك جەهەننەمییان قرووسکاندوویە. هەی نەحلەتی خوایان لێ بێ!...″

بیل گوتی: ″ئەم سەگە هەمیشە شێت بووە. کاری ئێستای نییە.″

هـانری گوتی: ″ئەگەرچی شێتیش بووبێ، چۆن دەکرێ سەگێك ئەوەندە خۆی شێت کا کە بەم جۆرە خۆی بەکوشتن بدا؟″

هـانری چاوێکی لە سەگەکانی دیکەی کاروان کرد و لە مێشکی خۆیدا وشیاری و توانا وەزعی رووحیی هەموویانی هەڵسەنگاند و گوتی: ″ئەمن سوێند دەخۆم هیچ کام لەم سەگانە کاری وا ناکەن. ئەگەر بەکوتەك و گۆپاڵیش لەسەریان بدەن، هەنگاوێك لە ئێمە دوور ناکەونەوە.″

بیل گوتی: ″ئەمن زۆرجار لە دڵی خۆمدا گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە ئەم ″بوول دوسویف″ە نەحلەتییە کەمێك مێشکی تێك چووبوو.″

بەڵێ، ئەمە بوو چارەنووسی شووم و سەرەنجامی نەگبەتباری سەگێك کە لە رێگای مەملەکەتی شیمالدا بوو بەخۆراکی دڕندە و کێوی. داخوا چەند سەگی دیکە و چەند بنیادەمی بەدبەخت تووشی ئەم چارەنووسە خەماوییە بووبن.

***

## ٢

# دێڵە گورگ

هەرکە قاوڵتی خورا و کەلوپەلەکەیان لە خێشکەکە قایم کردەوە، دوو پیاوی ڕێبوار ئاگری جێ خەوی شەوێیان بەجێ هێشت و لە تاریکاییی بەرەبەیاندا کە هێشتا دنیای بەرنەدا بوو، ڕێگای خۆیان درێژە پێ دا. نەڕەو هاواری شوومی دڕندەکان هەروا دەهاتە بەرگوێ و لە تاریکایی و سەرمادا وەڵامی یەکتریان دەدایەوە. سەعات نۆی بەیانی کە هەتاو کەوت بەرە بەرە دەنگەکان کپ بوون. لای نیوەڕۆیە وا دەهاتە بەرچاو کە ئاسمان لە لای جنووبەوە نەختێك گەرم بووە و ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە. لە پاشان هیڵێك کە خراپیی گۆی زەوی لە نێوان شیمال و مەڵبەندەکانی جنووب، واتە وڵاتی هەتاودا بەجێی دێڵێ، دەرکەوت. بەڵام ڕەنگە سوورەکەی ئاسمان زۆر زوو لە پێش چاو ون بوو و، جێگای خۆی دا بەهەتاوێکی خۆڵەمێشی و کەمڕەنگ کە ئەویش هەتا سێ سەعات دوای نیوەڕۆ مایەوە و پاشان ڕەنگی پەڕیوی مەڵبەندی شیمال باڵی بەسەر خاکی چۆڵ و مەرگ هێنەری ئەو نێوەدا کێشا. کاتێك تاریکایی هەموو جێگایەکی داگرت، سەرلەنوێ هاواری برسییەکانی بیابان لە ڕاست و چەپەوە هاتە بەرگوێ و ترسێکی بێ ئەمانی خستە دڵی سەگانی ماندوو داماو و بەستەزمانەوە.

بیل کە بۆ جاری بیستەم سەگەکانی لە لاڕێوە گێڕابووەوە، سەر چەقی جادە و لە خێشك لێخوڕین ماندوو بووبوو، گوتی: ″پێم خۆش بوو ئەم نەحلەتییانەش گۆڕەهوو بوونایە و لە دەستیان ڕزگار بووینایە.″

هانری گوتی: ″ئای!... بەڕاست ئەمانە بەدبەختیان کردین. ئەمن هەر وەخت بیر لەمانە دەکەمەوە تەزووم بەلەشدا دێ.″

موسافیرەکان ڕاوەستان و وەك شەوی پێشتر دەزگایان لێ بڵاوکردەوە. هانری ئاگای لە مەنجەڵێك بوو کە پاقلەی تێدا دەکوڵاند. لەپڕ بەدەنگی بیل و هاوارێکی بەژانی دیکە تێك ڕابوو. دەسبەجێ سەری بەرزکردەوە و چاوی بەتارماییيەك کەوت کە بەسەر بەفردا ڕای دەکرد و لە تاریکاییی شەودا ون دەبوو. پاشان چاوی بەبیل کەوت کە بەوەزعێکی نیوە خۆشحاڵ و نیوە خەمگینەوە لە نێو سەگەکان ڕاوەستاوە، بەدەستێك گۆپاڵی پێیە و بەدەستەکەی تری لەتکە ماسییەك.

بیل گوتی: "چاك بوو هەرنەبێ نیوەم نەجات دا. "دز"ەکەش زەبرێکی وێ کەوت. گوێت لێیە هانری، قڕووسکەی دێ؟"

هانری پرسی: "ئەم "دز"ە شکلی چۆن بوو؟"

بیل گوتی: "نەمتوانی باشی ببینم، ئەوەندە دەزانم چوار لاق و زارێك و تووکێکی وەك تووکی سەگی هەبوو."

هانری گوتی: "ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەم "دز"ە گورگی ماڵی بوو."

بیل گوتی: "حەتمەن ماڵی بووە کە ڕاست لە وەختی شێواندا هاتووە و لەتکە ماسییەکی هەڵگرتووە."

هەردوو پیاوەکە لەسەر سندووقە لاکێشییەکە دانیشتن و پاش نان خواردن بەعادەتی خۆیان، دەستیان کرد بەقەلنە کێشان. ئەڵقەی چاوە تڕووسکەدارەکان وەك شەوی پێشتر، بەڵام نیزیکتر ئەوانی گەمارۆ دا.

بیل دووبارە ناڵاندی و گوتی: "خوا کردبای ئەمانە بەسەر ڕەوە شوورێك یان نێچیرێکی دیکە وەربببان و لە کۆڵ ئێمە بوونایەوە، باش دەبوو!"

هانری وای نیشان دا کە گوێی لە قسەکانی نییە، بەڵام چونکە دیار بوو بیل دەست هەڵناگرێ و دیسان دەیەوێ دەردی دڵ هەڵڕێژێ، لە ڕقان سوور هەڵگەڕا و گوتی: "بەسیەتی بیل! بەس قڕەقڕ بکە دەڵێی بۆقی. ئەمن گوتم زگت باش کار ناکا و دەڕاوێنی. وەرە کەوچکێك سۆدە بخۆوە، بەڵێنت پێ دەدەم بێیەوە سەرەخۆ و دووبارە ببیەوە هاوسەفەرێکی باش و خۆش ئەخلاق."

بەیانی داهات و دەنگی جنێوە تەڕ و تازەکانی بیل هانریی لە خەو هەستاند. هانری هەر لەسەر جێگاکەیڕا هاتە سەر ئانیشکی خۆی و لە نێو بڵێسەی ئاگرەکەڕا کە هێشتا دایسا، چاوی بەهاوڕێیەکەی کەوت کە لە نێو سەگەکان ڕاوەستاوە و بەتوندی نێوچاوانی تێك ناوە و زۆر بەخەمناکی باسکان ڕادەوەشێنێ. بانگی کرد و گوتی:

"ها، بیل، چ بووە دیسان؟."

بیل گوتی: "گرەندی"یش ڕای کردووە."

"نا بابە!."

"وەڵڵا!."

هانری لە ژێر لێفەکەی هاتە دەر و چووە کن سەگەکان و ورد ژماردنی. پاشان ئەویش وێڕای بیل نەفرینی لە ڕۆحی گلاوی بیابان کرد کە سەگێکی دیکەشی لێ دزیبوون.

بیل گوتی: ″گرەندی″ لە هەموو سەگەکانی کاروان بەهێزتر بوو.″

هانری لێی زیاد کرد کە: ″ سەگێکی شێتیش نەبوو.″

لەدەستچوونی ئەم سەگە دووەمین پێشهاتی شووم بوو کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا تووشیان هات.

قاوڵتی بەخەم و خەفەتەوە خوراو ئەو چوار سەگە کە مابوون بە خێشکەکەوە بەستران. ئەو ڕۆژەش فەرقێکی لەگەڵ ڕۆژی پێشتر نەبوو.

دوو پیاوی سەفەری بێ قسەکردن بەڕێگادا دەڕۆیشتن. بێدەنگیی بەسامی بیابان تەنیا بەدەنگی هاواری ئەو جانەوەرە برسییانە دەشکا کە بەدوایاندا دەهاتن. سەگەکان هەروەك ڕۆژی پێشتر لە ترسان لە ڕچەکە دەردەچوون و لاڕێ دەبوون.

دوو پیاوە سەفەرییەکەش هەروەك ڕۆژان بە گیان و لەش ماندوو بوون.

کاتێك شەو داهات و دەزگایان بڵاوکردەوە، بیل وەك سوور پێستەکان، قایشێکی قایمی لە ملی سەگەکان بەست کە دارێکی ئەستووری پێنج شەش میتر درێژی لێ بەسترابوو، و سەری دیکەی دارەکەش بەهۆی قایشێکی دیکەوە لە سینگێك قایم کرابوو کە توند توند لە زەوی داکوترابوو. ئەم قایشانە لە هەردوو سەرەوە ئەوەندە باش توند کرابوون کە سەگەکان نەیان دەتوانی گاز لە چەرمەکە بگرن و بیجوون.

وەختێك کارەکەی تەواو کرد، بیل بەڕەزامەندییەوە ڕووی کردە هانری و پێی گوت: ″هانری، بڕوانە چەند باشم سازکردووە. ئێستا ئیدی ئەم بێ مێشکانە ناچارن هەتا بەیانی ئاسوودە بکەون. ئەگەر ئەمجار شتێك بوو حازرم دەست لە بەشە قاوەی خۆم هەڵگرم.″

هانری هەستی کرد کە بیل کارێکی زۆر باشی کردووە. بەڵام ئەڵقەی ئەو چاوە تروسکەدارانەی کە سێیەمین شەو بوو ئەوانی گەمارۆ دەدا، بەبیل نیشان دا و گوتی: ″بەم حاڵەش، بەداخم کە ناتوانین گوللەیەك لە قەپرغەی ئەم نەحلەتییانە بدەین. وا دیارە تێ گەیشتوون کە ئێمە فیشەکمان پێ نەماون. بۆیە سەعات بەسەعات سامەڕستووتر دەبن.″

ماوەیەك پێ چوو، دوو پیاوە موسافیرەکە خەویان لێ نەکەوت. هەردووکیان تەماشای ئەو تارمایییە نەناسراوانەیان دەکرد کە دوور لە شەوقی ئاگرەکە لە جموجۆڵ و

هـاتـوچـۆدا بـوون. وەخـتـێك دووچـاوی تـرووسكـەداریـان لـە شوێنێك چـاو دەكـردن زۆر بـەوردی تـێیـەوە ڕادەمـان و سـەرەنـجـام پـەیـكـەری حـەیـوانـێكیـان بـەدی دەكـرد كـە لـە تـاریـكـایـیی شـەودا بـەرچـاو دەكـەوێ و دەبـزوێ.

لـەپڕ هـەڵڵا و هـەنگـامـەیـەك لـە نێو سەگـەكـان هـەستـا و سـەرنـجـی دوو پـیـاوەكـەی ڕاكـێشـا. "یـەك گـوێ" بـەنـاڵـە و نـووزەیـەكـی دڵتـەزێنـەوە هـەوڵـی دەدا دارەكـە ڕاكـێشـێ و قـایـشـەكـە بپسێنێ و بـەرەو تـاریـكـی بڕوا.

هـانری بەئەسپایی بەهـاوڕێیەكەی گوت: "بیل، بڕوانە!"

لـەبـەر ڕووناكاییی گڕی ئاگرەكە حەیوانێكی لـە چـەشنی سـەگ دیـار بوو كـە بـەئاكارێكی تێكەڵ بەترس و ئازایەتییەوە دەگەڕا و زۆر بـەوردی و تێبینییەوە دەیڕوانییە ئـەو دوو پـیـاوە سـەفـەریـیـە و دیـار بـوو كـە دەیـەوێ لـە سـەگـەكـان نـزیك بـێتـەوە. "یـەك گـوێ" بـەپـەلـەقـاژەیـەكـی بێ سـوود لـەسـەر زگ خـۆی بـۆ لای ئـەو دەكـێشا و جـار بـەجـار نـاڵـە و نووزەی زیاتر بەرز دەبووەوە.

هـانری لـەبـەر خـۆیـەوە گـوتـی: "ئـەمـە دێڵـە گـورگـێكـە خـۆراك بـۆ ئـەو ڕەوە گـورگـە بـرسییـە دەبـا و هـەر كـە سـەگـێكـی بـەدوای خـۆیدا ڕاكـێش كـرد و بـردی، گـورگـەكـانـی دیـكـە لـێی دەردەپـەڕن و لەتوپەتی دەكەن."

لـەو كـاتـەدا بـزووتـێك لـەسـەر كـەڵـەكـەی دارەكـانـی سـەر ئـاگـر كـەوتـە خـوار و دەنگـێكـی لـێوە هـات. حەیوانە نامۆیەكە بەبیستنی ئەو دەنگە سڵەمییەوە و لە تاریكاییی شەودا ڕای كرد.

بیل گوتی: "هـانری! شتێكم بەدڵدا هـات."

هـانری گوتی: "چ شتێك؟"

بیل گوتی: "ئەم حەیوانە ڕاست ئەوە بوو كە دوێنێ شەو گۆپاڵەكەم لێ ڕاكێشا."

هـانری گوتی: "ڕاست دەكەی، بێگومان خۆی بوو."

بیل گوتی: "شارەزاییی ئەو لە گڕی ئاگر شتێكی ئاسایی نییە و پیاوی دەخاتە فكرەوە."

هـانری بـۆی سـەلـمـانـد و گـوتـی: "ئـەم گـورگـە لـە گـورگـەكـانـی تـر زیـاتـر لـەگـەڵ گـڕی ئـاگـر ڕاهـاتـووە و تـەنـانـەت وەخـت و سـەعـاتـی شـێو خـواردنـی سـەگـەكـانـیـش دەزانـێ. دەبـێ ئـەم حەیوانە تاقیكرنەوەیەكی هـەبێ."

بیل هـەروەك لـەگـەڵ هـاوڕێیـەكـەیـشـی نـەبـێ، بـەدەنگـی بـەرز لـەگـەڵ خـۆی دەسـتـی بـەقـسـەكـرد و گـوتـی: "ڤیلانی پیرسەگێكی هـەبوو كە فێر بووبوو لە ماڵێ ڕابكا و بەدوای گورگاندا

بچێتە بیابان. هیچ کەس ئەم مەسەلەیە لە من باشتر نازانێ، ئەمن بۆ خۆم ڕۆژێك لە نێو لەوەڕگەی شوورەکاندا دیتم، پێم وابوو گورگە و کوشتم. ڤیلان دەتگوت منداڵی ساوای مردووە، زۆری بۆ گریا. چونکە سێ ساڵ بوو نەیدیبوو، و لەو ماوەیەدا لەگەڵ گورگەکان ژیا بوو.″

هانری ڕای خۆی دەربڕی و گوتی: ″پێم وایە باشی بۆ چووی، ئەم گورگە سەگێکە کە ماوەیەکی زۆر ماسیی لە دەستی مرۆڤ وەرگرتووە و خواردوویە.″

بیل گوتی: ″ئەگەر بەخت یار بێ ئێمە کەوڵی ئەم سەگە بەڕواڵەت گورگە لە لەشی دادەڕنین، خۆ ناکرێ ئێمە هەر شەوەی سەگێکمان لە دەست بێتەوە.″

هانری گوتی: ″بەڵام لە بیرت نەچێ کە ئێمە سێ فیشەك زیاترمان نەماوە.″

بیل گوتی: ″دەزانم هەر ئەوەندەش بەشی وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر دەکا.″

بەیانی داهات. هانری ئاگرەکەی خۆش کرد و قاوڵتی و قاوەی پێ گەیاند. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هاوڕێیەکەی پرخ و هۆڕی بەرز بوو. وەختێك قاوڵتی بەتەواوی ساز بوو، لە خەوی هەستاند. بیل هەروا لە نێو جێگاکەدا دەستی کرد بەخواردن.

لەپڕ بیل تەماشای کرد فنجانەکەی بەتاڵە و قاوەی لە پێش نییە. داهاتەوە کە قاوەجۆشەکە هەڵگرێ و قاوە بۆخۆی تێ بکا، بەڵام دیتی کە قاوەجۆشەکە لە بەردەستیدا نییە و نیزیك هانریی هاوڕێیەتی.

بیل بەو مەسەلەیە کەمێك تێك چوو و بەبۆڵەیەکی دۆستانەوە لە هانریی پرسی: ″پێت وانییە لە بیرت چووە شتێك بدەی بەمن؟″

هانری بەڕواڵەت تەماشایەکی دەوروبەری کردو وای نیشان دا کە حاڵی نییە. بیل فنجانەکەی بردە پێش و داوای قاوەی کرد.

هانری گوتی: ″ئا، قاوەت دەوێ؟ ئەتۆ قاوەت نییە.″

بیل تێك چوو و پرسی: ″چۆن، چما قاوەجۆشەکە وەرگەڕاوە؟″

هانری گوتی: ″نا.″

بیل گوتی: ئەگەر قاوەم بۆ تێ نەکەی قاوڵتییەکەم هەزم نابێ.″

هانری گوتی: ″پێم گوتی ئەتۆ قاوەت نییە.″

سەروچاوی بیل لە ڕقان سوور هەڵگەڕا. بەتووڕەیی گوتی:

″ئەمن تێ ناگەم، ئاخر بۆچی؟.. تکایە بۆم ڕوون بکەوە.″

هانری گوتی: ″چونکە ″گرۆگایار″یش ڕۆیشتووە.″

بیل وەك ئاوێکی ساردی پێدا بکەن، بەناهومێدی سەری وەرسووڕاند و سەگەکانی ژمارد. کاتێك دیتی ڕاستە، مات بوو و گوتی: ″چۆن ڕۆیشتووە؟″

هانری گوتی: ″نازانم، بێگومان ″گرۆگایار″ بۆ خۆی نەیتوانیوە ئەو قایشەی بەدارەکەوە بووە، یان لە ملی خۆیدا بووە بجوێ و لەتوپەتی بکا؛ دەبێ ″یەك گوێ″ ئەو خزمەتەی پێ کردبێ.″

بیل گوتی: ″هەی ناجسنی نەحلەتی، بۆ خۆی نەیتوانیوە ڕابکا هاوەڵەکەی بەڕێ کردووە.″

هانری گوتی: ″هەر چۆنێك بێ ئێستا ″گرۆگایار″ لە دەست چووە، پێم وایە ئێستا چوار جار هەزم کراوە، یان لە زگی بیست گورگدا ئەمدیو و ئەودیو دەکا.″

پاش ئەوەی لە سەگی سێیەمیش ناهومێد بوون، هانری گوتی: ″باشە، بیل! ئێستا حازری قاوە بخۆیەوە؟″

بیل سەری هەڵتەکاند، یانی ناخۆمەوە.

هانری قاوە جۆشەکەی هەڵێنا و گوتی″ بەڕاستتە ناخۆیەوە؟ وەرە بابەگیان! قاوەیەك هەڵدەی خراپ نییە.″

بەڵام بیل کەللە ڕەق بوو. فنجانەکەی وەلا نا و گوتی: ″ لە دارم دەن باشترە لەوەی قاوە بخۆمەوە. ئەمن قەولم دابوو و لەسەر قەولی خۆشم ماوم.″

بیل قاوڵتییەکەی بەوشکی خوارد و لێوی تەڕ نەکرد، و لەجیاتی قاوە خواردنەوە کۆڵێك جنێو و تووك و نەفرینی بەسەر ″یەك گوێ″دا باراند کە ئەو بەڵایەی بەسەر هێناوە. پاشانیش گوتی: ″ئەمشەو ئەوانە جیا جیا دەبەستمەوە بۆئەوەی دەمیان نەگاتە یەکتر.″

ئەو دوو پیاوە هاوسەفەرە وەڕێ کەوتن. هێشتا سەد میتر دوور نەکەوتبوونەوە کە لەپڕ هانری کە لەپێشەوە دەڕۆیشت، لە تاریکیدا لاقی لە شتێك هەڵئەنگوت، دەسبەجێ داهاتەوە، هەڵی گرتەوە و هاویشتی بۆ لای بیل و گوتی: ″بگرە، ئەمە شتێکە ڕەنگە بەکەلکی تۆ بێ.″

بیل هەڵی گرتەوە و سەری سوڕما. ئەو دارە بوو کە شەوێ سەگەکەیان پێ سەمەندۆك کردبوو. ئەمە تەنیا شوێنەوارێك بوو کە لە ″گرۆگایار″ی بەستەزمان بەجێ مابوو.

بیل گوتی: ″ئەو نەحلەتییانە سەگەکەیان بەگۆشت و پێست و ئێسکەوە خواردووە؛ دارەکەی ملیشی وەك بەری دەستی من لووسە و دیارە لەو قایشەش کە پێی بەسترابووەوە نەگوزەراون. ئەو بەدبەختانە زگێکی سەیریان هەیە، وا دیارە ئەمانە قاتی لێی داون. ئەمن و تۆش ئەگەر پێش ئەوەی بگەینە جێ تووشی چارەنووسی ئەم سەگانە نەبین و گیانمان دەرباز بکەین، شانسمان هێناوە.″

هانری دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی: ″ئەمە یەکەم جارە کە گورگ بەو جۆرە وەدوای من دەکەون. دیارە زۆر تووشی مەترسی هاتووم، بەڵام هەموو جارێ بەساغ و سەلیمی ڕزگاریم بووە؛ هیچ مەترسە و ورە بەرمەدە، ئەمانە ناتوانن ئێمە بەردەست بکەن.″

بیل گوتی: ″قسە لێرە دایە کە پیاو دڵنیا نییە.″

هانری گوتی: ″ڕۆڵەگیان، ڕەنگت پەڕیوە و خوێن لە لەشتدا نەماوە، پێویستە نەختێك گەنە گەنە بخۆی. با بگەینە جێی شەوێ، مستێکت دەدەمێ.″

ئەو ڕۆژەش هەروەك ڕۆژەکانی دیکە بوو. سەعات نۆ دنیا ڕووناك بوو. نیزیك نیوەڕۆیە ڕەنگدانەوەی تیشکێکی سوور لە ئاسمانی لای جنووبدا دەرکەوت. پاش نیوەڕۆ هەوا بوو بەخۆڵەمێشی و خێرا شەو داهات. لەو کاتەدا کە هەتاو لە دوا هەناسەدا بوو، بیل تفەنگەکەی لە نێو خێشکەکە دەرهێنا و گوتی: ″هانری، دەچم بزانم کارێکم بۆ دەکرێ یان نا.″

هانری گوتی: ″بەپارێز بڕۆ و وریای خۆت بە، بەڵایەکت بەسەر نەیە.″

بیل لەو بیابانە چۆڵ و هۆڵەدا بەرەو پێش چوو و دوورکەوتەوە. پاش سەعاتێك هاتەوە لای هاوڕێیەکەی، کە زۆر بە نیگەرانی و بێ سەبرییەوە چاوەڕوانی بوو و گوتی: ″گورگەکان لێك بڵاون، بەڵام لە دەوروبەری ئێمە خۆیان دەخافڵێنن و دەستبەردارمان نین. وا دیارە لێیان ڕوونە کە دەستیان وە ئێمە ڕادەگا، هەر ئەوەندەیە پێویستە حەوسەڵەیان هەبێ؛ جگە لەوە هەوڵ دەدەن جاروباریش شتێکیان بەر ددان بکەوێ.″

هانری گوتی: ″ئەتۆ دەڵێی ئەمانە دڵنیان کە دەستیان وە ئێمە ڕادەگا؟″

بیل وای نیشان دا کە پرسیارەکەی هانریی گوێ لێ نەبووە، بۆیە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی: ″ئەمن چەند دانەیەکیانم دیت. زۆر لەڕ و لاوازن و ئاشکرایە کە چەند حەوتوویە جگە لەو سێ سەگە بەستەزمانەی ئێمە، هیچیان نەخواردووە. هێندێکیان کە ڕەنگە زۆر نەژین، ئەوەندە کزن کە هەموو پەراسوویان دەژمێردرێن و زگیان بەمووڕەگەی پشتیانەوە نووساوە. چەند دانەی دیکەشیان لە دوا هەناسەی ژیانیان دان و لەبەر

برسییەتی و ناهومێدی دەکرێ بڵێین هار بوون و چاوەڕوانی ئیزرائیلن.″

هێشتا چەند دەقیقە ڕانەبووردبوو کە هانری، کە بۆ کۆمەگ بەسەگەکان لە پشتەوەڕا پاڵی بەخێشکەکەوە دەنا، فیتوویەکی لێ دا و بیلی وشیارکردەوە. لە دوای ئەوانەوە و ڕاست لەسەر شوێنی ئەوان، حەیوانێکی کوڵکن بۆنی بەزەوییەوە دەکرد و دەهاتە پێش. ئەو حەیوانە ئارام و هێدی، بێ هیچ خۆ زەحمەت دانێك بەڕێدا دەڕۆیشت و ڕۆیشتنەکەی زیاتر وەك خزین دەچوو تا غاردان. دوو پیاوەکە ڕاوەستان، ئەویش ڕاوەستا، سەری بەرز کردەوە و بەوردی تێیانەوە ڕاما. لەو کاتەدا کونە لووتەکانی زیاتر لە جاران فش کردنەوە و بۆنی بەهەردوو نێچیرەکەوە کرد. وا دیار بوو دەیەوێ شتێکیان لێ تێ بگا و فکرێکیان بۆ بکاتەوە.

بیل گوتی: ″ئەمە دێڵە گورگە.″

سەگەکان لەسەر بەفرێ پان بووبوونەوە. بیل هاتە پشتەوەی خێشکەکە بۆ لای هاوڕێیەکەی. هەردووکیان بەوردی لەو حەیوانە سەیروسەمەرەیەوە، کە چەند ڕۆژبوو بە دوایاندا دەهات و نیوەی سەگەکانی خێشکەکەیانی هەڵلووشیبوو، ڕامان. حەیوانەکە دیسان چەند شەقاوێك هاتە پێش و ڕاوەستا و ئەم کارەی چەندجار دووپات کردەوە هەتا مەودایەکی کورتی ما بیانگاتێ و ئەمجارە ڕاوەستا. پاشان سەری ڕاست ڕاگرت و پاڵی بەدارە سنۆبەرێکەوە دا و دەستی کرد بە تەماشای ئەو دوو پیاوە سەفەرییە. ڕوانینەکەی بێ شەرمییەکی تایبەتیی پێوە دیار بوو. دەتگوت سەگێکە دەڕوانێتە بنیادەم، بەڵام لە چاوەکانیدا شوێنەوارێك لەو هەستی خۆشەویستییە کە نیشانەی دۆستایەتی لەگەڵ بنیادەمە، بەدی نەدەکرا. ئەم پڕڕوویی و بێ شەرمییە ئاکامی برسییەتی بوو و بێ بەزەییانەتر لە ددانی دڕندە و دڕندانەتر و نامۆتر لە بەفر و سەرما بوو. ئەو حەیوانە کەمێك لە گورگی ئاسایی گەورەتر دیار بوو، قەڵافەتی لاواز و بێ گۆشتی بەنموونە و نیشانەی نەوعێکی گرنگ و تایبەتیی ئەم دڕندە بێ شەرمە دەژمێردرا.

هانری گوتی: ″بەرزاییەکەی هەتا سەرشانی دوو پێ و نیو و درێژاییەکەشی پێنج پێ دەبێ.″

بیل گوتی: ″ڕەنگی وەك گورگ ناچێ و ئەمن تا ئێستا گورگی وام نەدیوە. ڕەنگی پێستی مەیلە و سوور و تەنانەت مەیلە و نارنجییە و وەك ڕەنگی دارچینیش دەچێ.″

بەڕێکەوت پێستی حەیوانەکە ئەو ڕەنگە نەبوو کە ئەوان دەیانگوت و وەك هەموو گورگێکی دیکە زیاتر خۆڵەمێشی بوو، بەڵام جار جار تووکەکەی شەپۆلێکی خێرا و

نادیاری دەدا کە چاوی بنیادەمی بەهەڵە دەبرد.

بیل گوتی: ″ئەم نەحلەتییە وەك سەگە زەلام و بەهێزەکانی خێشك دەچێ و ئەگەر هەر ئێستا وەك سەگەکان کلکی ڕاوەشێنێ، هیچ پێم سەیر نابێ.″

دوایە بانگی حەیوانەکەی کرد و گوتی: ″سەگ یان گورگ، هەرچی هەی وەرە پێشتر. بۆچی لەوێ شین بوویەوە؟″

هانری بەپێکەنینەوە گوتی: ″بڕوانە، کەمترین ترسێکی لە تۆ نییە.″

بیل دەستی ڕاوەشاند و بەتوندی بەسەریدا نەڕاند. بەڵام حەیوانەکە هیچ نەترسا، تەنیا کەمێك وریاتر وشیارتر بووەوە، جگە لەوەش چاوە وەحشی و قاتی لێدراوەکانی لەو پیاوە وەرنەدەگێڕا. ئاواتی ئەوە بوو ئەگەر بوێرێ خۆیان پێدا دا و لەو گۆشتە خوا داوە زگێك تێر بکا.

بیل کەمێك دەنگی دانواند و بەسپایی گوتی: ″گوێ بگرە هانری! ئێستا وەختی ئەوەیە کە لەو سێ فیشەکەی هەمانە کەڵك وەرگرین، بەڵام دەبێ بەخەساریان نەدەین و نیشانەکەمان بپێکین. ئەتۆ دەڵێی چی؟″

هانری بۆی سەلماند و بیل زۆر بەپارێز تفەنگەکەی تاودایە، بەڵام هێشتا نەیگەیاندبووە شانی خۆی کە دێڵەگورگ ڕاپەڕی، لەسەر ڕێگاکە وەلا چوو و لە پشت سنۆبەرەکانەوە ون بوو. دوو هاوڕێ تەماشایەکی یەکتریان کرد. هانری بەبێ موبالاتی فیتوویەکی لێ دا، وەك ئەوەی بیهەوێ بڵێ دەمزانی دەڕوا. بیلیش بە شەرمەزاری و بەتووڕەیی تفەنگەکەی لە جێی خۆی دانایەوە و گوتی:

″ئەمن پەلەم کرد، دەبوو زیاتری لێ ڕاوەستم. گورگێك ئەوەندە زیرەك بێ هەموو شەوێ وەختی شێودانی سەگەکان ئامادە بێ، دیارە تفەنگیش باش دەناسێ و بۆنی باڕووتیش لەگەڵ شتی دیکە لێك جیادەکاتەوە. زیرەکی و زانستی وی بووەتە هۆی بەدبەختیی ئێمە، بەڵام ئەمن دڵنیام کە ئەگەر ناوم بیل بێ، هەقی ئەم گورگە دەنێمە مستی و مشووری دەخۆم؛ ئێستا کە ئەوەندە فێڵبازە ناکرێ لە پێشەوەڕا لێی بدرێ دەچم بۆسەی بۆ دەنێمەوە.″

هانری ئامۆژگاریی کرد و گوتی: ″ئەگەر دەتەوێ تفەنگی پێوەنێی لێرەڕا پێوەی نێ، ئەگینا ئەگەر وەدوای کەوی، ڕەوە گورگێکت وەسەر دەگەڕێ و ئەتۆش سێ فیشەك زیاترت پێ نییە، ئەوە دام نا سێ دانەشت کوشتن، ئەوانی دیکە هەڵت دەدڕن و داخەکەت لەسەر دڵی من دەمێنێتەوە.″

موسافیرەکان ئەو شەوە لە هەموو شەوێك زووتر باریان خست. چونکە سەگەکان کە تەنیا سێ دانە بوون زیاتریان تین ڕێ کەوتبوو و زووتر ماندوو بووبوون.

دوو پیاوی سەفەری بەدرێژاییی ئەو شەوە چەند دەقیقەیەك نەبێ نەخەوتن. ئەڵقەی گەمارۆی دوژمن دیسان تەنگتر بووبووەوە، ئەوان بێ پسانەوە دەبوو هەستن و ئاگرەکە خۆش بکەن تا نەکوژێتەوە.

بیل گوتی: ″ئەمن لە گەمییەوانەکانم بیستووە کە لە دەریادا سەگ ماسییەکان فێرن وەدوای گەمییەکان بکەون، گورگەکانیش سەگ ماسیی وشکانین و لە ئێمەش زیاتر شارەزای کەلێن و قوژبنی کاری خۆیانن. ئەوان دەزانن کە بەزوویی دەستیان وەئێمە ڕادەگا.″

هانری بەتووڕەیییەوە گوتی: ″ئەتۆ کە وا قسە دەکەی، لە ڕاستیدا هەر ئێستا دەستیان وێت ڕاگەیشتووە. کەسێك ناهومێد و بەزیو بێ و خۆی بەڕۆیشتوو دابنێ، حیسابی تەواوە. هەر ئەم قسانەت بەسن بۆ ئەوەی بە نیوە خوراوت دابنێم″.

بیل گوتی: ″ئەمانە زۆری لە من و تۆ ئازاتر و ماقووڵتریشیان خواردووە″.

هانری گوتی: ″توخوا لێ وەبرە، بەڕاستی شێتت کردم″.

ئەمەی گوت و پشتی دەبیل کرد. بەو شارەزاییيە کە لە ئەخلاقی بەدی هاوڕێیەکەی هەیبوو چاوەڕێ بوو کە بەم قسانە تووڕە بێ و زۆری جنێو پێ بدا. کەچی بیل وەڵامیشی نەدایەوە.

هانری کە بێ ئەوەی پێی خۆش بێ، ئەوەندەی خەو دەهات چاوی بۆ هەڵ نەدەهات، فکری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: ″ئەگەر بەهەڵە نەچووبم بیل ئەخلاقی زۆر گۆڕاوە و سبەینێ زۆری پێ دەوێ تا بتوانم ئەم کوڕەی لە کەری شەیتان بێنمە خوار و ڕێی پێ داگرم.

***

## ٣

# هاواری برسییەتی

ڕۆژ بەوەزعێکی دڵخوازەوە دەستی پێ کرد. ئەو شەوە دوو پیاوی سەفەری سەگێکی تریان لە دەست نەچوو و بەدڵێکی ئاسوودەترەوە لە بێدەنگی و تاریکی و سەرمادا ڕێگای خۆیان درێژە پێ دا. وا دەهاتە بەرچاو کە بیل ئەو نوخشە خەراپانەی زۆرجار لێی دەدان، لە بیرچوونەوە و هیوای بەدوا ڕۆژ پتر بووە. لای نیوەڕۆیە سەگەکان لەسەر ڕێگا لە قووڵکە و کەندەڵانێك هەڵئەنگوتن و خێشکەکەیان وەرگێڕا و دوو موسافیرەکە ئەم ڕووداوەیان بەگاڵتە و پێکەنین ڕابوارد.

بەو حاڵە مەسەلەکە هێندەش ساکار نەبوو، و بێ سەرەوبەرەیییەك لە کاروانەکەدا دروست بوو. خێشکەکە کە بە تەواوی هەڵواسرابوو، لە نێوان قەدی سنۆبەرێك و گابەردێکی زەلامدا گیری کردبوو و بۆ ڕایی کردنەکەی دەبوو لە پێشدا سەگەکان بکەنەوە و قایشەکان کە تێك ئاڵقابوون لێك جیابکەنەوە. ئەم کارەیان کرد و کاتێك دەیانەویست خێشکەکە وەك جاران لەسەر زەوی دانێنەوە، هانری چاوی بە"یەك گوێ" کەوت کە خەریك بوو بەزگە خشکە ڕابکا.

هانری سەری بۆ لای سەگەکە وەرگێڕا و بەناوی خۆی بانگی کرد و گوتی: "ئاهای، بۆ کوێ دەچی؟ وەرە ئێرە، وەرە!"

بەڵام "یەك گوێ" لەجیاتی ئەوەی گوێ بداتە فەرمانی خاوەنەکەی قەڵەمبازێکی بۆ پێشەوە هاویشت و ڕای کرد. ئەوەندە خێرا ڕای کرد کە قایش قەڵەدەکەشی لەگەڵ خۆی ڕاکێشا و بردی.

دێڵەگورگ دوور لە کاروانەکە، لەسەر جادە چاوەڕێی بوو. "یەك گوێ"، هەرکە لێی نیزیك کەوتەوە، وەك ئەوەی پەژیوانی و دوودڵییەك ڕووی تێ کردبێ، نەختێك پێی گرتەوە. سەگی بەستەزمان بەهەوەس و ترسەوە تەماشای دێڵەگورگی دەکرد و چاوی لێ هەڵ نەدەبڕی. دێڵەگورگیش وا دیار بوو کە دەیەوێ بەنازو نیم نازەوە پێشوازیی لێ بکا و لە خۆشیی ئەوە، کە کونە لووتی فش کردوون. "یەك گوێ" بەئەسپایی نیزیك کەوتەوە، بەڵام هێشتا دووربینی و پارێزی وەلا نەنابوو، سەری ڕاست ڕاگرتبوو و کلك و گوێی ڕاست کردبوونەوە.

سەگی چارەڕەش هەرکە گەیشتە پەنای دێڵە گورگ لمبۆزی بردە پیش تا ڕە لمبوزی وی بخشێنێ و هەوەسێك ببزوێنێ، بەڵام دێڵەگورگ بەساردی و بێ موبالاتی ڕووی خۆی وەرگێڕا و دووسێ هەنگاو کشایەوە دواوە. ″یەك گوێ″ دیسان وەدوای کەوت. ″یەك گوێ″ چەندجار ئەم فێڵەی بەکارهێنا، دیار بوو دەیەویست لە خاوەنەکانی کە بەوردی سەرنجیان دەدایە ئەم وەزعە، دووری بخاتەوە. لەم کاتەدا ″یەك گوێ″ بەپێی هەستێکی ناتەواوی دەروونی کە لە مێشکی سەگێك چاوەڕوان دەکرێ، ئاوڕێکی وەدوای خۆی دایەوە و تەماشایەکی هاوەڵەکانی و خێشکە وەرگەڕاوەکە و دوو پیاوەکەی خاوەنی خۆی کرد، بەڵام چونکە دێڵەگورگ جارێکی تر لمبۆزی هێنابووە پێش و دەیەویست ڕە لمبۆزی ئەوی بخشێنێ، ″یەك گوێ″ دۆستەکانی خۆی لە بیرچوونەوە و لە وەدوای کەوتنی دڵدارە بێ مەیلەکەی بەولاوە فکرێکی بەمێشك داهات. دێڵەگورگ دیسان هەر بەو دووربینی و خۆپارێزیی جارانییەوە کشایەوە دواوە و ئەوی بەدوای خۆیدا ڕاکێش کرد.

لەو نێوەدا بیل تفەنگەکەی وەبیرهاتەوە. بەڵام بۆ بەدبەختی تفەنگەکە کەوتبووە ژێر خێشکە وەرگەڕاوەکە و بەئاسانی دەرنەدەهات، سەرەنجام پاش ئەوەی بیل بەکۆمەکی هانری توانیی تفەنگەکە لە ژێر بارە وە گەڕاوەکە دەرکێشێتە دەرێ، سەگ و دێڵە گورگەکە مەودایەکیان لێ دوور کەوتبوونەوە و جگە لەوەش، وا پێکەوە چەسپابوون کە دەرەتانی تەقە لێکردن نەمابوو.

″یەك گوێ″ زۆر درەنگ هەستی بەهەڵەی خۆی کرد. دوو پیاوە سەفەرییەکە دیتیان کە سەگی بەستەزمان ڕووی لە گورگەکان وەرگێڕاوە و وەك بریسکە بۆ لای ئەوان ڕادەکا، بەڵام دە دوازدە گورگی لەڕ و برسی لە کەمین دەرپەڕیون و پەلاماریان داوە و لە نێو بەفرێدا هەڵبەز و دابەزیانە، جگە لەوەش دەیانەوێ دەورەی بدەن تا ڕێگای گەڕانەوە لەو بەدبەختە بگرن و پێش ئەوەی بگاتەوە خاوەنەکانی مشووری بخۆن. لە لایەکی دیکە دێڵەگورگی فێڵبازیش ئێستا دەستی لە نازونیم ناز هەڵ گرتبوو، ئەو دڵداری و خۆشەویستییە بەدرۆیەی نیشان نەدەدا، لەگەڵ ڕیزی دوژمنان کەوتبوو و زۆر بەدڵڕەقی و بێ بەزەییانە دەیمراند و شاڵاوی بۆ دێنا. دێڵەگورگ یەك دووجار بەشان و ملی بەهێزی خۆی پاڵی بە″یەك گوێ″وە نا و خەریك بوو بیخا.

بیل تفەنگ بەدەست وەڕێ کەوت. هانری قۆڵی گرت و بەسەریدا نەڕاند: ″ماڵ وێران بۆ کوێ دەچی؟″

بیل بە تەکانێکی توند قۆڵی لە دەستی هانری ڕاپسکاند و گوتی: ″ئەمن ناتوانم چاو لە

دیمەنێکی ئەوەندە دڵتەزێنەوە ببرم. هەتا ماوم ئەم نەحلەتییانە هەقیان نییە هیچ کام لە سەگەکانم بخۆن.″

بیل ئەمەی گوت و تفەنگ بەدەست خۆی بەنێو سنۆبەرەکانی قەراخ جادەدا کرد. هانری بۆ دواجار بانگی کرد و گوتی: ″بیل، بۆ خاتری خوا وریا بە، ئاگات لە خۆت بێ!″

هانری کە لەسەر خێشکەکە دانیشتبوو، دیتی هاورێیەکەی نەدیو بوو. ″یەك گوێ″ لە خەتی جادەکە لای دابوو، بەقوونە شەڕ دەیەویست خۆی بگەیەنێتەوە خێشکەکە. هانری جار بەجار چاوی پێی دەکەوت کە لە کەلێنی دارە سنۆبەرەکانەوە دەردەکەوێ و پاشان ون دەبێتەوە و هەوڵ دەدا لە ڕاکردندا گورگەکان بەجێ بهێڵێ. بێگومان بیلیش نیازی هەبوو بەخۆی و تفەنگەکەی، ئەو ڕاوچییانە لە سەگەکەی بپچڕێتەوە و ڕایان بگرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەم ململانەیە بەزیانی ئەو تەواو دەبێ. چونکە ژمارەی گورگەکان جار بەجار زیادی دەکرد و لە هەر کەلێن و قوژبنێك یەکێك دەردەپەڕی و ڕەگەڵ ئەو ڕەوە برسییە دەکەوت و شاڵاوی دەبردە سەر نێچیرەکە.

لەناکاو هانری گوێی لە تفەنگێك بوو، پاشان دوو تفەنگی دیکەش بەدوای یەکدا دەنگیان دایەوە. هانری تێ گەیشت کە بیل فیشەکی لێ بڕاوە. دەنگی مڕاندن و قرووسکاندن و هاوارێکی دڵتەزێن لەو لای سنۆبەرەکانەوە بەرز بووەوە. هانری دەنگی سەگەکەی خۆی ناسییەوە کە دەیناڵاند و دەی قرووسکاند. قرووسکەیەکی تریش تێی گەیاند کە گوللەکانی بیل گورگێکیان پێکاوە و لەوە زیاتر شتێکی بۆ ڕوون نەبوو. قرووسکە و مڕە مڕەکە دامردەوە و جارێکی دیکە بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو بیابانە چۆڵەدا کێشایەوە.

هانری ماوەیەکی زۆر لەسەر خێشکەکە دانیشت، هیچ بەپێویستی نەدەزانی کە بچێ و لە نیزیکەوە دیمەنەکە ببینێ. ئەو وەك بۆخۆی چاوی لێ بووبێ دەیزانی چ بووە و کارەکە بەکوێ گەیشتووە، بەو حاڵەش وەختێك هات کە لە جێگاکەی ڕاست بووەوە و بەپەلە پەل و شاك شاك لە نێو کەلوپەلەکەیدا بۆ تەورەکەی گەڕا و دۆزییەوە. لە پاشان کەوتە فکرێکی دوورودرێژەوە و لە پەنا ئەو دوو سەگەی بۆی مابوونەوە کە لە ترسان دەلەرزین و لە بن پێیدا کەوتبوون، دووبارە لەسەر خێشکەکە دانیشتەوە.

هانری بێ هێزییەکی زۆری لە خۆیدا هەست پێ کرد، دەتگوت توانای هەر چەشنە بەربەرەکانێیەك لە هەناویدا ورد و خاش بووە؛ سەرەنجام هەستا سەگەکانی بەخێشکەکەوە بەست و یەکێك لە قایشەکانیشی دە شانی خۆی کرد و بەیارمەتیی ئەو سەگە بەستەزمانانە خێشکەکەی ڕاکێشا و درێژەی بەڕێگای خۆی دا.

ئەمجارە مەودایەكی زۆر نەڕۆیشتن و هەركە هەتاو ئاوا بوو، هانری بەپەلە جێگایەكی بۆ خۆی سازكرد، لە پێشدا خواردنی دا بەسەگەكان و پاشان خواردنی خۆشی لێ نا و خواردی و جێ و بانەكەی لە پەنای ئاگرەكە ڕاخست.

هانری هێشتا چاوی لەسەریەك دانەنابوو كە دیتی گورگەكان هاتوونە سەری و ئەمجارە ئەوەندە نیزیك دەبنەوە كە جێگای خەوتن و كەمتەرخەمی نییە. گورگەكان ئەوەندە نیزیك بوون كە ئەو دەیتوانی بیانبینێ و وەك ڕۆژی ڕووناك لێكیان بكاتەوە. هێندێكیان نووستبوون هێندێكیان لە دەوری ئاگرەكە هەڵ تووتەكابوون، جاری واش هەبوو لەسەر زگ دەخزین، دەهاتنە پێش و دەكشانەوە. بەشێكی دیكەشیان وەك سەگ لەسەر بەفرێ ڕاكشابوون و تەماشای نێچیری خۆیانیان دەكرد.

هانری ئەوەندەی لە توانای دابوو ئاگرەكەی خۆشتر كرد. چونكە دەیزانی تەنیا لەمپەر لە نێوان گۆشتی بەتامی ئەو و ددانی بێ بەزەییی ئەو دڕندانەدا، ئاگرە. دوو سەگی بەستەزمان خۆیان بەخاوەنەكەیانەوە دەنووساند و لە ترسان نیوە نووزەیەكیان لەبەر دەهاتە دەر و داوای پشتیوانی و پاراستنیان لە خاوەنیان دەكرد. جار جار لە ئەڵقەی گەمارۆی گورگەكاندا هەراوهەنگامەیەك ساز دەبوو، چونكە ئەوانەی نووستبوون هەڵدەستان و هەموو پێكەوە دەیان لووراند، پاشان دووبارە دەنووستنەوە، یان هەڵدەتووكان و ئەڵقەكەیان تەنگتر و پتەوتر دەكرد.

بەو وەزعە ئەوەندە نیزیك بوونەوە و بست بست هاتنە پێش كە لەپڕ هانری تێ گەیشت گورگەكان هێندەیان نەماوە خۆی ڕێ بخشێنن، ناچار دەستی بۆ بزووتە داگیرساوەكان درێژ كرد و چەند گورزی ئاگرینی هاویشتە نێو ڕەوەی دوژمنان. هەر وەخت یەكێك لەو بزووتانە وەیەكێكیان دەكەوت، هەموویان بەهەڵبەز دابەزێكی تێكەڵ بەترس و بەقرووسكە و مڕەیەكی سامناك و تێكەڵ بەناهومێدییەوە، پاشەكشەیان دەكرد و مەیدانیان بەجێ دەهێشت.

كازیوە ئەنگوت. هانری هیلاك و شەكەت بووبوو، لەبەر بێ خەوی چاوی پێ دەرپەڕیبوون؛ بەوحاڵەش قاوڵتییەكەی سازكرد و خواردی. پاشان وەختێك ڕەوە گورگەكە لەبەر ڕووناكاییی ڕۆژ ڕەوینەوە، بەفكریدا هات نەخشەیەك كە لە كاتی شەوبێداریدا كێشابووی جێبەجێی بكا. بۆ ئەم مەبەستە بەتەورەكەی لكە سنۆبەرێكی زۆری بڕی و ئەوانی وەك خاچ لێك بەست و داربەستێكی بڵندی دروست كرد كە چوار قەدەداری سنۆبەری بۆ كردبوونە كۆڵەكە. پاشان، بەو قایشانە كە خێشكەكەیان پێ ڕادەكێشا، چەند

تەنافێکی دروست کرد بەیارمەتیی ئەو سەگانە کە تەنافەکانیان ڕادەکێشا ئەو تابووتەی تا ئەوێی لەگەڵ خۆی هێنابوو هەڵکێشا و لەسەر داربەستەکەی دانا. ئەمجارە ڕووی کردە ئەو تەرمەی لە نێو تابووتەکە دابوو و گوتی: "گورگەکان بیلیان خوارد و ڕەنگە منیش بخۆن، بەڵام دڵنیا بە دەستیان وەتۆ ڕاناگا".

ئێستا خێشك بەدوای سەگەکاندا ڕادەکشا. سەگەکان لەبەر ماندوویی هەناسەبڕکەیان وێ کەوتبوو. بەڵام بەو شەوقەوە دەچوونە پێش، چونکە دەیانزانی ڕزگاربوونیان تەنیا لەوە دایە کە بگەنەوە لانی خۆیان لە "فۆرم گووری". گورگەکان زۆر دوور نەبوون و ئێستا بەسەرسەختی و بێ شەرمییەکی زیاترەوە خۆیان لە نێچیری خۆیان خۆش کردبوو و بەدوایدا دەهاتن. هێدی هێدی وەدوای خێشکەکە دەکەوتن، یان بەزمانی سووری هەڵواسراو و کەلەکەی بەتاڵیانەوە کە هەموو پەراسووەکانیان دیار بوون، شانبەشانی خێشکەکە بەخەتێکی زنجیرەیی دەڕۆیشتن. هانری پێی سەیر بوو کە ئەم گیان سەگانە چۆن خۆیان بەسەر پێوە ڕادەگرن و چۆن لە برسان نابنە ئاو و بە بەفرەکەدا ناڕۆنە خوار.

وەختی نیوەڕۆیە، لە لای جنووبەوە نەك هەر ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاو بینرا، بەڵکو هەتاو خۆشی دەرکەوت کە نیوێکی بەڕەنگێکی زەرد سەری لە ئاسۆ دەرهێنا بوو. هانری خۆشحاڵ بوو و ئەمەی وەك نوخشە بەخێرێك دانا. چونکە دەیدی کە هەتاو بینراوە و لەمەودوا ڕۆژ درێژتر دەبن؛ بەڵام ئەم خۆشحاڵییەی زۆری نەکێشا، چونکە زۆری پێ نەچوو کە ڕووناکییەکە کەمی کرد و بۆنی شەو هات. هانری بەپەلە کەوتە بیری ئامادەکردنی ئامرازی مانەوەی شەو، لەو چەند سەعات ڕووناکییە کەم ڕەنگە کە تا شەو مابوو، کەڵکی وەرگرت و داروبارێکی زۆری بۆ سووتاندن کۆکردەوە.

لەگەڵ شەو داهات باری خەم و ترس و نیگەرانی لەسەر دڵی هانری نیشت. بێ خەوی زیاتر لە ترسی گورگان تینی بۆ هێنابوو. لە تەنیشت ئاگرەکە هەڵترووشکا، لێفەکەی بەشانی خۆی دادا و تەورەکەی لە نێو چۆکی خۆی نا، یەکێك لە سەگەکانی لە لای ڕاست و ئەوی تری لە لای چەپی دانا و هەرچەند دەیەویست بەرامبەر بەهرووژمی خەو خۆی ڕابگرێ، چاوی چوونە سەر یەك. لەو حاڵی نێوان خەو و بێدارییەدا گورگەکانی دەدی کە هەموویان بەچاوی خۆراکێك کە ئەگەر وەدرەنگیش کەوێ، حەتمەن دێتەبەر چنگیان، تەماشای دەکەن.

وای دەهاتە بەرچاو کە کۆمەڵێك منداڵی لە دەورەن کە بەدیار سفرەیەکی ڕەنگاوڕەنگەوە دانیشتوون و هەر چاوەڕوانی ئەوەن کە ئیزنی خواردنیان پێ بدرێ.

پاشان بێ ئەوەی بیهەوێ چاوی لە قەڵافەتی خۆی دەکرد و زۆر بەوردی بەشێوەیەك کە هەرگیز عادەتی نەبوو لە ئەندامەکانی لەشی خۆی دەڕوانی، دەستی لە ماسوولکەکانی دەدا و دەیجووڵاندن و خۆی لە نەرمی و ئامادەیی ئەوان دڵنیا دەکرد، لەبەر گڕی ئاگرەکە قامکی درێژ دەکردن، پەنجەی پێکەوە دەنا و دەیکردەوە و لەوە کە دەیدی دەستەکانی بەنەرمی و هێزێکی زۆرەوە بەفەرمانی وی هەتا بنی نینۆکەکان دەبزوون لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ دەبوو. هانری وەك کەسێك کە جادووی لێ کرابێ هەستی دەکرد کە ئۆگرییەکی سەیری بەوجوودی مەبارەکی خۆی پەیدا کردووە و بێ ئەندازە ئەو گۆشتە نەرم و زیندووەی لەشی خۆی، کە لەوانە بوو بەزوویی ببێتە خۆراکی دڕندان، خۆش دەوێ، ئەو لەمڕۆ بەدواوە چ بوو؟ خۆراکێکی سادە و ساکار بۆ ددانی قاتی لێدراوی دڕندەکان و پاروویەکی گەرم و نەرم بۆ ورگی وەحشییەکان، ئەویش شتێك بوو وەك شوور و کەروێشك و ئەو جۆرە گیانلەبەرانە کە بۆخۆی زۆرجار ڕاوی کردبوون و شێوی لێ ساز کردبوون.

هەرچەند هەنگاوێك لە پێش ئەوەوە دێڵەگورگ بەو شەپۆلی سووری مەخمەریی پشتیەوە خەمناك و فکر هەڵگرتوو لەسەر بەفر هەڵتووتەکا بوو تەماشای وی دەکرد، چاویان تێك هەڵئەنگوت.

هانری بەئاسانی تێ گەیشت کە دێڵەگورگ بەڵێنی خواردنی ئەوی بەزگی خۆی داوە و ئێستا لە خۆشی و لەزەتی ئەو خەیاڵە شیرنە دایە. حەیوانەکە زاری بەدنیایەك ئیشتیا و تامەزرۆییەوە لێك دەکردەوە و ددانە تیژ و سپییەکانی هەتا بن پووکان نیشان دەدا. لیکاوی زاری بەلێویدا دەچۆڕا و دیسان بەزمانی دەیلستەوە.

شێواوی و ئاڵۆزییەکی تێکەڵ بەترس هانریی لەرزاند.

دەسبەجێ دەستی درێژ کرد و بزووتێکی هەڵگرت و بەدێڵەگورگی دادا. دێڵەگورگ تەکانێکی دایە خۆی و نەختێك دوورکەوتەوە، بەڵام زۆری خۆ زەحمەت نەدا. هانری دووبارە بەئۆگری و ئەوینێکی زۆرەوە تەماشای دەستی خۆی کرد؛ قامکەکانی یەك یەك تاقی کردنەوە کە چۆن لەگەڵ زبری و ناڕێکیی ئەو بزووتانەی دەیانهاوێ ڕاهاتوون، پاشان چونکە دیتی قامکی چووکەی لە مەترسیی سووتان دایە لەسەرەخۆ نوشتاندییەوە و لە ئاگرەکە دووری ڕاگرت.

بەو حاڵەش شەو بێ هیچ ڕووداوێك ڕابرد و بەیان ئەنگوت. بۆ یەکەم جار بینرا کە گورگەکان لە ڕووناکایی ڕۆژ نەڕەوینەوە و بڵاوەیان نەکرد. هەرچەندی هانری چاوەڕێی ڕۆیشتنیان بوو، بێ سوود بوو. چونکە دیسان لە دەوری ئەو و ئاگرەکەی کۆزیلکەیان

بەستبوو و ئەوەندە سەرسەخت و بێ شەرم بوون کە ئەو دڵقایمی و غیرەتەی لەگەڵ ڕۆژبوونەوە هاتبووە نێو دڵی ئەو پیاوە شەکەت و ماندووە، بەجارێك تێك تەپی. بەو حاڵەش هانری یەکجار زۆری هەوڵ دا کە ڕێگاکەی درێژە پێ بدا، بەڵام هێشتا خێشکەکەی نەهێنابووە سەر خەتی جادە و چەند شەقاو لە پشتیوانەکەی واتە لە ئاگرەکە دوور نەکەوتبووەوە کە لەپڕ گورگێکی لە هەمووان ئازاتر و بێ شەرمتر شاڵاوی بۆ هێنا، حەیوان مەودای نێوان خۆی و نێچیرەکەی باش هەڵنەسەنگاندبوو و کاتێك خۆی هەڵاویشت ئامبازی بێ، کورتی هێنا. ددانەکانی کە لە هەوا بۆ هەڵدڕینی نێچیرەکە لێك کرابوونەوە، بێ ئاکام کەوتنە سەریەك. لەوەدا هانری هەلی بەدەرفەت زانی، خۆی لادا و کشایەوە بۆ لای ئاگرەکە و بارانی بزووت و ئاگری بەسەر گورگەکاندا باراند، کە ئێستا هەموویان لە کردەوەی هاوەڵەکەیان سامەڕستوو بووبوون و ئامادەی پەلامار بوون. هانری تەماشای کرد خەریکە دار و بزووتەکانی تەواو دەبن، بۆیە بەقوونە شەڕ هەوڵی دا وردە وردە ئاگرەکەبەرێتە بن سنۆبەرێکی وشك و زەلام کە لێی نزیك بوو، ئەم کارەی بە حەوسەڵە و کارامەییەوە ئەنجام دا. هانری دەسبەجێ دەستی بەبڕینی دارەکە و سازکردنی ئاوردوو کرد و ئەو ڕۆژەی تا ئێواری بەو کارەوە ڕابوارد.

شەوێکی خەماویتر و سامناکتر لە شەوی پێشوو هاتە جەستەی و پێویستیی خەو و ئیسراحەت لە هەموو کاتێك زیاتر هەڕەشەی لێ کرد. هانری بەو خەواڵۆیی و ماندوویییەوە دێڵەگورگی دی کە نیزیك دەبێتەوە و ئامادەی هێرشە. دەسبەجێ بزووتێکی داگیرساوی تاودایە و بەچالاکی و تەڕدەستییەکی شیاوی ئافەرینەوە لە دەمی دا. دێڵەگورگ بەقەڵەمبازێك کشایەوە و لەبەر ئێشی زۆر دەستی کرد بەقرووسکاندن. بۆ چرووکی گۆشتی سووتاو بە بەر لووتی هانری هەڵڵا هات و دیتی کە دێڵەگورگ بەقین و ڕقێکی وەحشییانەوە سەر ڕادەوەشێنێ و دەناڵێنێ.

کابرای هەژار لە ترسی ئەوەی نەکا خەوی لێ بکەوێ و ببێتە خۆراکی گورگان، لکە سنۆبەرێکی هەروا کە لە ئاگرەکەدا دەسووتا لە دەستی ڕاستی خۆی بەست، بۆ ئەوەی هەرکاتێك لکە دارەکە تەواو سووتا ئاگر بگاتە دەستی و لەبەر ئازاری دەستی وەخەبەربێ. هانری ئەم کارە بەبەرهەمەی چەند جار دووپات کردەوە و هەموو جارێ لە تاوی ژانی دەستی لە خەو ڕادەپەڕی و لە دەرفەت کەلکی وەردەگرت و ئاگرەکەی خۆشتر دەکرد و چەند گورزی ئاگرینیشی بەسەری گورگەکاندا دەدا و تا ڕادەیەك لە دەوروبەری خۆی دووری دەخستنەوە.

جارێکیان هانری نەیزانیبوو لکە سنۆبەرەکەی خراپ بەستووە و لە خەویدا لە دەستی

بووەوە. خەوێکی قورس بەسەریدا زاڵ بوو خەونی دی؛ لە خەوێیدا لە جێیەکی وەك شاری خۆیان ″فۆرم گووری″، لە ژوورێکی گەرم و جێیەکی نەرم دانیشتووە و لەگەڵ نوێنەری یەکێك لە بازرگانەکانی بێگانە قومار دەکا. ڕەوە گورگێك قەڵای شاریان گەمارۆ داوە و لە پشت میلە ئاسنەکانی قەڵاوە دەلوورێنن. ئەو و هاواڵەکەی جارجار دەست لە یاری هەڵ دەگرن تا تێر تێر بەلوورەی گورگەکان و پەلەقاژەی بێ سوودیان پێ بکەنن لە نەکاو دەنگێکی بەسام بەرز بووەوە. دەروازەی قەڵاکە شکا و گورگەکان هاتنە ژوور و بەمرەمڕ و لوورەلوور شاڵاویان بۆ ئەو و هاوڕێیەکەی هێنا.

لەبەر چەق و لووری گورگان خەریك بوو مێشکی بتەقێ. لەو کاتەدا لە ترسان لە خەو ڕاپەڕی و دیتی خەونەکەی وەڕاست گەڕاوە. گورگەکان بەلوورە و هات و هاوارێکی زۆرەوە ئامبازی بوون و یەکێکیان قەپی بەباسکیدا کردووە. هانری لە ترسی گیانی خۆی بەیەك تەکان خۆی لە نێو ئاگرەکە هاویشت. گورگەکە ناچار بوو باسکی بەرەڵا بکا، بەڵام ڕووشاڵێکی گەورەی لە باسکی هەڵکرد.

ئەمجار شەڕێکی ئاگرین هەڵگیرسا. جووتە دەستەوانەیەکی ئەستووری چەرم دەستی هانرییان دەپاراست، بۆیە بێ ترس و لەرز پۆڵووی سووری خڕ دەکردنەوە و بەمستان دەی هاویشتنە نێو گورگەکان. جێ مزڵەکەی هانری بووە ئاگرپژێنێکی بەگوڕ و بۆ خۆی دەیزانی کە سەر و چاوی هەڵماسیون و برۆ و برژانگی هەڵپڕووزاون و لە هەمووش خەراپتر گەرمایەکی لە توانا بەدەری لە بن پێیدا هەست پێ دەکرد.

هانری کە بەهەر دەستێکی بزووتێکی هەڵگرتبوو لە نێو ئاگرەکە هاتە دەر و چەند هەنگاوێك چووە پێش، گورگەکان کشابوونەوە.

هانری بزووتەکانی پێدا دان و چووە نێو بەفرێ تا نەختێك لاقی خۆی فێنك بکاتەوە. پاشان دەستەوانە سووتاوەکانیشی ڕە بەفرێ خشاند. شوێنەوارێك لە دوو سەگە چارە ڕەشەکە نەمابوو. دیار بوو ئەوانیش بەدوای کۆنە هاواڵەکەیان ″بوول دوسیوف″دا بوونە خۆراکی گورگان. هانری بەدووری نەدەزانی بۆ خۆشی تووشی ئەو چارەنووسە بێ و هەربۆیە بە نارەتەیەکی سامناك بەسەر گورگەکانیدا نەڕاند و گوتی: ″خۆ هێشتا دەستتان وەمن ڕانەگەیشتووە!″

گورگەکانیش بەنەڕەو لوورەیەکی سامناك وەڵامیان دایەوە.

هانری بۆ بەرگری لە خۆی کەوتە بیری نەخشەیەکی تازەوە. ئەڵقەیەکی گوشادی لە دار و چرپی بەدەوری خۆیدا کێشا و ئاگری دان. لە نێو ئەو شوورە ئاگرینەشدا چیلکە و

چاڵێکی زۆری ڕاخست و لەسەریان درێژ بوو هەتا ساردایی عەرزەکە و تەڕایی ئاوی ئەو بەفرەی دەتوێتەوە نەگاتە لەشی.

گورگان کاتێك نێچیرەکەیان نەدی لە دەوری شووره ئاگرینەکە کۆبوونەوە و لە پشت گڕی ئاگرەکەوە تەماشای ژوورێیان کرد تا بزانن ڕۆیشتووە یان نا، و کاتێك دیتیان تەیرەکە هەڵنەفڕیوە لە حاڵێکدا لە دەوری ئەو ئاگرە خۆشە خۆیان گەرم دەکردەوە و بۆ ئەوەی بحەسێنەوە، خۆیان خاوکێش دەکرد و بەئارامی چاویان لەسەریەك دادەنان، چاوەڕوانییە کوشندەکەیان دەست پێ کردەوە. دێڵەگورگ وەك سەگان هەڵتووتەکا، لمبۆزی بەرەو ئەستێرەیەکی ئاسمان ڕاگرت و لووره لوورێکی درێژی دەست پێ کرد. گورگەکانی دیکەش چاویان لەو کرد و بەجارێك تەواوی ڕەوە گورگەکە ڕوانییە ئاسمان و ناڵەی برسیەتیی بەرزکردەوە.

کازیوە ئەنگوت و پاشان هەتاو هەڵات. گڕی ئاگرەکە دامرکابوو، ئاوردووەکە بڕابوو و پێویست بوو ئاوردووی دیکە کۆ بکرێتەوە. هانری ویستی لە شووره ئاگرینەکە بپەڕێتەوە، بەڵام گورگەکان پێشیان پێ گرت. چەند داری داگیرساوی پێدا دان بۆ ئەوەی بڵاوەیان پێ بکا، بەڵام گورگەکان نەترسان و هەر ئەوەندە بوو ئاگرەکەیان لە خۆیان دوور خستەوە. هانری تێ گەیشت کە دەبێ دەست لە بەربەرەکانێ هەڵبگرێ.

داماوە، بەسەرلێشێواوی و لینگە لەرزەوە لەسەر جێ و بانەکەی دانیشت و وەك کەسێکی پشتی شکا بێ و دوو لەت بووبێ، سنگی کەوتە سەر ئەژنۆیانی و سەری بەسەرشانیدا لار بووەوە.

ئەمە نیشانەی تەسلیم بوون و دەست لە شەڕ هەڵگرتن بوو. هەژارە جاروبار سەری هەڵدەبڕی هەتا کوژانەوەی لەسەرەخۆی ئاگرەکە، واتە لە ڕاستیدا کوژانەوەی چرای تەمەنی ببینێ. ئەڵقەی پێکەوە لکاوی ئاگرەکە بەرە بەرە لەت لەت دەبوو و لە جێ جێیان دەکوژایەوە. ئێستا شووره ئاگرینەکە لە چەند جێگاوە کەلێنی تێ کەوتبوو و جاربەجاریش بەرینایی و ژمارەی ئەو کەلێنانە زیاد دەبوو.

هانری بەناهومێدی ورتە ورتێکی لێ هات و بە گورگە برسییەکانی گوت: "ئەمجار پێم وایە دەستتان بەمنیش دەگا! باشە، گرنگ نییە. ئێستا کەوایە لانیکەم با نەختێك بخەوم".

جارێکی دیکە بەحاڵ و باڵ چاوی هەڵێنا و لە کەلێنێکەوە دێڵە گورگی دی کە تەماشای دەکا.

هانری زۆر نووست یان کەم؟ بۆ خۆشی نەیدەزانی، بەڵام وەختێك وەخەبەر هات هەستی

کرد ئاڵوگۆڕێکی سەیر و ئەفسووناوی لە دەوروبەری پێك هاتووە و وەزعەکە گۆڕاوە. ئەو ئاڵوگۆڕە ئەوەندە سەیر و چاوەڕوان نەکراو بووە کە ئەوی لە خەو ڕاپەڕاندووە. هانری لە پێشدا نەیدەزانی چی ڕووی داوە و کاتێك کەمێك هۆشی هاتەوەبەر خۆی، یەکەم شت کە بۆی دەرکەوت ئەوە بوو کە گورگەکان ڕۆیشتوون. لە شوێنی پێیان کە ڕێچکەیەکی قووڵیان لەسەر بەفرەکە ساز کردبوو، بۆی دەرکەوت کە دوژمنەکانی چەند زۆر بوون. بەڵام خەوێکی قورستر بەسەریدا بار بوو و سەری کەوتەوە سەر ئەژنۆی.

ئەمجارەیان دەنگی بنیادەم، تێکەڵ بەخشەخشی خێشکان و وەڕینی چوار پێیان ئەوی لە خەو ڕاپەڕاند. چوار خێشك کە بەسەر چۆمە سەهۆڵ بەستووەکەدا دەپەڕینەوە لەو لای دارە سنۆبەرەکانەوە بۆ لای وی دەهاتن. هانری کە هەروا شوورە ئاگرە دامرکاوەکەدا هەڵترووشکا بوو هەستی کرد دە دوازدە کەس لەسەر سەری ڕاوەستاون. ئەو مات و وڕ و کاس چاوی لێ کردن و بەدەنگی نووساو و چەنەگەی بێ هێزی خۆی توانیی ئەم چەند وشەیە دەربڕێ:

″دێڵە گورگە سوورەکە... وەختی شێو خواردنی سەگەکان... هاتە کنیان... لە پێشدا ئەوانی خوارد... وە دوایەش بیل...″

یەکێك لە پیاوەکان زۆر بەتوندی شانی ڕاتەکاند و گوتی: ″لۆرد ئاڵفێرد لە کوێیە؟″

هانری لەسەرەخۆ سەری ڕاوەشاند و گوتی: ″نا، نا گورگ ئەویان نەخوارد، ئەو لە دوا مزڵدا لەسەر دارێك سیس بوو.″

کابرا هاواری کرد: ″چۆن؟... لۆرد ئاڵفێرد مردووە؟″

هانری وەڵامی دایەوە: ″بەڵێ، لە سندووقەکە دایە.″

پاشان بەتەکانێکی توند شانی لە دەست کابرا ڕزگار کرد و گوتی: ″ئای... بەرم دەن، لێم گەڕێن، ئەمن لە پێ کەوتووم... شەوتان خۆش!″

هانری دووبارە چاوی لێك نانەوە و چەنەگەی کەوتەوە سەر سنگی و لە کاتێکدا موسافیرەکان ئەویان لە ژێر لێفەکەدا درێژ دەکردەوە، دەنگی پرخ و هۆڕی دە هەوای سارد و سەهۆڵبەندانی بیابان گەڕا.

دەنگە دەنگێکی دوور جوابی پرخ و هۆڕی هانریی دەدایەوە، ئەویش دەنگی گورگە برسییەکان بوو کە لە دووری دەبیسترا، لوورەی ڕەوە گورگێکی برسی بوو کە لەجیاتی ئەو بنیادەمەی بەمۆجیزە لە دەستیان ڕزگاری بووبوو، لەو بیابانە مەرگ هێنەرەدا بۆ نێچیرێکی باش و گۆشتێکی زیندووی دیکە دەگەڕان.

***

## ٤

# شەڕە ددان

لە نێو ئەو ڕەوە گورگەدا کە شووره ئاگرینەکەی هانرییان گەمارۆ دابوو، یەکەم گورگ کە دەنگی نیزیك بوونەوەی ئینسانەکان و حەپەحەپی سەگەکانی خێشکی بەرگوێ کەوت دێڵەگورگ بوو، هەر ئەویش بوو کە پێش هەمووان ئەو شووره نیوە دامرکاوە و ئەو بەندییە تەماڵە گیان براوەی بەجێ هێشت و ڕای کرد.

گورگەکانی دیکە لە پێشدا دڵیان نەدەهات ئەو خۆراکە بەتام و بەردەستە بەجێ بێڵن و هەر بۆیە ماوەیەك چاوەڕێ و تامەزرۆ، لەوێ مانەوە و گوێیان بۆ ئەو دەنگە هەڵخست کە لە دوورەوە دەهات، بەڵام سەرەنجام ئەوانیش ترسان و بەناچار وە دوای دێڵەگورگ کەوتن و ڕایان کرد.

شینە گورگێکی زەلام کە پێشەنگی ڕەوەکە بوو، لە پێشەوە دەڕۆیشت، دەیمڕاند تا گەنجەکان تێ بگەیەنێ کە ڕیزەکە تێك نەدەن و لە خەتێ دەرنەچن، هەرکاتێك ویستبایان وەپێشی کەون، بەگوێرەی پێویست زەبری ددانی پێ نیشان دەدان و ئەدەب گرتووی دەکردن. شینە گورگ هەرکە دیتی دێڵەگورگ لەسەرەخۆ بەنێو بەفرێدا دەڕوا، هەنگاوی توند کردن و زۆری پێ نەچوو خۆی پێ گەیاندەوە.

دێڵەگورگ لە خۆوە و هەر وەك هیچ ڕووی نەدابێ هاتە تەنیشتی گورگە شین و هەردووکیان پێکەوە بوونە پێشەنگی ڕەوەکە. دێڵەگورگ جار جار بەهەوەس و گاڵتە قەڵەمبازێکی دەدا و چەند هەنگاوێك هاوەڵەکەی بەجێ دەهێشت، بەڵام شینە گورگ لێی نەدەمڕاند و ددانی گڕ نەدەکردن، بەپێچەوانە ئەم ڕووداریيەی ویی زۆر بەڕوویەکی خۆشەوە وەردەگرت و، بەشەوق و ئۆگرییەکی تەواوەوە هەوڵی دەدا ئەوەندی بکرێ زیاتر خۆی لێ نیزیك بکاتەوە. ئەمجارە دێڵە گورگ بوو کە هەڕەشەی دەکرد و بەرقەوە ددانی پێ نیشان دەدا. دێڵەگورگ جارجار ئەم ساردی و بێ مەیلییەی دەگەیاندە جێگایەك کە سەرشانی دڵدارەکەی بەکەڵپە تیژەکانی ئازار دەدا و ئەویش بێ ئەوەی نێوچاوان تێك نێ، ئەو جەور و جەفایەی قبووڵ دەکرد. لەو کاتانەدا شینە گورگ تەنیا هەڵبەزەیەکی دەکرد و نەختێك لە دڵدارە دڵ ناسکەکەی دەکشایەوە و وەك ئاشقێکی دڵشکاو بەڕوو گرژی و قەڵسی کاروانەکەی ڕێنوێنی دەکرد.

پێشەنگی کاروان لە لای ڕاستی دێڵەگورگەوە دەڕۆیشت و لە لای چەپیشیەوە پیرە گورگێکی گەڕۆڵی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە ڕێگادا بوو کە هەموو لەشی جێ برینی شەڕەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو بوو. ئەم گورگە تەنیا چاوێکی هەبوو، ئەویش چاوی ڕاستی بوو، و لەوەڕا دەکرێ بزانین بۆچی لای چەپی دێڵەگورگی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. پیرە گورگی یەك چاویش زۆر تامەزرۆی ئەوە بوو کە شانبەشانی دێڵەگورگ بەڕێگادا بڕوا و توند پاڵی وەکەلەکەی بدا و جار جاریش لمبۆزە پڕ کۆنە برینەکەی بەسەر شان و خاڵیگەی دا بێنێ و بۆنی پێوە بکا. دێڵەگورگ ئەوەشی هەروەك ئەویندارەکەی پێشوو لە خۆی دەردەکرد، بەڵام هێندێ جار ئەو دوو دڵدارە بەجۆرێك لە هەردوو لاوە ڕێکیان دەگوشی کە دێڵەگورگ ناچار دەبوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە چەپ و ڕاستەوە بەزەبری گاز و ددان پاشەکشەیان پێ بکا. ئەو دوو خەنیمەش لە کاتی ڕۆیشتندا هەڕەشەیان لە یەکتر دەکرد و ددانە سپی و تیژەکانیان بە یەکتر نیشان دەدا، و تەنیا برسییەتی واتە هێزێکی لە ئەوین باڵاتر بوو کە نەیدەهێشت پێك هەڵپڕژێن.

لە تەنیشت پیرە گورگی یەك چاو، گورگێکی جحێڵی سێ ساڵە هەبوو کە بەتەواوی هەڵی دابوو و پێ گەیشتبوو و یەکێك لە بەهێزترین گورگەکانی ئەم ڕەوەیە بوو. ئەم دوو هاواڵە کاتێك ماندوو دەبوون بەگەرمی و ئۆگرییەکی زۆرەوە سەر، یان شانی خۆیان پێکەوە دەنووساند، بەڵام هێندێ جار گورگە جحێڵەکە وەك بەهەقی خۆی بزانێ، هەنگاوی شل دەکردن بۆ ئەوەی پیرە گورگ پێش کەوێ و ئەو دەم بێ هەست بێ ئەوەی ئەوانی دیکە پێ بزانن خۆی لە نێوان ئەو و دێڵەگورگ ڕادەکرد و ئەوینی خۆی بەدڵدارەکەی نیشان دەدا.

دێڵەگورگ بەو ئاکارەی دڵداری سێیەم، مڕەیەکی لێ دەهات و سەری بۆ دواوە وەردەگێڕا. پیرەگورگ و گورگەشینیش چاویان لەو دەکرد و ئاوڕیان دەدایەوە.

بەستەزمان گورگی جحێڵ بەرامبەر بەهەڕەشەی سێ ڕیز ددانی ڕق هەستاو بەناچار ڕادەوەستا و لە ڕاست خۆی هەڵدەتووتەکا. ئەویش مووەکانی پشتی ڕاست دەکردنەوە و ڕیزی ددانە تیژەکانی پێ نیشان دەدان. بەو ڕاوەستانە لەنەکاوە بێ سەرەوبەرەیییەك لە کاروانەکەدا دروست دەبوو، ئەوانی پشتەوەی سەفەکە و ئەوانی پێشەوە کە بەناچاری ڕاوەستابوون، تێك دەئاڵقان و چونکە هەمووان گورگە جحێڵەکەیان لەو بێ سەرەوبەرەیییەدا بەتاوانبار دەزانی، دەیاندایە بەر گاز و قەپاڵە. گورگی جحێڵ ئەم بەد ڕەفتارییەی بەسەبر و سیکەدانەیەکی بێ ئەندازەوە کە تایبەتی دەورانی لاوەتییە، قبووڵ

دەکرد و هەرچەند ئەو کارە ئاشقانەیەی پێشوازییەکی خەراپی لێ کرابوو، جار بەجار دووپاتی دەکردەوە.

ئەو ڕۆژە گورگەکان چەندین فرسەق ڕێگایان بڕی و لەگەڵ ئەم وردە پێشهاتانەش ڕیزی پتەوو ڕێکوپێکی خۆیان تێك نەدا . بێ هێزترین گورگانی ڕەوەکە، واتە ئەوانی زۆر پیر و ئەوانی زۆر منداڵکار لە دوای کاروانەکەوە بەشەلە شەل هەنگاویان هەڵدێنایەوە. ئەوانی هەرە بەهێزیان لە پێشەوە دەڕۆیشتن و، هەموویان بەپیر و جەحێڵەوە وەك لەشکرێکی مردووی گۆڕستانان دەچوون. بەڵام ماسوولکە پۆلایینەکانیان هەروا سەرچاوەیەکی لە بڕان نەهاتووی هێز و توانا و گەرمایی بوون. جموجۆڵ و پاڵ وێکدانی ئەم سەفە گەورەیە بێ ئەوەی وەستانی هەبێ یان بیر لە کۆتایی بکرێتەوە، بێ ماندووبوون درێژەی هەبوو. شەوی ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دوای ئەو شەوەش هەروا ڕێگایان بڕی. ئەوان لەو بیابانە چۆڵوهۆڵەدا کە تەنیا خۆیانی تێدا دەژیان بەدوای گیاندارێکدا دەگەڕان کە بیخۆن و ژیانی خۆیانی پێ درێژە بدەن.

گورگەکان لە دەشتاییە نزمەکان تێ پەڕین. دە دوازدە ڕووباری سەهۆڵبەندانیشیان بەجێ هێشتن، بەڵام ئەوەی بۆی دەگەڕان دەستیان نەکەوت. ئاخرەکەی تووشی ڕەوە شوورێك بوون و یەکەمجار لەگەڵ شوورێکی نێری زەلام تێك هەڵئەنگووتن. ئێستا ئەو کاتە خۆشەی بۆی دەگەڕان داهاتبوو و گۆشتێکی زیندووی بەتام لە پێشیانەوە دەبزووت کە ئەو بزووتە گڕدارە و ئەو ئاگرە بەسۆیەی نەبوو دیفاعی پێ لە خۆی بکا؛ چەکی وی تەنیا ئەو سمە پانانە و ئەو شاخە درێژانە بوون کە گورگەکان پێشتر دەیان ناسین. ئەوە بوو کە حەوسەڵە و پارێزی جارانیان وەلانا و بەپەلە شەڕەکەیان دەست پێ کرد. شەڕێکی کورت بەڵام خوێناوی هەڵگیرسا. کەڵە کێوی لە هەموو لاوە گەمارۆ درا. بێچارە پەلە قاژەیەکی بێ سوودی دەکرد و ئەوانی لە بەفر دەگەوزاند، بە سمەکانی لەقەی کاریگەر و بە شاخەکانی زەبری کوشندەی لە سەر و زگ و پەراسووی گورگەکان دەدا و تێ دەکۆشا مێشکیان بپژێنێ و زگیان بدڕێ، بەڵام ئەو پەلەقاژەیە بێ ئاکام بوو. سەرەنجام لە پێ کەوت و کەوتە سەر زەوی. دێڵەگورگ بەگەرووییدا نووسا و ددانی قاتی لێدراوی برسییەکانی دیکەش لە هەر جێیەکی لەشی کە وەبەر زاریان دەهات، بوون بەقولاپ. شووری بەستەزمان بێ ئەوەی دەرەتانی دوابەرگریی لە خۆی هەبێ، بەزیندوویی قووت درا.

گورگەکان خۆراکی باشیان دەست کەوتبوو. کەڵە کێوییەکە چوارسەد کیلۆ زیاتر

گۆشتی هەبوو، و بەو پێیە هەرکام لەو چل گورگە قاتی لێدراوە، دە کیلۆ گۆشتی قەڵەوی بەر کەوتبوو. هەرچەند گەدەیان لە ئاکامی برسییەتی و ڕۆژووەوانیی دوورودرێژدا بێ هێز بووبوو، بەڵام توانای هەزمکردنیان لە ئەندازە بەدەر بوو. بەڵێ لەو حەیوانە بەسام و شکۆیە کەوا ئازایانە بەرامبەر بەدوژمنە خوێنخۆرەکانی ڕاوەستابوو، تەنیا مستێك ئێسك و پرووسکی پەرش و بڵاو بەجێ ما.

پاش تێر خواردن، کەوتنە فکری حەسانەوە و هەموویان خەوتن. پاشان گۆڵە گورگە جحێڵەکان پێکەوە بەکێشە هاتن. دەورانی قاتی و قڕی بەسەرچووبوو و ئێستا گورگەکان گەیشتبوونە خاکی "مەوعوود". چەند ڕۆژێکیش بەسەریەکەوە، بۆسەیان لەسەر ڕێی ڕەوە شوورەکان نایەوە و ڕاویان کردن، بەڵام ئەمجارە بەپارێزەوە بۆیان دەچوون و شاڵاویان تەنیا دەبردە سەر مێیەکان کە قورستر بوون، یان کەڵە کێوییە پیرەکان کە بێ هێزتر بوون. سەرەنجام پاش ئەو هەموو ڕێپێوانە، ڕەوە گورگەکە بوو بەدوو دەستەو هەر دەستەیەی بۆ لایەك ڕۆیشتن.

دێڵەگورگ و گورگەشینە زەلامەکە و پیرەگورگە یەك چاوەکە و گورگەجحێڵە سێ ساڵەکە وەپێش دەستەیەك کەوتن و بردیانن بۆ لای خۆرهەڵات، واتە بۆ لای چۆمی "مەکەنزی" و "ناوچەی گۆلاوەکان". ژمارەی نەفەرەکانی ئەو دەستەیە ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبوو. گورگەکان دوو دوو، نێرێك و مێیەك پێکەوە، دەڕۆیشتن و جاری وابوو نێرە گورگێك کە دێڵە گورگی بەر نەکەوتبوو، بەزەبری ددانی نێرەکانی دیکە دەردەکرا. سەرەنجام لەو دەستەیە بێجگە لە دێڵەگورگ و سێ دڵدارە بێ ئارامەکەی کەس نەمایەوە. هەرسێکیان لەشیان بەزەبری ددانە بێ بەزەیییەکانی ئەو دڵدارە بریندار بووبوو. ئەو هەروا دڵڕەق و بێ وەفا بوو و، ئەوانیش باری ئەو جەور و جەفایەیان بەگیان و دڵ دەکێشا. ئاشقەکان بۆ ئەوەی ماشووقەی خۆیان ئارام کەنەوە، تەنیا ئەوەندەیان لە دەست دەهات کە ڕووی لێ وەرگێڕن و کلکەسووتەی بۆ بکەن و ئارام و هێدی لە پێشی هەڵپەڕن.

ئاشقەکان ئەوەندەی لە ڕاست دێڵەگورگ ملکەچ و گوێ لە مست بوون، ئەوەندە و زیاتریش دەرهەقی یەکتر دڕندە و توندوتیژ بوون، گورگە جحێڵە سێ ساڵەکە هەستی دەکرد ڕۆژ بەڕۆژ توانای زیاتر دەبێ و ورە و غیرەتیشی دەچێتە سەر. ئەوە بوو ڕۆژێکیان پەردەی شەرمی دادڕی و لە لای چاوە کوێرەکەیەوە، گوێی پیرەگورگی بەددان هەڵدڕهەڵدڕ کرد. هەرچەند پیرەگورگ لەباری هێز و چالاکییەوە خەنیمی ئەو گورگە جحێڵە نەبوو، بەڵام لەباری هۆش و زانایییەوە لەو زیاتر بوو. چاوی کوێر و لمبۆزی بەچەند جێ بریندار بووی،

نیشانەی تاقیکردنەوەی ژیان و شەڕوشۆڕەکانی ڕابردووی ئەو بوون و گومان لەوەدا نەبوو کە دەیزانی لە وەختی خۆیدا چۆن خەنیمی خۆی تەمبێ بکا.

بەڵێ، کاتێك دەرفەتی لەبار بۆ پیرەگورگ ڕێ کەوت، شەڕێکی سەخت، بەئاکامێکی خەماوییەوە، لە نێو حەریفاندا دەستی پێ کرد. پیرەگورگ و شینەگورگە زەلامەکە یەکیان گرت و پەلاماریان بردەسەر حەریفە جحێڵەکەیان  و لە دوو لاوە زۆر بەدڵڕەقی و بێ بەزەیی لە نێو خۆیان گرت. ئەو ڕۆژانە کە پێکەوە خەریکی ڕاو بووبوون و ئەو یارییانەی پێکەوەیان کردبوون و ئەو برسیایەتییەی پێکەوەیان کێشابوو، هەموویان لە بیر بردنەوە، چونکە ئەمانە پێوەندییان بەڕابردووەوە هەبوو، بەڵام ئێستا مەسەلەیەك لە گۆڕێدابوو کە لە ژوور تەواوی ئەو مەسەلانەوە بوو و ئەو ناکۆکییەی لە نێوانیاندا پێك هێنابوو. مەسەلەکەش بریتی بوو لە ئەوین. دێڵەگورگ کە باشی دەزانی ئەو شەڕە لەسەر وییە، ئارام و خۆشحاڵ لە سووچێك دانیشتبوو، تەماشای مەیدانی شەڕی دەکرد. ئارام و خۆشحاڵ بوو، چونکە دەیزانی ڕۆژی ئەویش نزیك بووە. ئەو دەیزانی ئەو لەسەر پشت ڕاست بوونەوەیە و ئەو ددان نیشاندان و لەش هەڵدڕین و خوێنڕشتنە هەموو لەبەر خاتری جووتبوون لەگەڵ وییە.

ئەم شەڕە کە یەکەمین ڕووداوی دڵداریی گورگە جحێڵەکە بوو، بەزیانی وی تەواو بوو و، سەرەنجام سەری تێدا چوو. پاش مردنی وی دوو گورگە سەرکەوتووەکە تەماشای دێڵە گورگیان کرد کە شاد و بەکەیف لەسەر بەفرێ هەڵتووتەکا بوو.

لەم بگرە و بەردەیەدا پیرەگورگ زیاتری ئازار پێ گەشتبوو و پتری دەرس وەرگرتبوو. لەو جەرگەیەدا شینەگورگە زەلامەکە سەری وەرسووڕاند بوو، برینی سەرشانی دەلستەوە کە هەروا خوێنی لێ دەچۆڕا. بۆ ئەم کارە ملی لار بووبووەوە و کووڕاییی ملی لە لای پیرەگورگ بوو. پیرەگورگ هەر بەو یەك چاوە کە بووی، نیشانەکەی دیت و هەلی بەدەرفەت زانی. بۆیە دەستوبرد ئامبازی بوو و خۆی بەملیەوە هەڵاوەسی. ددانەکانی لە گۆشتی ملی حەریف ڕۆچوون و شەویلاکەی گەیشتەوە یەك. برینەکە زۆر کاریگەر و قووڵ بوو و ددانی تیژی پیرە گورگ شادەماری ملی شینە گورگی بڕیبوو. شینە گورگ نەڕەیەکی بەسامی لێوە هات و خۆی هاویشتە دوژمنی فێڵەزان کە بەپەلە کشابووەوە دواوە. بەڵام کار لەکار ترازابوو. لەگەڵ خوێنی سوور کەم کەم گیانی لە لەشی دەچووە دەر و بەرە بەرە دەنگی نەڕاندنەکەی کز دەبوو و دەبوو بەقرخەقرخ.

بەستەزمانە لە کاتێکدا هێشتا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت و دەیقرخاند، چەند لەحزەیەك

شەڕی کرد، بەڵام وردە وردە لاقی لەرزین و چاوی تاریك بوون و بەجارێك لە پەلوپۆ کەوت.

لەم بگرە و بەردەیەدا دێڵەگورگ هەروا لەسەر بەفرەکە دانیشتبوو زەردەی دەهاتێ. ئەو ئێستاش خۆشحاڵ بوو، چونکە ئەم بەسەرهاتە جگە لە شەڕێکی سروشتی لەبەر خاتری عیشقی وی شتێك نەبوو، داستانێکی خەفەتبار لە کارەساتی بیابانێکی گەورە بوو کە تەنیا بۆ ئەوانەی دەمردن ناخۆش بوو، ئەگینا بۆ ئەوانەی دەمان ئەوپەڕی ئاوات و تەواوی مەبەست و مەیدانی وەدیهاتنی ئارەزووەکان بوو. کاتێك لەشی شینە گورگی زەلام سارد بووەوە و گیانی لەبەردا نەما، پیرە گورگی یەك چاو (کە لەمەودوا ناوی دەنێین یەك چاو) بەرەو دێڵەگورگ چووە پێش. لە ئاکاریدا شانازیی سەرکەوتن و بیرتیژی و لێزانی دەهاتە بەرچاو. چاوەڕێ بوو وەك جاران بکەوێتە بەر بێ مەیلیی دڵدارەکەی، بەڵام زۆر بەسەرسوڕمانەوە دیتی کە دێڵەگورگ ددانی ڕق و قینی نیشان نەدا و بۆ یەکەمجار بەگەرمی و ڕووخۆشی پێشوازیی لێ کرد. لمبۆزی بەنیشانەی خۆشەویستی بەلمبۆزیەوە نووساند و تەنانەت بە ڕەفتارێکی منداڵانەوە لە پێشیدا کەوتە هەڵبەز و دابەز. پیرە گورگیش هەرچەند ژیر و پیروگەڕاوە بوو، وەك دڵدارەکەی، خۆی منداڵ کردەوە و هەزار یاریی سووکتر لە ڕەفتارەکەی ئەوی دەست پێ کرد.

ئیدی لە حەریفە تێکشکاوەکان و لە داستانی خەماویی ئەوینێك کە بەخوێنی خۆیان لەسەر بەفریان نووسیبوو، باسێك لە گۆڕێدا نەبوو. تەنیا یەك جار پیرەگورگ ڕاوەستا تا ئەو خوێنەی لە برینە تازەکانی دەچۆڕا، بلێسێتەوە. وەك بیرەوەریی تاڵی حەریفەکانی لە دڵدا زیندوو بووبێتەوە وابوو، چونکە لێوە وەحشییەکانی لەگەڵ مڕەمڕێکی نادیار لێك بوونەوە. مووەکانی سەرملی، بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ، ڕاست بوونەوە لەم حاڵەدا سەری بۆ لای بەفرە سوور داگەڕاوەکە، واتە بۆلای قوربانگەی ئەوین خوارکردەوە و جۆرێك ڕاوەستا، وەك خۆی بۆ ئامباز بوون ئامادە کردبێ و بەشەویلاکە بەهێزەکانی کە لە خۆوە لەرزەیەکی تێکەڵ بە ڕق و قینیان وێ کەوتبوو، گازی لە بەفرە خوێناوییەکە گرت. پاش تاوێك هەمووی ئەمانە لە بیر چوونەوە و هاتەوە بۆ لای دێڵەگورگ کە ئێستا بەرەو بێشەکە دەڕۆیشت و ئەویشی بەدوای خۆیدا بانگ دەکرد بۆ ئەوەی بچنە ڕاو. لەو کاتە بەدواوە وەك دوو یاری میهرەبان کە توانیبێتیان زمانی یەکتر تێ بگەن و ببنە هاوڕازی یەکتر، شانبەشان لە بێشەو دەشت و بیابانەکاندا غاریان دا و پێکەوە درێژەیان بەڕاو و نێچیر و کوشتن و خواردن دا.

چەند ڕۆژێك بەم جۆرە تێ پەڕین، هەتا ڕۆژێکیان لە ڕوخساری دێڵە گورگدا شوێنەواری خەفەت و نیگەرانی دەرکەوت، وا دیار بوو ئەو حەیوانە زۆر بەسەرسەختی و کەللەشەقی بەدوای شتێکدا دەگەڕێ، بەڵام دەستی ناکەوێ. ئەو پەناگایانە کە لە کەوتن و کەڵەکە بوونی دارە شکاوەکانی لێرەوار دروست بووبوون، بەتوندی سەرنجی ئەویان ڕادەکێشا و زۆر جاریش دەچووە ژووری ئەو قەڵشتە گوشادانە کە لە پەنای تەختە بەردەکان و لە نێو ڕنووە بەفرەکاندا دروست بووبوون و ماوەیەکی زۆر دەخەوت. بەئاشکرا دیار بوو کە "یەك چاو" کارێکی بەو گەڕان و پشکنینە نییە و قازانجێکی خۆی تێدا نابینێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەوەفاداری و ڕووخۆشییەکی بێ وێنەوە پێ بەپێی دێڵەگورگ دەچووە هەموو جێیەك. وەختێك هاتنەوەی دێڵەگورگ، لەو گەڕان و هەوڵ و دەوڵە وەدرەنگ دەکەوت، یان دەچووە قەڵشتێکەوە کە جێگای دووکەسی تێدا نەدەبوو، یەك چاو بەناچار لەسەر زەوی دەنووست و بەسەبر و حەوسەڵەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی هاتنەدەری دەبوو.

بەڵێ، بێ ئەوەی جێگایەکیان لە نیازدا بێ، یان مەڵبەندێك لە مەڵبەندێکی دیکە بەباشتر بزانن، هەردووکیان ناوچەی جۆراوجۆریان بەجێ هێشتن و درێژەیان بەسەفەری خۆیان دا. پاشان گەڕانەوە لای چۆمی مەکەنزی و ڕاست بەڕاستی چۆمی چوونە پێش و مەگەر بۆ ڕاوێ، ئەویش لە دەوروبەری یەکێك لە لکەکانی ئەو چۆمە، ئەگینا لێواری چۆمیان بەرنەدا.

جاری وابوو لە ڕێبازدا تووشی گورگی دیکە دەبوون کە ئەوانیش هەروەك ئەمان دوو بەدوو دەڕۆیشتن، بەڵام لە هیچ لایەکەوە ئیشارەیەکی دۆستانە یان ئارەزووی یەکتر دیتن، یان مەیلی پێکهێنانەوەی ڕەوە، نیشان نەدەدرا. هێندێ جار تووشی گورگێکی تەنیا دەهاتن، ئەم تەنیایانە هەموو نێرە گورگ بوون کە تووشیان دەبوون، مەیلیان نیشان دەدا کە ڕەگەڵ ئەمان کەون، بەڵام پیرە گورگ شانیبەشانی خێزانییەوە دەدا و هەردووکیان بەجۆرێك مووی ملیان ڕاست دەکردنەوە و ددانیان دە چیرەوە دەبردن و بەکورتی ئەوەندە بەڕووگرژی لەگەڵ ئەم میوانە بێ وەختە بەرەو ڕوو دەبوون، کە بەستەزمانە لە خێریان دەگوزەرا و پشتی تێ دەکردن و لە ڕێی خۆی دەڕۆیشت.

شەوێکیان دوو دڵدار لەبەر تیشکی مانگەشەو بەنێو لێرەوارێکی ئارامدا دەڕۆیشتن کە لەنەکاو یەك چاو ڕاوەستا. پیرەگورگ لمبۆزی لە هەوا کرد و کلکی ڕاوەشاند و وەك سەگی ڕاوێ لاقێکی هەڵێنا. هەردوو کونە لووتی بۆ هەوا هەڵمژین فش بوون، بەڵام چونکە ئەو بۆنەی هاتە بەر لووتی، ئەوی حاڵی نەکرد دووبارە بۆنی کردەوە و ئەمجارە هەوڵی دا

خەبەرێکی زیاتر لە شەوبا وەربگرێ و باشتر لە وەزعەکە حاڵی بێ. سووکە مرەیەك کە لە گەرووی هاتە دەر دێڵەگورگی وشیار کردەوە و، ئەو بۆ ئەوەی هاوەڵەکەی لە نیگەرانی دەربێنێ، بەغیرەت و ورەیەکی زیاترەوە پێش کەوت. یەك چاو بەدوای دێڵەگورگدا دەڕۆیشت، بەڵام هێشتا نیگەران بوو و سات بەسات بەبۆنکردن خەبەری لە شەوبا دەپرسی.

هەردووکیان گەیشتنە ڕێگایەکی تەنگەبەری نێو دارستان کە دەچووە سەر مەیدانێکی بەتاڵ. دێڵەگورگ زۆر بەپارێز هەتا نیزیك بەتاڵاییەکە بەزگەخشکە چووە پێش. پیرەگورگیش پاش کەمێك دوودڵی و دڕدۆنگی پێی گەیشتەوە، بەڵام هۆشی بەتەواوی لەسەر خۆی بوو و لەبەر بەدگومانی و بێ باوەڕی، مووی لەشی وەك نەشتەر ڕاست دەبوونەوە. هەردووکیان لە پەنا یەکترماوەیەك هەستیان ڕاگرت و بۆنیان کرد.

دەنگی ئەو سەگانە کە پێکەوە شەڕ و کێشەیان بوو، و دەنگی زبر و زەلامی ئەو پیاوانە کە لە بنی گەروویانەوە قسەیان دەکرد و دەنگی تیژ و ناخۆشی چەند ژنێك کە خەریکی زۆر بڵێیی و زیڕ و هۆڕ بوون و هەروەها ناڵەی بەئازاری گریانی منداڵێکیان هاتە بەرگوێ. ئەو دوو گیاندارە لە پێشدا جگە لە پەیکەری بەهەواوە ڕاوەستاوی ڕەشماڵەکان و ئەو ئاگرانە کە چەند تارماییەك بەپێشیاندا ڕادەبووردن و دووکەڵێك کە لەو ئاگرانە بەرز دەبووەوە و لە هەوادا بڵاو دەبوو، شتێکیان بۆ لێك نەکرایەوە. بەڵام بەرە بەرە کە چوونە پێش، هەزاران بۆنی جۆراوجۆر لە چادری سوورپێستەکانەوە بەبەرلووتیان هەڵڵا هات. هەر بۆنەی نیشانەی شتێك بوو کە دیارە پیرەگورگ نەیدەتوانی لە مانا و نێوەڕۆکەکەی بگا، بەڵام بۆ دێڵەگورگ هێندە نەناسراو نەبوو.

دێڵە گورگ کەیفی ساز بوو و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە پەیتا پەیتا بۆنی دەکرد. بەپێچەوانە، یەك چاو هەروا نیگەران بوو و نەیدەتوانی ناڕەحەتیی خۆی بشارێتەوە. بەستەزمانە دەیەویست نیشان بدا کە پەیڕەوی لە دڵدارەکەی دەکا، بەڵام هەرجارە بەکردەوەیەکی ناشییانە ئاشکرای دەکرد کە حەز دەکا بڕۆن، لەو کاتەدا دێڵەگورگ بۆ ئەوەی هاواڵەکەی ئارام بکاتەوە، لمبۆزی ڕە لمبۆزی دەخشاند و پاشان دووبارە تەماشای چادرەکانی دەکردەوە.

لە سیمای دێڵە گورگدا دیار بوو کە زۆر حەز دەکا بڕواتە پێش و ئەمەشی لەبەر برسییەتی نییە. هێزێکی نەناسراوی دەروونی هانی دەدا بچێتە پێش و دیسانیش زیاتر

بچێتە پێش و لە ئاگرەکان نیزیك بێتەوە و لەگەڵ سەگەکان لەبەر گڕی ئاگر بخەوێ و لەبەر دەست و پێی پیاوەکانی عەشیرەتدا پان بێتەوە.

بەڵام یەك چاو وشیاری کردەوە. پیرەگورگ ئەوەندە نیگەرانی دەربڕی و پەلەی کرد تا نیگەرانییەکەی وی دێڵە گورگیشی گرتەوە، لە لایەکی دیکەوە یادی ئەو شتەی دیکە کە زۆری پێویستیی پێ هەبوو و تا ئێستا وا بە سەرسەختی بەدوایدا گەڕا بوو، بەمێشکیدا هاتەوە. ئەوەبوو کە لەنەکاو دەرپەڕی، پشتی لە چادرەکان کرد و ڕێگای لێڕەواری گرتەبەر. ئەم کارە ئەوەندە پیرەگورگی ئارام کردەوە کە لە خۆشییان وەپێش کەوت و هەتا چادرەکانی بەتەواوی لێ ون نەبوون ئۆقرەی نەگرت.

لەو کاتەدا کە ئەو دوو دڵدارە بێدەنگ و ئارام، وەك سێبەر لەبەر تیشکی مانگەشەودا دەخزین و دەچوونە پێش، گەیشتنە جادەیەك کە هەردوو بەری دار و درەخت بوو. لەسەر ڕێگاکەیان شوێنێکی تازە لەسەر بەفرێ دیار بوو، بۆیە هەردووکیان لمبۆزیان نەوی کرد و بۆنیان پێوە کرد. یەك چاو زۆر بەپارێز غاری دا بۆ پێشەوە و دێڵەگورگیش وەدوای کەوت. بەری پێی ئەو دووانە کە وەك باڵنجی نەرم بوو، نەرم و سووك، شوێنێکی وەك خەوتنی مەخمەری لەسەر بەفرێ بەجێ دەهێشت.

پیرەگورگ چاوی بەدەعبایەکی چووکەڵەی سپی کەوت کە چوست و چالاك لەسەر بەفرێ هەڵدەبەزی. بۆیە هەنگاوی تیژتر کردن.

ئەو جادەیە کە ئەو پێیدا دەڕۆیشت، بەرتەسك بوو و هەردوو بەریشی بە نەمامە سنۆبەر تەنرابوون. پیرەگورگ بەچەند قەڵەمباز گەیشتە سەر دەعبا سپییەکە و وەك ئەجەل سواری سەری بوو، بەڵام لەو لەحزەیەدا کە دەبوو دەمی بکاتەوە و قووتی دا، دەعبا سپییە چووکەڵەکە خێرا و ڕاست بڵیند بوو و لەسەر سەری ڕاوەستا. ئەو دەم پیرە گورگ تێ گەیشت کە ئەو دەعبایە کەروێشکێکی سپییە کە بە لکە سنۆبەرێکەوە هەڵواسراوە و بە سەمایەکی خەیاڵاوییەوە خەریکی تەناف بازییە.

یەك چاو بەدیتنی ئەم دیمەنە ترسا و کشایەوە؛ لە پاشان لەسەر بەفرێ پان بووەوە و بەرەو ئەو شتە سەیر و سەمەرەیە کە نەیدەزانی چییە و وێ دەچوو مەترسییەکیشی هەبێ، بەحاڵەتێکی تێکەڵ بەهەڕەشە دەستی کرد بەمڕاندن. دێڵەگورگ کە ڕاست لەو کاتەدا گەیشتبووە جێ، بەچاوی سووکایەتی تەماشایەکی یەك چاوی کرد و سارد و بێ موبالات تێ پەڕی. پاش تاوێك ئارام بووەوە و ئەنجا خۆی بۆ کەروێشکەکە هەڵاوێشت

کـە هـێشتـا لـە هـەوادا سەرمـەقولاتـی دەدان. ئـەم خۆهـەڵدانـە بـەشی ئـەوەنـدە نـەبـوو کـە بیگەیەنێتە ئەو سفرە ئاسمانییە و ددانەکانی دێڵەگورگ بەسیرەیەکی وشکەوە کەوتنە سەریەك. دێڵەگورگ دووجاری تریش خۆ بۆ هەڵاویشت.

یەك چاو کە لە جێی خۆی هەستابوو، تەماشای دەکرد، لەوە کە خۆهەڵدانی دێڵەگورگ بێ ئاکام مایەوە، ڕقی هەستا و بۆ خۆی بڵیندتر خۆی هەڵاویشت. ددانەکانی وەك گیرە لـە لـەشی کـەروێشکـەکـە قـایـم بـوون و ڕای کێشایـە خـوارێ، بـەڵام سەیر ئـەوەبـوو لکـە سنۆبەرەکە کەروێشکەکەی بەرنەدا و لەگەڵ وی شۆڕ بووەوە سەر زەوی بەجۆرێك ڕاست لەسەر سەری پیرەگورگ ڕاوەستا کە دەتگوت هەڕەشەی لێ دەکا. یەك چاو بۆ ئەوەی لەو مەترسییە نەناسراوە ڕزگاری بێ لە ترسان دەمی کردەوە و نێچیرەکەی بەرەڵا کرد و کشایەوە، پاشان لە ترسان و لە ڕقان ددانی لە چیرەوە بردن و مووی لەشی ڕاست بوونەوە و وەك کەسێك کە بیهەوێ جنێوان بدا، گەرووی هەڵمسا. لکە سنۆبەرە بەرەڵا کراوەکە دووبارە بڵیند بووەوە و کەروێشکی کەڵلەشەق سەما هەوەس بزوێنەکەی دەست پێ کردەوە.

دێڵەگورگ تووڕە بوو و بەنیشانەی سەرکۆنە و تەمبێ، قەپی لە شانی یەك چاو گرت. یەك چاو کە لەو داوە نەناسراوە زیاتر لە جاری پێشوو ترسا بوو، ئەم سەرکۆنەیەشی پێ خۆش نەبوو و لە کاتێکدا ڕووشاڵێکی کەمی لە لمبۆزی دێڵەگورگ هەڵکرد، سەرلەنوێ کشایەوە. دێڵەگورگ لەو سووکایەتییە زۆر تووڕە بوو و شالاوی بۆ هاواڵەکەی برد. یەك چاو کە هەستی کردبوو خەتای کردووە، بەپەلە کەوتە عوزر هێنانەوە و هەوڵی دا دڵدارەکەی ئارام بکاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. ئەو هەروا درێژەی بە تەمبێکردنی ئەو بێ ئەدەبە دا، تا وای لێ هات کە یەك چاو بەتەواوی لە ئاشتکردنەوەی تەما بڕاو بوو و سەرشانی بەنیشانەی تەسلیم بوون خستە بەر گازی بێ ئەمانی ئەو دلبەرە دڵڕەقە.

لە ماوەی ئەو چەند دەقیقەیەدا کەروێشك هەروا لەسەر سەریان خەریکی سەمای هەوایی بوو. دێڵەگورگ لە نێو بەفرێ دانیشت و پیرەگورگ کە ئێستا لە ماشووقەکەی زیاتر دەترسا نەك لە لکە سنۆبەرە ئەفسووناوییەکە، دووبارە خۆی بۆ کەروێشکەکە هەڵاویشت و بەزارییەوە گرت. ئەمجاریش لکە سنۆبەرەکە بۆ لای زەوی داهاتەوە، بەڵام پـیـرەگـورگ لـەگـەڵ ئـەوەی زۆر دەتـرسا، تـونـد دەمـی لـێك نـا و نـێچیـری خـۆی بـەرنـەدا. سنۆبەرەکە ئازارێکی بەیەك چاو نەگەیاند. بەڵام ئەو دەیدی هەرکات بۆ خۆی جووڵەیەك دەکا، لکە دارەکەش بێ ئەوەی ئازارێکی پێ بگەیەنێ لەسەر سەری دەجووڵێ و کاتێك ئەو

لە جێی خۆی ڕادەوەستێ لکە دارەکەش جووڵەی ناکا. یەك چاو لەو تاقیکردنەوەیە بەو ئاکامە گەیشت کە باشترە لە جێی خۆی بسرەوێ. لەو کاتەدا خوێنی گەرمی کەروێشکەکە ڕژایە نێو زاری پیرەگورگ کە زۆری پێ خۆش و بەلەزەت بوو.

دێڵەگورگ دیسان گەیشتە وێندەرێ و یەك چاوی لە دڕدۆنگی و دوودڵی ڕزگار کرد، واتە کەروێشکەکەی لە زاری وی وەرگرت و بێ ئەوەی لەو لکە سنۆبەرە کە لەسەر سەری ڕادەژا بترسێ، سەری ئەو حەیوانەی هەڵبڕی. لکە سنۆبەرەکە وەك فەنەرێك کە پاش ڕێك هێنان بەرەڵا بکرێ، هاتەوە سەر دۆخی خۆی و لەشی بێ سەری کەروێشك لەسەر زەوی مایەوە. یەك چاو و دێڵەگورگ ئەو نێچیرەیان خوارد کە دارە ئەفسووناوییەکە بۆی گرتبوون و زگی خۆیان پێ سرەواند.

لە دەوروبەری ئەو شوێنە جادە و ڕێبازی تریش هەبوون کە کەروێشك بە لکە سنۆبەرەکانیانەوە هەڵواسرابوون. گورگەکان سەری وانیشیان دا و سەرەنجام دێڵەگورگ یەك چاوی تێ گەیاند کە تەڵەی بنیادەم بۆ کەروێشك گرتن چۆنە و باشترین ڕێگای وەدەستهێنانی ئەوانی (پێش ئەوەی بکەونە دەستی ڕاوکەرەکان) فێرکرد.

***

# ٥

# لان

گورگەکان دوو ڕۆژی تەواو لە دەوروبەری چادری سووورپێستەکان مانەوە، بەڵام یەك چاو هەمیشە نیگەران و سامگرتوو بوو، بەپێچەوانە دێڵەگورگ ئاشق و ئەفسوون لێکراوی چادرەکان بوو. هەتا ڕۆژێکیان بەیانی لە نەکاو تفەنگێك لە نیزیك ئەو دووانە دەنگی هات و گوللە چەند قامك لە ژوور سەری پیرە گورگەوە لە قەدی دارێك درا. هەردووکیان ئەوەندە ترسان کە بەلینگدان هەڵاتن و لە ماوەیەکی کورتدا چەندین کیلۆمیتر لە شوێنی مەترسی دوور کەوتنەوە.

پاش دوو ڕۆژ غاردان ڕاوەستان. دێڵەگورگ قورس دەبوو و سات بە سات چوستی و چالاکییەکەی کەمی دەکرد، تەنانەت جارێکیان لە کاتی ڕاونانی کەروێشکدا کە جاران زۆر بەئاسانی و چالاکی دەیگرت، ئەوەندە ماندوو بوو کە ناچار بوو دەستی لێ بشوا و بۆ پشوودان لەسەر زەوی درێژ بێ.

لەو کاتەدا یەك چاو هاتە پەنای و بەلمبۆزی خۆی زۆر بەمیهرەبانی شان و ملی لاواندەوە. دێڵەگورگ لەجیاتی سوپاس ئەوەندە بەتوندی و بێ بەزەیی قەپی بەشانی داکرد کە بەستەزمانە بەخۆدا شکایەوە و زۆر بەوەزعێکی پەرێشانەوە بەپشتدا کەوت. دیار بوو ئەخلاقی دێڵەگورگ ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر توندوتیژ دەبێ و هەرچەندیش ئەو بەد ئەخلاقییەی زیاتر ئاشکرا دەبوو سەبر و حەوسەڵە و بەزەیی و دڵسۆزیی پیرەگورگ زیادی دەکرد. ئەمجا پێویستیی دێڵەگورگ بەو شتەش کە تا ئێستا بۆی دەگەڕا، سات بەسات زیاتر دەبوو و تێ دەکۆشا چەندی بکرێ زووتر پەیدای بکا.

سەرەنجام بەنیازی دڵی گەیشت و ئەوەی بۆ دەگەڕا پەیدای کرد. ئەو نوختەیەی بەر دڵی کەوتبوو، جێگایەك بوو چەند کیلۆمیتر دوور لە خرێك کە دەرژایە چۆمی مەکەنزی. سەر و بنی خرەکە لەم فەسڵەی ساڵدا سەهۆڵ بەستبووی. خرێك بوو کە لە سەرچاوەکەیڕا تا ئەو جێگایەی دەرژایە نێو چۆم، کفن پۆش و سپی و بێ گیان بوو.

دێڵەگورگ کە هەمیشە لە پێش هاوسەرەکەیەوە دەڕۆیشت، بەهەنگاونانێکی ورد و هەڵسەنگاو لە تەپۆڵکەیەکی خاکی وەسەرکەوت کە بەسەر ئەو خرەیدا دەڕوانی. لافاو و

بەفراوی بەهاری هێندێك جێگای ئەو تەپۆڵکەیەیان شوتبووەوە و قووڵکەیەکی قووڵ و تەنگیان تێدا دروست کردبوو. دێڵەگورگ ڕاوەستا و خاکەکەی دەوروبەری ئەو قووڵکەیەی زۆر بەوردی چاو لێ کرد و تاقیی کردەوە. لە پاشان بەخوارەپێچە لە چەپ و ڕاست هەتا بن تەپۆڵکەکە هاتە خوارێ و گەیشتە جێگایەك کە هێندە لێژ بوو، سەری تەپۆڵکەکەی لێوە دیار بوو. پاش هەموو ئەو هەڵسەنگاندن و وردەکارییە دووبارە سەرکەوتەوە و چووە ژووری قووڵکەکە. زارکی قوڵکەکە بەدرێژاییی سێ پێ، هێند تەنگ بوو کە دێڵەگورگ ناچار بوو بەزگە خشکە بچێتە ژوور، بەڵام لەوێ بەولاوە دیوارەکە بەرزتر و نێوەکەشی گوشادتر بوو، و ژوورێکی چووك و خشتی لێ دروست بووبوو کە بەهەموویەوە شەش پێ زیاتر بوو.

ئەم ژوورە زۆر وشك و ڕەحەت بوو. لە کاتێکدا پیرەگورگ زۆر بەبێ سەبری لەبەر زارکی ئەو ئەشکەوتە چاوەڕێ بوو، دێڵەگورگ هەموو کەلێن و قوژبنەکانی زۆر بەوردی و سەرنجدانەوە بەتاقی کردنەوە، پاشان لمبۆزی بەردایەوە و چەندجار بەدەوری خۆیدا سووڕا، ئەمجا شل بوو و بەهەناسەیەکی خەماوییەوە کە زۆر وەك ناڵە و نووزە دەچوو دەست و لاقی خڕ کردنەوە و وەك مردووان کەوت. یەك چاو لەبەر زارکی قووڵکەکە گوێی هەڵخستبوو و زۆر بەئۆگرییەوە تەماشای دەکرد. دێڵەگورگ لە ڕووناکاییی دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا کلکە کوڵکنەکەی دی کە زۆر بە دەماخ دەیجوولاند.

دێڵەگورگیش لە پەناگایەکەی خۆیدا گوێی قوت کردبوون و بۆ پاش و پێشەوە دەیبزواندن؛ زاری داپچڕابوو، زمانی زۆر بەبێ وازی داچۆڕابوو. ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە لەوەزعی خۆی ڕازییە.

پیرەگورگ، چونکە ئیزنی چوونەژووری پێ نەدرابوو، هەروا لەبەر دەرکی ئەشکەوتێ مایەوە. لەسەر زەوی درێژ بوو بخەوێ، بەڵام لەبەر دوو هۆ خەوی لێ نەکەوت: یەکەم ئەوە کە برسی بوو، دووهەمیش ئەوەکە جوانی و تەڕوتازەییی سروشت لەبەر تیشکی گیان بەخشی هەتاوی خاکە لێوەدا کە لە بەفرەکەی دەدا، دڵی لێ ئەستاندبوو و بۆ لای خۆی ڕای دەکێشا. هەرچەندە لە بیرەخەوەوە چوو بوو، بەڵام بەحاڵ و باڵ گوێی لە خوڕە خوڕی ئاو بوو، بۆیە جار جار سەری هەڵدێنا و بەئیشتیاوە گوێی بۆ ئەو خوڕە خوڕە هەڵدەخست.

لە کۆتاییی ئەو ڕۆژە جوانە بەهارییەدا، هەتاو بەرەو کەلەپۆ شۆڕ دەبووەوە و مەڵبەندی شیمال کە ئێستا ئیدی لە خەوی قورسی زستان وەخەبەر هاتبوو، ئەوی بۆ لای خۆی

بانگ دەکرد. سروشت ژیانێکی تازەی دەست کەوتبوو، بۆنی دڵڕفێنی بەهار لە هەموو شوێنێك دنیای پڕ کردبوو. هەست پێ دەکرا کە ژیان سەر لە بن بەفر دێنێتە دەر و شیلەی ژیان بەنێو قەدی دارەکاندا دەچێتە سەر، چەکەرەکان بەندیخانەی زستانیان شکاندووە و خەریکن سەر وەدەر دەنێن.

پیرەگورگ بەچاوداگرتنێك داوای لە هاوسەرەکەی کرد کە لەو ئەشکەوتە بێتە دەر و ڕەگەڵی کەوێ. بەڵام ئەو هیچ وازی لە جووڵان نەبوو. پۆلە باڵندەیەك لە ئاسمانی ساوی بەهاردا بەپێش چاوی گورگی پیردا تێ پەڕین و لە دەنگی باڵەکانیان پیرەگورگ هەستی کرد کە کەمێك لەرزی. ئاشکرا بوو کە ئەو وەرزە باشترین وەرزی ڕاوە. جارێکی دیکە چاوی لە دێڵەگورگ کردەوە، بەڵام ئەو شتانە بەمێشکی ویدا نەدەهاتن و بەهیچ جۆر نیازی جووڵانی نەبوو. بەناچاری پیرەگورگ دووبارە ڕاکشایەوە و هەوڵی دا بخەوێ.

وزەوزێکی وشك و سووك گوێچکەی ئازار دا و لەنەکاو شتێك لەسەر نووکی لمبۆزی نیشت. پیرەگورگ یەك دووجار دەستی بەسەر لمبۆزی خۆیدا هێنا و پاشان بەتەواوی وەخەبەر هات. ئەم دەنگە ناخۆشە و ئەو ئەزیەت و ئازارە هی مێشوولەیەکی سەیرۆکە بوو کە لە تەواوی زستانی شیمالدا لە کەلێن و کونی قەدی پیرەدارەکاندا بێ هەست و بێ حاڵ خۆی حەشار دابوو و ئێستا کە ئەو زستانە سەختەی بەڕێ کردبوو، لەبەر تیشکی هەتاوی بەهارێدا گیانێکی تازەی بەبەردا کرابوو. پیرەگورگ لەوە زیاتر نەیتوانی بەرامبەر بانگەوازی سروشت خۆی ڕابگرێ، بەتایبەتی کە برسییەتییەکەشی هەتا دەهات زیاتر دەبوو. ئەوە بوو کە جارێکی دیکە بەرەو دێڵەگورگ خزی و هەوڵی دا کە لە ئەشکەوتەکە بیهێنێتە دەر، بەڵام ئەو بەسووکە مڕاندنێك بانگهێشتنەکەی ڕەت کردەوە.

ئەو دەم یەك چاو بەتاقی تەنیا لەبەر تیشکی دڵبزوێنی هەتاوی بەهاری و بەسەر ئەو بەفرە شل و تەواوەوەدا کە ڕێگای نەدەدا بچێتە پێش وەڕێ کەوت. لە پێشدا لە سەهۆڵبەندانی خرێك کە لە هەردوو بەرییەوە دارە سنۆبەرە بڵندەکان سێبەریان لێ کردبوو و نەیان دەهێشت بەفر و سەهۆڵەکەی بتوێتەوە بەهاسانی و خێرا تێ پەڕی، بەڵام دووبارە ڕێی کەوتەوە نێو بەفری ڕەئاوکەوتوو کە ناچار بوو مەودایەکی کورت بەچەندین سەعات ببڕێ. نیوە شەوێ ماندوو و شەکەت و برسیتر لە پێشوو گەڕایەوە بەر ئەشکەوتێ، چونکە نەیتوانیبوو ئەو نێچیرەی لە ڕێگادا دیتبووی و دوای کەوتبوو، بگرێ. لاقی وی بەو بەفرە شلەدا چووبوونە خوار، بەڵام کەروێشکەکە بەچوست و چالاکی توانیبووی ڕابکا و گیانی بەساغی دەربەرێ.

بەڵێ، پیرەگورگ لەبەر زارکی ئەشکەوتی هاوسەرەکەی لێی کەوت و لە بیستنی هێندێ دەنگی کز و تایبەتی کە دەیزانی هی دێڵەگورگ نین سەری سوڕما. هەرچەند پیرەگورگ نەیدەتوانی بڵێ ئەو دەنگانە بەتەواوی بۆ ئەو بێگانەن، بەڵام جارێ نامۆ دەهاتنە بەرگوێی و لێیان بەگومان بوو.

یەك چاو زۆر بەپارێزەوە لەسەر زگ خزی کە بچێتە نێو ئەشکەوتەکە، بەڵام هێشتا نیوەی لەشی بەدەرەوە بوو کە نەڕەی بەسامی دێڵەگورگ فەرمانی پێ دا بگەڕێتەوە دوور کەوێتەوە. پیرەگورگ هەرچەند لەو دەنگە کزانە و لەو ناڵە و نووزە باریك و کەم هێزانە زۆر نیگەران و هەراسان بوو، بەناچاری ملی ڕاکێشا.

یەك چاوی بەستەزمان لە زارکی ئەشکەوتێ خۆی قانگڵە کرد و هەتا بەیانی نووست، بەڵام هەرکە دنیا ڕووناك بوو، لە تاریك و ڕوونی ژووری ئەشکەوتەکەدا، لە نێو لاقی دێڵەگورگدا پێنج پەیکەری زیندووی چاو پێ کەوتن کە بەدیمەنێکی ناشیرن و لەشێکی بێ هێز و لاوازەوە وەك تووتکە سەگ زاق و زووقیان دەهات و چاویان لەبەر ڕووناکایی هەڵ نەدەهات.

ئەگەرچی ئەو دیمەنە بۆ وی تازە نەبوو و لە تەمەنی پڕ کارەساتی خۆیدا زۆرجاری شتی وا دیبوو، بەڵام لە هەموو جارەکانی دیکە زیاتری پێ سەیر بوو. دێڵەگورگ بەنیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری دەکرد و هەموو جموجۆڵێکی وی دەخستە ژێر چاوەدێری، هەموو جارێ بەسپایی دەیمراند و هەرکە پیرەگورگ جووڵەیەکی وای دەکرد کە نیشانەی چوونە پێش بێ، دەنگی نەڕەی دێڵەگورگ بەرز دەبووەوە. هەرچەند دێڵەگورگ هەرگیز بەچاوی خۆی نەیدیبوو، بەڵام سروشت واتە بیرەوەریی گشتی و هاوبەشی هەموو دێڵەگورگەکانی پێش خۆی و تاقیکردنەوەی یەك لە دوای یەکی وان تێی گەیاندبوو کە نێرە گورگی واش هەبوون بێچووە وردیلەکانی خۆیان بخۆن. بەپێی ئەم هەستە سروشتییە بوو کە دێڵەگورگ نەیدەهێشت یەك چاو بچێتە ژوورێ و لە نیزیکەوە منداڵەکانی ببینێ.

بەرامبەر بەو سروشتە میراتییەی دێڵەگورگ، هەستێکی دیکە لە هەناوی نێرەگورگەکەدا هەبوو کە سروشتی هاوبەشی هەموو نێرە گورگەکان بوو. ئەویش ئەوە بوو کە بێ هیچ خۆگنخاندن و زویربوونێك پشت لە بنەماڵە ساوایەکەی بکا و بڕوا لە هەر کوێیەك بکرێ خۆراکی پێویست بۆ درێژەدانی ژیانی خۆی و خاو و خێزانی پەیدا بکا.

یەك چاو ڕۆیشت و پێنج شەش کیلۆمیتر لە لان دوورکەوتەوە، بێ ئەوەی تووشی هیچ شتێك بێ. لەوێ خڕەکە چەند لکی لێ دەبوونەوە کە هێندێك لەوان بەخوارەپێچکە بەرەو چیا هەڵدەگەرانەوە. یەك چاو شوێنێکی تازەی دی و بۆنی پێوە کرد و چونکە تێ گەیشت کە زۆر تازەیە، وەدوای کەوت. هەردەم چاوەڕێ بوو کە لەسەر شوێنەکە تووشی خاوەنەکەی بێ. بەڵام لەنەکاو تێ گەیشت جێ پێی ئەو حەیوانە لە جێ پێی خۆی گەورەترە، و بەو ئاکامە گەیشت کە ڕەنگە تێکهەڵچوون لەگەڵ خاوەنی جێ پێیەکی وا بەسەلاح و قازانجی وی تەواو نەبێ.

پێنسەد میتری تر لەوێ دوورکەوتەوە، دەنگی ددانێکی وردی هاتە بەرگوێ کە خەریکی جوینی شتێك بوو. بۆیە بەسپایی و لەسەرەخۆ ڕۆیشتە پێشەوە، چاوی بەسیخوڕێك کەوت کە بەقەدی دارێکەوە ڕاوەستاوە و پێستەکەی دەجوێ. یەك چاو، زۆر بەپارێزەوە چووە پێش. بەڵام هومێدێکی پێی نەبوو. هەرچەند لە بیابانی شیمالدا سیخوڕی ئەوەندە بڵند و گەورەی نەدیبوو و بەدرێژاییی تەمەنی گۆشتی سیخوڕی نەخواردبوو، بەڵام ئەم جۆرە حەیوانەی دەناسی و، دەشیزانی کە ڕێکەوت و دەرفەت هێنان دەورێکی گەورەی لە ژیانی بوونەوەردا هەیە. هیچ کەس ناتوانێ بەوردی دەست نیشان بکا کە چارەنووسی بەکوێ دەگا. چونکە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بوونەوەرە زیندووەکاندا زۆرتر ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو دێنە پێش.

بەڵێ، پیرەگورگ زیاتر چووە پێش. سیخوڕەکە وەك گلۆڵە خۆی خڕ کردەوە تیرە تیژ و ژاراوییەکانی کە گاڵتەیان بەهەموو هێرشێك دەکرد، لە هەموو لاوە دابارین. پیرە گورگ لە تافی لاوەتیی خۆیدا جارێك تووشی گلۆڵەیەکی ئەوتۆ بووبوو کە بەڕواڵەت بێ هەست و خوست بوو، بەڵام لە کلکی ئەو گلۆڵەیە تیرێك ئەوەندە لە لمبۆزی ڕۆچووبوو، کە هەتا چەند حەوتوو بۆ هەر کوێیەك دەچوو بەلمبۆزییەوە بوو؛ جێی تیرەکە بەجۆرێك تەشەنا بووبوو کە یەکجار زۆر ئازاری دەدا و هەتا بۆ خۆی نەکەوت لە دەستی ڕزگار نەبوو.

بەپێی ئەم ئەزموونە کۆنە، پیرەگورگ ڕووبەڕووی سیخوڕەکە، بەڵام بەجۆرێك کە لەو تیرە ژاراوییانەی لە ئەماندا بێ، لەسەر زەوی ڕاکشا و چاوەڕوان ما. لێی ڕوون بوو کە سەرەنجام حەیوانەکە ئەو گلۆڵە دەستکردە لێك دەکاتەوە و ئەویش لە دەرفەتێکدا چنگێك لەبەر زگی نەرم و بێ دیفاعی گیر دەکا و لەبەریەکی هەڵدەدڕێ.

نیو سەعات ڕابوورد ئەو هێشتا چاوەڕوان بوو. ئاخرەکەی ماندوو بوو، ڕووبەڕووی گلۆڵە بێ هەستەکە مرەیەکی لێ هات و ڕۆیشت. زۆر جاری دیکە بەهیوای خۆ لێك

کردنەوەی سیخوڕ کاتی خۆی بەفیڕۆ دابوو، ئێستاش دەیزانی وەخت کوشتن لەوە زیاتر سوودی نییە. هەتاو خەریك بوو ئاوا بێ و بەو حاڵە بەرهەمێکی لەو ڕاوە چنگ نەدەکەوت. لە کاتێکدا پێویست بوو خۆراك هەم بۆ خۆی هەم بۆ دێڵەگورگ پەیدا بکا.

ئاخرەکەی تووشی چێرگێك بوو، هەروا کە بەدزە دزە و بەسپایی بەنێو دارستانەکەدا دەڕۆیشت لەگەڵ ئەو باڵندەیە کە لەسەر قەدە دارێك هەڵنیشتبوو بەرەو ڕوو بوو. مەودای نێوان لمبۆزی و باڵندەکە نیو میتر زیاتر نەبوو. هەردووکیان لە یەك لەحزەدا یەکتریان دی. باڵندەکە ویستی هەڵفڕێ، بەڵام ئەو بەزەبری توندی چنگە بەهێزەکەی بەرەو پشتی کرد و لەسەر سنگی دانیشت و قەپی لێ گرت.

شەڕێکی کورت لە نێوان پیرەگورگ و چێرگەکەدا ڕووی دا. باڵندەکە لە نێو بەفرێدا باڵەفڕکەی دەکرد و هەوڵێکی بێ سوودی دەدا بۆ ئەوەی ڕاست ببێتەوە و هەڵفڕێ. ددانەکانی پیرەگورگ بەگۆشتی ناسك و بەلەزەتی ویدا چوونە خوار و دەستی کرد بە خواردنی نێچیرەکەی. پاشان لەنەکاو شتێکی بیرکەوتەوە؛ هەستا، چێرگەکەی بەدەمەوە گرت و بەرێی خۆیدا بەرەو لان گەڕایەوە.

یەك چاو لە کاتێکدا بەعادەتی خۆی و بەسپایی و بێدەنگ و وەك سێبەر دەڕۆیشت و زەوی و ئەو شوێنانەی لەسەری بەجێ مابوون تاقی دەکردنەوە، دووبارە چاوی بەو شوێنە سامناکە کەوت کە بەیانی دیتبووی. شوێنەکە بەرەو ئەولایە ڕۆیشتبوو کە ئەو دەبوو پێیدا بڕوا. ناچار بەدوایدا ڕۆیشت و هەردەم چاوەڕێ بوو تووشی بەتووشی ئەو حەیوانەوە بێ کە شوێنی دیار بوو. یەك چاو هەرکە ویستی دەورەی تەختە بەردێك بداتەوە کە لە قەراخ خڕەکە بوو، چاوی بەخاوەنی شوێنەکە کەوت و لە ترسان مەڵاسی زەوی بوو. حەیوانەکە دێڵەپڵنگێك بوو کە هەر وەك پیرەگورگ لە بەری بەیانیدا، ڕووبەڕووی ئەو گلۆڵە دڕکاوییە لە گیران نەهاتووە ڕاکشا بوو.

گوتمان پیرەگورگ سێبەرێك بوو کە بەڕێدا دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا بووبوو بەسێبەری ئەو سێبەرە. بەستەزمانە لە ترسان، وەك گەڵایەکی سیس بوو، ڕێك هات و بەزگە خشکە لەو دوو حەیوانە هەست لە خۆ بڕیوە، نیزیك کەوتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بووایە دەیەویست لە هیچ کامێکیانەوە ئازارێکی پێ نەگا.

پاشان چێرگەکەی لە پەنایەك دانا و خۆی لەسەر بەفرێ ڕاکشا و لە کەلێنی ئەو لکە سنۆبەرانەوە کە شۆڕ بووبوونەوە سەر زەوی، چاوی بڕییە شانۆی پڕ کارەسات و

خەفەتباری ژیان کە لە پێش دەمی نیشان دەدرا. دێڵەپڵنگ و سیخوڕ هەردووك چاوەڕێی دەرفەتێك بوون، هەردووکیان دەیانەویست بژیەن؛ مافی ژیان بۆ یەکێکیان خواردنی ئەوی دیکە و بۆ ئەوی دیکە ئەوە بوو کە نەخورێ. لەو داستانە خەماوییەدا پیرەگورگیش بەشێکی بۆ خۆی دانابوو، واتە بەهیوا بوو یاریی قەزا و قەدەر دەستێکی چەوری بەسەردا بێنێ و بەشێك لەو گۆشتەی بۆ دابنێ.

نیو سەعات بەسەرچوو پاشان سەعاتێك ڕابوورد، بەڵام ئاکامێك وەدەست نەهات. لەوانە بوو چەندین سەعاتیش تێ پەڕێ و ئەو گلۆڵە دڕکاوییە هەروا مات و جادوو لێ کراو، نیشانەی زیندوویی و مانی تێدا بەدی نەکرێ. دێڵەپڵنگ بێ هەست لەسەر زەوی درێژ بوو، پیرەگورگیش وەك مردووان هەستی لە خۆی بری. بەو حاڵەش لە هەناوی ئەو سێ گیاندارەدا کە بەڕواڵەت بێ گیان و بێ هەست بوون، ئەوینی زیندوومان گەیشتبووە ئەو پەڕی و ئۆگری بەژیان ئەوەندەی لە توانایاندا بوو، گەشەی ئەستاندبوو.

یەك چاو غیرەتی وەبەرخۆی نا، نەختێك بزووت و بەئۆگرییەکی زیاترەوە ڕوانی. خەریك بوو کارەساتێك ڕووی دەدا. سیخوڕکە پێی وابوو دوژمنەکەی ڕۆیشتووە بەدنیایەك پارێز و دووربینییەوە، بەسپایی و ئارام زرێ لە شکان نەهاتووەکەی لێك کردەوە و خۆی خاوکێش کرد. پیرەگورگ بەدیتنی ئەو گۆشتە زیندووە کە وا بەتام و لەزەت لە پێش چاوی لێك دەکرایەوە، بەخۆی نەبوو زاری پڕ بوو لە ئاو.

سیخوڕەکە هێشتا بەتەواوی خۆی ئاوەڵا نەکردبووەوە کە دوژمنەکەی ڕەچاو کرد. دێڵەپڵنگ هەر لەو یەك ساتەدا بەخێراییی بریسکە، زەبری خۆی وەشاند پەنجەی وی بەو چنگوڕکە تیژانەوە کە دەتگوت قولاپی نووك تیژن، لە زگی نەرم و ناسکی سیخوڕ گیربوو و بەیەك تەکانی لەنەکاو لەبەر یەکی هەڵدڕی. بەڵام یەك لە هەزاری سانیەیەك پێش ئەوەی زەبرەکە بوەشێ، سیخوڕەکەش دێڵەپڵنگی دیبوو و هەر ئەو دەرفەتە کەمە بۆ ئەو بەس بوو کە زەبری خۆی بوەشێنێ، بەکلکی دڕکاویی خۆی هەزاران تیری ژاراوی لە پەنجەی خوێناویی دوژمن بدا و ناچار بەپاشەکشەی بکا. قرووسکەی بەئێش و سەرسوڕهێنەری ئەو پشیلە زەلامە دەسبەجێ وەڵامی هاواری کاتی گیانەڵای قوربانییە بێچارەکەی دایەوە.

یەك چاو ڕاست بووبووەوە، گوێی قوت کردبوون و کلکی ڕادەوەشاند. دێڵەپڵنگ کە لە پێشدا پاشەکشەی کردبوو، بەبازێکی دڕندانە دووبارە لینگی دایەوە سەر نێچیرەکەی.

سیخوڕەکە دەینالاند و دەیقیژاند و بۆ ئەوەی دیفاع لە خۆی بکا هەوڵێکی بێ سوودی دەدا کە جارێکی دیکە خۆی خڕ بکاتەوە. بەو حاڵەش توانیی بەکلکە دڕکاوییەکەی زەبرێکی دیکە لە پڵنگی وەحشی بدا. پڵنگ کە لمبۆزی وەك دەرزیدانێکی گەورە پڕ بووبوو لە تیر، جارێك پشمی و گوڕاندی و هەوڵی دا بەسەری پەنجەی تیرەکان لە لمبۆزی دەربێنێ، چونکە ئەوەشی لە دەست نەهات لمبۆزی ڕە بەفر و لکە دار و بنە گوێنییەکان خشاند. لە پاشان بەپێش و پاش و ڕاست و چەپدا کەوتە هەڵبەز و دابەزو ئاکاری شێتانە و وەك خولخولە بەدەوری خۆیدا دەسووڕا و چەندجار سەر مەقولاتی دا و بەکورتی لەبەر سەرەگێژەی ڕق و قین زۆر کاری پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەی کردن.

یەك چاو هێشتا هەر تەماشای دەکرد. ئێستا ئیدی نەدەترسا و مووی لەشی ڕاست بووبوونەوە. لەو کاتەدا دیتی پڵنگەکە دەستی لە ئاکاری وەحشییانە و سەرمەقولاتی شێتانە هەڵگرت و جارێك بەتوندی خۆی هەڵاویشت؛ پاشان نرکەیەکی بەقەوەتی لێ هات و ڕاست بەجادە هەردووبەر درەختەکەدا، ملی ڕێگای گرت و لە کاتێکدا لەگەڵ هەر شەقاوێك جارێك دەی قرووسکاند، مەیدانی بەجێ هێشت.

پیرەگورگ وەختێك وێرای لە حەشارگەکەی بێتە دەرێ کە دەنگی پڵنگەکە لە دووری کپ بوو. وەختێك هاتە دەر، زۆر بەپارێز چوو بۆ لای سیخوڕەکە. یەك چاو بەجۆرێك بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆیشت کە دەتگوت تیری ژەهراوییان تێ ڕاکردوون و تیرەکان لە بەری پێی هەڵدەچن.

سیخوڕەکە لە نیزیك بوونەوەی دوژمن وەخۆ هاتەوە و نەڕاندی و ددانە درێژەکانی دەچیرەوە بردن. بەستەزمانە ئەو جاریش توانیی خۆی خڕ کاتەوە، بەڵام نەیتوانی ببێتە ئەو گلۆڵە پتەو و تەواوەی جاران.

یەك چاو لە پێشدا قەپی بەبەفرە خوێناوییەکە دا کرد و جوی و چونکە تامی خۆش بوو پاروو پاروو قووتی دا. ئەم بەرکوتە باشی ئیشتیا بزواند و برسیایەتییەکەی زیاد کرد، پاشان چوو بۆ لای نێچیرەکە، بەڵام چونکە کۆنەکار و دنیا دیدە بوو و سارد و گەرمیی زەمانەی چەشتبوو، لەوانە نەبوو دووربینی و خۆپاراستنی هەمیشەییی خۆی وەلا بنێ. بۆیە ڕاوەستا بۆ ئەوەی سیخوڕەکە هەتا شل دەبێ ددان دەچیرەوە بەرێ و هاوار بکا و بزیڕێنێ و سەرەنجام گیانی دەربچێ. زۆری پێ نەچوو کە لەرزەیەکی مەرگ هێنەر ئەو نەخۆشی سەرەمەرگەی ڕاتڵەکاند و چەقڵەکانی لەشی لار بوونەوە، لە پاشان لەرزینەکە

تەواو بوو، و ددانەکانی ئەو نێچیرە بۆ دواجار وێك کەوتن. هەموو دڕکەکان وەرین و لەشی کراوەوە و ڕاخڕاوی سیخوڕ ئیدی جووڵەی نەکرد.

یەك چاو بەزەبرێکی لە نەکاوی پەنجە، سیخوڕەکەی بەرەو پشت کرد و چونکە هیچ جووڵەی لێ نەبینرا بۆی دەرکەوت کە مردووە. پیرەگورگ پاش ئەوەی بەوردی سەیری کەلاکەکەی کرد و لە چۆنیەتیی قەوارەی لەشی ئاگادار بوو، زۆر بەپارێزەوە بەددانی هەڵی گرت تا بیباتەوە لانەکەی؛ و چونکە دەشترسا چەقڵەکانی پشتی ئازاری بدەن، ملی درێژ کردبوو تا ئەزیەتی پێ نەگا.

لەپڕ یەك چاو وەبیری هاتەوە کە شتێکی لە بیر چووە، بۆیە بارەکەی لەسەر زەوی دانا و گەڕایەوە ئەو جێگایە کە چێرگەکەی لێ دانابوو. لە بارەی باڵندەکەوە یەك چاو دەسبەجێ بڕیاری خۆی دا و خواردی. دوایە هاتەوە سیخوڕەکەی هەڵگرت.

وەختێك یەك چاو بەنێچیرەوە گەڕایەوە لان، دێڵەگورگ بارەکەی پشکنی و چونکە لەو میهرەبانییەی خۆشحاڵ بوو، بەنیشانەی ئەمەگناسین ملی لستەوە. بەڵام تاوێك دواتر دووبارە مڕاندی بۆ ئەوەی تێی بگەیەنێ کە پێویستە مەودای نێوان خۆی و بێچووە گورگەکان هەروا ڕابگرێ. مڕاندنی دێڵەگورگ وەك پێشوو پڕ هەڕەشە نەبوو و هێندە وشك و لە دڵ گران نەهاتە بەرگوێ. تەنانەت وەك ئەوە دەچوو تێکەڵ بەداوای لێبووردنیش بێ. ترسی سروشتیی دێڵەگورگ لەوە کە لەوانەیە بێچووەکانی بخوا، بەرە بەرە لادەچوو، چونکە ئاکار و ڕەفتاری یەك چاو وەك بابێکی دڵسۆز پڕ بووبوو لە خۆشەویستی و میهرەبانی و ئیدی بیری قووتدانی جگەرگۆشە خۆشەویستەکانی هەر بەمێشکیشدا نەدەهات.

***

٦

# شینە بێچووە گورگ

باب و باپیری ڕاستەوخۆی هەموو گورگ بوون، بەڵام ئەو لەگەڵ خوشك و براكانی خۆی فەرقی هەبوو. لە تووكی واندا سوورایییەكی كەم بەدی دەكرا كە لە دایكیانەوە بۆیان هاتبوو. كەچی ئەو بەتەواوی چووبووەوە سەر بابی و لە نێو بێچووەكاندا تەنیا ئەو ڕەنگی شین بوو. فەرقی وی لەگەڵ بابی هەر ئەوەندە بوو كە بابی چاوێكی هەبوو، لە كاتێكدا ئەو خاوەنی دوو چاوی ڕوون بوو.

شینە بێچووە گورگ، یەكەمجار و پێش ئەوەی چاوی بپشكوون، بوونەوەرەكانی بە هەستی وێكەوتن (لامسە) لێ حاڵی بوو، خوشك و براكانیشی هەر بەو هەستە ناسین و بێ ئەوەی بیانبینێ، بەدەست لێدان، دەستی لەگەڵ كردن بەیاری. مڕاندنی هەر لە سەرەتاوە دەزانی و گەرووی ناسك و چووكەڵەی خۆی بۆ دەربڕینی دەنگەكان دێنایە لەرزین. دەنگێكی تیژ و ناخۆشیش كە جاروبار لە گەرووی دەهاتە دەر نیشانەی ئەوە بوو كە ڕق هەستانیش فێر بووە.

دایك واتە ئەو نوێنگەی چاكە و گەرمی و خۆشەویستییە و ئەو سەرچاوەیەی قووتی شل و زولاڵیشی بە سێ هەستی وێكەوتن (لامسە)، چاشتن (ذائقە) و بۆنكردن (شامە) ناسی و بەتایبەتی تێ گەیشت كە دایكی بۆ لاواندنەوەی وی، زمانێكی نەرم و ناسكی هەیە كە زۆر جار بەلەشی چووك و نەرم و جوانی ویدا دا دێنێ، هەتا زیاتری جوان و دڵگیر بكا.

هەروەها هەستی كرد كە دایكی هەمیشە بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە نێو باوەشی گەرم و پڕ خۆشەویستیی خۆی و بینوێنێ، لەو زمانە نەرمە كەلك وەردەگرێ. بەشی زۆری یەكەم مانگی تەمەنی شینە بێچووە گورگ بەم شێوەیە گوزەرا، پاشان كەم كەمە چاوی كرانەوە و توانیی ئەو دنیایەی دەوری داوە باشتر و ڕوونتر بناسێ.

ئەم دنیایە نوقمی تاریكی بوو، بەڵام ئەو نەیدەزانی، چونكە هەرگیز دنیایەكی دیكەی نەدیبوو. چاوەكانی ڕووناكایییەكی زۆر كزیان تێ گەڕا بوو، بەڵام ئەو نەیدەزانی كە ڕووناكایی لەوە زیاتریش هەیە. دنیای وی جیهانێكی زۆر چووكەڵە بوو كە تەنیا هەتا دیوارەكانی لانەكە دەڕۆیشت و لەو دنیا بەرتەسكەدا هەستیشی بەتەنگی و خەفەیی

نەدەکرد، چونکە خەبەری لە دنیای پان و بەرین و بێ برانەوەی دەرەوە نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زوو تێ گەیشتبوو کە یەکێك لە دیوارەکانی، واتە زارکی لانەکە کە لەوێڕا ڕووناکی دەهاتە ژوور، لەگەڵ دیوارەکانی دیکە جیاوازیی هەیە. ئەو پێش ئەوەی فکری وەکار کەوێ، تەنانەت پێش ئەوەی چاوی بپشکوون و بتوانێ دەوروبەری خۆی ببینێ، ئەمەی بۆ دەرکەوتبوو. ڕووناکایی، پێلووە بەستراوەکانی ویی ئازار دابوو و لە پشت ئەو پەردەیەوە سووکە لێدان و هەڵاویشتنێکی لە دەمارەکانی چاویدا بەدی هێنابوو. ئەم لێدانە هێندێ بریسکەی چووکەڵەی ڕووناکاییی چاوەکانی بوو کە هەست پێکردنی بۆ وی حاڵەتێکی پڕ کامەرانی و شادی بەخشی هەبوو. ڕایەڵ و پۆی لەشی بەشێوەیەکی پێش پێ نەگیراو، ئاشقی ڕووناکایی بووبوون، و هەروەك گژوگیا لە خۆوە خۆیان بەرەو تیشکی هەتاو دەکوتن، سەرتاپای لەشی ئەمیش مەیلی ڕووناکایی دەکرد.

لەو وەختەوە بێ ئەوەی خۆی بزانێ بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە خزیبوو، خوشك و براکانیشی هەر وایان کردبوو، لە کاتێکدا هیچ کام لەوانە تەنیا جارێکیش بەرەو قوژبنی تاریکی دیوارەکانی دیکەی ئەشکەوت نەدەکێشران. تەواو ئەو لەشە چووك و گۆشتنانە وەك زۆر گژوگیای وردیلە، کوێرانە بۆ لای ڕووناکایی کە لە پێویستییەکانی ژیانیان بوو، دەخزین و مالۆچە چۆن لە دارە مێو دەهاڵێ، ئاوا خۆیان بەتیشکی هەتاوەوە هەڵدەواسی. پاشتر کاتێك گەورەتر بوون و هەست و تێگەیشتنی تاکە کەسی بەهەموو هەوەس و ئارەزووەکانییەوە لەواندا پێك هات، هەستی کشان بەرەو ڕووناکی لەواندا بەهێزتر بوو، بەجۆرێك کە هەمیشە بۆ لای زارکی ئەشکەوتەکە دەخزین و بۆ لای ڕووناکایی دەکشان. بەڵام دایکیان هەموو جارێ دەیکێشاندنەوە. لەو کاتانەدا بوو کە شینە بێچووە گورگ تێ گەیشت کە دایکی بێجگە لەو زمانە نەرم و ناسکە هێندێ سروشتی دیکەشی هەن، واتە وەختێك بەو هەموو سەرسەختی و کەللە شەقییەوە دەچووە زارکی ئەشکەوتەکە تێ گەیشت کە دایکی لمبۆزێکی هەیە و بەو لمبۆزە لێی دەدا و پاشان تێ گەیشت کە پەنجەیەکیشی هەیە و بەو پەنجەیەش بەرەو پشتی دەکا و وەك بەرمیلێکی چووکەڵە خلۆری دەکاتەوە و زەبری توند و بەژانی لێ دەدا.

مانای لێدان و تاڵییەکانی هەر لەوێڕا تێ گەیشت. بەهێندێك کاری بەئەنقەست و پڕ مەترسی کە دەبوونە هۆی ئەو لێدانە، تێ گەیشت لێدان چییە و هەروەها حاڵی بوو کە بۆ ئەوەی لێدانی بەرنەکەوێ، دەبێ چ ڕەفتارێکی باش و ئاقڵانەی هەبێ. ئەم قۆناخە سەرەتای تێگەیشتن و زانیاریی گشتیی ئەو سەبارەت بەجیهان بوو. ڕەفتار و کردەوەی

لەخۆوە و نەویستووی، بەرە بەرە کەم دەبووەوە و ئەمجار دەیەویست دیاردەکان و هۆی دیاردەکان باشتر بناسێ.

شینە بێچووە گورگ، حەیوانێکی بەفیز و خۆ بەزل زان و وەك خوشك و براکانی گۆشت خۆر بوو. باب و باپیرانی هەموویان گیاندارکوژ و گۆشت خۆر بوون و دایك و بابیشی تەنیا بەگۆشت دەژیان. ئەو شیرەش کە پاش لە دایکبوون لە گوانی دایکی دەیمژی، هەر گۆشت بوو کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. ئێستا کە مانگێك لە تەمەنی تێ پەڕیبوو و حەوتوویەك بوو چاوی پشکووتبوون، ئەویش دەستی بەگۆشت خواردن کردبوو. دایکی گۆشتی جووراو و نیوەجووراوی لەجیاتی شیر کە خەریك بوو وشك دەبوو، لە زاری ئەو و بێچووەکانی دیکە داویشت.

شینە بێچووە گورگ لە هەموو خوشك و براکانی بەهێزتر و دەنگی نەڕاندن و قرووساندنێك کە لە گەرووی دەهاتە دەر، لە هی هەمووان پڕ ئاوازتر و زەنگوڵەدارتر بوو. یەکەم نیشانەی زرنگییەکەی ئەوە بوو کە لە پێشدا یەکێك لە براکانی بەزەبری پەنجەی وەرگێڕایەوە سەر پشت و پاشان گازێکی وای لە گوێی یەکی دیکە گرت کە خستیە سەر زەوی و دایە بەر پێ لەقە. بۆ خڕکردنەوەی بێچووەکان و پێشگیری لە چوونیان بۆ زارکی ئەشکەوت، دێڵەگورگ زیاتر لە هەمووان بەدەست ئەوەوە ناڕەحەت بوو.

گوتمان کە هێزی ڕووناکی ئەوی بۆ لای خۆی دەکێشا، بەڵام هێشتا دەرگای نەدەناسی و لە زارکی ئەشکەوتەکەش هەر ئەوەندەی دەزانی کە دیوارێکی ڕووناکە. ئەم دیوارە هەتاوی دنیای وی بوو، مۆمێك بوو کە ئەو بۆی بووبووە پەپوولە، بێ ئەوەی بزانێ لە پشت ئەو دیوارە شتێك هەیە یان نا، بەکەللە شەقی بۆ لای دەچوو.

ئەم دیوارە ڕووناکە بۆ ئەو شتێکی سەیر بوو. بابی کە لە پێش چاوی شتێکی وەکو دایکی بوو و گۆشتی بۆ دێنا کە بیخوا، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەو دیوارە تێدەپەڕی و دوور دەکەتەوە و ون دەبوو. ئەو بەهیچ جۆر نەیدەتوانی لەو مەسەلانە حاڵی بێ و لێکیان بداتەوە. هەوڵی دابوو بەدیوارەکانی دیکەی ئەشکەوتدا بچێتە پێش، بەڵام لمبۆزە نەرم و ناسکەکەی لە بەردی درابوو و ئێشا بوو. چەند جاریش ئەمەی تاقی کردبووەوە، تا سەرەنجام ئەو خەیاڵە خاوەی لەسەری دەرکردبوو و داسەکنابوو. هەروەك شیر و گۆشتی جووراوی بەشتێکی تایبەتی دایکی دەزانی، بۆ بابیشی ئەو توانایەی وەك شتێکی تایبەت بەخۆی قبووڵ کردبوو کە دەیتوانی لە پشت ئەو دیوارە ڕووناکەوە لە بەرچاو ون بێ.

بەڵێ، بێچووە گورگ ئەو بەهرەیەی پێ نەدرابوو کە وەك بنیادەم بیربکاتەوە، ڕێگایەك کە مێشکی وی کاری تێدا دەکرد نادیار و تاریك بوو، بەڵام بەهێندێ ئاکام دەگەیشت کە لە باری ئاشکرایی و ڕوونییەوە چەپیان لەبەر بیرکردنەوەی بنیادەمدا نەبوو. ئەو زۆری بۆ گرنگ نەبوو کە هۆی مەسەلەکان بزانێ یان نا، ئەو زیاتر بیری لە نێوەرۆکی شتەکان دەکردەوە. چەند جار لمبۆزی لە دیواری ئەشکەوتەکە درابوو و بێ ئەوەی بزانێ هۆیەکەی چییە، هەر ئەوەندەی بەس بوو بۆ ئەوەی دەست لە کەللە شەقی هەڵگرێ و هەوڵ نەدا بەو دیوارانەدا بڕواتە پێش. هەر کارێك ئەو نەیدەتوانی بیکا، بابی دەیتوانی ئەنجامی بدا و، ئەمەش مەسەلەیەکی دیکە بوو کە کاری بەوە نەدابوو هۆیەکەی چییە. مەبەستی بنەڕەتی بۆ وی تێفکرینی چۆنیەتیی شتەکان بوو، بیری لێکدانەوەی بەشێوەیەکی تری بە مێشکدا نەدەهات؛ کارێکیشی بەسەر قانوونەکانی فیزیاوە نەبوو.

زۆری پێ نەچوو ئەویش وەك زۆر لە بوونەوەرەکانی بیابانی شیمال تووشی قاتی بوو، چونکە وەختێك داهات کە نەك هەر گۆشت دەست نەکەوت، بەڵکو شیری گوانەکانی دایکیشی وشکی کرد.

ئەو دەم بێچووە گورگەکان لە پێشدا ناڵە و نووزەیەکی بەئازاریان هەڵ کێشا و پاشان برسییەتی بڕستی لێ بڕین و بێ هۆش کەوتن. ئیتر باسێك لە یاری و شەڕ و کێشە و بزۆزی و مڕاندن و ڕق هەستانی منداڵانە لە گۆڕێدا نەبوو. چوونە پێش بۆ لای دیوارە ڕووناکەکەش وەستا و لەجیاتی ئەوە، هەموویان دەقولینچکی ئەشکەوتەکە دەخزین و دەنووستن و چرای تەمەنیان بەرەو کوژانەوە دەچوو.

یەك چاوی بەستەزمان وردە وردە ناهومێد دەبوو. هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچووە ڕاوێ، هەتا ئێوارێ بێ ئەوەی هیچی دەست کەوێ، غاری دەدا و سەرەنجام شەکەت و ماندوو بەدەستی بەتاڵ دەهاتەوە و لە لانی خۆیدا کە خۆشی و دەماخی لێ هەڵگیرابوو، چەند سەعاتێك درێژ دەبوو. ئێستا دێڵەگورگیش بێچووەکانی بەجێ دەهێشت و وەدوای خۆراك دەکەوت. ڕۆژەکانی هەوەڵ کە تازە بێچووە گورگەکان هاتبوونە سەر دنیا، یەك چاو زۆر جار چووبووە دەوروبەری چادری سوورپێستەکان و زۆر جار کەروێشکەکانی لە داو خستبوون و ڕفاندبوونی، بەڵام لەگەڵ تواندەوەی بەفر و سەهۆڵبەندانی چۆمەکان، سوورپێستەکان باریان کردبوو بۆ شوێنی دوورتر و ئەو یارمەتییە کاریگەرەش کۆتایی هاتبوو.

بەڵێ، پاش ئەوەی سەردەمی قاتی و قڕی تێ پەڕی و دایك و باب توانییان خۆراکێك

پەیدا بکەن، شینە بێچووە گورگ ژیانی دەست پێ کردەوە و جارێکی دیکە سەرنجی بۆ لای دیوارە ڕووناکەکە ڕاکشا. ئەندامانی بنەماڵە زۆر کەم بووبوونەوە و بێجگە لە خوشکێکی هەموو هاوشیرەکانی مردبوون.

کاتێك هێزی هاتەوەبەر، دیتی خوشکەکەی ئیدی یاری ناکا، سەری ڕاست ڕاناگریَ و لە جێی خۆی نابزوێ. ئەندامی چووکەڵەی ئەم، بەو خواردنەی بۆی پەیدا بووبوو، هێزی هاتەوەبەر و قەڵەو بوو، بەڵام ئەو یارمەتییە بۆ خوشکە کز و بێ تینەکەی درەنگ بوو، چونکە بەستەزمانە تەنیا چنگێك ئێسك و پێستی لێ مابووەوە و هەمیشە وەك مریشکە کورك دەنووست و چرای ژیانی هێندە بەرەو کزبوون ڕۆیشت تا سەرەنجام کوژایەوە.

پاشان وەختێك هات کە شینە بێچووە گورگ، دەرکەوتن و ونبوونی بابی لەو دیوارە ڕووناکە نەدەدی و لە هاتنەوە و نووستنی بابی لەبەر دەرکی لانەکەیان خەبەرێك نەبوو. ئەم بەسەرهاتە وەختێك بوو کە قاتییەکی سووکتر لە قاتییەکەی پێشوو لە بیابانی شیمال داکەوتبوو. دێڵەگورگ باشی دەزانی یەك چاو چووەتە کوێ و بۆچی هەرگیز نایەتەوە، بەڵام ئامرازێکی وای بەدەستەوە نەبوو کە بتوانێ بێچووە گورگیش لەو مەبەستە حاڵی بکا.

ڕۆژێك کە دێڵەگورگ لەبەری ڕاستی خڕەکە، ئەو جێگایە کە ڕێبازی پڵنگ بوو، بەدوای نێچیردا دەگەڕا چاوی بەشوێنی پیرەگورگ کەوتبوو کە لە دوێنێوە لەسەر بەفر مابوو. دێڵەگورگ بەدوای ئەو شوێنەدا ڕۆیشتبوو. لە ئاخری شوێنەکە شوێنێکی دیکەی دیبوو کە بێ شك شوێنی پڵنگ بوو. لەو شوێنانەی لەسەر بەفرەکە مابوون دەردەکەوت کە دیدارێکی بەئێش و ئۆف لە نێوان ئەو دوو حەریفەدا ڕووی داوە و سەرەنجام بەسەرکەوتنی پڵنگەکە تەواو بووە. دێڵەگورگ بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە دیبووی کە لە هاوسەرە بەوەفاکەی تەنیا چنگێك ئێسك و پرووسکی ورد و خاش بەجێ ماوە. شوێنێك کە بەسەر بەفرەکەدا ڕۆیشتبوو، لانی پڵنگەکەی بۆ دێڵەگورگ ئاشکرا کردبوو، بەڵام چونکە بەزۆر شتڕا تێ گەیشتبوو کە پڵنگەکە چووەتەوە نێو لانەکەی، نەیوێرابوو خۆی لە مەترسی بهاوێژێ و بۆ ئەولا بڕوا.

لەو ڕۆژە بەدواوە دێڵەگورگ تخوونی بەری ڕاستی خڕەکە نەدەکەوت. چونکە دەیزانی بێچووە وردەکانی لە قەراخی ئەو خڕەن و شارەزای ئەخلاقی لە ئاشتی نەهاتووی و خووی دڕندانەشی بوو و باش دەیزانی کە پڵنگ دەعبایەکی سامناك و شەڕکەرێکی بێ باکە.

دیاره دەکرا شەش حەوت گورگی برسی لەگەڵ پڵنگێك بەشەڕ بێن و پاشەکشەی پێ بکەن و بینێرنە سەر دار، بەڵام شەڕی تەن بەتەن، بەتایبەتی وەختێك پڵنگ پارێزگاری و بەخێوکردنی بێچووە وردەکانیشی لە ئەستۆ بوو، شێتییەکی ڕووت بوو.

یەك چاو ئەم دەرسەی بەقیمەتی خوێنی خۆی وەرگرتبوو.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە قانوونەکانی بیابانیش شتێکی تایبەتین، چونکە هەردەبوو کاتێك دابێ کە دێڵەگورگیش لەبەر سروشتی بێ ئەمانی دایکیەتی و بۆ نەجاتی گیانی بێچووە شینەکەی خۆی، لەگەڵ لانی دێڵەپڵنگ و لەگەڵ ڕق و قینی وەحشیانەی وی بەرەڕوو بێ و لە گژ یەك ڕا بچن.

***

## ٧

# دیواری دنیا

لەو ڕۆژەوە کە دێڵەگورگ، بەناچار، بۆ خۆی دەچووە ڕاوێ، ناچار بوو شینە بێچووە گورگ بەتەنیا لە لاندا بەجێ بهێڵێ و بڕوا، خۆ پاراستن لە نیزیکبوونەوە لە زارکی ئەشکەوتەکە نەك هەر بەلمبۆز و پەنجەی دایکی فێری وی کرابوو، بەڵکو چەشنە ترسێکی لە خۆوەش لە نیهادیدا پێك هاتبوو کە نەیدەهێشت وەدەربکەوێ. بێچووە گورگ لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆیدا کە لە لاندا ژیابوو، هەرگیز شتێکی وای نەدیبوو لێی بترسێ، کەچی هەستی ترسانی هەبوو، ئەم هەستە یادگاری باپیرە گەورەکانی زۆر دووری بوو کە لە چەند چەرخ پێشترەوە هاتبوو. میراتێك بوو کە ڕاستەوخۆ لە دایك و بابی ڕا بەو گەیشتبوو و ئەوانیش پشت بەپشت، لەو گورگانەیان وەرگرتبوو کە پێش وان لەم جیهانە ڕۆیشتبوون. ترس! بەڵێ، ترس، قانوونێکی گشتی و جیاوازی هەڵنەگری بیابان بوو کە هیچ گیاندارێك نەیدەتوانی لێی بێ بەش بێ.

بەڵێ، شینە بێچووە گورگ پێش ئەوەی بزانێ ترس چییە، ناسیبووی و ئەوی لە لیستی ئەو سنوور و سەراوردە ناچارییانەی ژیاندا دانابوو، کە تا ئێستا بۆی دەرکەوتبوون. بەندی بوون لە ئەشکەوتدا و ئەو پاڵ پێوەنانە کە کاتی چوونە پێش بەرەو دیوارە ڕووناکەکە لە دەستی دایکی وەرگرتبوو، و ئەو برسیایەتییەی ناچارییە کە لە ڕۆژگاری قاتی و قڕیدا چاشتبووی، بەشێك لەو سنوور و سەراوردانە بوون.

ئەم سنوور و سەراوردانە و زۆر شتی لەو بابەتە، ئەویان تێ گەیاندبوو کە لە دنیادا ناکرێ هەموو شتێك بەبەشێك لە ئازادی دابنرێ و سنوور و تخووبێکی هەیە. ملکەچی بۆ ئەم قانوونە هۆی دووری لە جنێو و لێدان و گەیشتن بە بەختیاری و سەرپێچی لێ کردنی هۆی سزادران و مایەی بەدبەختییە. بێچووە گورگ بێ ئەوەی وەك بنیادەم بیر بکاتەوە بەچەشنێکی ساکار شتەکانی کردنە دوو دەستە: ئەو جێگایە کە سەر لە بەرد دەدرێ و ئەو جێگایەی کە لێی نادرێ؛ لەوەشڕا بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ لەوەی لە دەستەی یەکەمدایە خۆی بپارێزێ تا بتوانێ لەوانەی لە دەستەی دووهەمدان بەهرە وەربگرێ.

بەڵێ، بێچووە گورگ بەشێك لەبەر خاتری دایکی و بەشێکیش لەبەر ئەو ترسە نەزانراو و بێ ناوە کە سواری گیان و مێشکی بووبوو، لە زارکی ئەشکەوتەکە کە لە پێش چاوی

وی هێشتا هەر دیوارێکی ڕووناك و سپی بوو، خۆی دەپاراست. ئەگەر دایکی دیار نەبایە بەشی زۆر هەر دەنووست و ئەگەر وەخەبەریش دەهات ئارام بوو؛ ناڵە و هاوار و دەردە دڵەکانی لە سنگیدا دەکوشتن و دەمی لێك نەدەکردەوە.

ڕۆژێکیان هەر لەو جێیە کە لێی کەوتبوو، دەنگێکی سەیر و بە سامی لە لای دیوارە سپییەکە بیست. ئەم دەنگە دەنگی ″دێڵە″ یەك بوو کە بەڕ وو هەڵماڵاوییەکی زۆرەوە لەبەر زارکی لانەکە ڕاوەستابوو، و زۆر بەپارێزەوە مڵومۆی دەکرد تا بزانێ چیی تێدایە، بێچووە گورگ دێڵەکەی نەدەناسی، بەڵام دەیزانی ئەم مڵومۆیە شتێکی تازە و سەیرە، شتێکە کە نەکەوتووەتە نێو ئەو دوو دەستەیە کە ئەو ڕێکی خستبوون. کەوا بوو ″نەناسراوێکی″ سامناکە، و ″نەناسراو″ خۆی بەیەکێك لە هۆیەکانی هەرە بنەڕەتی و گرنگی ترس دادەنرێ. مووی پشتی شینە بێچووە گورگ ڕاست بوونەوە و ئەم مووڕاست بوونەوەیە لەگەڵ بێدەنگی، بەمانای بەرچاوترین نیشانەی ترسانی وی بوو. هەرچەند ترسانەکەی بەو پەڕی گەیشتبوو و خەریك بوو زراوی بچێ، بێ ئەوەی جووڵە بکا یان دەنگی لەبەر بێتە دەر یان نیشان بدا کە زیندووییە، وەك مردووان لە جێی خۆی ڕەق بوو و خۆی دەخەو کرد. کاتێك دایکی هاتەوە و شوێنی پێی دێڵەکەی دی، دەستی بەمڕاندن کرد و غاری دایە ژووری لانەکە؛ جگەرگۆشەکەی لستەوە و بەمیهرەبانی و لاواندنەوەیەکی بێ وێنەوە بۆنی پێوە کرد. ئەو دەم بێچووە گورگ بەچەشنێکی ناڕوون تێ گەیشت کە لە مەترسییەکی گەورە ڕزگاری بووە.

لە نیهادیدا هەندێك هێزی دژ بەیەکی دیکە خەریك بوون پێك بێن کە لە هەموویان گرنگتر، هێزی هەڵدان و ژیان بوو. سروشت و قانوون، فەرمانیان پێ دەدا کە ملکەچ بێ و هێزی ژیان و هەڵدانیش پێی دەگوت سەرپێچی بکا، چونکە ژیان ڕۆیشتن بەرەو ڕووناکییە و هیچ کۆسپێك نەیدەتوانی بەرامبەر بەشەپۆلی ئەو داوایە کە لە هەناویدا پێی دەگەیشت خۆی ڕابگرێ، شەپۆلێك کە لەگەڵ هەر پارووە گۆشتێکی دەیخوارد هەڵدەستا و لەگەڵ هەر هەناسەیەکی هەوا کە هەڵی دەمژی، سەرتاپای لەشیی دادەگرت. سەرەنجام بەرەژوور چوونی ئەو شەپۆلە گەیشتە جێگایەك کە هەستی ترس و ملکەچی و بەگوێ کردنی شوشتەوە و گەسکی دا و بێچووە گورگ بەرەو زارکی ئەشکەوتێ خزی.

کەم کەم کە بێچووە گورگ لە زارکی ئەشکەوتەکە نیزیك دەکەوتەوە وای دەهاتە بەرچاو کە دیوارە ڕووناکەکە بەپێچەوانەی ئەو دیوارانە کە تا ئێستا تاقیی کردبوونەوە، پاشەکشەی لەبەر دەکا. ئیدی هیچ ڕووبەرێکی زبر و ڕەق، لمبۆزی نەرم و ناسکی وی —

کە بە پارێزێکی زۆرەوە دەیبردە پێش – ئازار نەدەدا، دەتگوت ئەو دیوارە لە شتێکی ناسکی وا دروست کراوە کە دەکرێ پێیدا بچییە دەر. بێچووە گورگ چووە نێو ئەو دیوارە و بەو شتەدا کە تا ئێستا پێی وابوو جیسمێکە، ڕۆ چووە خوار.

بێچووە گورگ لە زارکی ئەشکەوتێ تێ گەیشت بەهەڵە چووە و بەخۆیدا شکایەوە. دیتی کە هەر چەندی لە پشتی ئەو دیوارە سەختەوە کە لە مێشکیدا بوو زیاتر دەچێتە پێش، ڕووناکتر و بریقەدارتر دەبێ. ترس پاڵێکی پێوە دەنا کە بگەڕێتەوە، بەڵام هێزی ژیان بەرەو پێش هانی دەدا. لە نەکاو دیتی گەیوەتە زارکی دەرەوەی ئەشکەوتەکە و ئەو دیوارە کە تا ئێستا پێی وابوو لە پشتییەوە بەند کراوە، وەلا چووە و هەتا چاو هەتەر دەکا کشاوەتەوە. بێچووە گورگ لەم گوشاد بوونەوەیەی فەزا مات و حەیران بوو و هەر لەو کاتەدا چاوی لەبەر ئەو ڕووناکییە تیژ و بەربڵاوە بەباشی هەڵ نەدەهات. بیبیلەی چاوەکانی بەرە بەرە لەگەڵ ڕووناکی ڕاهات و توانیی لە دوور و نیزیك هەموو شتێك ببینێ.

ئەو دەم دیتی کە دیوارە ڕووناکەکە نەك هەر خزیوە و کشاوەتەوە، بەڵکو شکل و دیمەنیشی گۆڕاوە و بەجارێك بووەتە شتێکی دیکە. ئێستا ئیدی تەنیا ئەو دیوارە سادە و ساکار و سپییە نەبوو، بەڵکو بەو دارانە کە لە دەوروبەری خڕەکە ڕوا بوون و بەو کێوانە کە بەسەر ئەو دارانەیاندا دەڕوانی و بەو ئاسمانە کە کێوەکانی لە ژێر باڵی خۆی گرتبوو، نیگار کێشی کرابوو و دیمەنێکی جوان و دڵگری پەیدا کردبوو.

ترسێکی تازە سەرتاپای گیانی بێچووە گورگی داگرت، چونکە هەموو ئەو شتانە بۆ ئەو "نەناسراو" و سامناك بوون. بێچووە گورگ لەبەر زارکی لانەکە هەڵتووتەکا و تەماشای دنیای کرد. مووی ئەندامی لەشی ڕاست بوونەوە و لێوەکانی کرانەوە و بەرامبەر بە ڕوخساری ئەم "نەناسراوە" کە گومانی دوژمنایەتی و ڕق و قینی لێ دەکرا، نەعرەتەیەکی وەحشییانە و پڕ هەڕەشەی کێشا، بەڵێ، لەشی چووکەڵە و کەم بایەخی لەو جیهانە گەورەیەدا بانگی بەربەرەکانێ و شەڕ فرۆشی و ململانێی لێ دا.

بێچووە گورگ ماوەیەك سەیری دنیای کرد و چونکە ڕووداوێکی نائاسایی نەهاتە پێش، تەماشا کردنەکەی درێژە پێ دا. ئەم تەماشایەی ئەوەندە پێ خۆش و بەلەزەت بوو کە مڕاندنی لە بیر چووەوە و تەنانەت ترسەکەشی دامردەوە. بێچووە گورگ کە لە پێشدا تەماشای شتە نیزیکەکانی کرد: بەشێك لە خڕەکە کە لەسەر تەپۆڵکەکەڕا دیار بوو و لەبەر تیشکی هەتاو دەدرەوشایەوە، سنۆبەرێکی کۆنەساڵ و وشك بوو کە لە ئاخری لێژاییەکە هێشتا بەسەر پێوە ویستابوو و لێژایی تەپۆڵکەکە کە دوو هەنگاو پێش خۆی دەستی پێ

دەکرد و هەتا داوێنی چیمەنەکان توند و سەرکێش دەچووە پێش.

بێچووە گورگ تا ئەو ڕۆژە، هەمیشە لەسەر هەردی تەخت و ڕێك ژیا بوو و لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەی نەبوو، نەیدەزانی هەوراز و نشێو چییە. جوانیی جیهان هانی دا کە دیسانیش پتر بچێتە پێش. بۆیە بێ ترس و دڵەخورپە بەرەو پێش چوو. هێشتا چەند هەنگاوێك نەڕۆیشتبوو کە دەستەکانی لە فەزایەکی بەتاڵدا هاتنە خوار و سەرمەقولاتێکی دا. لەوە کە لمبۆزی نەرم و ناسکی وەعەرزی کەوت، ژانێکی زۆری پێ گەیشت و لە تاوی ئەو ئازارە ناڵەیەکی خەمناکی لێوە هات. ئەمجار بێچووە گورگ لە سەرێڕا تا خوارێ، خلۆر بووەوە و ترسێکی شێتانەی بەسەردا زاڵ بوو. "نەناسراو" بەتوندی بەرۆکی گرتبوو و بەرەڵای نەکرد و لەوانە بوو بەنیاز بێ لە کارەساتێکی سامناکدا ورد و خاشی بکا؛ بەم زەبرە، ترسی هاتەوە بەر و پاشەکشەی بەهێزی کێشەری ژیان کرد و بێچووە گورگ وەك تووتکە سەگێکی بێ غیرەت کە زۆر ترسا بێ، دەستی کرد بەناڵین و قرووسکاندن.

بەڵام بەرە بەرە لێژاییەکەی کەمتر دەبووەوە و لە ئاخریشدا دەگەیشتە گۆڕاییەکی ڕێك و هەموار کە بە چیمەنێکی سەوز و تەڕ و تازە داپۆشرابوو. بێچووە گورگ لەوێ خۆی گرتەوە.

بۆ دواجار لە ترسان ناڵەیەکی لێ هات و پاشان هەتا تینی تێدا بوو زریکاندی. ئەمجار، وەك ئەوەی کارێکی ئاسایی بکا کە تا ئێستا چەند جاری کردبێ، دەستی کرد بەخۆ جوانکردن، زۆر بەوردی لەشی خۆی لستەوە و ئەو تۆز و خۆڵەی لێی نیشتبوو، پاکی کردەوە. پاش ئەم کارە هەڵتووتەکا و دووبارە، وەك بنیادەمێك کە لەسەر ئەستێرەی مەریخ دابەزیبێ، تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد.

بێچووە گورگ دیواری دنیای بڕیبوو و "نەناسراو" تەوژمی خنکێنەری خۆی لەسەر پەیکەری وی لابردبوو، بێ هیچ ناڕەحەتییەك بەئارامی لە جێی خۆی دانیشتبوو و ڕەنگە یەکەم ئادەمیزاد کە لەسەر ئەستێرەی مەریخ دادەبەزێ، نەیتوانیا بەو ئاسوودەیی و بێ خەیاڵییە تەماشای جیهانی نوێ بکا. بوونەوەرەکانی نەدەناسی و بێ ئەوەی لەبارەی وانەوە تووشی گومانی پڕوپووچ بێ، لە خۆوە بوو بەدۆزەرەوە (کاشف)یەکی تەواو.

سەرتاپای گیانی پرسیار و وردبوونەوە بوو. بەوردی تەماشای سەوزاییی بن پێی و خەنەتیلکە و گیاکانی دەوروبەری خۆی دەکرد و، لە قەدی وشکی سنۆبەرێکەوە ڕادەما کە لە قەراخی لێڕەوارەکە هەروا بەسەر پێوە وێستا بوو. سمۆرەیەك بەسەر قەدە دارە گرێ گرێیەکەدا غارغارێن و بازبازێنی دەکرد، لە نەکاو خۆی لێ دا. بێچووە گورگ دووبارە

ترس دای گرتەوە و کشایەوە و مڕاندی. بەڵام سمۆرەکە کە لە بێچووە گورگ زیاتر ترسابوو، بەخێرایی وەسەر دارەکە کەوت و لەسەر تلۆفکی دارەکە ڕاوەستا و لە ترسان دەستی بەزیڕ و هۆڕ کرد.

بێچووە گورگ لە هەڵاتنی سمۆرەکە وەغیرەت کەوت. ئەمجار چاوی بەدارکوتکەیەك کەوت و نەختێك ڕاچەنی، بەڵام چونکە لەوێشەوە ئازارێکی پێ نەگەیشت، بەدڵگەرمی و باوەڕ بەخۆبوونەوە درێژەی بەڕێگای خۆی دا.

باوەڕ بەخۆبوونی بەڕادەیەك گەیشتبوو کە لەو کاتەدا هەرکە ″باڵندە شوورێك″ لەسەر سەری نیشت، بێ ترس و دوودڵی پەنجەی بۆ برد کە بیگرێ. ئەم کارەی بووە هۆی ئەوە کە باڵندەکە دەنووکێکی توندی بەلووتیدا بدا. بێچووە گورگ بەم زەبرە کەوتە سەرپشت و دەستی کرد بەقرووسکاندن. قرووسکە قرووسکی ئەویش باڵندەکەی ترساند و بەناچار ئەویش هەڵفڕی و لە بەرچاو ون بوو.

بێچووە گورگ بەرە بەرە ئەزموونی کۆ دەکردەوە. لە مێشکی ساوا و تاریکیدا، بێ ئەوەی بتوانێ بیربکاتەوە، لیستەی دابەشکردنێکی تازە دروست دەبوو. بەپێی ئەو لیستەیە بوونەوەرەکان یان زیندووبوون یان مردوو. دەبوو وریای خۆی بێ لە دەستەی یەکەمەوە ئازارێکی پێ نەگا. دەستەی دووەم هەمیشە لەیەك جێ بوون و نەدەجووڵان لە کاتێکدا دەستەی یەکەم دەهاتن و دەچوون و ئەویش نەیدەزانی بەرامبەر بەوان چ ڕەفتارێك ڕەچاو بکاو چ چاوەڕوانییەکی لێیان هەبێ. لەوەڕا بەو ئاکامە گەیشت کە بەرامبەر بەو وەزعە دەبێ هەمیشە ئامادە و لەسەر هەست بێ.

بێچووە گورگی بێ ئەزموون و تازەکار، دیسان هەر دەڕۆیشت. لکەدارێك کە باشی مەودای نێوان خۆی و ئەوی حیساب نەکردبوو، لە چاوی درا و تاوێك دواتر لکێکی دیکە وە پەراسووی کەوت و ڕووشاندی. خاکی ناهەموار جارێك بەپێشدا و جارێك بەپاشدا دەیخست. جارێك سەری وە کۆسپێك کەوت، جارێکی دیکە لاقی تێك ئاڵقان و کەوت؛ پاشان گەیشتە خیز و وردە بەردەکان کە لە ژێر پێیدا دەخزین و لە کاتی ڕۆیشتندا نارەحەتیان دەکرد. لەوەشڕا تێ گەیشت کە بوونەوەرە مردووەکانیش هەموویان بەقەد دیوارەکانی ئەشکەوت قایم لە جێی خۆیان ڕاناوەستن، دیسان ئەو ئاکامەشی وەرگرت کە شتە زەلامەکانیش هەمیشە پایەدار نین. بەڵام بەگشتی، تەواوی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە پلەی ئەزموون و تێگەیشتنی ئەویان دەبردە سەرێ، و بەهەر هەنگاوێك کە هەڵی دێنایەوە خۆی زیاتر لەگەڵ هەلومەرجەکە دەگونجاند.

سەرەتا کارەکەی لەگەڵ شادی و دەماخ تێکەڵ بوو. بێچووە گورگ کە (بێ ئەوەی بۆ خۆی بزانێ) بۆ ڕاوی گیاندار و خواردنی گۆشت دروست کرابوو، لە یەکەم هەنگاویدا کە لە جیهاندا هەڵی هێنایەوە لەناکاو بەسەر گۆشتدا کەوت. ڕێکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو و هەنگاوێکی ناشارەزایانە، ڕێگای وی بەسەر هێلانە چێرگێکدا برد، کە هەرچەند زۆر وەستایانە دروست کرابوو، بۆ ئەوەی لە پێش چاوان نەبێ، دەرکەوت و بێچووە گورگ تێی کەوت. مەسەلە ئەوە بوو کە لەو نیزیکانە دارێك لە ڕەگەوە هەڵکەندرا بوو و کەوتبووە سەر زەوی. بێچووە گورگ حەزی کرد بۆ ئەوەی بزانێ چ باسە، بەسەر ئەو دارەدا بڕوا. توێکڵی ڕزیوی دارەکە لە بن پێیدا ورد بوو و هەڵخلیسکا. بێچووە گورگ لەسەر قەدی دارەکەوە خزی و کەوتە خوارێ و لە وەختی کەوتنە خواردا لك و پۆپی دڕکێکی پڕ گەڵای شکاندن کە هێلانە چێرگەکەی بەحەوت جووچکەی چووکەڵەوە لە نێو دا بوو و، بۆ خۆشی ڕاست لە نێوە ڕاستی جووچکەکاندا هاتە خوار. جووچکە چێرگەکان دەستیان بەجیکە جیك کرد. بێچووە گورگ لە پێشدا ترسا، بەڵام زوو چاوی بەئەندامی ورد و لاوازی وان کەوت و غیرەتی پەیدا کرد. جووچکەکان شڵەژا بوون و هەڵدەبزۆقان. بێچووە گورگ پەنجەی خستە سەر یەکێکیان. پەلەقاژەی جووچکەکان زیاتر بوو. بێچووە گورگ ئەو مەسەلەیەی پێ خۆش بوو. بۆنی بەجووچکەکەوە کرد و پاشان لە زاری گرت. باڵندەکە کە باڵەفرەی وێ کەوتبوو بەدەندووکە چووك و ناسکەکەی دەندووکێکی بەزمانی دادا. لەو کاتەدا بێچووە گورگ کە هەستی بەبرسییەتی کردبوو، شەویلاکەی وێك هێنانەوە و توند لەسەر یەکی دانان. ئێسکە ناسکەکانی ئەو جووچکەیە بەدەنگێکی تایبەتییەوە تێك شکان و خوێنی گەرم ڕژایە نێو زاری بێچووە گورگ. تامەکەی زۆر خۆش بوو، گۆشتەکەی ڕاست وەك ئەو گۆشتانە دەچوو کە دایکی بۆی دێنان، بەڵام ئەم گۆشتە زیندوو بوو، هەر بۆیەش لە زاری خۆشتر بوو. بێچووە گورگ جووچکەکانی دیکەشی یەك بەدوای یەك دا خواردن و هێلانەکەی بەتاڵ کرد. پاشان هەر بەو جۆرە کە لە دایکی فێربووبوو، لێوە خوێناوییەکەی لستنەوە و بۆ چوونە دەر لە هێلانە چێرگەکە ئامادە بوو.

بێچووە گورگ لە یەکەم هەنگاویدا لەگەڵ تۆفانێکی باڵدار بەرەو ڕوو بوو، ئەویش چێرگە گەورەکە، واتە دایکی جووچکەکان بوو کە خۆی پێدا دا. ئەم ڕنووە بێ وەختە ئەوی حەپەساند و بای باڵە ڕق هەستاوەکانی بەری چاوانی تاریك کرد. بەناچار سەری لە نێو پەنجەکانیدا شاردەوە و قرووسکاندی. زەبری پەیتا پەیتای دەندووك بەسەریدا باری. تووڕەییی باڵندەی هێلانە شێواو گەیشتبووە ئەو پەڕی. ئەم ڕقە بێ ئەندازەیە ئاخرەکەی بێچووە گورگیشی گرتەوە و دەرپەڕی. بێچووە گورگ هەستا و مڕاندی و پەنجەیەکی لە

چێرگەکە دا، ددانە وردیلەکانی لە باڵێکی چێرگەکە ڕۆ کردن و بەتوندی ڕای تەکاند. چێرگەکە درێژەی بە شەڕ دا و بەباڵە ئازادەکەی بێچووە گورگی وەبەر قەمچییان دا. ئەم تووش هاتنە یەکەم شەڕ لە ژیانی بێچووە گورگدا بوو. لەو هەڵڵا و هەنگامەیەدا، "نەناسراو" و هەرچی لە بارەی ئەوەوە دەیزانی هەمووی لە بیر چوونەوە و هەموو جۆرە ترس و خۆفێکی لێ دوورکەوتەوە. شەڕی بێچووە گورگ دیفاع لە خۆی بەرامبەر بەپەلاماری بوونەوەرێکی زیندوو بوو کە هەم دەیدڕی و هەم گۆشتێکی باش و بەسوود بۆ دڕین و خواردن بوو. سروشت نیعمەتی دڕینی لە نیهادی بێچووە گورگدا دروست کردبوو و ئەو بەختەوەرییەی پێ بەخشیبوو. ئێستا، پاش لە نێو بردنی بوونەوەرە چووکەڵەکان، دەیەویست بوونەوەرێکی گەورەتر لەنێوبەرێ. بەختەوەرییەکەی هێندە زۆر نەبوو و فکریشی ئەوەندە بەخۆیەوە خەریك نەبوو کە بتوانێ هەست بەو بەختەوەرییە بکا؛ بێچووە گورگ لە کاتێکدا لە خۆشییان دەلەرزی، سەرمەست و بەدەماخ پێی دەنایە ڕێگایەکی تازەوە کە دووورە دیمەنی ڕابردووی ئەوی ڕوونتر و بەرینتر نیشان دەدا.

لە حاڵێکدا ددانی بەسەریەکدا گرتبوون و دەیمڕاند، باڵی چێرگەکەی توند توند بەددان گرت و لە نێو چڵە دڕکەکەی بردە دەرێ. چێرگەکە هەوڵی دەدا دووبارە حەریفەکەی بەرێتە نێو دڕووەکە و پەناگەیەك بۆ خۆی پەیدا بکا، بەڵام بێچووە گورگیش بەنۆرەی خۆی، دوژمنی بۆ لای بەتالایی دەبرد. باڵە سپییەکانی چێرگەکە وەك کرێوەی بەفر بەسەریدا دەبارین. پاش تاوێك باڵندەکە دەستی لە شەڕ هەڵگرت. بێچووە گورگ هێشتا باڵی وی بەددان گرتبوو و لە کاتێکدا هەردووکیان لەسەر زەوی درێژ ببووبوون، سەیری یەکتریان دەکرد. چێرگەکە دەندووکێکی بەلمبۆزی دادا کە لە ڕووداوەکانی پێشتریشدا ڕووشاو و بریندار بووبوو، بەڵام ئەو، بێ ئەوەی دوژمنەکەی بەرەڵا بکا، چاوی لەسەریەك دانان. زەبری دەندووکەکان لەسەر لمبۆزی بریندار و بەئازاری زۆرتر بوون و ئەمجار بێچووە گورگ بڕیاری پاشەکشەی دا، بەڵام لە بیری چووبوو کە باڵی چێرگەکەی هەروا لە دەمدایە و بۆیە ئەویشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا. بارانی زەبری دەندووکان هەروا بێ بەزەیی و بێ ئەمان بەسەریدا دەباری. تۆفانی غیرەت ئازایەتی و شەڕکەری لە نیهادی بێچووە گورگدا نیشتەوە. بەناچار باڵندەکەی بەرەڵا کرد و بەشکانێکی ئابڕوو چووانەوە، مەیدانی بەجێ هێشت.

بێچووە گورگ بەلووتی هەڵمساو و زمانی داچۆڕاو و سنگی گیراوەوە، کەمێك لەو لای چڵە دڕکەکە درێژ بوو تا پشوویەك بدا، بەڵام لە تاوی لمبۆزی پەیتا پەیتا دەینالاند و دەی قرووسکاند. لەو بەینەدا لەناکاو هەستی کرد لەسەر سەری شتێکی سامناك لە هەوا دا

دەگەڕێ. ″نەناسراو″ جارێکی دیکە بەتەواوی ترس و سامناکیی خۆیەوە، سەرانسەری گیانی داگرت و ئەویش بەتەکانێکی سروشتی کشایەوە و پەنای بۆ بن دەوەنێك برد. هەر لەو کاتەدا بایەکی توند لە لەشی درا و دەعبایەکی باڵدار، لە بێدەنگییەکی شووم و نەگبەتباردا بەخێرایی لە تەنیشتییەوە تێ پەڕی. ئەم دەعبا باڵدارە بازێك بوو کە لە ئاسمانی شینەوە هاتبووە خوار و زۆری نەمابوو ئەویش لەگەڵ خۆی هەڵکێشێ.

بێچووە گورگ بەپشوو سواری، بەڵام بەترس و لەرزێکی کەمتر لە پێشووەوە خۆی حەشاردا و وریای کارەساتەکە بوو. لەو لاشەوە چێرگی بەخت وەرگەڕاو لەسەر هێلانە تاڵان کراوەکەی چەرخی دەدان. خەم و خەفەتی ئەو بەڵا و موسیبەتە ڕێگای نەدا چاوی بەو بەڵا ئاسمانییە بکەوێ، بێچووە گورگ چاوی لێ بوو کە بازە خوێنخۆرەکە وەك بریسکە لە نێچیرەکەی دا و چنگە تیژەکانی بەلەشی ناسکی ئەودا بردە خوار. قوربانیی بەستەزمان دووجاری باڵ لێك دا و هاواری سەرەمەرگی کێشا. ئەو دەم باڵندەی سەرکەوتوو لە کاتێکدا نێچیری خۆی بە چنگەوە بوو، بەرەو ئاسمان هەستایەوە. ئەم دیمەنە خەماوییە بۆ بێچووە گورگ بوو بەدەرسێك.

بێچووە گورگ پاش چاوەڕوانییەکی درێژ، لە پەناگەکەی هاتە دەر. ئاگاداری و زانیارییەکەی دیسان زیادی کردبوو. لێرەدا تێ گەیشت کە بوونەوەرە زیندووەکان هەمووان گۆشتێکی خۆش و بەتامیان هەیە و بەکاری خواردن دێن. ئەم بوونەوەرە زیندووانە ئەگەر گەورە بن دەنووك دەوەشێنن، بۆیە باشتر وایە چووکەکانیان (وەك جووچکە چێرگەکان) پەیدا بکا و بیانخوا. لە پاشان چونکە دیتبووی بازەکە چێرگە گەورەکەی ڕفاندبوو، تێ گەیشت کە گەورەکانیش جاروبار دەبنە خۆراکی بوونەوەری گەورەی دیکە. لەزەتی گۆشتی جووچکە چێرگەکان هەروا لە بن ددانی بێچووە گورگدا مابوو، پێی وابوو دیسانیش جووچکە چێرگی دیکە دەدۆزێتەوە، بۆیە وەدوای مەبەستی خۆی کەوت.

بێچووە گورگ گەیشتە خڕەکە. پێش ئەو دەم، هەرگیز ئاوی نەدیبوو؛ چونکە ڕووبەری ئاوەکە ڕێك و ڕوون بوو و هیچ بەرز و نزم و هەوراز و نشێوی نەبوون، بەئەقڵی ناتەواوی خۆی لێکی دایەوە کە ڕەنگە پیاسە کردن بەسەریدا ناخۆش نەبێ. بەو نیازەوە چووە پێش و وەنێو کەوت، بەڵام وەختێك وە نێو ئاوەکە کەوت، لە ترسان قڕووسکاندی. ″نەناسراو″ ئەمجاریش ئەوی لە نێو چنگی بەهێزی خۆیدا ڕێك گوشیبوو. ئاوەکە سارد بوو و، بێچووە گورگ خەریك بوو بخنکێ. زاری لێك کردەوە کە هەناسە هەڵێنێتەوە. بەڵام لەجیاتی

هەناسە ئاو چووە گەروویەوە و ڕێگای هەناسەی گرت. دەستی بەکۆخین و خنکە خنک کرد و نەك سێبەری مەرگ، بەڵکو هەر مردنی بەچاوی خۆی دی. بێچووە گورگ نەیدەزانی مردن چییە. بەڵام وەك هەموو گیاندارەکانی بیابان هەستی ترس لە مردنی هەبوو. هەتا ئێستا بەڵایەکی لە نەکاوتر و خەراپتر لەوەی بەسەر نەهاتبوو. دەتگوت قەڵافەتی "نەناسراو" خۆی، یان باشتر بڵێین نێوەرۆك و کاکڵی هەموو ترس و خۆفی دنیای هاتووەتە بەرچاو. ئەم ڕێکەوتە گەورەترین کارەسات و بەولاوەتر لە بۆچوون و گومانی وی بوو و چونکە هیچی لێ نەدەزانی، لە هەموو شتێکی ئاوێ دەترسا.

بەوحاڵەش بێچووە گورگ هاتەوە سەر ئاوێ و هەناسەیەکی بەڕەحەتی هەڵکێشا. ئەم جارە بێ ئەوەی بهێڵێ ئاو بیبا، وەك کەسێکی چەندین ساڵ بێ، فێر بووبێ، دەست و لاقی خۆی وەکار خستن و دەستی کرد بەمەلە. ئەو قەراخەی لێیرا کەوتبووە نێو ئاوەکە، هێشتا لێی نیزیك بوو و میترێك زیاتری بەجێ هێشتبوو، بەڵام وەختێك لە بن ئاوەکە هاتە دەرێ، پشتی لەوێ بوو، بەناچار سەرنجی بۆ ئەوبەری ڕاکشاو بۆ لای وێ دەستی بەمەلە کرد. لافاوەکە هەرچەند زۆر نەبوو، بەڵام لەو شوێنە پان بووبووەوە  و گۆمێکی مەندی دروست کردبوو کە پەنجا میترێك درێژ بوو. لە نێوەڕاستی ئاوەکە تەکانی ئاوەکە دیسان زیادی کرد و بێچووە گورگی نوقم کرد. ئێستا ئیدی مەلەکردن بێ سوود بوو. ئاوەکە بەرقەوە ئەوی ڕادەدا، هەندێ جار نوقمی دەکرد و هێندێ جاریش وەدەری دەنایەوە. بێچووە گورگ سەروبنی دەکرد و هەرجارەی لە بەردەکان دەدرا و لە هەر ڕێکەوتێکدا ناڵەیەکی بەئێش و ئۆفی دەکێشا.

نەختێك بەرە ژێرتر شەپۆڵی ئاوەکە فڕێی دایە نێو گۆمێکی مەندی دیکە و سەرەنجام لەو بەری وەلای نا و لەسەر خیزی دەم خڕەکەی دانا. بێچووە گورگ لە ترسان و لە ڕقان سەرەگێژەی گرتبوو، و هەناسەبڕکەی وێ کەوتبوو. ئەم دەرسە تازەیە تێگەیشتنی وی بردە سەرێ و شتێکی تازەی فێرکرد. ئاو بوونەوەرێکی زیندوو نەبوو، کەچی دەبزووت، ئاو وەك خاك لە پێش چاوان ڕەق و وشك دیار بوو، لە کاتێکدا بەهیچ جۆر وا نەبوو. لەوەڕا بەو ئاکامە گەیشت کە: "شتەکان هەمیشە بەو جۆرە نین کە بەچاو دیارن، و بەجێیە بەپێچەوانەی ڕواڵەتەکەیان بەگومانەوە سەیر بکرێن و پێش ئەوەی نێوەڕۆکەکەیان دەرکەوێ، پشتیان پێ نەبەسترێ. ترس لە "نەناسراو" کە تا ئێستا هەر لە بێ باوەڕییەکی سروشتییەوە دەهات، لەمەودوا بەهێندێك تاقیکردنەوەی ژیان بەهێزتر بوو.

لەو ڕۆژەدا، ڕووداوێکی دیکەش بۆ بێچووە گورگ لە بۆسەدا بوو. پاش ئەو

بەسەرهاتانە تێ گەیشتبوو کە هیچ شتێك لەم جیهانەدا ناتوانێ جێگای دایکی بگرێتەوە. بۆیە هەستی کرد کە بێ ئەندازە تامەزرۆی چاوپێکەوتن و خۆ لە باوەش گرتنی دایکیەتی. مێشکیشی هەروەك لەشە چووکەڵەکەی ماندوو بووبوو. هەموو سەختی و کوێرەوەرییەکانی تەواوی ژیانی هێندەی هی ئەو تاقە ڕۆژە نەدەبوون. سەرباری ئەوە، ئەوەندەشی خەو دەهات کە خەریك بوو هەر لەوێ ڕاکشێ. ئۆگری و مەیلێکی زۆر بۆ ڕاکردن لە دەستی تەنیایی، ئەوی خستە ڕێگا بۆ ئەوەی دووبارە بێتەوە نێو لانەکەی و چاوی بەدایکی بکەوێتەوە.

لە کاتێکدا بەبن دەوەنەکاندا دەڕۆیشت، لەپڕ دەنگێکی گوێ لێ بوو کە زۆری لێ ترسا و هەر لەو کاتەدا بریسکەیەکی زەرد بەپێش چاویدا تێ پەڕی. بێچووە گورگ ڕوانی و بوونەوەرێکی چووك و زیندووی دی کە لە پێشدا پێی وا بوو بۆ ئەوە نابێ لێی بترسێ. ئەم بوونەوەرە زیندووە مشك کەروێشك بوو. لە بن دەست و پێی ویشدا بوونەوەرێکی زیندووی چووکتر دەبزووت کە زۆر ورد و کەم بایەخ دیاری دەکرد و چەند قامکێك زیاتر درێژ نەبوو. ئەمەشیان بێچووە مشك کەروێشك بوو کە هەروەك بێچووە گورگ لە فەرمانی دایکی دەرچووبوو و خۆی دابووە دەستی قەزاو قەدەر. بێچووە مشك کەروێشك بەدیتنی بێچووە گورگ، ترسا و بەفکریدا هات ڕابکا. بەڵام بێچووە گورگ بەزەبرێکی توندی پەنجەی ئەوی بەرەو پشت خست. بێچووە مشك کەروێشك هاوارێکی سەرسوڕهێنەری لێ هەستا و زۆری پێ نەچوو کە بریسکە زەردەکە هاتەوە بەرچاوی بێچووە گورگ. دەستبەجێ زەبرێکی توندی وە ئەستۆ کەوت و ددانە تیژەکانی مشك کەروێشك لە گۆشتی وی ڕۆچوون.

بێچووە گورگ بەقرووسکە و هاوارێکی بەئازارەوە کەوتە سەر پشت، ئەودەم مشك کەروێشك بێچووەکەی وەدوای خۆی خست و لە نێو دارەکانی مێشەکەدا لە بەرچاو ون بوو. سەرسوڕمان لەو هێرشە لەنەکاو و دەستوبردە، زیاتر لە ئێش و ئۆفەکەی کاری کردە سەر بێچووە گورگ. بەڕاستی پێی سەیر بوو کە ئەو مشك کەروێشکە ناجسنە بەو لەشە لاواز و چووکەڵەیەوە ئەوەندە وەحشی و دڕندە بێ. بێچووە گورگ نەیدەزانی کە مشك کەروێشك لە چاو قەڵافەت و کێشی خۆی لە تەواوی گیانداران و گۆشتخۆرانی بیابان بەسامتر و شەڕکەرترە. کەمێك دواتر ئەم دەرسەی دەکرێ بڵێین بەقیمەتی گیانی خۆی فێر بوو.

بێچووە گورگ هێشتا دەینالاند کە مشك کەروێشك گەڕایەوە، بەڵام چونکە بێچووەکەی لە شوێنێکی ئەمین دانابوو و لەو بارەیەوە خەیاڵی تەخت بوو، ئەمجارە خۆی بەدوژمندا نەدا، بەڵکو زۆر بەپارێزەوە هاتە پێش. بێچووە گورگ دەرفەتی تەواوی چنگ کەوت بۆ

ئەوەی تەماشای لەشی باریك و لەڕی بكا. لەشی مشك كەروێشكەكە وەك لەشی مار نەرم و مۆنج مۆنج و سەریشی وەك سەری مار قیت و ئاگرین بوو. دەنگی تیژ و لە گوێ گرانی وی، مووی لەسەر لەشی بێچووە گورگ ڕاست كردنەوە، بەچەشنێك كە ئەویش مڕاندی و خۆی بۆ شەڕ ئامادە كرد. مشك كەروێشك نیزیكتر كەوتەوە. لە پاشان وا توند و لەنەكاو ڕاپەڕی كە چاوی كەم ئەزموون و تازەكاری بێچووە گورگ نەیتوانی بزانێ بەرەو كوێ چووە و لە دەمە ساتێكدا ئەو لەشە كزەلۆك و ڕەنگ زەردە لە مەیدان چووە دەر و لە پێش چاو ون بوو. هەر لەو دەمە ساتەدا ، مشك كەروێشك، بەگەرووی بێچووە گورگدا نووسابوو و ددانی بەچەرم و گۆشت و مووی ملیدا بردبووە خوار.

بێچووە گورگ ویستی مڕەیەك بكا و دەست بكاتەوە، بەڵام هێشتا زۆر منداڵ بوو و بێجگە لەو ڕۆژە هەرگیز دنیای نەدیبوو. مڕاندنەكەی بوو بەناڵین و لەجیاتی دەستكردنەوە كەوتە فكری ئەوە كە خۆی ڕزگار بكا و هەڵێ. مشك كەروێشك دەمی لێك نەكردەوە و هەر لەو كاتەدا كە خۆی بەگەرووی بێچووە گورگەوە هەڵواسیبوو، بەددانی خۆی بۆ شا دەماری، واتە بۆ شالوولەی خوێن گەڕا، چونكە خواردنەوەی خوێنی نێچیرەكەی لە هەموو شتێك پێ خۆشتر بوو.

بێچووە گورگ بەرەو مردن ڕۆیشتبوو و ئەگەر ڕاست لەو كاتەدا دایكی فریای نەكەوتبایە، ئەمڕۆ ئێمە نەماندەتوانی داستانەكەی بنووسین. مشك كەروێشك هەركە چاوی بەدێڵەگورگ كەوت، بێچووەكەی بەرەڵا كرد و خۆی هاویشتە گەرووی ئەو، بەڵام لەجیاتی گەرووی بەشەویلاكەیەوە نووسا. دێڵەگورگ وەك شێلاق سەری خۆی ڕاوەشاند و شەویلاكەی لە زاری وی هێنایە دەر. مشك كەروێشك بەو تەكانە شێلاقییە هەڵدرا بۆ هەوا و پێش ئەوەی بەربێتەوە سەر زەوی دێڵەگورگ لە هەوا قۆزتییەوە. ددانەكانی وەك مەنگەنەی ئاسن پێكەوە نووسان و مشك كەروێشك لە نێو ئەو مەنگەنەیەدا گیانی دەرچوو.

ئەم پێشهاتە دەرفەتێكی دیكەی بۆ بێچووە گورگ پێك هێنا كە زیاتر شارەزای خۆشەویستی و میهرەبانیی دایكی بێ. دێڵەگورگ بۆنی پێوە دەكرد و دەیلاواندەوە و جێی برینەكانی قەپاڵەی مشك كەروێشكی بۆ دەلستەوە. خۆشحاڵیی وی لە دیتنەوەی كوڕەكەی زۆر زیاتر لە خۆشحاڵیی بێچووە گورگ لە دیتنەوەی دایكی بوو. دایك و كوڕ ئەو گیاندارە خوێنخۆرەیان پێكەوە خوارد و پاشان گەڕانەوە نێو لان و هەردووكیان لە ئامێزی یەكتردا خەویان لێ كەوت.

***

## ٨

# قانوونی گۆشت

بێچووە گورگ بەخێرایی هەڵی دەدا و گەورە دەبوو، پاش دوو ڕۆژ حەسانەوە سەرلەنوێ لە لان هاتە دەر و ملی بیابانی گرت. لە ڕێگادا تووشی بێچووە مشك کەروێشکێك بوو کە دوو ڕۆژ پێشتر لەگەڵ دایکی خۆی دایکەکەیان خواردبوو. دەسبەجێ هۆمەنی بۆ برد و کوشتی و خواردی. بێچووە گورگ ئەمجارە ڕێگای لێ ون نەبوو، هەرکە هەستی کرد ماندوو بووە، بەڕێگای خۆیدا گەڕایەوە نێو لان و لێی خەوت. لە پاش ئەو وەختە هەموو ڕۆژێ دەهاتە دەر و دەگەڕا و مەودای گەڕانەکەشی ڕۆژ بەڕۆژ بەرینتر دەبوو.

بێچووە گورگ بەشێوەیەکی ڕاستتر فێری هەڵسەنگاندنی ڕادەی هێز و توانای خۆی بوو، تێ گەیشت کە ئازایەتی و بوێری لە کوێ بەکەڵکە و دووربینی و خۆپارێزی لە کوێ باشە؛ هەروەها بەو ئاکامە گەیشت کە خۆپارێزی و دووربینی قانوون و ڕێوشوێنی گشتیی ژیانە و لادان لەم قانوونە گشتییە تەنیا ئەو کاتە دروستە کە سەرکەوتن مسۆگەر بێ، ئەگینا لەخۆبایی بوون و کەللەشەقی و ڕۆیشتن بەدوای خەیاڵ و ئارەزووی شەڕکەرانەدا، لە شێتی بەولاوە ناوێکی لەسەر دانانرێ.

بەرە بەرە بێچووە گورگ زرینگتر و فێڵبازتر دەبوو، هەر وەخت ڕێگای دەکەوتە نیزیك هێلانەی چێرگەکە، ئاگری ڕق و قینی بڵێسەی لێ بەرز دەبوو. کاتێك تووشی سمۆرەیەك دەبوو کە لەسەر سنۆبەرێك دەستی کردووە بەقاوقیژ و هەراوهۆریا، ئەویش لە بن دارەکە دادەنیشت و بەزمانی خۆی بەجنێو و قسەی سووك وەڵامی دەدایەوە. دیتنی باڵندە شوورەکان بەجارێك ئەوی لە دین دەردەکرد، چونکە هێشتا ئێشی جێ دەندووکی یەکێك لەوانی لە بیر نەچووبوو. بێچووە گورگ داستانی بازەکەشی هەر لە بیر بوو، و هەر وەخت سێبەرێك لە ئاسماندا دەجوولا، بەپەلە خۆی دەخزاندە بن بنچکێك و خۆی دەشاردەوە.

بەڵام وەختێك هات کە بێچووە گورگ ئیدی لەم جۆرە داوەڵانە نەدەترسا، ئەویش کاتێك بوو کە هەستی کرد بۆ خۆی بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ ئەوان. ئیدی لە ترسان ڕانەدەچەنی و لەسەر زەوی ڕانەدەکشا، بەڵکو هەروەك دایکی ئازا و بێ باك، دەچووە پێش و بەچوستی و چالاکی خۆی دەگەیاندە مەیدانی شەڕ.

جووچکە چێرگەکان و بێچووە مشك کەروێشکەکە، یەکەم نێچیرەکانی وی بوون و ئارەزوو و ئیشتیای سروشتی و لە ڕادەبەدەر بۆ گۆشتی زیندوو یەکەمجار بەگۆشتی وان دامرکا. ئەم هەستە سروشتییە و ئەو ئیشتیای کوشتن و خواردنە، ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر لە هەناویدا بەهێز دەبوو. بەتایبەتی ڕق و قینی سەبارەت بەسمۆرەی زۆربڵێ و بەقاووقیژ کە بەو دەنگە ناخۆشەی گیاندارەکانی لە نیزیك بوونەوەی وی ئاگادار دەکرد، سات بەسات زیاتر دەبوو. بەڵام هەروەك باڵندەکان دەفڕن بۆ ئاسمان، سمۆرەش دەچێتە سەر دارەکان و بەو پێیە بێچووە گورگ، نەیدەتوانی ئازارێکیان پێ بگەیەنی، مەگەر بەوە کە لە پەنایەك بۆسەیان بۆ دانێ و لەسەر زەوی بیانگرێ.

بێچووە گورگ ڕێزێکی زۆری بۆ دایکی هەبوو، چونکە دەیزانی لە گرتن و لە داوخستنی گیاندارەکاندا زۆر تەڕدەست و کارامەیە و هیچ وەختێك لە بیری ناچێ کە بەشی ئەویش بێنێتەوە. جگە لەوەش، دایکی لە هیچ شتێك نەدەترسا. بێچووە گورگ ئەوەی نەدەزانی کە دایکی سارد و گەرمی ڕۆژگاری زیاتر چەشتووە، ئەزموونی زیاتر کۆکردووەتەوە و لە ئاکامدا ئازایەتی و توانای لەو زیاترە. تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە دایکی لە خۆی بەهێزترە و ڕێزی بۆ ئەم بەهێزییە هەبوو. هەروەها دایکی ئەوی ناچار دەکرد کە ملکەچی فەرمانی بێ و هەتا تەمەنی دەچووە سەرێ، دڵ ناسکی و بێ حەوسەڵەیییەکەی زیاتر دەبوو. ئێستا ئیدی دایکی بۆ تەمبێکردنی وی کەڵکی لە لمبۆز و پەنجەی وەرنەدەگرت، بەڵکو بەگازگرتن و قەپ پێ داکردن ئەوی تەمبێ دەکرد، لەو بارەیەشەوە ڕێزی بۆ دایکی هەبوو.

بۆ سێیەمین جار قاتییەکی زۆر سەخت داکەوت و ئەمجارەیان بێچووە گورگ مانای برسییەتی و ئاکامەکەی باشتر و ڕوونتر تێ گەیشت. دێڵەگورگ هەموو ڕۆژێ بەبێ سوود دەچووە ڕاو و هیچی دەست نەدەکەوت و زۆرجاریش شەوانە بۆ حەسانەوە نەدەهاتەوە لانەکەی.

بێچووە گورگیش بەناهومێدییەکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترەوە بەدوای خۆراکدا دەگەڕا و ئەویش وەك دایکی هیچی گیر نەدەکەوت. بەڵام ئەو ناهومێدی و بێ مرادییە گیان و بیری ئەویان بەهێز دەکرد و ڕۆژ بەڕۆژ ئەزموون و کارزانییەکەی بەرەوژوور دەچوو. بێچووە گورگ لەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەدا دەرفەتێکی زیاتری دەست کەوت تا ئەخلاق و ئاکاری سمۆرە لە نیزیکەوە باشتر بناسێ و ڕێگای بۆسە بۆ نانەوە و لە داوخستنی وی باشتر فێر بێ و بەچالاکی و کارامەیی ئەو کارە بکا. لەبارەی ژیانی جرجە مشکیشەوە

زیاتر لێکۆڵینەوەی کرد و فێربوو چۆن زەوی بەچنگە تیژەکانی هەڵدڕێ و ئەوان لە کونەکان بێنێتە دەر و بیانخوا. ئێستا ئیدی بەدیتنی سێبەری بازیش خۆی نەدەکوتایە بن پنچکان، بەڵکو بەناهومێدی و برسییەتی لە مەیدانێکی بەر ئاوەڵا هەڵدەتووتەکا بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو باڵندە سامناکە کە مەست و لە خۆبایی بە ئاسماندا دەهات و دەچوو، بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دەیزانی کە لەو بەرزە، واتە لەو ئاسمانە شینەدا گۆشتێکی زیندوو لە گەڕان و جووڵاندایە و ئەم گۆشتە ئیشتیای ویی دەبزواند.

بەڵام بازی کەللەشەق و بێ موبالات، سەرنجی ئەوی نەدەدا و لە هاتنەخوار و شەڕ لەگەڵ ئەو خۆی دەپاراست. بێچووە گورگ بە ناهومێدی بەڕێی خۆیدا دەڕۆیشت و لە برسان دەینالاند و دەیقرووسکاند.

ڕۆژێك قاتییەکە بەسەرچوو. دێڵەگورگ نێچیرێکی گرت و گۆشتێکی هێنایەوە ماڵێ. گۆشتێکی تایبەتی بوو کە لەگەڵ گۆشتەکانی تر فەرقی زۆر بوو. ئەم نێچیرە بێچووە پڵنگێك بوو لە تەمەنی بێچووە گورگدا، بەڵام نەختێك چووکەڵەتر بوو. ئەم نێچیرە تەنیا بەشی بێچووە گورگ بوو و، ئەو نەیدەزانی کە دایکی پێشتر بەشی خۆی خواردووە و بێچووە پڵنگەکانی دیکەی هەر لە لانەکەیاندا هەڵلووشیوە. هەروەها نەیدەزانی ئاکامێکی شوومی بەدواوەیە. تەنیا شت کە بەلایەوە گرنگ بوو دامرکاندنەوەی ئاگری برسییەتی بوو. لەگەڵ هەر پاروویەك کە لە گۆشتی ئەو بێچووە پڵنگە چارەڕەشەی دەدا، کەیف و خۆشی و ڕەزامەندییەکەی زیادی دەکرد.

زگی تێر، خەوی خۆشی بەدوادا دێ. بێچووە گورگ کاتێك تێری خوارد پاڵی وەدایکی دا و خەوت. لەناکاو بێچووە گورگ لە نەڕاندنێکی بەسامی دایکی کە تا ئێستا شتی وای نەبیستبوو، لە خەو ڕاپەڕی. ڕەنگە دێڵە گورگیش لە ژیانی خۆیدا هەرگیز نەعرەتەی وا سامناکی لێ نەدابێ. ئەو باشی دەزانی کە تالانکردنی لانی پڵنگ بەو سادەیی و ئاسانییە نییە و سەرەنجام پەنجەی تۆڵەی پڵنگ، بەدوایدا دێ. بەڵێ دێڵە پڵنگەکە هاتبووە سەریان. بێچووە گورگ لەبەر تیشکی هەتاوی پاش نیوەڕۆ، چاوی بەپڵنگەکە کەوت کە لەبەر دەرکی لانەکەیان هەڵتووتەکا بوو.

بەدیتنی پڵنگ مووی پشتی بێچووە گورگ ڕاست بوونەوە و دووبارە نووستەوە. لێرەدا ئیدی پێویستییەك بەبیر و لێکدانەوە نەبوو. دەنگی پڕ لە ڕق و قینی پڵنگ کە بەمرەیەکی سووکەڵە دەستی پێ کردبوو و، لە نەکاو گەیشتبووە قرووسکاندنێکی بەترس و سامناك،

بەڕوونی مەترسییەکەی ڕادەگەیاند. بەوحاڵەش بێچووە گورگ هەستی کرد کە هێزی وەك مۆجیزەی ژیان لە دەمار و جمگەکانی لەشیدا دەگەڕێ. لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و لە پەنای دایکی ڕاوەستا و بەوپەڕی دلێرییەوە مراندی. بەڵام دێڵە گورگ بەچاوی سووکایەتی تەماشایەکی کرد و پاڵێکی پێوە نا.

لەبەرئەوەی زارکی لانەکە نەوی و تەنگ بوو، دێڵە پڵنگەکە نەیدەتوانی خۆی باوێ. بۆیە بەزگە خشکە چووە پێش بۆ ئەوەی لە هەر جێگایەك دەرەتان هەبوو خۆی بەدوژمن دا بدا، بەڵام پێش ئەوەی ئەو دەرەتانەی دەست کەوێ، دێڵە گورگ خۆی پێدا دا و لە عەرزی دا.

بێچووە گورگ شتێکی وای لە شەڕ نەدەزانی. دوو گیاندار دەیانمراند و دەیانقرووسکاند و یەکتریان هەڵدڕ هەڵدڕ دەکرد. بێچووە گورگ دەرفەتێکی لەباری چنگ کەوت و هێرشی کرد و لاقێکی پڵنگەکەی گرت و بەمرەمرِ خۆی پێوە هەڵواسی. بێ ئەوەی بۆ خۆی بزانێ بەقورسایی لەشی، ئەو لاقەی دێڵە پڵنگی لە کار خستبوو و لەو ڕێگایەوە یارمەتییەکی کاریگەری بەدایکی کردبوو. لە گەرمەی شەڕەکەدا هەردوولا سوورێکیان دا و بێچووە گورگ فڕێ درایە قەراخێك و بەناچار لاقی پڵنگەکەی بەردا.

تاوێك دواتر دوو حەریفی قین لە زگ، بۆ ماوەیەك لێك بوونەوە و پێش ئەوەی لە گژیەك ڕا بچنەوە، پڵنگەکە بەچەنگاڵی تیژی خۆی زەبرێکی وا توندی داوەشاندە بێچووە گورگ کە سەرشانی هەتا سەر ئێسکان، دادڕی و بەدیواری ئەشکەوتەکەیدا دا. دەنگی قرووسکە و ناڵاندنی وی لەگەڵ نارەتە و هاتوهاواری شەڕکەرەکان تێکەڵ بوو. بێچووە گورگ وەختێك هاتەوە سەرخۆ کە هەڕەشەکە هێشتا درێژەی هەبوو. هەستی ئازایەتی و بوێری جارێکی دیکە هانی دا کە ڕاپەڕێ و بەرق و قینێکی زیاترەوە قەپ لە لاقی پڵنگەکە بگرێ.

پڵنگ لە پێ کەوتبوو و دێڵە گورگیش لە حاڵی سەرەمەرگدا بوو. دایکی شەکەت و هیلاك هەولێکی دا کە بێچووەکەی بلاوێنێتەوە و شانە بریندارەکەی بۆ بلێسێتەوە، بەڵام چونکە خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، ئەوەندە لاواز و بێ حاڵ بوو کە نەیدەتوانی. دێڵە گورگ شەو و ڕۆژێکی تەواو، بێ هەست و جووڵە، لەسەر تەرمی دوژمنی تێکشکاوی درێژ بوو، تەنانەت هەناسەشی بەدژواری هەڵدەکێشا. پاشان تا حەوتوویەك بۆ ئاو خواردنەوە نەبێ لە لانی خۆی دەرنەکەوت و ڕێگا ڕۆیشتنیشی زۆر بەسستی و بەدژواری بۆ دەکرا. لەو ماوەیەدا گۆشتی پڵنگەکە بەتەواوی قووت درا و برینەکانی دێڵە گورگیش کەم کەمە گۆشتە زوونیان هێنا، تا وای لێ هات کە توانیی دووبارە بۆ ڕاو وەدەرکەوێ.

شانی بێچووە گورگ هێشتا بریندار و سڕ بوو و تا ماوەیەکیش دەشەلی، بەڵام لەمە بەدوا دنیا لە بەرچاوی جۆرێکی دیکە دیار بوو. لەو ڕۆژەوە کە لەگەڵ دێڵە پڵنگ بەشەڕ هاتبوو، هەستی باوەڕ بەخۆکردن لەودا بەهێزتر بووبوو، ددانی لە لاقی دوژمنێك ڕۆگرکردبوو کە بەڕواڵەت زۆر لە خۆی گەورەتر و بەهێزتر بوو، کەچی هێشتا هەر زیندوو بوو. بیرکردنەوە لەو سەرکەوتنە بوێری و سەنگێکی زیاتری دابوو بەڕەفتار و ئاکاری. هەرچەندە هێشتا ترسێکی نادیار لە "نەناسراو" هەر بەو باری دوژمنایەتی و هەڕەشەیەوە، قورسایی دەخستە سەر مێشك و گیانی، بەڵام ئەو کەمڕوویی و شەرمە بێ جێیەی جارانی نەمابوو.

بێچووە گورگ لە ڕاو و نێچیری ڕۆژانەدا جاروبار دەبوو بەهاوڕێی دایکی، هەتا بەرە بەرە کوشتنی وەحشییانەی گیانداران و خواردنی کوژراوەکان فێربوو. دنیای زیندوو لە لێکدانەوەی ویدا دەبوو بەدوو دەستە: خۆی و دایکی لە دەستەی یەکەمدا بوون و هەموو بوونەوەرە گیاندارەکانی دیکە لە دەستەی دووەمدا. دەستەی دووەمیش بۆ خۆی بەدوو چەشنی لێك جیا دابەش دەکرا: یەکەم ئەوانە کە وەك خۆی و دایکی دەیانکوشت و دەیانخوارد و دووەم ئەوانە کە کوشتنیان نەدەزانی، یان لەو کارەدا زۆر کز و بێ دەسەڵات بوون؛ و لەوەڕا ئەم قانوونە بەرزە وەردەگیرا کە گۆشت بەگۆشتەوە دەمێنێ و مانەوەی ژیان بەژیانە، لە جیهاندا خۆرایەك هەیە و خوراوێك، دەقی قانوونەکەش ئەمەبوو:

"یان دەخۆی، یان دەخورێی."

بێچووە گورگ بێ ئەوەی ئەم قانوونە شی بکاتەوە یان لێی ورد بێتەوە و یان لانیکەم لە فکریدا بێ، بەپێی ئەم قانوونە دەژیا. ئەو جووچکە چێرگەکانی خواردبوو، بان، چێرگە گەورەکەی خواردبوو و، ویستبووی ئەویش بخوا. وەختێك گەورەتر بووبوو، ئەمجارەیان بۆ خۆی ئارەزووی کردبوو کە بازەکە بخوا، بێچووە پڵنگەکەی خواردبوو، و ئەگەر پڵنگەکە نەکوژرابایە ئەوی دەخوارد، و بەم جۆرە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان پەیڕەوی ئەم قانوونە بوون و بەپێی ڕێوشوێنەکانی دەژیان. گۆشتێك کە بێچووە گورگ دەیخوارد و بۆ درێژە پێدانی ژیانی پێویست بوو یان لە پێش چاوی بەسەر زەویدا دەڕۆیشت، یان لە ئاسماندا بەباڵ دەفڕی، یان وەسەر داران دەکەوت و یان لە کونێکی زەویدا خۆی دەشاردەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەو گۆشتە، دەبوو خەبات بکا و هەر کاتێك لەو شەڕەدا پشتی لە مەیدان کردبایە، ئەمجار نێچیرەکە دەبوو بەڕاوچی و دوای دەکەوت. دنیا

هەمووی نێچیر و ڕاوچی بوو، خۆرا بوو و خوراو، و لەوێدا بێ سەرەوبەرەیییەك هەبوو کە ئاکامەکەی جگە لە زۆر خۆرییەکی بێ ئەمان و بێ ئەنداز، شتێك نەبوو. ئەگەر بێچووە گورگ توانیبای وەك مرۆڤ ببێتە فەیلەسووفیش، بێگومان جگە لەوەی باسمان کرد لێکدانەوەیەکی لە دنیا نەدەبوو.

بەڵام ژیان و بزووتنەوەکانیشی جوانی و لەزەتی خۆیان هەبوو. هەڵدان و باڵاکردن و ماسوولکە لێك کێشانەوە و یاری پێکردنیان، لە ڕادە بەدەر بۆ بێچووە گورگ بەتام و بەلەزەت بوو. ڕاکردن بەدوای نێچیردا سەرچاوەیەکی دڵەخورپە و دڵەکوتە بوو کە گیانی ئەوی مشتومال دەکرد. ڕق و قین و شەڕ بۆ ئەو کەیف بزوێن بوون و تەنانەت ترس لە "نەناسراو"یش سەرنجڕاکێشی و دڵگیرییەکی تایبەتیی خۆی هەبوو.

جگە لەوانە هەر کوێرەوەری و ماندوو بوونێکیش، لەگەڵ ئەجر و پاداشێك تێکەڵ بوو کە زگی تێر و خەوی ئاسوودە لەبەر تیشکی گەرمی هەتاو بەشێك لەو ئەجر و پاداشە بوون.

بەڵێ، بێچووە گورگ لە ژیان بەگلەیی نەبوو. سەرانسەری گیان و لەشی شەوق و چوستی و چالاکی بوو؛ بوونەوەرێك بوو زۆر بەختەوەر و تەنانەت شانازییشی بەوجوودی مەبارەکی خۆیەوە دەکرد.

***

٩

# ئاگر کەرەوەکان

بێچووە گورگ لەنەکاو بەسەریاندا کەوت. تاوانی ئەم بەسەرداکەوتنە لەنەکاوە لە ئەستۆی خۆی بوو، چونکە بێ پارێز و بێ ئەوەی بەرپێی خۆی تەماشا بکا، چووبووە پێش. بێچووە گورگ شەوی پێشتر لە ڕاوێ بووبوو و، ئێستا تازە لە خەو هەستابوو. هێشتا سەری قورس بوو و هێدی هێدی دەهاتە خوار بۆ لای چۆمی تا کەمێك ئاو بخواتەوە. لە ڕاستیدا زۆریشی خەتا نەبوو، چونکە ڕێگای نێوان لانەکەی تا چۆمی باش شارەزا بوو و، تا ئێستا هیچ کاتێك لەو مەودا کورتەدا ڕووداوێکی ناخۆشی نەهاتبووە ڕێ.

بێچووە گورگ لە سنۆبەرە شکاوەکە تێ پەڕیبوو، خەریك بوو بەنێو دارەکانی پێشەوەی لێڕەوارەکەدا غاری دەدا، کە لەپڕ شتێکی دیت و بۆنی پێوە کرد. لە پێش دەمی پێنج شتی زیندوو کە تا ئێستا شتی وای نەدیبوو، بێدەنگ لەسەر زەوی دانیشتبوون. ئەمە یەکەم جاری بوو کە تووشی بنیادەم دەبوو.

ئەو پێنج کەسە بەدیتنی بێچووە گورگ لە جێی خۆیان نەبزووتن و ددانیان دەرنەخستن و نەیانمراند و ئەمەش بۆ ئەو شتێکی سەیر بوو. ئەوان هەروا بێدەنگ لە جێی خۆیان مانەوە و جووڵەیان نەکرد.

بێچووە گورگ ئیدی نەبزووت. سروشتی چۆڵپەرستی و خووی وەحشیەتی ئەوی بۆ ڕاکردن هان دەدا، بەڵام هەستێکی دیکە لە هەناویدا سەری هەڵدا و لەنەکاو بەشێوەیەکی فەرماندەرانە ئەوی لە جێی خۆی ڕەق ڕاگرت. سەرسوڕمانێکی نادیار و ئەفسووناوی سەراپای لەشیی داگرت. بەشێوەیەکی تازە، بچووکی و بێ بایەخیی خۆی بۆ دەرکەوت و لەو هەستە تازەیەوە چووکتر بووەوە. هەستی کرد هێزێکی بەرەوژوورتر لە توانای خۆی کە دەگەڕایەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور، سەرانسەری وجوودی وی داگرتووە و قورسایی دەخاتە سەر گیان و لەشی.

بێچووە گورگ هەرگیز بنیادەمی نەدیبوو، بەڵام سروشتی تێگەیشتنی بنیادەم لە ویژدانیدا هەبوو. بەشێوەیەکی نادیار و تاریك لە زاتی بنیادەمدا حەیوانێکی بەدی دەکرد کە لەگەڵ هەموو جۆرە حەیوانێك بەگژ یەکدا هاتووە و بەسەر هەمووواندا زاڵ بووە.

ڕوانینی وی بۆ بنیادەم تەنیا بەچاوی خۆی نەبوو، بەڵکو بەچاوی باپیرەکانیشی بوو کە پشتاوپشت و لە سەردەم و ڕۆژگاری جۆراوجۆردا، لە نێو تاریکایی و بەفردا، یان لە ئاسۆی دوورە دەستەوە و یان لە کەلێنی دەوەنەکانی نیزیکەوە خۆیان حەشاردابوو و تەماشای ڕەشماڵە بێ ئەژمارەکانی ئەوانیان کردبوو.

ئەو میراتە مەعنەوی و لە سروشت بەرەژوورترە کە لە ترس و لە شەڕ و کێشەی زۆر کۆنی نێوان بنیادەم و گورگ دروست بووبوو، بێچووە گورگی ڕێك گوشی، ئەو هێشتا لەوە لاوتر  بوو کە بتوانێ خۆی لە ژێر بارەکەی دەرباز بکا. ئەم ڕێکەوتە ئەگەر بۆ گورگێکی بەتەمەنتر هاتبایە پێش، بێگومان ڕای دەکرد، بەڵام ئەو کە هێشتا منداڵ بوو، لە ترسان دەست و لاقی ڕەق بوون و لەسەر زەوی ڕاکشا. بەم جۆرە ئەو ملکەچی و ژێردەستییەی قبووڵ کرد کە ڕەگەزەکەی لە یەکەم ڕۆژی پەنابردنی گورگ بۆ بەر ئاگری بنیادەمەوە ملی بۆ ڕاکێشابوو.

یەکێك لە سوور پێستەکان هەستا و چووە لای بێچووە گورگ و لەسەر سەری ڕاوەستا. بێچووە گورگ زیاتری خۆ بەزەوییەوە مەلاس کرد. "نەناسراو" کە ئێستا بەگۆشت و خوێنی خۆی هەستی پێ دەکرد، داهاتبووەوە کە بیگرێ. مووی پشتی بێچووە گورگ بێ ئەوەی بۆ خۆی بیهەوێ ڕاست بوونەوە، لێوەکانی لێك کردنەوە و ددانە چووك و سپییەکانی دەرکەوتن. ئەو دەستەی داهاتبووەوە کە بیگرێ، دوودڵ بوو، و لە نیوەی ڕێدا ڕاوەستا و، کابرای سوورپێست بەپێکەنینێکی تایبەتییەوە، بە زاراوەی خۆڵاتی گوتی:

"وا بام وابیکسا ئیپ پیت تاهـ!.." (واتە: بڕوانە ئەو ددانە سپییانەی!)

سوورپێستەکانی تر، قاقا پێ کەنین و ئەویان هان دا کە بێچووە گورگەکە بگرێ. لەو کاتەدا کە دەستی وی زیاتر و دیسان زیاتر هاتە خوارێ، شەڕێکی سەختی نێوان هەستە جۆراوجۆرەکان لە هەناوی بێچووە گورگدا هەڵگیرسا بوو. حەیوانەکە نەیدەزانی دەبێ تەنیا بەمراندن بەس بکا، یان بەرگری لە خۆی بکا و بەشەڕ بێ. سەرەنجام هەتا دەستەکەی وێ نەکەوتبوو مڕاندی، بەڵام هەرکە دەستەکە لە پشتی درا هێرشی کرد، بەو مانایە کە ددانەکانی بریسکەیان دا و بێچووە گورگ قەپی بەدەستی سوور پێستەکەدا کرد. لەنەکاو زەبرێك لە لاسەری درا کە ئەوی گەوزاند و هەر لەو ساتەدا هەرچی هەستی ئازایەتی و شەڕکەری لە نیهادیدا هەبوو، هەموو بەجارێك ون بوو. بێچووە گورگ وەك منداڵێك کە لێی درابێ، دەستی بەگریان و ناڵین کرد و هەستی بەرفەرمانی و ملکەچی بەسەر هەموو هەستەکانی تریدا زاڵ بوو. وەختێك لە جێی خۆی هەستا، وەك سەگ

هەڵتووتەکا و قرووسکاندی. کابرای سوورپێست کە خوێن لە دەستی دەچۆڕا و هێشتا ڕقەکەی دانەمرکابوو، زەبرێکی دیکەی لە کەللەسەری بێچووە گورگ دا کە دەنگی وی بڵیندتر و دڵتەزێنتر کرد.

چوار سوورپێستەکەی تر قاقا پێ کەنین و جاربەجار دەنگی پێکەنینیان بەرزتر دەبوو، تا سەرەنجام هاوەڵە بریندارەکەشیان وە پێکەنین کەوت. هەموویان لە جێی خۆیان هەستان و دەوری بێچووە گورگیان دا. هەموویان پێی پێ دەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکرد و بێچووە گورگیش لە ترسان و لە تاوی دەردی خۆی هەروا دەینالاند.

لەنەکاو حەیوان و ئادەمیزاد هەموویان گوێیان هەڵخست. بێچووە گورگ ئەو دەنگەی بیستبووی دەیناسی و دەیزانی هی کێیە و لە چی دەگەڕێ، بۆیە دەستی لە گریان و ناڵین هەڵگرت و هاوارێکی بەرزی کرد کە خۆشحاڵی و بوێریی زیاتر تێدا دیار بوو هەتا ترس و لەرز. بێچووە گورگ دوای ئەو هاوارە بێدەنگ بوو و، چاوەڕوانی هاتنی دایکی، واتە پارێزەری بەسام و لە شکان نەهاتووی خۆی بوو. ڕزگارکەرێکی میهرەبان کە لە هیچ شتێك نەدەترسا و بەباشی و کارامەیی شەڕی دەکرد و هەرکەس لە ڕاستی ڕا هاتبایە، دەیکوشت.

دێڵە گورگ بەغاردان و نەڕاندن دەهات. لە دوورەوە گوێی لە دەنگی ناڵەی کوڕەکەی بووبوو و ئێستا بەهاوارییەوە هاتبوو. لە نەکاو حەیوانی نیگەران، بەسام و هەیبەتێکەوە کە لەودا نیگەرانیی دایکێك بەدی دەکرا گەیشتە جێ و خۆی هاویشتە نێو ئەڵقەی سوورپێستەکان. قینی ڕزگاریدەری وی، بوو بەهۆی دڵگەرمیی بێچووە گورگ، ئەو بەهاوارێکی پڕ لە دڵخۆشییەوە ڕای کردە کن دایکی، بەڵام ئادەمیزادەکان زۆر بەپەلە چەندین هەنگاو کشانەوە. دێڵە گورگ لە پەنای بێچووەکەی کە هەروا خۆی بەسنگی دایکییەوە دەچەسپاند ڕاوەستا و ڕووی لە سوورپێستەکان کرد. مڕەیەکی لەسەرەخۆ و تاریك لە گەرووی دەهاتە دەر. نێوچاوانی لەبەر ڕق و هەڕەشە تێك دەنا و لووتی بەقینێکی ناشیرن و بێزاراوەوە هەتا نیزیك چاوی هەڵدەبڕی.

لەو کاتەدا یەکێك لە سوورپێستەکان بەدەنگێکی تێکەڵ بەسەرسوڕمان و هەر لەو کاتەدا کەیف خۆشییەوە، هاواری کرد و بانگی دێڵەگورگی کرد و گوتی: "کیچ!... کیچ..."

بێچووە گورگ هەستی کرد کە دایکی بەبیستنی ئەم دەنگە مەست بووە.

کابرا جارێکی تر بەشێوەیەکی توندتر و فەرماندەرانەتر بانگی کرد، گوتی: "کیچ!..."

بێچوەگورگ دیتی دایکی گۆڕا، هێدی و لەسەرەخۆ داهاتەوە و داهاتەوە هەتا بەر زگی لە زەوی خشا، سووکە قرووسکەیەکی لێ هات و بەنیشانەی ئاشتی و تەسلیم بوون، دەستی بەکلکە سووتە کرد. بێچووە گورگ هیچ سەری لەم کارە دەرنەدەچوو و بەجارێك سەری سوڕما بوو. جارێکی دیکە ترس لە بنیادەم لەشیی داگرت. بەهەڵە نەچووبوو، دیار بوو دایکیشی وەك خۆی مل ڕادەکێشێ و ڕێز بۆ ئەو حەیوانە دوو پێ و قسەکەرە دادەنێ.

ئەو سوورپێستە کە بانگی دێڵەگورگی کردبوو، هاتە لای و دەستی بەسەر سەریدا هێنا، بەڵام ئەو، بەربەرەکانییەکی نەکرد و زیاتر لەسەر زەوی پان بووەوە. ئیدی نەیدەمڕاند و بەددان هەڕەشەی نەدەکرد. سوور پێستەکانی دیکەش لە دێڵە گورگ نیزیك بووبوونەوە و کۆزیلکەیان لە دەوری بەستبوو و، بێ ئەوەی حەیوانەکە تووڕە بکەن دەستیان بەسەر گوێ و پشتیدا دێنا دەیان لاواندەوە.

هەر پێنجیان وەکەیف هاتبوون و دەنگی چووك و گەورەیان لە دەم دەهاتنە دەر، بەڵام چونکە ئەو دەنگانە هیچ بۆنی هەڕەشەیان لێ نەدەهات، بێچووە گورگ بڕیاری دا بێ و لە تەنیشت دایکی بکەوێ. حەیوان جاروبار مووی پشتی ڕاست دەبوونەوە، بەڵام هەوڵی دەدا وەك دایکی مل ڕابکێشێ.

ئەو سوورپێستەی کیچی ناسیبووەوە گوتی: ″ئەم پێشهاتە هیچ بۆ سەرسوڕمان نابێ، بابی ″کیچ″ گورگ بووە، بەڵام دایکی سەگی براکەم بووە. کاتێك سەگەکە وەبا هاتبوو، براکەم سێ شەو و ڕۆژان لە لیڕەوارێك ئەوی لە دارێك بەستبوو، پاشان گورگێك هاتبوو و پێیەوە ڕوا بوو.″

یەکێك لە سوورپێستەکان ڕووی لە هاوڕێیەکەی کرد و گوتی: ″کاستوورگری، لەو ڕۆژەوە کە ″کیچ″ ڕای کردووە، ساڵێکی تەواوە.″

کاستوورگری گوتی: ″بەڵێ، لانگ دوسووموون، قسەی تۆیە. ڕاست ئەو وەختە بوو کە قاتییەکی توند هاتە پێش و ئێمە گۆشتمان نەبوو بیدەینە سەگەکان.″

سوورپێستەکەی دیکە گوتی: ″لەو ماوەیەدا لەگەڵ گورگان ژیاوە.

کاستوورگری لە وەڵامی ئەودا دەستی لە پشتی بێچووە گورگ دا و گوتی:

″بەڵێ، تەروازە گوڵ، دەبێ وابێ و ئەمەش نیشانەکەی.″

بێچووە گورگ کە دەستی سوورپێستەکەی وەپشتێ کەوت، مڕاندی... سوورپێستەکە دەستی کێشایەوە و زەبرێکی لە سەری دا. بێچووە گورگ بەو تەمبێکردنە زاری پێکەوە نا

و بەنیشانەی تەسلیم بوون خۆی بەزەوییەوە نووساند. دەستەکە جارێکی دیکە هاتەوە خوار و بناگوێ و پشتی وی بەشێوەیەکی دۆستانە لاواندەوە.

کاستوورگری لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی: ″لەوەدا کە دایکی ئەم حەیوانە کیچە گومانێك نییە و جگە لەوە بابیشی گورگە و هەر بۆیە گورگایەتییەکەی لە سەگایەتییەکەی بەهێزترە. ددانەکانیشی سپین و دەبێ ناوی بنێین ″دان چەرموو″. چما کیچ سەگی براکەی من نەبوو؟... چما براکەم نەمردووە؟... زۆر باشە، ئەمن لە ئێستاوە ڕادەگەیەنم کە دان چەرموو سەگی خۆمە.″

حەیوانە قسەکەرەکان چەند ساتێك هێندێ دەنگیان لە دەم هاتە دەر ، واتە بەزاراوەی خۆیان پێکەوە قسە و وتووێژیان کرد. لە ماوەی ئەم وتووێژەدا، بێچووە گورگ کە ئێستا ناوێکی لە جیهاندا دەست کەوتبوو، بێدەنگ و ئارام دانیشتبوو. کاستوورگری لە توورەکەیەك کە بەپشتێنەکەیەوەی هەڵواسیبوو چەقۆیەکی هێنایە دەر و چوو بۆ لای دارەکان و دارێکی درێژ و ئەستووری بڕی. دان چەرموو تەماشای دەکرد. سوورپێستەکە دوو قایشی لە هەردوو سەری دارەکە بەست، پاشان یەکێك لە قایشەکانی لە ملی کیچ خست و ئەوی بۆ لای سنۆبەرێك ڕاکێشا و قایشەکەی تری توند لە دارەکە گرێ دا.

دان چەرموو بەدوای دایکیدا هات و لە تەنیشتی کەوت. پاشان دیتی ″لانگ دوسووموون″ دەستی بۆ درێژ دەکا، بۆیە دیسان ترس سواری بوو. کیچش بەنیگەرانییەوە تەماشای دەکرد. سوورپێست قامکی دەستی لێك کردنەوە و وێکی نانەوە و بەسپایی و لەسەرەخۆ و بەشێوەیەکی زۆر خۆش و دڵگیر دەستی بە بەر زگی دان چەرموودا هێنا. حەیوان لەسەر پشت کەوت و دەست و لاقی لە هەوا کردن و بێ ئەوەی بەربەرەکانییەك بکا، مەیدانی دا بەکابرای سوورپێست تا بەکەیفی خۆی دەستی ڕەزگی بخا. بێچووە گورگ لەو وەزعەدا دەرەتانی هیچ بەربەرەکانییەکی نەبوو، تەنانەت ئەگەر سوور پێستەکە ویستبای ئازاریشی بدا، ئەو بێ بەرگری لێی کەوتبوو و نەیدەتوانی ڕابکا.

بەناچاری تەسلیم بووبوو تەنیا بەسپایی مڕەیەکی دەکرد. دان چەرموو دەیزانی کە کابرای سوورپێست زۆر لە خۆی بەهێزترە، بەڵام وا دیار بوو کابرا خۆی نازانێ، هەر بۆیە نەك هەر زەبرێکی لە سەری حەیوانەکە نەدا و ئازارێکی پێ نەگەیاند، بەڵکو بەپێچەوانە پتری لاواندەوە و دەستی بەهەموو بەرزگیدا هێنا. بێچووە گورگ سات بەسات زیاتر هەستی بەخۆشی دەکرد و هەرکە دەستی کابرا گەیشتە کەلەکەی، بەجۆرێك سەرخۆش و بێ حاڵ بوو کە بەتەواوی مڕەی لێ بڕا. سەرەنجام قامکی سوورپێستەکە

گەیشتنە دەوروبەری بنانگوێی و ئەو لاواندنەوەیە گەیشتە پلەیەکی ئەوەندە خۆش و لەبەر دڵان کە خۆشحاڵی و لەزەتی بێچووە گورگ لە ڕادە دەرچوو. سوورپێست پاش دوا لاواندنەوەی زۆر وەستایانە بەجێی هێشت و لێی دوور کەوتەوە و ترس و لەرزیش بەیەکجاری لە دڵی بێچووە گورگ باری کرد. هەرچەند هێندێ ترسی تری لە کەمیندا بوون، بەڵام ئەو ڕۆژە متمانەی بەو کۆمەڵە کە دەبوو لە نێویدا بژی، پەیدا کرد و پەیمانی دۆستایەتی و هاواڵەتی لە نێوان ئەو و بنیادەمدا بەسترا.

پاش تاوێك دان چەرموو هەستی کرد کە دەنگە دەنگێکی سەیر دێتە بەرگوێ. دەسبەجێ گوێی هەڵخست و مێشکی خستە کار و تێ گەیشت کە دەنگی بنیادەمە، لە ڕاستیدا باشی بۆ چووبوو، پاش تاوێکی تر هەموو ئەندامانی عەشیرەتی سوورپێستەکان لە دوورەوە دەرکەوتن. لە نێویاندا ژن و پیاو و منداڵ دەبینران و لەسەر یەك چل کەسێك دەبوون کە هەر کام بەپێی توانای خۆی کۆڵێکی خواردەمەنی و قاپوقاچاخ و کەلوپەلی کاروان لەسەرشان بوو.

ئەوان سەگیشیان زۆر پێ بوون کە بێجگە لە تووتکە چووکەڵەکان ئەوانی تر وەك ئادەمیزادەکان باریان لەسەر پشت بوو، باری هەر سەگێك دەگەیشتە دە تا پازدە کیلۆ. دان چەرموو هەرگیز سەگی نەدیبوو، بەڵام هەر ئەم یەکەمین چاوپێکەوتنە بەس بوو بۆ ئەوەی تێ بگا سەگیش حەیوانێکە وەك خۆی، بەڵام جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ وی هەیە. بەپێچەوانە سەگەکان وەختێك دان چەرموو و دایکیان دیت، ئەوانیان لە خۆیان نەدیت و تەنیا جیاوازییەکانیان بەرچاو کەوت. بۆیە هەرکە تووشی یەك بوون هەنگامەیەکی سامناك بەرپابوو و هەموویان داوەرینە سەر دان چەرموو.

بێچووە گورگ کەوتە سەر پشت، لە ژێر سەگەکاندا گەوزی و لەبەر بارانی زەبری جەرگبڕ و بێ ئەمانی ددانە تیژەکانیان لە گیان جاڕز بوو، بۆ خۆشی لە ژێر ئەو تۆفانە سامناکەدا دەیمراند و هەر سەر و سنگ و دەست و لاقێك وەبەر زاری هاتبا، هەڵی دەدڕی. لەو هەنگامەیەدا گوێی لە دەنگی قرووسکەی دایکیشی دەبوو کە بۆ بەرگری لەو، لەگەڵ سەگەکان بەشەڕ دەهات و، هەروەها هاواری بنیادەمەکان و دەنگی گۆپاڵی وانیشی دەبیست کە بۆ پاراستنی گیانی وی لە سەگەکانیان دەدا و بڵاوەیان پێ دەکردن؛ لە پاشان قرووسکەی سەگەکانی بیست کە لە تاوی ئێشی گۆپاڵی پیاوەکان دەیاننالاند و هەڵدەهاتن.

هەموو ئەو هەڵڵا و هەنگامەیە چەند سانییەیەك زیاتری نەخایاند. بێچووە گورگ

هـەستـایـەوە و دیـتـی کـە سووڕپـێستـەکـان بـەدار و بـەرد کـەوتـوونـە گـیـانـی سەگـەکـان و بەرامبەر بەپەلاماری نارەوای ئەو برایانە کە لە ڕاستیدا براش نەبوون، بەرگری لەو دەکەن. هەرچەند لە مێشکی چووکی دان چەرموودا، جێگایەك بۆ تێگەیشتنی مانای دادپەروەری نەبوو، بەو حاڵەش بەئەقڵی ناتەواوی خۆی دادپەروەریی ئادەمیزادی بۆ دەرکەوت و تێ گەیشت کە ئەوان قانوون دادەنێن و بەویستی خۆیان بەڕێوەشی دەبەن.

جگە لە شێوەی قانوون دانانی ئادەمیزاد، شێوەی بەڕێوەبردنی قانوونەکانیش بۆ بێچووە گورگ سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە بەپێچەوانەی ئەو حەیوانانە کە تا ئێستا دیتبوونی ئەوان گازیان نەدەگرت و چنگوڕکیان نەدەوەشاند، بەڵکو ویست و توانای زیندووی خۆیان بەهۆی هێندێ شتی بێ گیانەوە دادەسەپاند. ئەم شتە بێ گیانانە بۆ وان لە جێگای چنگوڕك و قەپاڵە بوون. بێچووە گورگ ئەمەی لەوەڕا بۆ دەرکەوت کە دیتی بارانێکی دار و بەرد لە هەوادا کەوتووەتە جووڵە، وەسەر و گوێلاکی سەگەکان دەکەوێ و دووریان دەخاتەوە.

شیکردنەوە و تێگەیشتنی ئەم توانا سەرسوڕهێنەر و لە گێڕانەوە نەهاتووە، لە مێشکی لاوی دان چەرموودا نەدەگونجا، چونکە ئەوی بە شتێکی بەرەژوورتر لە سروشت و بە کاری خوا دەزانی. ئەمە ئاشکرا بوو کە دان چەرموو شتێکی لە خوا و خوایەتی نەدەزانی، جگە لەوەی لە بوونی ئەو حەیوانانەش کە تا ئێستا نەیدیبوون بەتەواوی بێ خەبەر بوو، بەڵام ترس و سەرسوڕمانێك کە لە دیتنی ئادەمیزاد بەسەریدا زاڵ بووبوو، بەتەواوی وەك ئەو ترس و سەرسوڕمانە دەچوو کە بنیادەمێك لەسەر کێوێکی بەرز و لە بەرامبەر وجوودی خوایەك دا هەست بکا کە ئەو خوایە هەموو بریسکەکانی ئاسمانی بەهەردوو دەست گرتووە و خەریکە بەسەر جیهانیدا دەدا.

وەختێك بڵاوەیان بەسەگەکان کرد، هەراوهۆریاکەیان دامرکا و دان چەرموو دەستی کرد بەلستنەوەی برینەکانی. ئەو دەم لەبارەی یەکەمین بەرەنگاربوون لەگەڵ دەستەیەکی زۆردار کە خۆیان بەبرای ئەو دەزانی و هەروەها لەبارەی گوزەرانی دوا ڕۆژی خۆی لە نێو ئەوانەدا کەوتە بیر و بەرژەوەندەوە. بێچووە گورگ هەرگیز بەبیریدا نەهاتبوو کە لەوانەیە لە نەوعی خۆی بێجگە لە دایکی و پیرە گورگی یەك چاو کەسانی تریش هەبن، بۆیە پێی وابوو خۆی و ئەو دوو گورگە لە ڕەگەزێکی تایبەتین. بەڵام ئێستا لەنەکاو تێ گەیشت کە زۆر بوونەوەری تریش بەشێك لە دەستەی ئەو و بنەماڵەی ئەون. دان چەرموو نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە ڕەفتاری ئەو هاوڕەگەزە بەرواڵەت برایانە لە یەکەمین چاو

پێکەوتندا ئەوە بێ کە دابارنە سەری و بیانەوێ بیکوژن، هەربۆیە ئەو پێشوازییە خراپەی ئەوانی بەشێوەیەکی لێڵ و تاریك، بەناڕەوا زانی.

خەمێکی تری دان چەرموو کە لە ئازاری دیداری براکانی کەمتر نەبوو، ئەوە بوو کە دەیدی دایکی خۆشەویستی بەدارێکەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی کاتێك بیری دەکردەوە کە ئەقڵی ئادەمیزادەکان ئەم چارەنووسەی بەدایکی ڕەوا دیتوە، زیاتری خەفەت دەخوارد. ئەم چارەنووسە بۆنی کۆیلەتیی لێ دەهات و ئەویش بەکۆیلەتی ڕانەهاتبوو. بەئازادی و گەڕان و ڕاکردن و نووستن، لە هەر جێگایەك پێی خۆش بووایە، نیعمەتێك بوون کە تا ئەو ڕۆژە لەبەر دەستیدا بوو، بەڵام ئێستا دیلێك زیاتر نەبوو. جموجۆڵی دایکی بەدرێژاییی ئەو دارە کە لە ملی خرابوو بەرتەسك کرابووەوە و وەك ئەوەبوو کە خۆشی هەر بەو دارەوە بەسترابێتەوە، چونکە بیری ئەوە کە لە دایکی جیابێتەوە و بەتەنیا بژی، هێشتا بەمێشکیدا نەهاتبوو.

بێچووە گورگ ئەم بەند و زنجیرەی پێ خۆش نەبوو و، کاتێك دیتی ئادەمیزادەکان هەستان و ڕۆیشتن زیاتریش ناڕەحەت بوو. پیاوێکی بێ هێز و لاواز، سەری ئەو سەمەندۆکەی کیچی تێ خرابوو، بە دەستەوە گرت و دێڵەگورگی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا. دان چەرموو لەگەڵ دنیایەك ترس و نیگەرانی لە کارەساتێك کە چاوەڕوانی بوو، وە دوای دایکی کەوت.

کاروان بەدۆڵێدا چووە خوار و لەو سنوورە کە بێچووە گورگ لە تەواوی ڕێپێوانەکانی خۆیدا لێی تێ نەپەڕیبوو، تێ پەڕی، هەتا سەرەنجام گەیشتە ئەو جێگایە کە خڕەکە دەڕژایە چۆمی مەکەنزی. لەو جێگایە هێندی کێلیژە داریان لە زەوی چەقاندبوون کە بەلەمی تایبەتی لە چۆم پەڕینەوە و سەوەتەی تایبەتی ماسی وشك کردنیان پێوە هەڵواسیبوون.

کاروان لەوێ ڕاوەستا و چادری هەڵدا. باڵاتر بوونی ئادەمیزاد لە بەرچاوی دان چەرموو لە جاران زیاتر دەرکەوت. دیمەنی چادرهەڵدان زیاتر لە دەسەڵاتی وان بەسەر سەگانی ددان تیژدا توانای ئەوانی ئاشکرا دەکرد و، لەوەڕا کە دەیانتوانی شتە بێ گیان و نەجمەکانیش ببزوێنن، دەردەکەوت کە ئەوان دەتوانن سیمای جیهانیش بگۆڕن.

چەقاندن و هەڵدانی دیرەکە چادرەکان سەرنجی بێچووە گورگی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم کارە بۆ ئەو بوونەوەرانە کە دار و بەردیان بۆ مەودایەکی دوور لە خۆیان هەڵدەدا

زۆر گرنگ نەبوو، بەڵام کاتێك دێرەکەکانیان بەچەرم و قوماش داپۆشی و چادرەکانیان هەڵدا، دان چەرموو مات و حەیران بوو. ئەم چادرانە بە سام و شکۆیەکی بەرچاوەوە، لە هەموو لایەك، لە تەنیشتی و لە دەوروبەری، بەژنیان ڕاست کردەوە و وەك پەیکەرێك دەچوون کە سات بەسات گەورەتر و بە سامتر دیاری بکا. نیزیکەی تەواوی پانایی دەشتەکە بەپەیکەری وەك غوولی بیابان داپۆشراو بە قەڵافەتی تێکەڵ بەهەرەشەی خۆیان نەك هەر ڕێگای تەماشای بیابانیان لە بێچووە گورگ بەست، بەڵکو سام و هەیبەتیشیان بەسەر لەش و گیانی ویدا زاڵ کرد. کاتێك گرووە بایەك بەتوندی ڕای دەوەشاندن، بێچووە گورگ لە ترسان خۆی لە زەوی مەڵاس دەدا و هەر لەو کاتەشدا چاوی لێ نەدەتروکاندن و هەمیشە ئامادە بوو کە ئەگەر پەلاماری بێننە سەر، دەرپەڕێ و لەبەریان ڕابکا.

پاش ماوەیەك ترسی بێچووە گورگ لە چادرەکان ڕەوی، چونکە دەیدی ژن و پیاو و گەورە و چووك دەچنە ژووریَ و دێنەوە دەر و ئازارێکیان پێ ناگا، تەنانەت سەگەکانیش هەوڵیان دەدا بچنە ژوور، بەڵام هەموو جارێ بەهاواری ئادەمیزادەکان و بەرد و پلاری وان بەتوندی دەردەکران. زۆری پێ نەچوو کە دان چەرمووش غیرەتی وەبەر هات و لە دایکی جیابووەوە و زۆر بەپارێزەوە بەرەو نیزیکترین چادر خزی. هەستی کون پشکنین تێکەڵ بەئامادەیی و وشیاری و، نیازی فێربوون و ناسین و هەروەها ئەزموونی تایبەتیی خۆی، هانیان دا زیاتر بچێتە پێش. بێچووە گورگ هەتا لەو دیوارە چەرمین و مووینە نیزیکتر دەکەوتەوە دووربینتر و بەپارێزتر دەبوو. ئەو پێشهاتانەی لەو ڕۆژەدا هاتبوونە ڕێگای، ئەویان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ "نەناسراو" و کردەوە سەیر و سەمەرە و چاوەڕوان نەکراوەکانی ئامادە کردبوو. سەرەنجام گەیشتە شوێنی مەبەست و لووتی لە سووچی چادرەکە درا و ماوەیەك چاوەڕێ ما، کەچی هیچ ڕووی نەدا. بێچووە گورگ بۆنێکی بەو شتەوە کرد کە بۆنی بنیادەمی لێ دەهات و سووچێکیشی بەددانی گرت و کەمێك ڕای تلەکاند، بەڵام جگە لەوەی بەشێك لە چادرەکەی جووڵا، شتێك نەقەوما. ئەمجارە بەورەیەکی زیاترەوە ڕای تلەکاند و چادرەکە توندتر جووڵا. بێچووە گورگ ئەم بەسەرهاتەی پێ خۆش بوو، توندتر ڕای کێشا و ئەوەندەی درێژە بەم یارییە دا هەتا تەواو چادرەکە جووڵا. لەوێدا دەنگی تیژی نەڕاندنی سووریێستێك بەرز بووەوە کە ئەوی ترساند، بەناچاری هەڵات و بەپەلە گەڕایەوە لای دایکی. لەو ڕۆژە بەدواوە هیچ وەخت بێچووە گورگ لەو چادرە زل و زەبەللاحانە نەترسا.

بەڵێ، وەختێك نیگەرانی و دڵەخورپەی دان چەرموو دامرکا، دیسان لە دایکی – کە لە دارێك خرابوو و نەیدەتوانی لەگەڵی بچێ – جیابووەوە و چوو بۆ گەڕان. زۆری پێ نەچوو تووشی سەگێکی جحێڵ بوو؛ ئەم سەگە لەو بەتەمەنتر و گەورەتر بوو، ئێستاش بەهەنگاوی لەسەرەخۆ و لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا هەستی دوژمنایەتیی خۆی بشارێتەوە لێی نیزیك دەکەوتەوە. ناوی ئەو سەگە جحێڵە کە دوایە دان چەرموو لە خاوەنەکانی خۆی بیست و فێری بوو ″لیپ لیپ″ بوو. لیپ لیپ ئێستا حەریفێکی سامناك بوو و لە شەڕەکانی خۆی لەگەڵ سەگانی دیکەدا ئەزموونێکی زۆری شەڕی کۆکردبووەوە.

لیپ لیپ بۆ خۆی سەگۆرگ بوو و خزمایەتییەکی نیزیکی لەگەڵ دان چەرموو هەبوو، تەمەنی کەم بوو، قەڵافەتیشی سامناك نەدەهاتە بەرچاو، بۆیە بێچووە گورگ خۆی ساز دەکرد کە دۆستانە بەپێشوازییەوە بچێ، بەڵام کاتێك دیتی حەریف بەهەنگاوی ڕاکشاو و لێوی هەڵگەڕاوەوە دێتە پێش و کەڵپەکانی لێ گڕ کردوون، ئەویش لاقەکانی لەبەریەك کێشانەوە و ددانە سپییەکانی گڕکردن.

هەردووکیان موویان لەسەر پشتێ ڕاست بوونەوە و بەمرەمڕ بەدەوری یەکتردا خولیان دان. ئەم یارییە چەند دەقیقە درێژەی کێشا و دان چەرمووی وەدەماخ خست، کە لەنەکاو لیپ لیپ بەچالاکییەکی سەرسووڕهێنەر خۆی پێدا دا و قەپێکی توندی بەشانیدا کرد و دووبارە کشایەوە.

ددانەکانی وی شانی بێچووە گورگیان ڕاست لەو جێگایەوە کە وەختی خۆی پڵنگەکە برینداری کردبوو و هێشتا ئێسکەکە لە نێوەوە ژانی دەکرد، لەبەر یەك هەڵدڕی. بێچووە گورگ لەم زەبرە لەنەکاوە و لەو غافڵگیربوونە جینگڵێکی دا و ناڵاندی. بەڵام ساتێك دواتر، بەقینەوە خۆی بەحەریفدا دا و قەپێکی توندی پێدا کرد. هەروەك گوتمان لیپ لیپ لە شەڕدا ئەزموونی زۆر بوو. ددانە تیژەکانی پێنج شەش جار لە لەشی دان چەرموو ڕۆ چوون و سەرەنجام بێچووە گورگ بە پەرێشانی و تێشکاوی مەیدانی بەجێ هێشت، و بەشەرمەزاری و خەمباری هەڵاتەوە کۆشی دایکی و پەنای بۆ برد.

ئەم شەڕە یەکەمین تێکهەڵچوونی لەگەڵ لیپ لیپ بوو، کە دیارە نەدەبوو دوا تێکهەڵچوونی بێ، چونکە لەو ڕۆژەوە هەردووکیان بوونە دوژمنی سوێند خۆری یەکتر و ڕق و دوژمنایەتییەکی توند و هەمیشەیی لە نێویاندا دروست بوو.

کیچ بەئەسپایی کوڕەکەی لستەوە و هەوڵی دا لەمەودوا نەهێڵێ لێی دوورکەوێتەوە،

بەڵام هەستی کون پشکنینی دان چەرموو سات بەسات بەهێزتر دەبوو. بێچووە گورگ بەسەرهاتە داخاوییەکەی لە بیرچووەوە و دووبارە وەدوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی کەوت. ئەمجارە ڕێی کەوتە لای یەکێك لە بنیادەمەکان واتە کاستوورگری کە بە هەڵترووشکانەوە سەیری ئەو ورتکە دار و خەنەتیلکە وشکانەی دەکرد کە لە بەردەمی لەسەر زەوی کەوتبوون. بێچووە گورگ نیزیك کەوتەوە و تەماشای کرد. کاستوورگری هێندێ دەنگی لە دەم دەرهاتن کە ناخۆش نەهاتنە بەر گوێی دان چەرموو و تامی دوژمنایەتییان نەدەدا، بۆیە دیسانیش زیاتر چووە پێش.

ژن و منداڵ باوەش باوەش داریان دێنان و لە بەردەم کابرای سوورپێست دایان دەنان. بێچووە گورگ ئەوەندە نیزیك کەوتەوە هەتا لووتی گەیشتە ئەژنۆی کاستوورگری. هەستی کون پشکنین بەجۆرێك لەودا بەهێز بووبوو کە لە بیری چووەوە ئەم سوورپێستە بنیادەمێکی سامناکە. لەنەکاو دان چەرموو لە نێو دەستەکانی کاستوورگریدا شتێکی وەك هەور و مژی دیت کە لە کوتەدار و خەنەتیلکە وشکەکان بەرز دەبووەوە، پاشان شتێکی زیندوو دەرکەوت کە دەدرەوشا و دەسووڕا و ڕەنگی وەك ڕەنگی خۆرەتاو لە ئاسمان بوو.

دان چەرموو بەهیچ جۆر ئاگری نەدەناسی. تیشکێك کە لەو ئاگرە بەرز دەبووەوە، وەك ڕووناکاییی ڕۆژ کە لە سەردەمی منداڵیدا ئەوی بۆ لای زارکی ئەشکەوتەکە ڕادەکێشا، ئەوی بۆ لای خۆی کێشا، بەناچار بۆ لای شۆقەکە ڕۆیشت. دان چەرموو گوێی لە دەنگی کاستوورگری بوو کە لە ژوور سەری قاقا پێ دەکەنی، بەڵام لە شێوەی پێکەنینەکەشیدا نیشانەیەك لە دوژمنایەتی بەدی نەدەکرا. ئەودەم بێچووە گورگ لووتی لە گڕەکە نیزیك کردەوە و هەر لەو کاتەدا زمانیشی بۆ لستنەوەی دەرکێشا.

بێچووە گورگ زمانی لە ئاگرەکە داو بۆ ماوەی سانیەیەك وەك ئیفلیجێك لە ڕاست خۆی وشك بوو. "نەناسراو" کە لە نێو دار و خەنەتیلکەکاندا بۆسەی بۆ دانابوو، بەشێوەیەکی دڕندانە لووتی گرت. حەیوانی بەستەزمان بەرەو دوا کشایەوە و وەك شێتان دەستی کرد بە ناڵە و هاوار.

وەختێك دایکی گوێی لە دەنگی وی بوو، لە بن ئەو دارە کە پێیەوە بەسترابووەوە قەڵەمبازی دا، بەڵام لەبەرئەوەی نەیدەتوانی بەهاواری کوڕەکەی بگا، زۆر بەقینەوە دەینەڕاند و دڵ پەرۆش بوو. کاستوورگری لەبەر پێکەنین کەفەزگ بوو، بەهەردوو دەستان بەڕانی خۆیدا دەدا و وەختێك ئەم داستانەی بۆ چادرنشینەکان گێڕایەوە،

هەموویان وەك خۆی پێ دەكەنین. دەنگی قاقای بەكۆمەڵ و بەر درێژی سوورپێستەكان لە نێو چادران گەڕا، دەتگوت قەت بێدەنگ نابێ و تەواو بوونی بۆ نییە. دان چەرموو هەروا هەڵتووتەكابوو و بەدەم ئازارەوە دەیقرووسكاند. هەمووان ئەویان بەرەڵا كردبوو و پێی پێ دەكەنین و ئەویش لە نێو ئەو هەموو بنیادەمەدا قەڵافەتێكی خەمبار و دڵتەزێنی هەبوو.

دان چەرموو هیچ كاتێ بەڵای لەوە خراپتری بەسەر نەهاتبوو، لووت و زمانی هەردووكیان بەو شتە زیندووە ڕەنگ هەتاوییە كە لە نێو دەستەكانی كاستوورگریدا بڵێسەدارتر و گەورەتر دەبوو، سووتابوون. هاواری دەكرد و دەینالاند و هەموو قرووسكاندنێكی بەقاقای پێكەنینی بنیادەمەكان پێشوازیی لێ دەكرا. حەیوان هەوڵی دا بەزمانە ئێشاوەكەی برژانەوەی لووتی دامركێنێ، بەڵام برژانەوەی هەردوو ئەندامی تێكەڵ بوو و ئازارێكی توندتری دروست كرد و، ئەمجار ناهومێدتر و داماوتر لە پێشوو هاوارێكی بڵندتری لێ هەستا.

سەرەنجام شەرمەزاری سەرتاپای داگرت و لە پێكەنین و نێوەڕۆكەكەی حاڵی بوو. لێكدانەوەی ئەو مەسەلەیە لە توانای ئێمەدا نییە كە چۆن هێندێ حەیوان نێوەڕۆكی پێكەنینی ئادەمیزاد حاڵی دەبن و چۆن تێ دەگەن كە ئێمە بەوان پێ دەكەنین. بەڵام شتێك كە ڕوونە ئەوەیە كە بێچووە گورگ بەئاشكرا هەستی كرد ئادەمیزادەكان گاڵتە بەو دەكەن و هەر بۆیە بەخۆیدا شكایەوە.

بێچووە گورگ ڕای كرد، بەڵام نەك لە تاوی ئەو ژان و برژانەوەیە كە لە لووت و زمانی خۆیدا هەستی پێ دەكرد، بەڵكو لەبەرئەوە كە دڵی ڕەنجا بوو و، لەوە كە بووبوو بەگاڵتەجاڕ و مایەی پێكەنینی ئادەمیزادەكان ڕەگی، غیرەتی بریندار بووبوو. بێچووە گورگ گەڕایەوە لای دایكی كە وەك گیاندارێكی هار و وەحشی هەروا بەدارەكەوە بەسترابووەوە و دەینەڕاند. چونكە لە جیهاندا تەنیا بوونەوەرێك كە پێی پێ نەدەكەنی و گاڵتەی پێ نەدەكرد هەر دایكی بوو.

هەتاو ئاوا بوو و شەو بەسەر دەستاندا هات. دان چەرموو لە پەنای دایكی خەوتبوو. لووت و زمانی دەبرژانەوە، بەڵام ژانێكی زۆرتر و نیگەرانییەكی لە توانا بەدەرتر ئەوی ئازار دەدا: خەفەتی ئەو لانەی دەخوارد كە تێیدا لە دایك بووبوو، ئاواتی بۆ ئارامی و پاكیی نێو ئەشكەوتەكە و سەر تەپۆڵكەكە و لێواری خڕەكە هەڵدەخواست. ژیانی پڕ

بووبوو لە هەراوهۆریا و ژانەسەر. لێرە بنیادەمێکی زۆر لە ژن و پیاو و منداڵ و گەورە هەبوون کە هەموویان دەنگە دەنگێکی قیناوی و دڵەخورپەهێنەریان دەکرد. لێرە سەگەلێك هەبوو کە هەمیشە دەوەڕین و قەپیان بەم و بەودا دەکرد و بەهەر بیانوویەك دەیانلووراند و هەڵڵا و هەنگامەیەکیان ساز دەکرد ئەوسەری دیار نەبێ.

ئیدی ئەو، قوژبنی ئارام و بێدەنگی سەرەتای ژیانی لە دەست چووبوو. لێرە تەنانەت هەواش دڵەکوتەیەکی ژیان و زیندووبوونی تێدا بوو و، هەمیشە دەنگە دەنگ و ورتەورتێکی لێ بەرز دەبوو کە سات بەسات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات و ئاوازە جۆراوجۆرەکانی ئەویان جاڕز دەکرد و هەستی دەروونیی ئەویان دەهەژاند. بێچووە گورگ لەو هەموو هەراوهۆریایە ناڕەحەت و نیگەران بوو، زۆر ماندوو بوو و، هەمیشە دەترسا پێشهاتێکی ناخۆش ڕووبدا.

دەیدی کە ئادەمیزادەکان دەجووڵێن، دەچنە لای چادرەکان و دێنەوە و بەچاوی ڕێزێکەوە سەیری دەکردن کە مرۆڤ بۆ خوای خوڵقێنەری بیر و ئەندێشەی دادەنێ. بنیادەمەکان لە مێشکی تاریك و بیری ناتەواوی بێچووە گورگدا ڕاست وەك ئەو خوایانە بوون کە مرۆڤ باوەڕی پێیان هەبوو، واتە ئەو بوونەوەرە سەرسوڕهێنەر و بەهێزانە بوون کە بەئارەزووی خۆیان کەڵکیان لە تەواوی تواناکانی "نەناسراو" وەردەگرت. ئەوان خوا و خاوەنی هەموو بوونەوەرێکی گیاندار و بێ گیان بوون، هەموو بوونەوەرێکی زیندوویان ناچار دەکرد ملکەچی فەرمانیان بێ و هەرچییەکیش بێ گیان و مردوو بوو دەیانخستە جووڵانەوە. لە خەنەتیلکە و داری وشك بڵێسەیەکی لە ڕەنگی هەتاویان هەڵدەستاند، کە زمانی ڕادەکێشا و دەیسووتاند و دەیگەزی.

ئەوان ئاگرکەرەوە بوون!... خواکان بوون!...

***

## ١٠

# كۆیلەتی

بۆ دان چەرمووی هەر ڕۆژێك دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی ئەزموونێكی تازە وەدەست بێنێ. لە تەواوی ئەو كاتانەدا كە كیچ بەسەمەندۆكەوە بە سترابووەوە، ئەو بەتەنیا لە نێو هەواری دا دەگەڕا و غاری دەدا و توێژینەوەی دەكرد و شت فێر دەبوو. داب و شوێنی بنیادەمەكان زوو فێربوو و، لەبەرئەوەی ئاگادار بوون لە هەر شتێك، بەمانای سەلماندن و قبووڵ كردن نییە، هەرچەندی زیاتر خووی بەمرۆڤەوە دەگرت پتر لە باڵادەستی و دەسەڵاتی وان بێزار دەبوو و زیاتر لە توانای ئەفسووناویی وان دەترسا، توانایەك كە هەتا زیاتر و گەورەتر دەبوو، باری خوایەتییەكەی پڕ نهێنیتر و هەڕەشەتر دیاری دەكرد.

زۆرجار ڕێ دەكەوێ ئەو بنیادەمانەی هەڵخەڵەتاون كاتێك لە خەوی نەزانی ڕادەپەڕن خواكانیان سەرنخوون دەكەن و لە نێو میحرابەكاندا دەیاندەنە بەر پێلەقە. بەڵام بۆ گورگ و سەگی كێوی كە دەستیان لە چۆڵپەرستی هەڵ گرتووە و كەوتوونە بەر پێی مرۆڤەوە، هەرگیز شتی وا ڕوو نادا. خواكانی ئێمە لە كاتێكدا نادیار و ناسروشتین، تەمومژێكی خەیال و گومان ئەوانی لە پێش چاومان ون كردووە، بەجۆرێك كە ئێمە وەك كوێران لە ملكی بیر و خەیاڵاتی تاریكی خۆماندا پەل دەكوتین و تێگەیشتنێكی زۆر تاریك و ناتەواومان لە بوونی خواوەندی مەزن و جوانیی مەلەكووتیی ئەو هەیە. گورگ و سەگی كێوی بەپێچەوانە. لەبەر ئاگردانی ئێمە دانیشتوون و لە ڕووبەڕووی خۆیان خواوەندانێك دەبینن كە لە گۆشت و ئێسك دروست بوون و دەرەتانی دیتن و تێگەیشتنیان هەیە، لە جیهاندا جێیەكیان هەیە و لە زەمان و مەكاندا دەژین، كار وكردەوەیەك ئەنجام دەدەن و مەبەست و ئامانجێكیان هەیە.

باوەڕ بە خوایەكی ئاوا بەرچاو، پێویستیی بەهیچ ماندووبوونێكی فكری و وەكارخستنی ئیمان نییە. هیچ بەندەیەك ناتوانێ سەرپێچی لە فەرمانی بكا، یان حاشا لە بوونی بكا. ئەم خوایە لەسەر دوو لاق ڕاوەستاوە و بیچمیش ناگۆڕێ، گۆپاڵێكی بەدەستەوەیە و زۆر بەهێز و توانایە؛ خاوەنی مەیل و ئارەزوویەكی سەركێشە، بەپێی كات و جێگا جارێك میهرەبانە و جارێكی دیكە قەڵس و قوڵ، توانایەكی ئەفسووناوییە كە

دەگۆشتـەوە پـێچـراوە، گـۆشتـێك كـە هـێندێ جـار وەك حـەیوانـەكـانـی دیكـە خـوێنـی لـێ هـەڵدەڕژێ و لـەو وەختـانـەدایـە كـە بـۆ هـەڵدڕین و قـووتدان لـە گـۆشتـی هـەمـوو حـەیوانێكـی دیكە خۆشترە.

دان چـەرمـوو مـلـی بـۆ قـانـوونـی گـشتـی ڕاكـێشـا. ئـادەمـیزادەكـان هـەر لـە سـەرەتـاوە لـە پـێش چـاوی خـوا بـوون و فـەرمـان بـردنـیـان لـەسـەر وی واجـب بـوو. هـەروەك كـیـچ یـەكـەمـجـار كـە گـوێی لـە نـاوی خـۆی بـوو سـەرلـەنـوێ مـلـی خـۆی خـستـە زنـجـیـرەوە، ئـەویـش دەسـبـەجـێ خـۆی بـەدەسـتـەوە دا و مـلـكـەچـی فـەرمـان بـوو، ئـەویـش هـەنـگـا و بـەهـەنـگـاو وەدوایـان كـەوت و تـۆقـی ئـەو كـۆیـلـەتـیـیـە شـوومـەی كـردە ئـەسـتـۆی. وەخـتـێـك ئـەم خـوایـانـە بـەپـەنـایـدا تـێ دەپـەڕیـن دەكـشـایـەوە تـا ڕێـگـایـان بـۆ بـكـاتـەوە، كـاتـێـك بـانـگـیـان دەكـرد بـەغـاردان دەچـوو، هـەركـات هـەڕەشـەیـان لـێ دەكـرد دەتـرسـا و دەكـەوتـە بـەر پـێـیـان و، ئـەگـەر فـەرمـانـیـان پـێ دەدا كـە بـڕوا دەسـبـەجـێ دەردەپـەڕی و ڕای دەكـرد، چـونـكـە هـەمـوو ئـەو فـەرمـانـە تـێـكـەڵ بـەهـەوا و هـەوەسـانـە تـوانـایـەكـیـان لـە پـشـت بـوو كـە زوو جـێـبـەجـێـبـوونـیـانـی دەسـتـەبـەر دەكـرد. بـەڵـێ، تـوانـایـەك بـوو كـە لـە مـسـت و زلـلـە و گـۆپـاڵ و خـڕكـەبـەرد و ویـزەی قـەمـچـیـدا خـۆی دەنـوانـد.

دان چـەرمـووش وەك سـەگـەكـانـی تـری كـاروان، هـی وان بـوو. كـار و كـردەوەی بـۆ وان بـوو. لـەشـی لـە بـەردەسـتـی وانـدا بـوو كـە لـێـی دەن و بـیـدەنـە بـەر پـێـلـەقـە و ئـەویـش بـێ هـیـچ ڕەخـنـە و دڵ ئـێـشـانـێـك قـبـووڵـی بـكـا. ئـەمـە دەرسـێـك بـوو كـە دان چـەرمـوو زوو فـێـری بـوو، لـەبـەرئـەوەش كـە لـە پـێـشـدا بـەشـێـوەیـەكـی سـەربـەخـۆ پـەروەردە كـرابـوو و پـەروەردە كـردنـەكـەی لـەگـەڵ هـێـزی خـۆی و سـروشـتـی تـونـد و زبـری خـۆی یـەكـی دەگـرتـەوە، ئـەم دەرسـە لـە بـەرچـاوانـی زۆر سـەخـت و گـران و نـاخـۆش بـوو. بـەڵام ئـەگـەرچـی بـێـچـووە گـورگ لـەو وەزعـە و ئـەو ژیـانـە تـازەیـەی بـێـزار بـوو، بـێ ئـەوەی بـۆ خـۆی هـەسـتـی پـێ بـكـا فـێـر دەبـوو خـووی پـێـوە بـگـرێ و حـەزی لـێ بـكـا. لـە ڕاسـتـیـدا چـارەنـووسـی كـەوتـبـووە دەسـتـی كـەسـانـی دیـكـە و لـەمـەودوا خـەڵـكـی دیـكـە پـارێـزەری بـوون، واتـە پـشـت و پـەنـایـەك بـۆ بـەرپـرسـیـارەتـیـیـەكـانـی ژیـانـی وی پـەیـدا بـووبـوو. ئـەمـە پـاداشـێـك بـوو بـۆ ئـەو تـەسـلـیـم بـوون و ڕازی بـوونـە؛ چـونـكـە هـەمـیـشـە ژیـان بـەپـاڵـپـشـتـەوە ئـاسـانـتـرە لـە بـەتـەنـیـا ژیـان.

ئـەم تـەسـلـیـم بـوون و مـلـكـەچـیـیـە گـیـانـی و لـەشـیـیـە و لادان لـە سـروشـتـە دڕنـدانـەكـەی ڕەگـەزی خـۆی و لـە بـیـربـردنـەوەی بـیـرەوەریـیـەكـانـی بـیـابـان بـۆ دان چـەرمـوو، بـێ كـەللـەشـەقـی و سـەرپـێـچـی نـەبـوون. زۆر ڕۆژان بـەدزیـیـەوە دەچـوو دەوری لـێـرەوار و بـێ هـەسـت و خـوسـت لـەوێ دەمـایـەوە و گـوێـی بـۆ ئـەو دەنـگـانـە ڕادەگـرت كـە لـە دوورەوە بـانـگـیـان دەكـرد، پـاشـان

پەرێشان و بەستەزمان دەهاتەوە لای دایکی و لەسەرەخۆ و بەفکر و ئەندێشەوە لەبەر پێیدا دەینالاند، سەروچاوی دەلستەوە و بەزمانی دەردی دڵی دەردەبڕی و ڕێگا چارەی لێ دەویست.

بێچووە گورگ هەموو پێویستی و شەرتەکانی ژیانی نێو کاروان بەزوویی فێربوو. لە زوڵموزۆر و زگ پەرستیی سەگە گەورەکان بەتایبەتی لە کاتی بەشینەوەی گۆشت و ماسیدا ئاگادار بوو. ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە پیاوەکان بەئینسافتر و منداڵەکان زاڵمتر و ژنەکان لەسەرەخۆتر و بەدەست و دڵترن و لە دەستی ژنان زیاتر ڕێی تێ دەچی کە کوتە گۆشتێك یان لەتە ئێسکێکی بۆ بهاوێژرێ. لە دووسێ ڕووداوی دڵتەزێنرا کە لە شەڕی دێڵە سەگی سەرتووتکاندا بۆی هاتنە پێش، تێ گەیشت کە باشترە وازیان لێ بێنێ و هەتا بۆی بکرێ لێیان دوورکەوێتەوە و ئەگەر بۆ لاشی هاتن لەسەر ڕێیان وەلا کەوێ. بەڵام بەڵای گەورە بۆ گیانی وی هەر لیپ لیپ بوو. ئەم سەگە جحێڵە کە لەو بەتەمەنتر و زەلامتر و بەهێزتر بوو، ئەوی کردبووە بن دەست و ژێر چەپۆکی خۆی. بێچووە گورگ بەوپەڕی ئازایەتی بەرامبەری ڕادەوەستا و بەرگریی لە خۆی دەکرد، بەڵام داخی گرانم کە کێش و باڵای لەگەڵ وی نەدەهاتەوە.

دوژمنی دان چەرموو زۆر لە خۆی زیاتر بوو و سەرەنجام لێی بوو بەمۆتەکەیەکی بە سام. بەستەزمانە هەرکاتێك کەمتەرخەمیی دەکرد و لە دایکی دووردەکەوتەوە دڵنیابوو کە ئەو نارەسەنە تاوانبارە دەگاتە سەری؛ بەڕێکەوت هەرواش بوو، دەگەیشتە سەری و بەحەپە حەپ و هەڕەشە ڕەپێی دەنا و لە دەرفەتێکی لەبار دەگەڕا، واتە ئەگەر یەکێك لە پیاوەکان دیار نەبووایە خۆی پێدا دەدا و شەڕی بەسەردا دەسەپاند. لەم شەڕانەدا هەمیشە لیپ لیپ سەردەکەوت کە مەست و لەخۆبایی، خۆی ڕادەنا و فیزی لێ دەدا. ئەم تێك هەڵچوونانە بۆ ئەو سەیرانێکی شیرن و دڵگر و بۆ دان چەرموو ئازارێکی بە ژان و کوشندە بوون.

بەو حاڵەش، بێچووە گورگ نەبەزی و هەرچەند تووشی شکانی سەخت و ناخۆش دەبوو تەسلیم نەدەبوو؛ بەڵام ئەو ئازار و ئەشکەنجە بێ ئەندازەیەی دەیکێشا شوێنەوارێکی شووم و نالەباری لەسەر ئاکار و ڕەفتاری دانا. دان چەرموو بوو بەحەیوانێکی بەدفەڕ و بەزەڕ و فێڵباز و هەستی درندەیی و وەحشیگەری لە هەناویدا پەرەی گرت. ساویلکەیی و دڵپاکییەکەی دەورانی منداڵی لەودا مرد و دەرەتانی خۆنواندنی نەما. هیچ وەخت دەرەتان و ڕێگای ئەوەی بۆ پێك نەهێنرا کە لەگەڵ تووتکە سەگەکانی کاروانەکە تێکەڵ بێ و یاری

بکا، چونکە هەرکە لێیان نیزیك دەکەوتەوە، لیپ لیپ وەك بەڵای ناگەهان دەگەیشتە سەری و دەیگەوزاند و دان چەرمـوو بـەترس و دڵـەکوتـەوە ڕای دەکـرد، یـان ئـەگەر ویستبـای بەربەرەکانێ بکا، دەبوو لەجیاتی یاریکردن ئەوەندە شەڕ بکا هەتا دەشکێ و ناچار دەبێ ڕابکا.

هەربۆیە دان چەرموو لە هەموو شادی و خۆخافڵاندنێکی سەردەمی منداڵی بێ بەش مایەوە و ئەو بێ بەش مانەوەیە ئەوی شکاندەوە و تەمەنی زیاتر لەوە کە هەبوو، نیشان دا. لەشی ئەو حەیوانە بەستەزمانە شکایەوە و دوولا هاتەوە و فکری کرایەوە و هەڵی دا. سەرەنجام مەکرباز و فێڵەزان لە کڵ دەرهات و لە سەعاتەکانی بێکاریدا کەوتە بیری ئـەوە کە چۆن بـەباشترین شێوە هـەڵخـەڵـەتێنـێ و بڕفێنـێ و بدزێ. چونکـە لـە وەختـی دابەشکردنی خواردنی ڕۆژانەدا نەیدەتوانی بەئاسانی بەشە گۆشت و بەشە ماسیی خۆی وەربگرێ، بوو بە دزێکی تەڕ دەست و لەبەرئەوەی ناچار بوو بۆ درێژەدانی ژیانی خۆی خواردەمەنی وەدەست بێنێ، بەجۆرێك لە دزینی خواردەمەنیدا کارامە بوو کە بوو بە بەڵایەکی گەورە بۆ ژنە سوور پێستەکان. دان چەرموو فێربوو کە چۆن وەك مار خۆی بـخـزێنـێتـە بـن چـادرەکـان و چۆن دووربـین و بـەپـارێز بـێت و لـە هـەر هـەلومـەرجێکدا ڕەفتارێکی گونجاو لە خۆی نیشان بدا و بەچاو و بەگوێ لە هەر شتێك قازانجی بۆی هەیە ئاگادار بێ و سەرەنجام کارێك بکا کە پێوە نەبێ و دە داو نەکەوێ، هەروەها فێربوو کە چۆن بەهەزار فێڵ و تەڵەکە خۆی لە حەریفە زاڵم و سەرسەختەکەی دوور ڕابگرێ و نەکەوێتە داوی.

کاتێك ئازار و ئەشکەنجەی دان چەرموو گەیشتە ئەوپەڕی، یەکەمین نەخشەی لێزانانەی خۆی کێشا و بەکەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی لە بڕانەوە نەهاتووی بیروهۆشی خۆی، تامی شیرن و بەلەزەتی تۆڵە ئەستاندنەوەی چێشت. هەر بەو جۆرە کە کیچ وەختێك لەگەڵ گورگان دەژیا، سەگەکانی فریو دەدا و لە بنیادەمەکانی دوور دەخستنەوە و بەخواردنی دەدان، بێچووە گورگیش بەفێڵێکی لەو بابەتە توانیی لیپ لیپ هەڵخەڵەتێنێ و بیباتە بەر ددانی تۆڵەئەستێنی دایکی. دان چەرموو بەقوونەشەڕ دوژمنی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و لە چەندین چادری تێ پەڕاند. بێچووە گورگ لە غاردانیدا زۆر ئازا و کارامە بوو و لە هەموو سەگەکانی هاوتەمەنی توندتر غاری دەدا و تەنانەت لە لیپ لیپیش چالاکتر بوو.

بێ ئەوەی خۆی ماندوو بکا مەودای پێویستی لە نێوان خۆی و حەریف دا ڕاگرت و هەروا بەدوای خۆیدا بەکێشی کرد.

لیپ لیپ کە سەرگەرمی ڕاو و شکار و سەرمەستی سەرکەوتنی نیزیکی خۆی بوو، دووربینی و پارێزی لە بیرچوو و ئاگای لە خۆی نەبوو بۆ کوێ دەچێ و کاتێکیش بەخۆی زانی، کار لە کار ترازابوو. لەو کاتەدا کە بەخێرایی لە ئاخرین چادر تێ دەپەڕی، لەنەکاو خۆی بەرەو ڕووی کیچ دیتەوە کە هەروا بەدارەکەوە بەسترابووەوە. هاوارێکی سامناك لە گەرووی هاتەدەر و هەر لەو کاتەدا کەڵپە تیژەکانی کیچ لە ملی ئەمدیو و ئەودیو بوون. هەرچەند کیچ سەمەندۆك کرابوو، لیپ لیپ نەیتوانی خۆی لە چنگان ڕزگار بکا. دێڵەگورگ بەرەو پشت ختسی و بێ ئەوەی ڕێگای ڕاکردنی پێ بدا، بەربووە گیانی.

وەختێك لیپ لیپ توانی لەو تەنگانەیە ڕزگار بێ و بەوەزعێکی پەرێشانەوە ڕاست بێتەوە، کە زۆر برینی کاریگەر کەوتبوونە لەش و گیانی. کوڵکی لەشی لە دوو لای وەك گلۆڵەی تەڕ و جووراو بەزەبری ددانەکانی کیچ هەڵ کەندرابوو و ڕژابووە سەر زەوی. لیپ لیپ هەر لەو جێگایە کە لێی ڕاست بووبووەوە وێستا و وەك سەگێکی دارکاری کراو، زاری لێك کردەوە و هەتا تینی تێدا بوو دەستی بەقرووسکاندن کرد. بەڵام چارەڕەشە نەیتوانی ئەو مۆسیقا دڵتەزێنەش تەواو بکا کە لەنەکاو دان چەرموو خۆی پێدادا و کەڵپە تیژەکانی خۆی لە کەفەڵی گیر کردن.

لیپ لیپ ئیدی هێزی شەڕ کردنی لەبەردا نەمابوو، ناچار بەسەرلێشێواوی و شەرمەزاری ڕای کرد و هەڵاتەوە لای چادرەکەی خۆیان. نێچیرەکەی جارانی ئێستا پێی هەڵ گرتبوون و ئەوی ڕەپێ دەنا. کاتێك بەزیو گەیشتەوە جێ، ژنەکان فریای کەوتن و بەتۆفانێکی دار و بەرد بێچووە گورگیان لێ تەکاندەوە، کە ئێستا ئیدی بەڕاستی جانانە بوو.

سەرەنجام ڕۆژێك داهات کە کاستوورگری تێ گەیشت کیچ، دەستی لە خووی کێوی بوون هەڵگرتووە و کەوی بووە. بۆیە ئەوی لە سەمەندۆك کردەوە و بەرەڵای کرد. دان چەرموو لەوە کە فەرمانی ئازادبوونی دایکی دەرچووبوو، خۆشحاڵ بوو و لەو کاتەوە لەگەڵ دایکی لە دەوروبەری چادرەکان دەستی کرد بەگەڕان. لیپ لیپ کاتێك دەیدی حەریفەکە شانبەشانی دایکی دەگەڕێ، مووی لێ نەدەبزووت و بەڕادەی پێویست خۆی دوور ڕادەگرت. بێچووە گورگ بەپێچەوانە، هەرکە لە حەریف نیزیك دەکەوتەوە خۆی لەبەریەك دەکێشایەوە و مووی سەر ملی ڕاست دەکردنەوە، بەڵام لیپ لیپ وازی لە شەڕ نەبوو و، هەرچەندی تێنووی تۆڵەکردنەوە بوو، لەوە ژیرتر بوو کە بەوحاڵە خۆی تووشی شەڕ بکا. بەناچار خۆی دەخواردەوە و ڕادەوەستا بۆ وەختێك کە دوو بەدوو لەگەڵ دان چەرموو لە ڕاست یەکتر ڕا بێن.

هەر لەو ڕۆژەدا بێچووە گورگ هەنگاو بەهەنگاو دایکی خۆی بۆ دەوروبەری لێڕەوارێك کە چادرەکانیان لە نیزیك هەڵدابوون، ڕاکێش کرد. خڕەکە و لانە تاریکەکە و دارستانە ئارامەکە لە دوورەوە بانگیان دەکرد. ئەو هەوڵی دا دیسانیش زیاتر دایکی بەدوای خۆیدا ڕاکێش بکا. بێچووە گورگ چەند هەنگاوێك غاری دەدا، پاشان ڕادەوەستا و تەماشای دواوەی دەکرد، بەڵام دایکی لە جێی خۆی نەدەبزووت. بێچووە گورگ ناڵاندی و بەپەرێشانی بە چەپ و ڕاستدا دەستی کرد بەهەڵبەزدابەز و خۆهاویشتنە نێو مێشەکان، پاشان هاتەوە لای دایکی و لمبۆزی وی لیستەوە و دووبارە دوور کەوتەوە. دێڵەگورگ دیسان لە جێی خۆی نەبزووت؛ ئەو دەم بێچووە گورگ گەڕایەوە و بەحاڵەتی پاڕانەوە چاوی لە دایکی کرد، بەڵام کاتێك دیتی دایکی سەری بۆ لای چادرەکان وەرسووڕاندەوە، سەری داخست و کزەی لە جەرگی هات.

ئەو دەنگە نهێنییە کە لە قووڵایی بیابانی چۆڵ و هۆڵەوە بانگی ویی دەکرد، دەگەیشتە گوێی دایکیشی، بەڵام دەنگێکی بەرزتر و بەهێزتر ئەوی بۆ لای خۆی بانگ دەکرد، ئەویش دەنگی ئاگر و ئادەمیزاد بوو، دەنگێك کە لە نێو هەموو حەیوانەکاندا تەنیا دوو برا، واتە گورگ و سەگی کێوی بیستوویانە. بەڵێ کیچ هەرکە سەری وەڕسووراند، بۆلای چادرەکان دەخۆی نووسا. دەسەڵاتی ئادەمیزادەکان زۆر باشتر لەو سەمەندۆکەی پێی بەستراببووەوە، ئەوی بەستبووەوە. خواکان بەشێوەیەکی نادیار و ئەفسووناوی ئەویان لە دەستی خۆیان گرتبوو و بەرەڵایان نەدەکرد.

دان چەرموو لە بن سێبەری نەمامێك ڕاکشا و بەسپایی گریا. بۆنی تیژی دارسنۆبەرەکان و عەتری بەبۆن و بەرامەی مێشە سەرسەوزەکان، هەوای پڕ کردبوو و ڕۆژگاری خۆشی ئازادیی جاران، وانە ڕۆژەکانی پێش کۆیلەتییان دەهێنایەوە بیری بێچووە گورگ، بەڵام ئەوینی دایك پتر لە بانگهێشتنی بیابان و زیاتر لە دەسەڵاتی مرۆڤ ئەوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، چونکە هێشتا زۆر لاو بوو و کاتی سەربەخۆیی و ئازادییەکەی نەهاتبوو؛ دان چەرموو بەناچار بەغەمگینی و پەشۆکاوی هەستاو ئەویش بەدوای دایکیدا گەڕایەوە بۆ لای چادرەکان، بەڵام لە چەند جێگا وێستا و دانیشت تا بۆ حاڵی خۆی بگری و گوێ بۆ ئەو دەنگە ڕادێرێ کە لە قووڵاییی دارستانەوە دەهاتە بەرگوێی.

دەورانی ژیانی دایکان لەگەڵ بێچووەکانیان لە بیاباندا زۆر درێژ نییە و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بنیادەمدا لەوەش کەمترە. دان چەرمووش بەپەیڕەوی لەم قانوونە زۆر لەگەڵ دایکی نەما. کاستوورگری هێندێك دراو بە"تەروازەگوڵ" کە لەسەر سەفەر بوو، بۆ

دەوروبەری چۆمی مەکەنزی و گوڵی گەورەی کوێلەکان، قەرزدار بوو، لەجیاتیی ئەم قەرزە تۆپێك کەتانی ئەرخەوانی و کەوڵە ورچێك و بیست فیشەك و کیچی دایە.

بێچووە گورگ چاوی لێ بوو کە دایکیان بردە نێو بەلەمەکەی تەروازە گوڵ و ویستی وەدوای کەوێ، بەڵام بەپێلەقەیەکی توندی کابرای سوورپێست لە جێی خۆی چەقی. بەلەمەکە وەرێ کەوت. بێچووە گورگ خۆی بەئاوێدا دا و بەدوای دایکیدا دەستی بەمەلە کرد و هەرچەندی کاستوورگری بانگی کرد، گوێی نەدایە. لە تاوی دووریی دایکی بەجۆرێك سەری لێ شێوا و بوو کە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ واتە خوای خۆشی لە بیر چووەوە.

بەڵام خواکان فێر بوون کە فەرمانیان بەرێوە بچێ، بۆیە کاستوورگری تووڕە بوو و بە بەلەمێکی دیکە کەوتە دووی دان چەرموو. سوورپێست هەرکە گەیشتە دان چەرموو، پشت ملی گرت و لە ئاوەکەی هێنایە دەر، بەڵام لە پێشدا نەیخستە نێو بەلەمەکە، بەڵکو بەدەستێك ڕای گرت و بەدەستەکەی دیکەی دەستی کرد بەلێدانی. دەستی کابرای سوورپێست زۆر قورس بوو و بەنیازی تەمبێکردن لێکدا لێکدا مستەکۆڵەی توندی لێ ڕادەکێشا و بەم جۆرە بێچووە گورگ لێدانێکی توندی خوارد.

مست و شەپلاغەکان جارێك لە کەلەکەی ڕاست و جارێك لە لای چەپی دەدران و دان چەرموو وەك تەرازوویەك کە لینگەکانی میزان نەبن و شایەنەکەی لەرزە بکا، بۆ پێشەوە و پاشەوە و بۆ سەر و خوار هاتوچۆی دەکرد.

بێچووە گورگ هەستی جۆراوجۆری بۆ پەیدابوون، لە پیشدا پێی سەیر بوو، لە پاشان لەو دەستەی کە لێی دەدا، ترسا، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ترسەکە بوو بەرق و تووڕەیی و سروشتی ئازاد و خووی کێوییانەی وەکار کەوت. بێچووە گورگ لە ئاکامی ئەو ڕق هەستانەدا کەڵپی گڕ کردن و وێرای بەرەو ڕووی خوای ڕق هەستاوی خۆی بمرێنێ. خوایەکەی زیاتر لە پێشوو تووڕە بوو و زەبرە توندەکانی دەستی توندتر و بێ ئەمانتر بەسەر لەشی حەیوانەکەدا بارین.

کاستوورگری هەروا لێی دەدا و دان چەرموو هەروا دەیمڕاند، بەڵام ئەو وەزعە نەیدەتوانی هەتا سەر درێژەی هەبێ و بەناچاری دەبوو یەکێك لەو دوو حەریفە دوا قسەی خۆی بکا. دان چەرموو تەسلیم بوو. ترس سەرانسەری لەشی ویی داگرتەوە، ئێستا بۆ یەکەمجار بەڕاستی زەبری دەستی مرۆڤی دەچاشت و هەستی پێ دەکرد. ئەو دار و

بەردە کە تا ئەو ڕۆژە لێی درابوون، لە چاو ئەم زەبرانە لاواندنەوە و هێلکەڕۆنی سەرچاوان بوون. حەیوانی بەستەزمان سەری داخست و دەستی کرد بەناڵین و گریان هەتا تاوێك لەگەڵ هەر زەبرێك کە وێی دەکەوت، ئاخێك لە گەرووی دەهاتە دەر، بەڵام لە زەبرەکانی دواتردا هاوارکردنەکەی دڵتەزێنتر بوو و بێ پسانەوە درێژەی کێشا و وای لێ هات کە ناڵە ناڵەکەی لە ڕادەی تەمبێکردنەکە زۆر زیاتر بوو.

سەرەنجام کابرای سوورپێست دەستی ڕاگرت. بێچووە گورگ هێشتا بەدەستەکەی دیکەیەوە هەڵواسرابوو و دەیناڵاند و چونکە کاستوورگری پێی وابوو تەمبێ بووە و بەسیەتی، بەڕقەوە دان چەرمووی فڕێ دایە سووچێکی بەلەمەکە. لەو چەند لەحزەیەدا بەلەمەکە ئاو بردبووی و هەروا بۆ خۆی دەڕۆیشت. کاستوورگری چووە پێشێ کە بێڵەکە هەڵگرێ و بەلەمەکە  بەرەو شوێنی مەبەست لێ خوڕێ. بەڕێکەوت دان چەرموو لەسەر ڕێگای بوو. سوورپێست زۆر بەدڕندەیی پێلەقەیەکی بەپشتیدا دا. سروشتی ئازادی دان چەرموو سەرلەنوێ یاخی بووەوە و لە پشتەوەڕا قەپی بەکاڵەی ئەو کابرایەدا کرد.

ئەو لێدانەی تا ئێستا وێی کەوتبوو لە چاو تەمبێیەك کە بۆ ئەم کارەی کرا، شتێك نەبوو. ڕق و تووڕەیی کاستوورگری هەروەك ترس و سامگرتوویی بێچووە گورگ، گەیشتە ئەوپەڕی. ئەم جارە نەك هەر دەست، بەڵکو بێڵەکەشی بۆ تەمبێکردنی ئەو حەیوانە بەدبەختە وەکار کەوت و پاش ئەوەی لێدانێکی جانانەی لێ دا، جارێکی دیکە بێچووە گورگی چارەڕەشی فڕێ دایە سووچێکی بەلەمەکە. پاشان بەئەنقەست تەمبێکردنەکەی دەست پێ کردەوە و ئەمجارە دایە بەر پێلەقە. دان چەرموو ئیدی هێرشی نەکرد. دەرسێکی تازە لە باسی کۆیلەتیی خۆی فێربوو، ئەویش ئەوەبوو کە هیچ کاتێك و لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ گاز لە خوا کە خاوەن و بەخێوکەری خۆیەتی، بگرێ. لەشی خوا پیرۆزە و گاز لێ گرتنیشی سووکایەتییەکە بۆ بەخشین نابێ و خەیانەتێکی سامناکە.

کاتێك بەلەمەکە گەیشتە قەراخ ئاوەکە بێچووە گورگ هەروا دەیناڵاند و دەیقرووسکاند و گوێی بۆ فەرمانەکانی کاستوورگری هەڵخستبوو، بەفەرمانی کاستوورگری لە بەلەمەکە دەرکرا و فڕێ درایە وشکایی. هیچ کەسێکیش مەڵحەمێکی لەسەر برینەکانی دانەنا و هیچ کەس زگی پێی نەسووتا. بەستەزمانە لە ترسان لەرزی و خزی. لیپ لیپ کە لەوێ بوو و تەواوی ئەو بەسەرهاتەی چاو لێ بووبوو، هەرکە دوژمنی لەو ڕۆژ ڕەشی و بێچارەیییەدا دی هەلی بەدەرفەت زانی و شاڵاوی بۆ برد و ددانە تیژەکانی بەگۆشتی ئەودا بردنە خوار. دان چەرموو نەیدەتوانی دیفاع لە خۆی بکا و ئەگەر کاستوورگری بە

فریای نەگەیشتبا و لیپ لیپی بە پێلەقە دەرنەکردبایە، بێگومان بەڵایەکی بەسەر دەهات و بەدبەختییەکی گەورە چاوەڕوانی بوو.

دادپەروەریی ئادەمیزاد کە تەنانەت لە وەزعێکی ئاوا ناخۆش و دڵتەزێندا لەبارەی ئەویشدا بەڕێوە دەچوو ئەمە بوو و، بێچووە گورگ مچورکێکی ئەمەگناسیی بەلەشدا هات. دان چەرموو بەدوای کاستوورگری دا هەتا دەرگای خێوەتەکەی بەئارامی و ملکەچی شەلی و بەپەنای چادرەکاندا تێ پەڕی و لەم ڕێگایەوە تێ گەیشت کە مافی تەمبێکردن و سزادان زێدە مافێکە کە خواکان تەنیا بۆ خۆیانیان داناوە و بەبوونەوەرەکانی تری کە لە خۆیانیان بەکەمتر دەزانن، ڕەوا نابینن.

بۆ شەوێرا کاتێك هەموو چادرەکان چووبوونە خەو، دان چەرموو کەوتە بیری دایکی و لە تاوان دەستی کرد بەناڵین و قرووسکاندن. دەنگی گریانەکەی کاستوورگریی لە خەو ڕاپەڕاند و چونکە نارەحەت بووبوو هەستا و دان چەرمووی دارکاری کرد. شەوەکانی دیکە حەیوانی بەستەزمان هەرکە هەستی دەکرد لەوانەیە خواکان گوێیان لە دەنگی بێ بە سپاییتر دەیناڵاند. بەڵام زۆر وەخت کە بەتەنیایی لە دەوروبەری لێڕەوار دەسووڕایەوە بەری خەمەکانی بەرەڵا دەکرد و بەدەنگی بەرز دەکەوتە شیوەن و گریان.

ڕۆژەکانی دواتریش چونکە هێشتا ئازاد بوو، دەیتوانی خۆی بداتە دەستی بیرەوەرییە شیرنەکانی کۆنە لان و خڕەکەی نیزیکی و بگەڕێتەوە بیابان، بەڵام بیرەوەریی دایکی لە ویژدانی ویدا لە هەموو ئۆگرییەکی دیکە بەهێزتربوو. دان چەرموو بەهیوا بوو کە وەختێك ئادەمیزادەکان بە مەبەستی ڕاو و شکار لە چادرەکانیان دوورکەونەوە و سەگەکانیان لەگەڵ خۆیان بێنن و بەرن، ڕۆژێك لە ڕۆژان دایکی ببینێتەوە و هەر بەو هیوایەش لە کۆیلەتیدا دەژیا و لە دووریی دایکیدا بەهەناسە ساردی سەری دەنایەوە.

دان چەرموو لەم کۆیلەتییەشدا بەتەواوی بەدبەخت نەبوو، چونکە بەرە بەرە زۆر لە شتەکانی ئەم کۆیلەتییەی وەبەر دڵ دەکەوت و خووی پێوە دەگرتن. پێش هەموو شتێك کەوتە بیری ئەوە کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ کاستوورگری بکا هەتا ئۆگری بێ و خۆشی بوێ و بەو ئاکامە گەیشت کە خاوەنەکەی بێجگە لە ملکەچییەکی ڕووت بۆ فەرمانی شتێکی دیکەی لێ ناوێ، بەرامبەر بەو ملکەچییەش لە زوڵم و لێدان ڕزگاری دەبێ و ژیانی بەخۆشی ڕادەبرێ. جگە لەوەش هێندێ جار کاستوورگری بەدەستی خۆی کوتە گۆشتێکی بۆ دان چەرموو داویشت و کاتی خواردنەکەشی بەسەر سەرییەوە ڕادەوەستا و پێشی پەلامار و دەستدرێژیی سەگەکانی دیکەی دەگرت. ئەم کوتە گۆشتەی دەستی خاوەنەکەی

بۆ دان چەرمووی بایەخی دە دوازدە کوتە گۆشتی دیکەی هەبوو کە لە دەستی ژنەکانی وەردەگرت. ئەمە شتێکی سەیر بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ، لە پێش چاوی دان چەرمووی مەسەلەکە وا بوو.

کاستوورگری هەرگیز نەیدەلاواندەوە، بەو حاڵەش بێچووە گورگ نەیدەزانی بەهۆی لێدانی دەستە قورسەکانی خاوەنی، یان توانای لە ڕادەبەدەری، یان بەچ هۆیەکی ترە کە پەیوەندییەکی توند و لە پسان نەهاتوو لە نێوان دان چەرمووی و ئەو خاوەنە دڵڕەقەیدا پێك هاتووە و ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر دەبێ.

زنجیری دیلی و کۆیلەتیی دان چەرمووی نەك هەر بەزەبری توندی بەرد و دار و گۆپاڵ، بەڵکو بەهێندێ شێوەی ئەفسووناوی و فێڵبازانەش پەرچ دەدرا و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە ئەستۆی قایم دەبوو. بەستراوەیی و پەیوەندیی بەهاوجسنەکەی خۆی واتە سەگەوە کە لە یەکەم ڕۆژەوە بووبووە هۆی کەوی بوون و هاتنی بۆ بەر ئاگری ئادەمیزاد، سات بەسات زیاتر پەرەی دەستاند و خۆی دەگرت. ئەم پەیوەندییانەی لە ژیانی چادرنشینی و لە نێو بەدبەختی و چارەڕەشییەکانیدا زیاتر ڕەگیان داکوتا و، بێ ئەوەی بێچووە گورگ بەخۆی بزانێ بەتێپەڕینی ڕۆژگار بوونە بەشێك لە ژیانی. شتێك کە هێشتا خەیاڵی وی بەخۆیەوە خەریك دەکرد، خەمی دووریی دایکی و هیوای هاتنەوەی و هەروەها ئاواتی وەدەستهێنانەوەی ژیانە ئازاد و شیرنەکەی بیابان لەگەڵ دایکی بوو.

***

## ١١

# دەرکراو

لیپ لیپ هەروا بەڵای گیانی دان چەرموو بوو و هەمیشە ژیانی لێ تاڵ دەکرد. ئەم دوژمنایەتییە ئەخلاقی ویی خراپتر کرد و بێچووە گورگ شەڕانیتر و دڕندەتریش بوو، بەجۆرێك کە لە نێو ئادەمیزادەکانیش ڕەش و ناشیرن و بێزراو بوو. هەروەخت هەنگامەیەك لە نێو چادرەکاندا بەرپا دەبوو، یان شەڕ و کێشەیەك هەڵدەگیرسا، یان هەرا و هۆریایەك ساز دەبوو، یان ژنێك شکایەتی دەکرد کە کوتەگۆشتێکیان لێ ڕفاندووە، هەموو کەس بەدڵنیاییەوە پێیان وابوو دەستی دان چەرمووی تێدایە. ئادەمیزادەکان هەوڵیان نەدەدا بزانن ئەخلاقی بێچووە گورگ بۆچی وا گۆڕاوە؛ ئەوان هەر ئاکامیان دەدی و چونکە ئاکامەکەش ناشیرن و دزێو بوو، بەناچار لێی نارازی بوون. دان چەرموو لە پێش چاوی هەمووان دزێکی بێ شەرم و حەیا، دڕندەیەکی دڵڕەش و بەد ڕەفتار و فیتنەیەکی وەحشی و بێ چاو و ڕوو بوو. کاتێك بەچاوێکی فێڵبازانەوە تەماشای ژنانی دەکرد، هەموو دادەوەرینە سەری و بارانی خڕکەبەردیان بەسەردا دەباراند. هەمیشە دەیانگوت ئەمە گورگێکی وەحشی و بێ چاو و ڕووە و ئاخرەکەی کەتنێك دەکا. ئەمە بوو کە دان چەرموو لە بەرچاوی هەموو کاروانییەکان بێزراو و دەرکراو بوو و هەموویان ناخۆشیان دەویست.

هەموو سەگەکانی کاروانیش چاویان لە لیپ لیپ کرد و لەگەڵ دان چەرموو بوون بەدوژمن، وێ دەچێ ئەوان بەشێوەیەکی ناڕوون ناکۆکیی بنەڕەتیی نێوان خۆیان و بێچووە گورگیان هەست پێ کردبێ و زانیبیان کە ئەو لە لیرەوار لە دایك بووە، بۆیە هەر ئەو دوژمنایەتییە کە لە نێوان سەگی کەوی و گورگی کێویدا هەیە لە نێویاندا دروست بوو. هەر چۆنیك بێ و هۆیەکەی هەرچییەك بووبێ، وەختێك هەموو سەگەکان دژی دان چەرموو ڕاپەڕین، ئەم دوژمنایەتییە بۆ دواڕۆژ بوو بە مەسەلەیەکی توند و جیددی و ئیدی هەست و شعووریان بەرامبەر بەو، گۆڕانی بەسەردا نەهات.

سەگەکان یەك لە دوای یەك، تامی گازی ددانی دان چەرموویان چێشت. بێچووە گورگ زیاتر لەو زەبرانەی لێی دەدران، زەبری دەوەشاند و لە شەڕی یەك بەیەکدا هەمیشە

سەرکەوتوو بوو، هەر بۆیە حەریفەکانی هەتا بۆیان کرابا بەتەنیا لەگەڵی بەرەو ڕوو نەدەبوون و تێکهەڵچوونی لەگەڵ یەکێکیان، بەمانای خەبەردان بەوانی دیکە بوو کە بێن و دابارنە سەری.

پێویستیی خۆڕاگرتن بەرامبەر بەو یەکییەتی و گەلەکۆمەگییە هێندێ شتی بەنرخی فێری دان چەرموو کرد و بێچووە گورگ فێر بوو کە بۆ ڕاوەستان بەرامبەر بەلافاوی هێرشکەران چ بکا و چۆن لە گەرمەی شەڕ لەگەڵ حەریفاندا، لە کورتترین ماوەدا زەبر لە یەك بەیەکیان بدا. دان چەرموو تێ گەیشتبوو کە بەسلامەتی دەرچوون و گیان بەدەربردن لە ئەڵقەی گەمارۆی دوژمنانی زۆردار، شتێکی زۆر پێویستە، بۆیە وەك پشیلەی چوست و چالاکی لێ هات و یەکجار فێڵەزان و وشیار لە کڵ دەرهات. بێجگە لە سەگە جحێڵەکان، سەگە گەورەکانی عەشیرەتیش جارێك لە پێشەوە و جارێك لە تەنیشتەوە بەپەیکەری قورسی خۆیان پاڵیان پێوە دەنا و، ئەویش چ خۆی هەڵاوێشتبا و چ کەوتبایە سەر زەوی، بەهیچ جۆر ئازاری پێ نەدەگەیشت و هەروەك پشیلە لەسەر هەر چوار پەلان لەسەر زەوی دەچەقی. سەگەکان وا فێربوون کە وەختێك بیانەوێ شەڕێك بکەن دەمرێنن و مووی پشتیان ڕاست دەکەنەوە و لاقیان لەبەریەك دەکێشنەوە، بەڵام دان چەرموو فێربوو کە ئەو پێشەکی و کاردروستایەتییە بێ مانایە، وەلا بنێ و ڕاستەو ڕاست دەست پێ بکا. دەیزانی ئەگەر چووکترین دەرفەت بەحەریف بدا، مەترسیی ئەوە هەیە کە حەریفانی تریش پێ بزانن و گەلەکۆمەگیی لێ بکەن؛ بۆیە هەرکە تووشی یەکێك لە حەریفانی دەبوو، بێدەنگ و بێ ئەوەی چووکترین دەرەتان بەدوژمن بدا کە بکەوێتە خۆی و ئامادە بێ، وەك بریسکە خۆی پێدا دەدا و هێندی چاو لەسەر چاو دانێی، هەڵی دەدڕی. تەنانەت ڕۆژێکیان سەگێك بێ ئەوەی بزانێ چ بووە و چ قەوماوە، شانی هەڵدڕا و شلکەی گوێی ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوو.

سەگێك کە بەو جۆرە غافڵگیر دەکرا، بەئاسانی بەپشتدا دەکەوت و کاتێك دەکەوت شاڕەگی ملی دەکەوتە بەر ددانی بێ بەزەییی دوژمن و، بەو پێیە مردنی نیزیك بوو. کوشتنی دوژمنان بەم شێوەیە کارێك بوو کە دان چەرموو لە ڕەگەزی گورگانی دڕندەی بۆ بەجێ مابوو. دان چەرموو لەبەرئەوەی جارێ سنووی نەهاتبووەوە، ددانەکانی ئەوەندە درێژ و بەهێز نەبوون کە بەکەلك وەرگرتن لەم شێوە کارەی باپیرانی کاری دوژمنەکانی یەکلا بکا، بەو حاڵەش بەشێکی زۆر لە سەگە جحێڵەکانی کاروان کەوتبوونە بەر چنگی و بەملی بریندار و هەڵدڕاوەوە گەڕابوونەوە چادرەکانیان، تەنانەت

ڕۆژێکیان لە نیزیك لێڕەوار پەلاماری یەکێك لە دوژمنەکانی دابوو و، هەر بەو شێوەیە بەپشتیدا خستبوو چەند لەحزەیەك بەسەر خاکدا ڕایکێشابوو، پاشان شاڕەگی ملی هەڵدڕیبوو و حەیوانی بەستەزمانی کوشتبوو.

ئەو شەوە هەنگامەیەکی سەیر لە کارواندا بەرپابوو. ئەو کەسانەی چاویان لەو کەتنەی دان چەرموو بووبوو، خاوەنی سەگە کوژراوەکەیان ئاگادار کرد. ژنان کەوتنەوە بیری دزییەکانی بێچووە گورگ و یادی کوتەگۆشتە ڕفێندراوەکانیان زیندوو کردەوە. شکایەتکەران بەهەراوهۆریا، چادری کاستوورگرییان گەمارۆ دا و بەهەڵڵا و هەنگامەی خۆیان جەنجاڵییەکی ناخۆشیان پێك هێنا، بەڵام سوورپێست کە دان چەرمووی لە چادرەکەی خۆیدا پەنا دابوو، بەتوندی لە بەرامبەر ویستی واندا ڕاوەستا و ئامادە نەبوو دان چەرموویان بداتە دەست یان تەمبێی بکەن.

بەڵێ، دان چەرموو لە پێش چاوی ئادەمیزادەکانیش و سەگەکانیش بەجارێك بێزرا و هەتا سنووی نەهاتەوە، هەرگیز ساتێك لە گیانی خۆی ئەمین نەبوو. هەمیشە لە مەترسیی زەبری دەستەیەك و ددانی دەستەیەکی دیکەدا دەژیا و لە مرە و ڕووگرژیی هاوڕەگەزەکانی و تووك و نەفرین و جنێو و لێدان و پێدادانی خواکانی بەولاوە بەشی لە شتێکدا نەبوو. چاوی وریا و کون پشکنی هەمیشە بەچوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی و نیگەرانی هێرشی ئەم دەستەیە و سەرکۆنە و قسەی سووکی ئەو دەستەیە بوو و، هەمیشە ئامادەبوو کە یان بەنیشاندانی ددانە سپی و تۆڵە ئەستێنەکانی بەرەو پێش باز بدا یان بەسووکە مڕاندن و هەڕەشەیەکەوە پاشەکشە بکا.

وەختێك دان چەرموو دەینەڕاند، هیچ کەس لە کاروانەکەیدا نە پیر و نە لاو، نەیدەتوانی بەربەرەکانێی لەگەڵ بکا. هەرچی دڕندەیی و وەحشیگەری و بەدفەڕی لە سروشتیدا هەبوو، لە نەڕاندنەکەیدا دەردەکەوت، بەزمانێك کە وەك ماری سوجەی سوور، دەریدەکێشا و هەڵی دەکێشایەوە، بەو گوێی بەپشت داکەوتوو و چاوی پڕ لە بریقە و بلێسەی ڕق و بێزاری، بەلێوە ئاوەژووبووەکانی و بەقولاپی کەڵپە سپییەکانی، دیمەنێکی ئەوەندە دزێو و سامناکی بەخۆیەوە دەگرت کە هەر پەلاماردەرێکی ناچار دەکرد لەحزەیەك درەنگ هێرشی بکاتە سەر و هەر لەو تاقە لەحزەیەی درەنگ جووڵانی حەریفدا ئەو دەیزانی چۆن کاری خۆی بکا. ئەم دوودڵییە چوو کە تەنانەت لە شەڕی سەگە زەلامەکانیشدا بەجۆرێك جێگای کەلکی دان چەرموو بوو کە حەریف دەسبەجێ تووشی ترس و سامێکی کوشندە دەبوو و هێرشەکەی دەبوو بە پاشەکشەیەکی سەرکەوتووانە.

خێڵی سەگە جحێڵەکان بەرپرسی ئەو ئەشکەنجە و ئازارە بوون کە تا ئێستا دەرهەقی دان چەرموو بەکاربرابوو، چونکە ئەوان ڕێگایان نەدابوو بێچووە گورگ لەگەڵیان بگەڕێ و ببێتە ئاواڵیان، ئەویش ئێستا ڕێگای نەدەدا هیچ کامێکیان لە ئاواڵەکانی جیاببێتەوە و بەتەنیا بگەڕێ. جگە لە لیپ لیپ، هەموویان ناچاربوون لە هەموو جێگایەك لە پەنای یەکتر بن و پاڵ وێك بدەن تا بتوانن لە کاتی پێویستدا بەرامبەر بەدوژمنێکی بێ بەزەیی کە بۆ خۆیانیان دروست کردبوو، ڕابوەستن. سەگێکی چووکەڵە کە لە دووریی چادرەکان بەتەنیایی دەکەوتە بەر چنگی بێچووە گورگ، زۆر چارەڕەش بوو؛ چونکە دەبوو بمرێ یان ئەگەر زیندووش مابایە، بەزەحمەت و بەناڵە و قرووسکەی سامناکەوە لە دەستانی ڕزگار دەبوو و دان چەرموو هەتا نێو چادرەکان ڕەپێی دەنا و کۆمەڵێك مرۆڤ و حەیوانیان وەسەر دەگەڕان.

بێچووە گورگ وای لێ هات کە نەك هەر سەگە وەتاق کەوتووەکانی پەلامار دەدا، بەڵکو هێرشی دەکردە سەر سەگەلێکی تەواویش و کاتێك سەگەلەکە هێرشی خۆی تەواو دەست پێ دەکردەوە، ئەو بەچالاکی و کارامەییەکی تەواو ڕای دەکرد و بەڕادەی پێویست لێیان دوور دەکەوتەوە؛ بەڵام هەرکە یەکێك لەوان لە خۆشیی ڕاو و شکار پێش ئەوانی دیکە دەکەوت و لێی نیزیك دەبووەوە، دان چەرموو لەپڕ بای دەدایەوە سەری و لە چاو لێك نانێکدا مشووری دەخوارد و دووبارە هەڵدەهات. ئەم نەخشە وەستایانەیە هەمیشە سەر دەکەوت؛ چونکە سەگە جحێڵەکان هەمیشە دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەردەچوو، بەڵام دان چەرموو هەموو کاتێك بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و خۆی نەدەدۆڕاند.

ئەم وردە شەڕانە نێو بوێر و بڕانەوەیان نەبوو، بۆ سەگە چووکەڵەکان بووبووە یارییەکی مەرگ هێنەر. دان چەرموو کە لەوان باشتر شارەزای بیابان بوو، کەیفی بەوە دەکرد کە بیانکێشێتەوە نێو مێشەکانی دەوروبەری هەوارگە. لەوێ سەگەکان زوو ڕێگایان لێ ون دەبوو، بە هاوار و هەراوهۆریا بانگی وییان دەکرد و بەناچار تەسلیمی دەبوون. بەڵام ئەو بەهەنگاوی ورد و ئارام غاری دەدا و هەروەك دایك و بابی خۆی لە چەشنی سێبەر بەنێو دارەکاندا تێ دەپەڕی.

فێڵێکی دیکەی دان چەرموو لە سەگە بچووکەکان، ئەوە بوو کە بەپەڕینەوە لە چەند خڕی چووکەڵە، شوێنی خۆی لەوان ون دەکرد و هەرکە دەپەڕییەوە، ئەوبەر بەسپایی لە نێو نەمامەکاندا ڕادەکشا؛ کاتێك هات و هاواری ترس و ناهومێدی لە سەگە ون بووەکان و بەرز دەبوو، ئەو گوێی بۆ هەڵدەخستن و کەیفی پێ دەهات.

بەڵێ، لەو هەلومەرجە پڕ شەڕ و کێشەیە و لە وەزعی دوژمنایەتی لەگەڵ بوونەوەرە زیندووەکاندا، کە هەمیشە یان هێرشی دەکرد یان هێرشی دەکرایە سەر و هەرگیز هیوایەك بەڕاهاتن و کەوی بوونی نەبوو، دان چەرموو هەڵی دەدا و لە باری فکرییەوە بەخێرایی پێش دەکەوت. مەڵبەندی ژیانی شۆرەکاتێك بوو کە گوڵ و ڕیحانەی لێ نەدەڕوا و زەوییەك بوو کە خونچەی خۆشەویستی و پاکی و ئەوین و چاکەی تێدا نەدەپشکووت. تەنیا قانوون کە فێریان کردبوو، ئەوەبوو کە ملکەچی لە خۆی بەهێزتر بێ و لە خۆی بێ هێزتر لە نێو بەرێ. کاستوورگری خوایەکی بەهێز بوو و دان چەرموو دەبوو ملکەچی فەرمانی بێ، بەلام سەگە چووکەڵەکان کە هێزیان لەو کەمتر بوو، بێ دەسەلات بوون و دەبوو لە نێو بچن.

قانوونی گشتیی پەروەردەکردنی ئەوە بوو کە دەبێ بەتوانا و بەهێز بێ، هەر بۆیە دان چەرموو وای لێ هات کە لە هەموو سەگەکانی کاروان بەڕاپەڕتر و چالاکتر بوو و لە ڕاکردنیشدا لە هەموویان خێراتر بوو. بێچووە گورگ بەماسوولکە و دەمارە پۆلایینەکانی خۆی لە هەمووان بەتین و تاوتر، لە هەمووان زاڵمتر و دڕندەتر و گوناهکارتر بوو، لە هۆش و زیرەکی و فێڵ و تەڵەکەشدا دەستی لە هەمووان بڕیبوو. بێچووە گورگ ئاوابوو، دەبوو لە تەواوی ئەو سروشتانەدا لە هەموو حەریفەکانی لە پێشتر بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە مەڵبەندێکی وا پڕ لە دوژمنایەتی و شەڕ و کێشەدا، بەرامبەر بەتەنگانە و دژوارییەکان ڕابوەستێ و زیندوو بمێنێ.

***

## ١٢

# شوێنی پێی خواکان

ئاخری ساڵێ، کاتێك ڕۆژەکان کورت بوونەوە و تەزووی سەرمای شیمال هەست پێ کرا، دان چەرموو دەرفەتێکی لە باری وەدەست هێنا بۆ ئەوەی نەخشەیەك کە زۆرجار بیری لێ کردبووەوە، جێبەجێ بکا، واتە ئازادیی خۆی وەدەست بێنێتەوە.

چەند ڕۆژ بوو لە نێو کاروانەکەدا جموجۆڵێك دەست پێ کرابوو. چادرەکانیان خستبوون و ئەندامانی عەشیرەت بەبار و چەکوچۆڵەوە خۆیان ساز دەکرد لەوێ بار بکەن و بچنە جێ ڕاوگەیەکی دیکە. دان چەرموو بەچاوی داپچڕاو و نیگەرانەوە دەیڕوانییە ئەم ماڵ گواستنەوە نائاساییە و هەرکە دیتی چادرەکانیان خستوون و قەدیان کردوون و بەلەمەکانیان لە قەراخ ئاو ئامادە و باریان کردوون، تێ گەیشت مەسەلە چییە.

وەختێك چەند بەلەمێك لە وشکایی دوورکەوتنەوە و چەند بەلەمێکی تر لە قۆرتی چۆمەکە نەدیو بوون، لەپڕ بێچووە گورگ کە هێشتا لە فکردا بوو، بڕیاری دا کە لە دوای کاروانەکە بمێنێتەوە. لە دەرفەتێك دەگەڕا کە کاروانچییەکان ئاگایان لێی نەبێ و لە هەوارگەکە ڕابکا و خۆی بگەیەنێتەوە قووڵاییی بێشەکان. دان چەرموو بۆ ئەوەی شوێنی خۆی ون بکا، چووە نێو چۆمێك کە تازە خەریك بوو سەهۆڵ بیبەستێ، ماوەیەك لە نیزیك لێڕەوارەکەی مەلەی کرد و پاشان چووە نێو دارستانێکی چڕ و چاوەڕێ ما.

چەند سەعات تێ پەڕین و ئەو خەوێکی خۆشی لێ کەوت. لەنەکاو لە خەو ڕاپەڕی و گوێی لە دەنگی کاستوورگری بوو کە بەناوی خۆی بانگی دەکا. هێندێ دەنگی دیکەش تێکەڵ بەدەنگی خاوەنی بوون و تێ گەیشت کە بێجگە لە کاستوورگری، خێزانی و کوڕەکەشی "میتسا" لەو کەند و کۆژ و گەڕانەدا بەشدارن.

دان چەرموو لە ترسان دەلەرزی و هەرچەند هۆیەکی دەروونی پاڵی پێوە دەنا کە لە حەشارگەکە بێتە دەرێ، بەهیچ جۆرێ لە جێی خۆی نەبزووت. بەزوویی دەنگەکان لە دوورەوە کپ بوون. پاش چەند سەعاتێکی دیکە چاوەڕوانی، بێچووە گورگ لە نێو نەمامەکان هاتە دەرێ تا بەئازادی بەهرە لە سەرکەوتنی نەخشەکە وەربگرێ. پاشان

بەدەوروبەری دارەکانی لیڕەواردا دەستی کرد بەهەڵبەز دابەز. بەڵام تاریکاییی شەویش بەرە بەرە دادەهات و لەنەکاو سەرنجی بۆ لای تەنیایی و تەریك مانەوەی خۆی ڕاکێشرا.

بێچووە گورگ هەڵتووتەکا و لە کاتێکدا گوێی لە بێدەنگیی مەرگ هێنەری لیڕەوار هەڵخستبوو، کەوتە فکرەوە. هەستی دەکرد لە چوار دەوری مەترسی لە هەموو جێگایەك لە کەمیندایە، مەترسییەکی نەدیتراو و نادیار لە سێبەری ڕەشی قەدی دارە زەلامەکاندا خۆی شاردووەتەوە و هەڕەشەی لیّ دەکا.

سەرمایەکی سەخت لێڕەواری دەهەژاند و لەویّ لاپانکە چادرێکی گەرم نەبوو کە بێچووە گورگ پەنای بۆ بەریّ. لاقەکانی سەهۆڵ دەیبەستن و ناچار بوو یەك یەك بەنۆرە هەڵیان هێنیّ و دایان نێتەوە، هێندیّ جاریش کلکە کۆڵکنەکەی بەسەردا دەدان تا گەرم ببنەوە. دیمەنێك لە بیرەوەرییەکانی ژیانی چادرنشینی بەمێشکیدا تیّ پەڕی. هەوارگەو خیوەتە هەڵدراوەکانی و ئاگر و بڵێسە زیندووەکانی دەهاتنە بەرچاو. دەنگی نەرم و ناسکی ژنان و نەڕەی پیاوان و حەپە حەپی سەگەکانی بەبەر گوێدا دەهاتەوە. برسی بوو و ئەو کوتە گۆشتە کاڵانە و ئەو ماسییە کوڵیوانەی وەبیر دەهاتنەوە کە بۆیان داویشتن. لێرە خەبەرێك لە گۆشت نەبوو و بێجگە لە بێدەنگیی پڕ هەڕەشە و لە گێڕانەوە نەهاتووی لێڕەوار، شتێکی دیکە دەست نەدەکەوت.

سەردەمی کۆیلەتی ئەوی نەرم کردبوو، و چونکە هەست بەرپرسایەتیی تێدا نەمابوو، ئێستا دەستەوەستان بوو و، نەیدەزانی چۆن خۆی بەڕێوە بەریّ. لەجیاتی هەراوهۆریا و قاڵمە قاڵمی ژیانی ئاسایی، بێدەنگی و شەوی تاریك دەورەیان دابوو و ئیفلیجیان کردبوو. بەستەزمانە نەیدەزانی چی بەسەر دیّ.

بێچووە گورگ لەرزی. شتێکی زەلام و بەسام بەبەرچاویدا تیّ پەڕی، ئەویش سێبەری بەسامی دارێکی بڵیند بوو کە لەبەر شۆقی مانگەشەو دەرکەوت، چونکە ڕاست لەو کاتەدا مانگ لە هەوران هاتە دەر و لە لێڕەوارەکەی دا. بێچووە گورگ وەختێك تیّ گەیشت چ بووە، ئۆقرەی گرت و بەسپایی ناڵاندی و پاشان لە ترسی ئەوەی نەکا دەنگی ناڵینەکەی سەرنجی ئەو مەترسییانەی لە کەمیندان ڕابکێشیّ، متەقی لە خۆی بڕی.

لەنەکاو دارێکی دیکە لەبەر سەرمای سەختی شەو ڕێك هات و لە ژوور سەرییەوە قرچە قرچێکی وشك و توندی لیّ هات. بێچووە گورگ لە ترسان قرووسکاندی و ترسێکی شێتانە سەرتاپای داگرت. بەستەزمانە هەتا تینی تێدا بوو بەرەو هەوارگە دەخۆی نووسا

و هەستی کرد کە پێویستییەکی لە توانا بەدەر بەپارێزگاری و چاودێریی کۆمەڵێ ئادەمیزاد بەسەریدا زاڵ بوو. بۆنی دووکەڵی ئاگرەکان هەردوو کونە لووتی وی پڕ کردبوو، و هاتوهاواری ڕۆژان لە گوێیدا دەزرنگایەوە. سەرەنجام لە لێرەوار و لە نێو سێبەر و تاریکاییەکەی هاتە دەر هەتا بگاتە بیابانی پان و بەرین و لە شۆقی بێ دریخی مانگە شەو ڕووناکایی و دڵقایمییەك وەربگرێ. وەختێك گەیشتە جێ بەخۆڕایی بۆ چادرەکان گەڕا و ڕووی لە هەرلایەك کرد شوێنەوارێکی چنگ نەکەوت. لەنەکاو وەبیری هاتەوە کە کاروان ڕۆیشتووە.

بێچووە گورگ لە خۆوە ڕاکردنەکەی وەستاند، چونکە نەیدەزانی بەرەو کوێ هەڵێ. بە ناڵە ناڵ و سەرلێشێواوی لە زەوییەکی چۆڵدا کە ڕۆژی پێشتر چادرەکانی لێ هەڵدرابوون ڕاوێچکەی کردن و بۆنی بەشوێنی کاروانەکەوە کرد. ئێستا ئاواتی بۆ ئەو دار و بەردانە هەڵدەخواست کە ژنانی ڕق هەستاو بەسەریاندا دەباراند و خەفەتی ئەو دەستە قورسەی کاستوورگریی دەخوارد کە بێ بەزەیی و بێ ئەمان لێی دەدا. تەنانەت ئەگەر لیپ لیپ بەخۆی و هەموو سەگەکانی کاروانەوە بەمڕەمڕ گەیشتبانە وێ و دابارییبانە سەری، هێشتا پێیان لەسەر چاوی بێچووە گورگ بوو و، گیانی خۆی دەکردە گاوگەردوونی پێ و قەدەمی موبارەکیان.

بێچووە گورگ بەسەرلێشێواوی بەرە بەرە گەیشتە جێ چادرەکەی کاستوورگری و ڕاست لە نێوەڕاستی عەرزەکە، لەو جێگایە کە چادری خاوەنەکەی لێ هەڵ درابوو، دانیشت و پاشان لووتی دە ئاسمان کرد. لە نێو چەند جۆر ئازار و تەشەنا بووندا کە گەرووی ئەویان گرتبوو، لمبۆزی مات و سەهۆڵ بەستووی خۆی لێك کردەوە و ناڵەیەکی درێژ و خەمناکی لە دڵی پڕ جەخاری هەڵکێشا. ئەم ناڵەیە تەریك مانەوە و ترسی وی، ئازاری دووری لە دایکی، خەم و دەردی کوێرەوەری و بەدبەختییەکانی ڕابردووی و ترس و نیگەرانی لە مەترسییەکانی دوا ڕۆژی تێدا دەخوێندرایەوە. بۆ یەکەم جار ئەو، لوورەی درێژ و شوومی گورگانەی لە بنی گەرووییەوە هاتە دەر و هەستی تەنیایی و تەریك مانەوەی لە دیتنی خاکی ڕووتەنی هەوارگەکەی جاران، زیاتر کرد. بێچووە گورگ بەناچار لەو بڕیارە کە بۆ مانەوە دابووی پاشگەز بووەوە و خۆی بەنێو لێرەواردا کرد و وای بەباش زانی کە لێواری چۆمی بگرێ و لەگەڵ ئاوی ڕووبارەکە بەرەوخوار بڕوا.

بێچووە گورگ تەواوی ڕۆژێ بێ پشوودان غاری دا. دەتگوت ئەو لەشە پۆلایینەی نازانێ ماندوویی چییە و هەربۆیە دروست بووە کە هەمیشە غاربدا. توانا و خۆڕاگریی

میراتی باب و باپیرانی، ئەو دەرەتانەیان بۆ پێك هێنابوو کە هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلادا بێ و زۆر لە لەشی کوتراو و ماندووی خۆی بکا کە دیسان هەر غاربدا و بەرەو پێش بچێ. لە هەر جێگایەك ئەو چۆمە مەزن و خورێنە خورێنتر دەبوو، دەوری دەدایەوە و بەسەر لووتکەی شاخەکاندا دەڕۆیشت؛ و لە هەر شوێنێکیش تووشی خڕ و ڕووباران دەبوو، یان بەمەلە یان لە بوارەکان دەپەڕییەوە. هێندێ جاریش بەسەر ئەو لەتکە سەهۆڵانەدا تێ دەپەڕی کە لە قەراخ ئاوەکە خەریك بوو دەیبەستن و زۆرجاریش هەڵدەخلیسکا و لە ئاوێ دەکەوت و، لەو کاتانەدا بۆ ئەوەی نەخنکێ بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکە دەکەوتە مەلە و لەگەڵ شەپۆڵەکان مل بەملەی دەکرد. لە هەموو جێگایەك بیروهۆشی هەر لەسەر شوێن پێی خواکان بوو و تەنیا ترس کە بووی، ئەوە بوو کە نەکا کاروانەکە لە لێواری چۆمی لای دابێ و بەرەو بیابان ڕۆیشتبێ.

دان چەرموو هۆش و زیرەکییەکی هەبوو کە زۆر لە ژوور هاونەوعانی خۆیەوە بوو، بەو حاڵەش هێشتا هێزی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەوەندە پێ نەگەیشتبوو کە پەڕینەوەی بەلەمەکان لە چۆمی مەکەنزیی بێتەوە بیر و ئەویش بپەڕێتەوە ئەوبەری چۆمەکە. ئەگەر بێچووە گورگ پەڕیبایەوە ئەوبەر و لەوێ وە دوای شوێن پێی خواکان کەوتبایە چ دەبوو؟ ئەم فکرە بۆ تاکە ساتێکیش بەمێشکی دان چەرمووادا نەهات. ڕەنگە دواتر وەختێك زیاتر لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گەڕا و تەمەن و ئەزموون و تێگەیشتنی بەرەوژوورتر چوو و زیاتر شارەزای شوێن پێیەکان و چۆمەکان بوو، فکری ئەو جۆرە شتانەی بەمێشکدا هاتبێ و بیری لێ کردبنەوە؛ بەڵام لەم کاتەدا کوێرانە و بێ بیرکردنەوە دەڕۆیشت و بێجگە لە لێواری چۆمی مەکەنزی کە پێیدا دەڕۆیشت، هیچ شتێکی دیکەی بەمێشکدا نەدەهات.

بێچووە گورگ تەواوی شەوی دواتریشی بەغاردان بردە سەر و لە تاریکاییدا تووشی هێندێك کەند و کۆسپ بوو کە تێپەڕینەکەی وە درەنگ خست، بەڵام هەرگیز ڕانەوەستا. لای نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم لەشە پۆڵایینەکەی لەگەڵ ئەو هەموو تین و توانایە کە بووی، چەما و تەنیا ئیرادەی پتەوی بوو کە هەروا ئەوی بەسەر پێوە ڕادەگرت. سی سەعات بوو غاری دەدا و چل سەعات بوو هیچی نەخواردبوو، هەربۆیە هێز و توانای بەرەو کەمایەسی دەچوو. لەبەرئەوەی چەند جار دەئاوی سارد کەوتبوو، کوڵکە جوان و پڕشکۆیەکەی وەك لبادەکۆنێك شێوابوو و بووبووە سیپاڵ.

بەری پێیانی کە وەك سەرینی نەرم بوون، سڕ بووبوون و خوێنیان لێ دەچۆڕا. بەرە

بەرە کەوتە شەلین و سەعات بەسەعات شەلینەکەی زیادی دەکرد. بۆ نەگبەتی، ئاسمانیش نێوچاوانی گرژکرد و دای دایە بەفرێکی قورس و شڵێوە و باکوت. بەفر لە ژێر پێیدا ڕۆ دەچوو و هەڵدەخلیسکا. بەرە بەرە وڵات سپی بوو و دیمەنەکانی ڕێگا لە پێش چاوی بێچووە گورگ ون بوون و ئەم پێشهاتەش ڕۆیشتنەکەی وی سستتر کرد.

لەو شەوەدا کاستوورگری بڕیاری دابوو کە لەوبەری چۆمی مەکەنزی دابەزێ و چادر هەڵدا، بەڵام لای ئێوارێ گاکێوییەك لەو بەرەی ئاوەکە کە دان چەرمووی پێدا دەڕۆیشت، بۆ ئاو خواردنەوە چووبووە گوێی چۆمی و "کلووکووچ" خێزانی کاستوورگری دیتبووی. ئەگەر ئەو حەیوانە نەهاتبایە ئاو خواردنەوە، و ئەگەر میتسای کوڕی کاستوورگری لەبەر بەفر بارین، کاروانەکەی نەهێنابایە قەراخ چۆمی و، ئەگەر کلووکووچ خێزانی کابرای سوورپێست شوورەکەی نەدیتبایە و ئەگەر کاستوورگری زۆر بەئەنگێوەیی تفەنگی لێ نەدابایە، داستانەکەی ئێمە ڕەوتێکی دیکەی پەیدا دەکرد: بێچووە گورگ سوورپێستی نەدەدی و بەوێدا تێ دەپەڕی، دوورتر دەڕۆیشت و سەرنجام یان دەمرد، یان دەچووەوە نێو براکێوییەکانی و دەبوو بەیەکێك لەوان و هەتا ئاخری ژیانی بەگورگایەتی دەژیا.

شەو تاریك بووبوو. بەفر هەروا قورس و بەکلووی زل زل دەباری. دان چەرموو بەدەنگێکی کز دەینالاند و لە جاران زیاتر هەڵ دەخلیسکا و دەشەلی کە لەنەکاو لەسەر عەرزی سپیی قەراخ چۆم، چاوی بەشوێنێکی تازە کەوت. شوێنەکە ئەوەندە تازە بوو گومانێکی لەو بارەیەوە کە خاوەنەکەی کێیە، بۆ دان چەرموو نەهێشتەوە.

لە خۆشییان هێزێکی تازە بەبەربێچووە گورگدا کرایەوە و لە قەراخ چۆمییەوە تا نێو دارەکان بەدوای شوێنەکەدا ڕۆیشت. زۆری پێ نەچوو کە دەنگی چادرنشینەکانی هاتە بەرگوێ و دەسبەجێ چاوی بەشۆقی ئاگر کەوت. کلووکووچ خەریکی چێشت لێنان بوو و کاستوورگری لەبەر ئاگر هەڵترووشکا بوو، قەپاڵەی لە کوتە پیوێکی کاڵی کەڵەکێوی دەدا. چادرەکان بۆنی گۆشتی تازەیان لێ دەهات.

دان چەرموو لەسەر زگ خزی و وردە وردە چووە پێش تا گەیشتە بەر ئاگرەکە. کاستوورگری هەرکە چاوی بەو کەوت، دەمی لە جوینی پیوەکە وێستا. دان چەرموو لە شەرمان سەری داخست و ڕاستەو ڕاست بۆ لای چوو، هەتا لێی نیزیکتر دەکەوتەوە بەسپاییتر و بەزەحمەتتر بۆ لای دەخزی. سەرەنجام لە بەرپێی خاوەنەکەی درێژ بوو. خاوەنی بوو چونکە بێچووە گورگ بە ویست و ئارەزووی خۆی هاتبوو، کەوتبووە بەرپێی و ئازادیی خۆی تەسلیم بەو کردبوو.

بێچووە گورگ لە ترسی سزادانێك كە مسۆگەر دەبوو تووشی بێ، دەلەرزی. دەستی كاستوورگری بەژوور سەریەوە جوولا و بێچووە گورگ لە ترسان نەوی بوو و خۆی كوشم هەڵێنا. بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەكەی زەبرێك وەسەری نەكەوت، ئەو دەم غیرەتی وەبەرخۆی ناو تەماشای سەرەوەی كرد و دیتی كە كاستوورگری ئەو كوتە پێوەی بەدەستییەوەیە دەیكاتە دووبەش. كابرای سوورپێست بەشێكیانی دا بەو. بێچووە گورگ زۆر بەسپایی و بێ ئەوەی بەتەواوی لەو بەخشینە دڵنیا بێ، لە پێشدا بۆنی بەكوتە پیوەكەوە كرد و پاشان خواردی. كاستوورگری فەرمانی دا گۆشتی بۆ بێنن و، لە كاتێكدا دان چەرموو خەریكی خواردن بوو، بۆ خۆی لە دەستدرێژیی سەگەكانی تری دەپاراست.

دان چەرموو كاتێك تێری خوارد لە بن پێی كاستوورگری ڕاكشاو بەئۆگرییەوە سەیری ئەو ئاگرەی دەكرد كە گەرمی دەكردەوە. چاوەكانی دەكەوتنە سەریەك و بۆخۆشی دەچووە خەوێكی شیرنەوە. چونكە لێی ڕوون بوو سبەینێ ئیدی لە نێو لێڕەواری تاریكدا سەرگەردان نابێ، بەڵكو هاوڕێی بنیادەمان و لە خزمەت ئەو خوایانەدا دەبێ كە لەش و گیانی خۆی تەسلیم كردوون و بووەتە ملكیان.

***

## ١٣

# پەیمان

لە کۆتاییی مانگی کانوونی یەکەم (دیسامبر)دا کاستوورگری بڕیاری دا لەگەڵ کلووکووچی خێزانی و میتسای کوڕی، سەفەرێك بەسەر سەهۆڵەکانی چۆمی مەکەنزیدا بکا. سوورپێست بۆ خۆی و ژنەکەی خێشکێکی گەورەی هەڵبەست کە سەگە زەلامەکان ڕایان دەکێشا. خێشکێکی چووکتریش بۆ میتسا ساز کرا کە سەگە بچووکەکانی کاروانیان پێوە بەستن. خێشکی دووەم پتر وەك قوماری منداڵان دەچوو، لەگەڵ ئەوەش، میتسا کە لاو بوو و تازە دەیەویست جێگای خۆی لە جیهاندا بکاتەوە، زۆری کەیف پێ دەهات و تەنانەت شانازیی پێوە دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە لێخوڕینی خێشکەکە و بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی سەگەکانیش لەسەر خۆی بوو، جگە لەوانە ئەم خێشکە چووکە بێ کەڵکیش نەبوو، چونکە بەشێك لە کەلوپەل و توێشووی سەفەرەکەی هەڵدەگرت.

بێچووە گورگ سەگانی دیکەی کاروانی لە ژێر خێشکدا دیتبوو، بۆیە کاتێك بۆ یەکەم جار ئەویشیان بەخێشکەوە بەست، زۆری بەدفەڕی نەکرد و ناڕەحەت نەبوو. قەڵەدەیەکی دوو توێی ئاخنراو لە خەنەتیلکەی نەرمیان لە ملی کرد و دوو قایشی درێژیان لە قایشێك خست کە ڕاست و چەپ لە سنگ و پشتی قایم کرابوو. چەرمە ڕاست و چەپەکە پەتێکی درێژی تێ خرابوو کە بۆ ڕاکێشانی خێشکەکە بەکار دەهات.

شەشە سەگی دیکەش هاوزنجیری دان چەرموو بوون و لەگەڵ وی لە خێشکەکە خران. ئەم سەگانە کە لە سەرەتای ساڵدا لە دایك بووبوون نۆ، یان دە مانگ لە تەمەنیان ڕادەبرد، لە حاڵێکدا دان چەرموو تەمەنی لە هەشت مانگ پتر نەبوو. هەریەك لە سەگەکان بەپەتێکی جیا لەوانی دیکە بەخێشکەوە بەسترابوو، ئەو پەتەش لە ئەڵقەیەك دەخرا. ئەو پەتانە دوو دانەشیان بەقەد یەکتر نەبوون و جیاوازیی درێژاییی هەرکامێکیان بەئەندازەی درێژاییی لەشی ئەو سەگە بوو کە پێیەوە بەسترابوو. ئەم خێشکە جۆرە خێشکێکی تایبەتی بوو کە لە توێکڵی داری ″قان″ دروست کرابوو و نووکەکەی وەك نووکی کاڵە تێ هەڵبووبووەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ خیشکەکە لە بەفر ڕۆبچێ. باری

خێشكەكە بەشێوەیەكی وەك یەك بەسەر ڕووبەرەكەیدا دابەش كرابوو و لەوێوە سەگەكان وەك پەڕەكانی باوەشێنی چینی لێك جیا دەبوونەوە.

كورت و درێژیی پەتەكان، پێشی بەشەڕ هاتنی سەگەكانی دەگرت، چونكە بەو جۆرە هەر سەگێك دەمی تەنیا دەگەیشتە سەگەكەی دوای خۆی و ئەگەریش ویستبای ئاوڕ بداتەوە قەمچیی خێشك ئاژۆیەكە بەسەروچاویدا دەبارین. بەپێچەوانە ئەگەر ویستبای پەلاماری سەگی پێش خۆی بدا بەناچار دەبوو پەتی خێشكەكە بكێشێ و ڕۆیشتنەكەی توندتر بكا، سەگی پێشەوەش بۆ ئەوەی ئازارێكی پێ نەگا ناچار بوو خێراتر بڕوا و بەم جۆرە خێشكەكە دەردەپەڕی و خێراییەكەی پتر دەبوو.

میتساش وەك بابی خۆی ئاقڵ بوو و زۆرجار ئاگای لێ بوو كە لیپ لیپ دان چەرمووی ئازار دەدا، بەڵام چونكە لیپ لیپ سەگی سووڕپێستێكی دیكە بوو، میتسا نەیدەتوانی ڕقی خۆی پێ بڕێژێ، ئەوەندە نەبێ كە جاروبار بەردێكی پێدا بدا. ئێستا كە ئەو سەگە زاڵمەیان لە خێشكەكەی ئەو بەستبوو، میتسا كەوتە خۆ بۆ ئەوەی ئاگری ڕقی خۆی بەئاوی تۆڵە بكوژێنێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە ئەوی لە درێژترین پەتی خێشكەكە خست. لیپ لیپ بەم كارە، بوو بەپێشەنگی كاروان و ئەمە بەرواڵەت بەشانازییەك دەژمێردرا، بەڵام لە ڕاستیدا چونكە دەستی بەسەر سەگەكانی دیكەدا نەدەرۆیشت نەیدەتوانی كارێك بكا و بەپێچەوانە دەكەوتە بەر ڕق و قین و بێزاریی هەموویان.

سەگانی كاروان لە لیپ لیپ بێجگە لە كلكی قیت و كۆڵكن و ئەو لاقانە كە بەنۆرە لە زەوی دەدران و هەڵدەستانەوە و هەمیشە لە ڕاكردندا بوون، شتێكیان نەدەدی و، ئەو دیمەنە لەگەڵ یاڵی وەك نەشتەر ڕاست بووەوە و ئەو ددانە تیژانە كە جاران لێیان دەدی، فەرقی زۆر بوو. سەگەكان كە هەمیشە لیپ لیپیان لەو وەزعەدا دەدی لە مێشكی خۆیاندا وایان لێك دەدایەوە كە لەوان دەترسێ و لەبەریان هەڵدێ. بۆیە وەغیرەت كەوتبوون و هەمیشە دەیانەویست دابارنە سەری.

هەركە خێشك لە جێی خۆی بزووت، سەگەكانی كاروان بەدوای لیپ لیپدا وەڕێ كەوتن و هەتا ئێوارێ بەدوایدا غاریان دا. لیپ لیپ كە بەو ڕاونانەی وان نارەحەت بووبوو لە ڕەگی غیرەتی درابوو، وردە وردە تووڕە بووبوو و چەندجار بڕیاری دابوو باداتەوە سەریان و مشووریان بخوا، بەڵام هەموو جارێ قەمچیی درێژی میتسا سەروچاوی داڕووشاندبوو و ناچاری كردبوو بگەڕێتەوە جێگای خۆی و توندتر بڕوا. بۆ لیپ لیپ

کـێشانـی بـاری زوڵـمـوزۆری سەگـەکـان و بـەربـەرەکـانـێ لـەگـەڵـیـان ئـاسان بـوو، بـەڵام بەرامبەر بەو قەمچییە سامناکە کە وەك مار دەیوەشاند و ناچاری دەکرد بێجگە لە خێشك ڕاکێشان و غاردان و قبووڵکردنی ئازاری ئاواڵەکانی کارێك نەکا، نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێ.

میتسا فێڵێکی باشتر لە پێشووی دۆزییەوە. سوورپێست بۆ ئەوەی ڕاونانی سەگەکانی توندتر بکا و غیرەتی لیپ لیپ زیاتر بشکێنێ بەرواڵەت مایەی زیاتری بۆ دانا و بەم جۆرە هەستی ڕق و قینی سەگەکانی دەرهەقی ئەو زیاتر هان دا. میتسا لە پێش چاوی سەگەکان گۆشتێکی زیاتری دەدا بە لیپ لیپ؛ سەگەکان بەو کارە زۆر تووڕە دەبوون و لە کاتێکدا لیپ لیپ لە ژێر پارێزگاریی قەمچیی میتسادا خەریکی گۆشت خواردن بوو، ئەوان دەورەیان دەدا و بەڕق و قینەوە کەڵپیان لێ گڕ دەکرد. جارجاریش کە گۆشت دەست نەدەکەوت میتسا لیپ لیپی لە سەگەکانی دیکە جیادەکردەوە و بەجووڵاندنی دەست وای نیشان دەدا کە گۆشتی دەداتێ و لەم ڕێگایەوە، سەگەکانی فریو دەدا و ئەوانی لە لیپ لیپ تووڕە دەکرد.

لەو لاشەوە دان چەرموو سەری داخستبوو و بەئاسوودەیی خەریکی کاری خۆی بوو. ئەو ڕێگایە کە بۆ گەیشتنەوەی لای خواکان بڕیبووی، چەندجار درێژتر لەو ڕێگایە بوو کە ئێستا دەبوو بی بڕێ، ئەویش لە سەگەکانی دیکە باشتر دەیزانی کە سەرپێچی و یاخیبوون سوودێکی نییە. لە لایەکیش ئەو ئەزیەت و ئازارەی لە چنگی سەگەکانی دیتبووی زیاتر لە جاران ئەوی هاویشتبووە کۆشی ئادەمیزادەکانەوە. دایکی لە بیر چووبووەوە و ئێستا بێجگە لەوە کە خواکان واتە خاوەنەکانی لە خۆی ڕازی بکا، بیری لە هـیـچ نـەدەکـردەوە. لـەبـەر هـەمـووی ئـەمـانـە، دان چـەرمـوو ملـی بـۆ کـاری زۆر گـرانـیش ڕادەکێشا و هەوڵی دەدا پەیڕەوی لەو نەزم و نیزامە بکا کە بۆی دادەنرێ و هەمیشە گوێ لـە مست و ئـامـادەی بـەڕێوەبـردنـی فـەرمـان بـێ. نیـازپـاکـی و بـەئـەمـەگـی لـە سروشتـە بەرچاوەکانی ئەو سەگ و گورگە کێوییانەن کە ماڵی دەبن و بێچووە گورگ هەردوو ئەم سروشتەی بەپلەی هەرە بەرز تێدا هەبوون.

دان چەرموو جگە لە وەختی کار پێوەندی و تێکەڵییەکی لەگەڵ سەگانی کاروانەکە نـەبـوو. ئـەو ڕۆژانـەی هـەر لـە بیـربـوون کـە لیـپ لیـپ سەگـە چووکـەکـانـی کـاروانـی تـێ بەردەدان و ئەویان ئەزیەت و ئازار دەدا. ئێستا ئەم وەزعە نا لەبارە بۆ لیپ لیپ خۆی پێك هـاتـبـوو، چـونـکـە نـەیـدەوێرا لـە خـواکـان جـیـابێتـەوە و، هـەرکـات سێبـەری یـەکێك لـە

کاستوورگری و میتسا و کلووکووچی لەسەر نەبووایە، تەواوی سەگەکان شاڵاویان بۆ دەبرد. دان چەرمووو کەیفی بەدیتنی ئەم دیمەنە دەهات و بەئارەزووی خۆی لە پیاڵەی تۆڵە سەرخۆش دەبوو. هێشتا سەگەکانی دیکەشی نەبەخشیبوو و هەرکات دەرفەتێکی لە باری بۆ ڕەخسابا بەخزمەتیان دەگەیشت و قانوونی "لاواز لە نێو بەرن و فەرمانی بەهێز جێبەجێ بکەن"ی لە بارەی واندا بەڕێوەدەبرد. هیچ کام لە سەگەکانی کاروان تەنانەت ئەوی هەرە ئازاشیان نەیدەوێرا بەشە گۆشتەکەی وی بدزێ. بەپێچەوانە هەموویان خواردنەکەی خۆیان زۆر بەپەلە قووت دەدا نەوەك بێچووە گورگ بگاتە سەریان و بەزۆر لێیان بستێنی. ئەویش زۆر بەپەلە بەشە خۆراکی خۆی دەخوارد و ئەودەم هاوار بەحاڵی سەگێك کە نەیتوانیبوو خواردنەکەی تەواو بکا. هەرکات بەدبەختێکی وا پەیدا بووایە مراندنێك و ددان گرکردنێکی بێچووە گورگ بەس بوو بۆ ئەوەی بەستەزمانە وەلا کەوێ و سکاڵای خۆی لەگەڵ ئەستێرە بێ سەر و زمانەکانی ئاسمان بێنێتە گۆڕێ و بێچووە گورگ لەجیاتی وی گۆشتەکەی قووت دەدا.

بەم جۆرە دان چەرمووو هەلومەرجێکی تەریك بەڵام قورس و سەنگینی بۆ خۆی دروست کرد و سەگە سەرکێشەکانی بەزۆری و زۆرداری هێنایە سەر ڕێگای ڕاست. نەزم و نیزامێك کە ئەو بەسەریدا سەپاندبوون، لەوە توندتر بوو کە خواکان لەویان دەویست. ئەو ڕێزێکی بێ ئەملا و ئەولای لە سەگەکان دەویست و چووکترین بیری سەرپێچی و بەربەرەکانێی لە لایەن ئەوانەوە بەتاوانێکی گەورە دەزانی؛ بەکورتی بێچووە گورگ بووبوو بەزۆردارێکی سەرەڕۆ و فەرمانڕەوایەکی دڵڕەق و بەدرێژایی سەفەرەکە وەزعی وی لە نێو سەگەکاندا بەگەورە و چووکەوە، جێگای ئێرەیی و ئارەزووی هەمووان بوو.

چەند مانگ تێ پەڕین و کاستوورگری هەروا درێژەی بەسەفەر دا. توانای لەشی بێچووە گورگ بەڕاکێشانی خێشك و ڕاکردن بەسەر بەفر و سەهۆڵدا، زیادی کردبوو و بیر و ئەقڵ و هۆشیشی هەر بەو ڕادەیە هەڵیان دابوو. دان چەرمووو بازنە (دایرە)ی ئەو جیهانەی کە لە نێوەڕاستیدا دەژیا، بەتەواوی پێی وابوو و بیر تێگەیشتنێك کە لەم گەڕانەدا هاتبوونە مێشکییەوە هەموویان لە ڕاستەقینەوە هاتبوون و لە خەیاڵ و گومان بەدوور بوون. مانای دنیا لە بەرچاوی گۆڕا بوو و سەرەنجام دنیایەکی زۆردار و وەحشی و بێ بەزەیی لە بەرامبەر خۆیدا دیتبوو، دنیایەکی بەتاڵ لە میهرەبانی و خۆشەویستی کە گەرمایی بەدڵان نەدەبەخشی و پاکی و سەفای نەدەدا بەگیانان.

دان چەرمووو لە دڵی خۆیدا خۆشەویستییەکی بەرامبەر بە کاستوورگری هەست پێ

نەدەكرد، چونكە هەرچەند كاستوورگری خوای وی بوو، بەڵام جیا لە هەموو شتێكی دیكە، خوایەكی وەحشی و بێ هەست و سۆز بوو كە هەرگیز دەستی لاواندنەوەی بەسەریدا نەدەهێنا و باسی میهرەبانی و وەفای بەزماندا نەدەهات. دان چەرموو لەو بارەیەوە خۆشبەخت بوو كە دەیزانی لەبەرئەوەی ماوەیەك لە بیابان ژیاوە لە بارەی هێزی جسمییەوە لە هەموو هاوڕێ و هاوتەمەنەكانی بەرەوژوورترە، بەڵام لە سروشتی و لە قووڵاییی هەناویدا هێندێ هەستی نەناسراو هەبوون كە كاستوورگری لێیان بێ خەبەر بوو. كابرای سوورپێست دادپەروەریی بەزەبری گۆپاڵ بەڕێوە دەبرد، بەڵام هەرگیز پاداشی چاكە و لێوەشاوەیی و خزمەتەكانی بەلاواندنەوە نەدەدایەوە، بەڵكو پێی وابوو لێنەدانەكە بەسە.

دەستی مرۆڤ كە دەیتوانی بلاوێنێتەوە و نەرم و میهرەبان بێ، لە بەرچاوی بێچووە گورگ، ئەندامێك بوو كە هەر بۆ بەرد هاویشتن و كوتان و كوتەك و قەمچی وەشاندن و نقورچك گرتن و گۆشت و مووی حەیوان كێشان و ئازاردان دروست كرابوو. زۆردارتر لە دەستی پیاوان دەستی منداڵان بوو، دان چەرموو هەروەخت كۆمەڵێك لەوانی لە دەوری چادرەكان دەدی، گیانی دەلەرزی. جارێكیشیان زۆری نەمابوو یەكێك لەو منداڵە كز و لاوازە سوورپێستانە چاوێكی كوێر بكا، لەو كاتەوە ئیدی دان چەرموو نەیتوانی دەرهەقی منداڵان لێبووردن و چاوپۆشینی هەبێ. بێچووە گورگ هەروەختێك دەیدی منداڵان بەدەستی ڕاستكراوە و پڕ هەڕەشەوە بۆ لای دێن، دەیزانی مەسەلە چییە و دەسبەجێ ڕای دەكرد.

ماوەیەك دوای ئەوە، ڕۆژێكیان لە دەوروبەری ئەو چادرانەكە لە نیزیك گۆلی گەورەی كۆیلەكان هەڵیان دابوون، بێچووە گورگ بۆ یەكەم جار، قانوونێكی شكاند كە بۆ خۆی لە كاستوورگریی فێر بووبوو. بەپێی ئەو قانوونە گەورەترین تاوان كە هەرگیز بۆ لێخۆشبوون نەدەبوو، ئەوەبوو كە سەگێك خوایەك بگرێ. دان چەرموو بەپێی ئیزنێك كە بەهەموو سەگەكان درابوو لە نێو چادرەكاندا پیاسەی دەكرد و لە خواردەمەنی دەگەڕا. كوڕێكی مێر منداڵ بەتەورگۆشتی سەهۆڵ بەستووی كەڵەكێویی ورد دەكرد و لەگەڵ لێدانی بیورەكە هێندێ وردە گۆشت دەپڕژانە نێو بەفرەكە. دان چەرموو ڕاوەستا و دەستی كرد بەهەڵگرتنەوە و خواردنی ئەو وردە گۆشتانە. لەنەكاو دیتی مێر منداڵەكە بیورەكەی دانا و گۆپاڵێكی تاودایەو بۆی هات. دان چەرموو بۆ خۆ دەربازكردن لە لێدانی بەناهەق، دەسبەجێ كشایەوە و هەڵات. كوڕەكە وەدوای كەوت و لەبەرئەوە بچووە گورگ نێو

چادرەکانی ئەو عەشیرەتە شارەزا نەبوو و نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ بەرێ، لەنەکاو لە نێو دوو چادراندا کە لە بن کۆگڵێکی گەورە هەڵدرابوون گیری کرد.

بێچووە گورگ بێجگە لە مەودای تەنگی نێوان دوو چادرەکە، واتە ئەو جێگایە کە پێیدا هـاتبوو، ڕێگـایـەکـی دەربـازبـوونـی نـەبـوو، ئـەویش مـێرمـندالـە سوورپـێستەکە گرتبووی. مێرمنداڵەکە گۆپاڵی هەڵێنابووەوە و دەیویست لە دان چەرمووی ڕاکێشێ. بێچووە گورگ چاکی ڕق هەستابوو. دیارە ئاگای لەو قانوونە هەبوو کە دەڵێ "خواردەمەنی لەقەدەر تێر خواردن حەڵاڵە" و دەیزانی بەپێی ئەو قانوونە سەگان هەقیان هەیە لە هەر کوێیەك وردە گۆشت و ئێسکیان دی، کۆی بکەنەوە و بیخۆن. کەوابوو تاوانێکی نەکردبوو و تووشی قانوون شکاندنێك نەبووبوو، کەچی ئەو مێرمنداڵە بێ ویژدانە دەیەویست لێی بدا. ئیدی بێچووە گورگ بۆ خۆشی نەیدەزانی چ بووە و لە ڕقان بەشێوەیەکی سامناك خۆی بەجەلادەکەیدا دا. کوڕەکەش نەیدەزانی چ قەوماوە، بەڵام، وەختێك بەخۆی زانی کە لە بەفر گەوزیوە و ئەو دەستەی گۆپاڵەکەی پێ گرتبوو، بەتوندی بریندار بووە.

دان چەرموو نەیدەزانی بەو کارەی خۆی قانوونی خواکانی شکاندووە و ددانی لە گۆشتی پیرۆزی یەکێك لەوان ڕۆ کردووە و ناچار دەبێ چاوەڕوانی سزایەکی زۆر توند بێ، ڕای کرد خۆی گەیاندەوە چادری خاوەنی و لەبەر پێی کاستوورگری درێژبوو. لەپڕ دیتی کوڕەکە و بنەماڵەکەی هاتوون و داوای تۆڵە دەکەن.

شکایەتکارەکان ناچار بوون بێ ئەوەی ئاکامێکیان دەست کەوێ بڕۆنەوە؛ چونکە کاستوورگری و میتسا و کلووکووچ بەرگرییان لە بێچووە گورگ کرد. حەیوان گوێی دەدایە شەڕە جنێوی ئەو دوو دەستەیە و سەرنجی دەدایە جموجۆڵی تێکەڵ بەڕق و قینیان. دان چەرموو تێ گەیشت کە نەك هەر کارەکەی بەجێ و ڕەوا بووە، بەڵکو لە جێدا لە نێو خواکانیشدا فەرق و جیاوازی زۆرە. ئەمانەی ئێرە خوای ئەو بوون و ئەوانی ئەوێ خوایانێکی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکیان بەمانەوە نەبوو. بێچووە گورگ دەبوو لە دەستەی یەکەم هەموو شتێك، هەق و ناهەق و زوڵم یان داد پەروەری قبووڵ بکا، بەڵام بەهیچ جۆر ناچار نەبوو زوڵم و زۆری دەستەی دووەم قبووڵ بکا. کەوایە بێچووە گورگ هەقی هەبوو کە ئەگەر دەستەی دووەم زوڵمیان لێ کرد. بەزەبری ددان وەڵامیان بداتەوە. ئەمەش قانوونێکی تری خواکان بوو.

هێشتا شەو دانەهاتبوو کە دان چەرموو هێندێ شتی تازەتر لەم قانوونە نوێیەش

فێربوو. میتسا چووبووە لێڕەوار و خەریك بوو داری سووتاندنی کۆدەکردنەوە کە لەگەڵ کـورە مـنـداڵـەکـەی عـەشیـرەتـی دراوسێ تـووشی یـەك بـوون. هـێـنـدێ قسەی سووك و ناشیرنیان بەیەکتر گوت و زۆری پێ نەچوو کە چەند مێرمنداڵی دیکەی عەشیرەتەکەش پەیدا بوون و بەهەموویان پەلاماری میتسایان دا. شەڕێکی توند هەڵگیرسا و لە چەپ و ڕاستەوە کوتەك بەسەر سەری میتسا دا بارین. دان چەرموو لە پێشدا وەك تەماشاچییەك تێیانەوە ڕاما. پێی وابوو مەسەلەکە پێوەندیی بەخواکانەوە هەیە و هەقی نییە خۆی تێ هەڵقوتێنێ؛ لە پاشان بیری کردەوە کە میتسا یەکێك لە خوایانی تایبەتی خۆیەتی و ئێستاش خواکانی تر ئازاری دەدەن. لەنەکاو بچووە گورگ خۆی بەنێو شەڕ کەرەکاندا دا. چەند دەقیقەیەك دواتر منداڵەکان هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵاتن و خوێنێك کە لە برینەکانیان چۆڕابوو و بەفرەکەی سوور هەڵگێڕابوو، نیشانی دەدا کە ددانەکانی بێچووە گورگ کاری خۆیان کردووە.

پاش گەڕانەوە کاتێك میتسا بەسەرهاتەکەی بۆ بابی گێڕایەوە، کاستوورگری فەرمانی دا گۆشتێکی زۆریان بۆ دان چەرموو هێنا. بێچووە گورگ وەختێك بەچاکی تێر بوو، لەبەر ئاگرەکە ڕاکشا و تێ گەیشت ئەو قانوونەی چەند سەعاتێك پێشتر فێری بووە، خواکان پەسەندیان کردووە، ئەم قانوونە هێندێ ئاکامی تریشی هەبوون: پاراستنی گیانی خواکان و پاراستنی ماڵەکەیان هەنگاوێك زیاتریان بەین نەبوو کە بێچووە گورگ ئەمەشیان زوو تێ گەیشت. دەبوو بەرگری لە هەر شتێك بکا کە دەزانێ هی خواکانی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر ناچار بێ بۆ ئەو کارە خواکانی تریش بگرێ و، ئەگەرچی ئەو کارە لە خۆیدا کارێکی دزێو و ناشیرن و تەنانەت کفریش بێ. خواکان هەموویان بەهێز و توانـان و هـەرگـیـز سەگێك ڕێی نـاکـەوێ لـەگـەڵـیـان بـەشەڕ بـێ. بـەڵام دان چـەرمـوو فێربووبوو بەفیزەوە بەرامبەریان ڕاوەستێ و بێ ترس و دڵەخورپە شەڕیان لەگەڵ بکا، چونکە بەجێ هێنانی ئەرك لە ترس بەرەوژوورتر بوو.

لە لایەکی تر هێندێ خوای ترسەنۆك و بێ غیرەتیش هەبوون، یەك لەوان ئەو خوایانە بوون کە دەهاتن دارەکانی خاوەنی بدزن. بێچووە گورگ پێیان دەوەڕی و ئەو ماوەیەی هـەڵـدەسەنـگـانـد کـە لـە هـاواری ویـڕا هـەتـا هـاتـنـی کـاستـوورگـری درێژەی دەکـێشا. کـاستـوورگـری درەنـگـتـر دەهـات و بـێـچـووە گـورگ هـەستـی دەکـرد کـە درەنگ هـاتـنـی خاوەنەکەی لە ترسانەو هەر ئەو ترسەش دزەکانی ڕزگار دەکرد. لەو جۆرە وەختانەدا بێچووە گورگ لەسەر هاتنی خاوەنەکەی ڕانەدەوەستا و بێ پەروا خۆی بەنێو دزەکاندا

دەدا و ددانی گەیشتبایە هەر جێیەك، دەیگرت و هەڵی دەدڕی. لەبەرئەوەی زۆری حەز بەگۆشەگیری دەکرد و خۆی لە سەگەکانی دیکە دەپاراست لە خۆوە ئەرکی پاراستنی دارایی کاستوورگری بەو سپێردرا و بەڕەسمی بۆ ئەو ئەرکە هەڵبژێردرا. دان چەرموو بەوکارە تازەیە ئەوەندەی تریش سەرکێش و نەسازاو و وەحشی بوو.

بەڵێ، بەم هۆیەوە پەیمانێکی پتەو لە نێوان دان چەرموو و کابرای سوورپێستدا ڕێك خرا و مۆر کرا. بەپێی ئەم پەیمانە بێچووە گورگ ئازادیی خۆی دەدا و لەجیاتی ئەوە دەبوو بەخاوەنی خوایەکی زیندووی بەتوانا کە لە پلەی یەکەمدا ئەوی دەکردە شەریکی ئاگر و خۆراك و هەقی ژیان لە نێو کۆمەڵدا. لە بەرامبەردا، ئەویش ئاگای لە دارایی ئەم خوایە دەبوو و بەرگریی لە خوێشی دەکرد، کاری بۆ ئەو دەکرد و هەمیشە بەرامبەر بەو، ملکەچ و گوێ لە مست دەمایەوە.

تەنانەت دایکیشی بۆ وی لە بیرەوەرییەك زیاتر نەبوو. ئەم بیرەوەرییەش هی ڕابردوو بوو و پێوەندییەکی لەگەڵ ئێستا نەبوو. بێچووە گورگ بۆ ئەوەی بەتەواوی بکەوێتە بەردەستی مرۆڤ، بۆ هەتا هەتایە دەستی لە ئازادیی خۆی هەڵگرتبوو و ڕەگەزی خۆی و بیابانی لە بیر خۆی بردبوونەوە. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێك تووشی دایکیشی بووایە، بەپێی پەیمان، هەقی نەبوو ڕەگەڵی کەوێ و لەگەڵی بچێ. ئەمە ئەرکێك بوو کە دان چەرموو بەرامبەر بەخوایەك کە خاوەنی بوو، بەجێی دەگەیاند، بەڵام لەم ئەرکەدا بەهیچ جۆر ئەوین و خۆشەویستی نەخشی نەبوو، چونکە ئەوین هەستێك بوو کە هێشتا بێچووە گورگ لەگەڵی بێگانە بوو.

***

## ١٤

# قاتی

پێش ئەوەی بەهار دابێ، کاستوورگری سەفەرەکەی کۆتایی پێ هێنا. مانگی نیسان (ئاوریل) بوو، کاتێك دان چەرموو گەیشتەوە هەوارگەی جاران و میتسا پەت و قەڵەدەی لە ملی دەرهێنان، ساڵێکی تەواو لە تەمەنی تێ دەپەڕی. بێچووە گورگ ئەگەرچی هێشتا سنووی نەهاتبووەوە، لە نێو سەگە جحێڵەکانی هەواردا جگە لە لیپ لیپ لە هەمووان گەورەتر و بەخۆوەتر بوو. بێچووە گورگ هێزی جیسمی و پەیکەری درشتی خۆی لە دایك و بابی بەمیرات بۆ بەجێ مابوو، لە باری بەژن و بالاشەوە بەرە بەرە لە تەواوی سەگەکانی کاروان بەرزتر دەبوو. لە چاو ئەو بەژن و بالایەی کردبووی، هێشتا بەجۆرێك کە لەگەڵ ئەندامی درێژ و ڕاکشاوی ڕێك بکەوێ پانوپۆڕ نەبووبوو و هەروا باریك و درێژ مابوو. هێز و توانای لەشیشی زیاتر، لە توانای دەمارەکانیدا بوو. ڕەنگی مووی دان چەرموو وەك گورگان، شینێکی تەواو بوو و بەڕواڵەت تەواو وەك گورگ دەچوو. چواریەکێکی خوێنی سەگایەتی کە لە دایکییەوە بۆی هاتبوو، ئەگەریش شوێنەوارێکی لەسەر مێشك و بیری وی دانابوو، شوێنەوارێکی وا بەرچاوی لە ڕواڵەتی دەرەوەی لەشیدا بەجێ نەهێشتبوو.

بێچووە گورگ لە دەوروبەری چادرەکان دەگەڕا و بەدیتنەوەی ئەو خوایانە کە پێش سەفەرەکەی ناسیبوونی کەیفی دەکرد. پاش دیتنەوەی خوایەکان سەگەکانی بەسەر کردنەوە. تووتکەکان وەك خۆی گەورە بووبوون و سەگە گەورەکانیش وەك جاران لە بەرچاوی گەورە بەسام نەبوون؛ بۆیە بێچووە گورگ ئیدی وەك پێشوو لێیان نەدەترسا و بەسەنگینی، لە خۆبایی بوونێکی تەواوەوە لە نێویاندا دەستی کرد بەگەڕان و کەیفی بەو نەترسان و بێ موبالاتییەش دەهات.

سەگەکان، پیرەسەگێکی خۆڵە پۆتینەیان لە نێودا بوو، بەناوی "بازیك" کە جاران بەچاو مۆڕکردنەوەیەك و کەڵپ گرکردنێك، بێچووە گورگی دەتۆقاند و ناچاری دەکرد لەبەری هەڵێ. بێچووە گورگ لە سەردەمی منداڵیدا چووکەڵەیی و نابووتیی خۆی لە هەڵسەنگاندنی هێز و توانای بازیکدا بۆ دەرکەوتبوو و ئێستاش ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر

هێز و توانا و قەڵافەتیدا هاتبوو، لەوەڕا تێ دەگەیشت، لە حاڵێکدا بازیك پیر بووبوو و بەتێپەڕینی ڕۆژگار تین و توانای لاوەتیی لە دەست چووبوو.

یەکەمین تێکهەڵچوونی ئەم دووانە، لەسەر گۆشتی کەڵە کێوییەك بوو کە تازە کوشتبوویان و دەیانەویست لەتوپەتی کەن. بەشی دان چەرموو یەکێك لە سمەکانی حەیوانەکە و ئێسکە لوولاکێك بوو کە نەختێك گۆشتی پێوە بوو. دان چەرموو لە قوژبنێك بەخاتر جەمی و دوور لە هەرای سەگەکانی دیکە خەریکی خواردنی جیرەکەی بوو کە لەنەکاو بازیك پەلاماری دا. بێچووە گورگیش بەنۆرەی خۆی، خۆی بەو میوانە ناوەختەدا داو برینێکی تێ کرد و پاشان لەبەر دەستی کشایەوە. بازیك لە ورەو ئازایەتی و هێرشی لە نەکاوی بێچووە گورگ سەری سوڕما بوو، مات و حەیران لە حەریفەوە ڕاما. ئێسکە سوور و خوێناوییەکە لە نێو هەردوو حەریفەکەدا مابووەوە.

بازیك کە توانا و شەخسیەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ئەو سەگە جحێڵانەی تاقی کردبووەوە کە پێشتر لێی دابوون، بەئەقڵی دووربینی خۆی گوت کە باشترە ئەو بێ حورمەتییە قبووڵ بکا. پێشتر ئەگەر بێ ئەدەبییەکی وای دیتبایە بێگومان ڕقی هەڵدەستا و دەسبەجێ هێرشی دەکردە سەر دان چەرموو، بەڵام ئێستا کە لاوازی و بێ هێزیی خۆی دەدی، هەر بەوەندە وازی هێنا کە بەفیز و دەمارەوە مووی پشتی ڕاست بکاتەوە و بەبێ موبالاتی و سووکایەتییەوە چاوێك لە بێچووە گورگ بکا. لەو لاشەوە دان چەرموو هێشتا هەستێکی بەترسەکەی جارانی دەکرد. بۆیە چووکەڵە بووەوە و خۆی خڕکردەوە و لە مێشکی خۆیدا خەریکی کێشانی نەخشەیەك بوو کە بتوانێ بێ ئەوەی زۆر تووشی ئابڕوو چوون بێ، پاشەکشە بکا.

بەڵام بازیك مەیدانەکەی جۆرێکی تر دەدی. پیرەسەگ پێی وابوو بەو بەسووکی چاو لێکردنە، بەڕادەی پێویست غیرەتی بێچووە گورگی شکاندووە. دان چەرموو دەیەویست ڕابکا و گۆشتەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ، بەڵام ئەو حەوسەڵەی نەبوو ڕاوەستێ و بەخەیاڵی ئەوەی سەرکەوتنی مسۆگەرە بۆ لای گۆشتەکە چووە پێش. هەر لەو کاتەدا کە بازیك بێ سەرنجدان و پارێز سەری دانواندبوو کە بۆن بەگۆشتەکەوە بکا لەسەرەخۆ موو لەسەر پشتی بێچووە گورگ ڕاست دەبوونەوە. هەتا ئەو وەختەش هێشتا پیرەسەگ یارییەکەی نەدۆڕاندبوو و هیچی لە دەست نەچووبوو، ئەگەر بەئیرادەیەکی پتەوەوە لە جێی خۆی مابایەوە و سەری هەڵێنابایە و بەچاو و ددان هەڕەشەی لە بێچووە گورگ کردبایە، دان چەرموو بەسەرشۆڕی و بەزیوی پاشەکشەی دەکرد، بەڵام بۆنی گۆشتی تازە و بەتام و

لەزەت، بەجۆرێك بەبەر لووتی هەلآ هات کە بەدەست خۆی نەبوو دەسبەجێ سەری بردە پێش.

دان چەرمووی چی دیکە پێی قەبووڵ نەکرا. لەمێژ بوو سەرۆك و فەرماندەری بێ بەرهەڵستی سەگانی هاوسەفەری خۆی بوو و ئێستا نەیدەتوانی لە بەرامبەر سەگێکدا کە دەیەویست بەزۆر بەشە گۆشتەکەی لێ بستێنێ و بیخوا، سەبر و سیکەدانە بەکاربێنێ. دان چەرمووی بەعادەتی خۆی بێ ئەوەی خەبەربدا، دەستی لە حەریفی خۆی وەشاند و بەیەکەم زەبری ددانەکانی، گۆشتی بازیك ڕیشاڵ ڕیشاڵ بوو. هێشتا پیرەسەگ تاساوی زەبری یەکەم بوو کە چەند زەبری دیکەی، توندتر و کاریگەرتری لێ دران. ئێستا بازیك لە عەرزی گەوزیبوو و گەرووی هەڵدڕابوو و، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا ڕاست بێتەوە هەردوو شانیشی بەزەبری ددانی بێچووە گورگ لەبەر یەك هەڵدڕان. پیرەسەگ تەقەلایەکی بێ هوودەی کرد و چەندجار قەپی بەهەوادا کرد، بەلآم تاوێك دواتر لمبۆزیشی بریندار بوو. بەناچار مەیدانی چۆڵ کرد و گۆشتەکەی بۆ حەریف بەجێ هێشت.

وەزعەکە بەتەواوی گۆڕابوو. دان چەرمووی بەقەلآفەتێکی پڕ هەرەشە و مووی کرژکراوەوە، لەسەر ئێسکەکە ڕاوەستابوو، بەلآم بازیك دەکشایەوە و خۆی بۆ هەلآتن ئامادە دەکرد. پیرەسەگ ئیدی نەیدەوێرا خۆی بخاتە مەترسییەوە و دووبارە هێرش بکا، چونکە دەیزانی پەلامارێکی لەنەکاوی بێچووە گورگ سەرەونخوونی دەکا، لە لایەکی تر لە بێ هێزی و پیریی خۆشی ئاگادار بوو؛ بۆیە پەلەقاژەیەکی قارەمانانەی کرد تا ئابڕووی خۆی ڕزگار بکا و، هەروەك لە پێشداش تەمایەکی لە جیرە گۆشتەکەی دان چەرمووی نەکردبێ، ڕووی وەرگێڕا و بەڕەفتارێکی سەنگین و ماقووڵەوە لە مەیدانی شەڕ دوورکەوتەوە. هەتا لە چاوی بێچووە گورگ نەدیو نەبوو ڕانەوەستا و، برینە خوێناوییەکانی خۆی نەلستنەوە.

بەم سەرکەوتنە تازەیە دان چەرمووی زیاتر پشتی بەخۆی بەست و فیز و لەخۆبایی بوونەکەی پتر بوو. لەوە بەدوا، سەنگین و ماقووڵ لە نێو چادرەکاندا دەگەڕا، موبالاتی بەکەس نەدەکرد و ترسی ئازاری هیچ سەگێکی لە دڵدا نەبوو، بەپێچەوانە هەموویان لەوی دەترسان. بێچووە گورگ هەروەك جاران تەنیا و بەد ئەخلاق و نامۆ بوو و بەزەحمەت ئاوڕی وەڕاست و چەپی خۆی دەدا. سەگە گەورەکان ئەویان بەحەریفێکی بەهێز و شەڕکەرێکی لێوەشاوە دەزانی. بێچووە گورگ نەك هەر ڕەفتاری دوژمنانەی ئەوانی قەبووڵ نەدەکرد، بەڵکو ڕێگای ئاشتی و دۆستایەتیشی بەکەس نەدەدا و

دەیەویست کەس تخوونی نەکەویٚ و لێی گەڕێن ئاسوودە بیٚ. هێندیٚ سەگی چاوقایم گوێیان نەدەدایە ئەو مەسەلەیە، بەڵام پاش چەند تێکهەڵچوونی تر لە نێوان ئەوان و دان چەرموودا، بێچووە گورگ ویستی خۆی بەسەردا سەپاندن.

لە نێوەڕاست مانگی هاوینێدا، ڕێکەوتێکی تر بۆ دان چەرموو پێش هات. ڕۆژێکیان بەعادەتی خۆی بێدەنگ و تەنیا پیاسەی دەکرد و دەیڕوانییە چادرێك کە لە وەختی سەفەرەکەیدا لە پەنای چادرەکان هەڵیان دابوو، لەنەکاو چاوی بەکیچ کەوت.

بێچووە گورگ ڕاوەستا و تەماشای کرد. یادی دایکی بەشێوەیەکی لێڵ و تاریك لە مێشکیدا مابوو و هێشتا بەتەواوی لە نێو نەچووبوو. دێڵە گورگ بەدیتنی وی لێوەکانی ئاوەژوو کردنەوە و هەروەك پێشوو بەهەڕەشەوە مڕاندی. ئەو دەم بیرەوەرییەکانی ڕابردوو بەشێوەیەکی ڕوونتر بەمێشکی بێچووە گورگدا هاتنەوە. سەردەمی منداڵی و ئەو یادگارانە کە پێوەندییان بەم مڕاندنە ئاشنایەوە هەبوو، هەمووی وەبیرهاتنەوە. دان چەرموو پێش ئەوەی خواکان بناسیٚ، کیچی بەتەوەرەی ئەم جیهانە دەزانی. شەپۆلی هەستی لەمێژینە و خۆشەویستییەکانی ڕابردوو لە هەناویدا کەوتە جۆش و خرۆش و لە خۆشییان غاری دایە لای دایکی. دێڵەگورگ بەددانە تیژەکانی پیشوازیی لیٚ کرد و زۆر لەگەڵی ڕووگرژبوو. بێچووە گورگ لەم ڕەفتارە هیچ تیٚ نەدەگەیشت و بەسەرسوڕماوی و نیگەرانییەوە کشایەوە.

بەو حاڵەش کیچ گوناهێکی نەبوو. دێڵەگورگ بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە بێچووی یەك ساڵە و گەورەتری لە بیر بمێنن و هەر بۆیە دان چەرمووی نەناسییەوە. دان چەرموو وەك هەموو حەیوانێکی تر بۆ وی بێگانە بوو و بوونی بێچووی ساوای دێڵەگورگ ڕێگای نەدەدا کە بەچاوی لێخۆشبوونەوە سەیری نیزیك کەوتنەوەی حەیوانێکی تر بکا.

یەکێك لە تووتکەکانی کیچ بەدەوری دان چەرموودا کەوتە هەڵبەزدابەز. ئەم دووانە زڕبرا بوون، بەڵام هیچیان نەیاندەزانی. دان چەرموو زۆر بەوردی بۆنی بەتووتکەکەوە کرد، بەڵام زوو کەوتە بەر پەلاماری کیچ و جارێکی دیکە دەموچاوی بریندار بوون. دان چەرموو دیسانیش زیاتر کشایەوە.

بیرەوەرییە کۆنەکان و هەرچی پەیوەندیی لەگەڵیان هەبوو دووبارە مردنەوە و چوونەوە نێو ئەو خاکە کە سەریان لیٚ دەرهێنا بوو. دان چەرموو تەماشایەکی کیچی کرد کە تووتکەکەی دەلستەوە و جاروبار دەیمڕاند و هەڕەشەی دەکرد، ئیدی دایکی بۆ ئەو

سوودێکی نەبوو. لەو ماوەیەدا فێربووبوو کە بەبێ ئەو بژی، بۆیە بەتەواوی لە بیر خۆی بردەوە. ئیدی جێگایەك بۆ کیچ لە مێشکیدا نەمایەوە، هەروەك کیچیش جێگایەکی بۆ ئەو لە مێشکی خۆیدا نەهێشتبووەوە.

دان چەرمموو مات و بێ جووڵە لەوێ ڕاوەستاو بۆ دواجار لەگەڵ بیرەوەرییە تێکەڵوپێکەڵ و شێواوەکانی دەستەویەخە بوو کە لەنەکاو کیچ بۆ سێیەمین جار هێرشی خۆی تازە کردەوە تا ئەو میمڵە چاو قایمە لە دەوری خۆی و بێچووەکانی دەربکا. دان چەرمموو تەسلیم بوو و بەخۆشیی خۆی لەوێ دوورکەوتەوە. ڕەگەزی وی قانوونێکی هەبوو کە بەپێی ئەو قانوونە نێرەکان هەقیان نەبوو لەگەڵ مێیەکان بەشەڕبێن و کیچیش یەکێك لە مێیەکان بوو. دنیا و ژیان ئەمەیان فێر نەکردبوو، ئەو بۆ خۆی هەر بەهۆی ئەو هەستە سروشتییە کە ترس لە "نەناسراو" و نیگەرانی لە مردنی لە نیهادیدا پێك هێنابوو، ئەمەش فێر بووبوو.

چەند مانگ تێ پەڕین و دان چەرمموو ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر و بەخۆوەتر دەبوو. کردار و ڕەفتاریشی بەپێی خووخدەی میراتی و بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژیا، بەرەو کامڵبوون دەچوو. سروشتە ڕەگەزییەکەی وەك گڵەجان لە بارانیدا هەبوو کە بەگوێرەی هەلومەرج شکڵی جۆراوجۆر وەربگرێ. مەڵبەندی ژیان ئەو سروشتە ڕەگەزی و میراتییانەی وەك مێو نەرم کردبوون و بۆ خۆشی بووبووە نموونەی ئەو شکڵانە کە بەپێی هەلومەرج دەبوو بدرێن بەبێچووە گورگ. ئەگەر دان چەرمموو نەهاتەیە بەر ئاگری ئادەمیزاد، بیابان ئەوی دەکردە گورگێکی تەواو، کەچی خواکان هەلومەرجێکیان بۆ وی پێکهێنابوو کە ئەوی کردبوو بەسەگێك کە ڕەگێکی گورگایەتیی تێدامابوو، بەڵام ئیدی گورگ نەبوو، سەگ بوو. ئاکاری ویش لە ئاکامی ئەو تەوژمە مەعنەوییەدا کە هاتبووە سەر سروشتی وی، لە تابڵەمەی مەڵبەندی ژیاندا تواببووەوە و نەرم بووبوو. ئەم مەسەلەیە ئاکامی قانوونێکی بێ ئەملا و ئەولا بوو کە بێچووە گورگ نەیدەتوانی لە ژێری دەربچێ، بەهەرحاڵ، لە کاتێکدا بێچووە گورگ ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەرهەقی سەگەکانی کاروان دڕندە و بێگانە دەبوو، کاستوورگری زیاتری قەدر دەزانی و پتری خۆش دەویست.

لەگەڵ ئەوەی هێزی ماددی و مەعنەویی دان چەرمموو بەرەو کامڵبوون دەڕۆیشت، بۆ خۆی لە بەد ئەخلاقییەکی لە چارە نەهاتوو کە تووشی بووبوو ناڕەحەت بوو. نەیدەتوانی پێکەنینی بنیادەمەکان قبووڵ بکا. پێکەنینی ئادەمیزاد لە بەرچاوی شتێکی دزێو و بێز

هـەستێن بوو. ئەگەر خواکـان لـە نێو خۆیـاندا بـەشتێك پـێ دەکـەنـین کـە پـەیوەنـدیـیـەکـی بەبێچووە گورگەوە نەبوو، گوێی نەدەدایە و بۆی گرنگ نەبوو، بەڵام ئەگەر پێکەنینەکە ڕووی لەو بوو، یان هەستی دەکرد کە پێکەنینەکە لە بارەی ئەو دایە، ڕق و قینێکی سامناك سەرتاپای لەشی دادەگرت و حەیوانێك کە چەند دەقیقە پێشتر سەنگین و ئارام ڕاوەستابوو، بەجارێك دەگۆڕا، پێی وابوو سووکایەتیی پێ دەکەن و شێتییەکی سەرسوڕهێنەر کە لەم فکرەوە بەسەریدا دەهات، چەندین سەعات دەمایەوە. لەو کاتانەدا هاوار بەحاڵی سەگێك کە ئـەجـەل ڕێگـای لـێ دەگـۆڕی و دەیـنـاردە نـیـزیك وی. بـێچـووە گـورگ بـاش لـەم قـانـوونـە شارەزابـوو کـە نـابـێ ڕقـەکـەی بـەکـاستـوورگری بـڕێژێ، چـونکـە ئـەو گـۆپـاڵ و قـەمـچـیـی بـەدەستـەوە بـوون، بـەڵام سەگـەکـان جگـە لـە بـۆشـاییـی فـەزا شتێکیـان لـە پشت نـەبـوو، و هەروەخت دەیاندی کە دان چەرموو لە پێکەنینی خواکان تووڕە بووە و بۆ لایان دێ، لەو بۆشاییەدا ڕایان دەکرد.

دان چەرموو پێی نابووە سێیەمین ساڵی تەمەنی خۆی کە سوورپێستەکانی مەکەنزی تووشی قاتییەکی سەخت بوون. لە هاوینێدا ماسی دەست نەکەوت و لە زستانێشدا گاکێوییەکانی قوتب وەك ساڵان گەرمێن و کوێستانیان نەدەکرد. شوور کەم بوون و کەروێشك ون بوون و هەموو حەیوانەکان، چ ئەوانەی بەڕاو و شکار دەژیان چ ئەوانەی کە بۆ خۆیان دەبوونە نێچیر، لە نێو دەچوون. گیانداران کە بژیویان دەست نەدەکەوت لە برسان هار دەبوون و شاڵاویان بۆ یەکتر دەبرد و یەکتریان لەتوپەت دەکرد و لەو بگرە و بەردەیەدا هەر ئەوانە بەزیندوویی دەردەچوون کە بەهێزبوون.

خواکانی دان چەرموو بەدوای نێچیردا دەگەڕان و هیچیان چنگ نەدەکەوت. ئەوانەی لە هەموویان پیرتر و بێ هێزتر بوون لە برسان دەمردن. لە هەوارگەدا جگە لە ناڵە و شیوەنی برسییەکانی دەستی قاتی شتێك نەدەبیسترا. ژنان و منداڵان لە برسان دەکەوتن و خـواردنـێکـی کـەم تـاکـورتـیش کـە دەست دەکـەوت، دەچـووە زگـی ڕاوچـیـیـەکـانـەوە کـە بەچاوی دە قووڵ کەوتووەوە، لە نێو لێڕەواردا بێ دەسکەوت بەدوای نێچیردا دەگەڕان.

لە کاتێکدا کاری خواکان گەیشتبووە جێگایەك کە چەرمی کاڵە و دەستەوانەکەی خۆیـانیـان دەخوارد، سەگەکانیش کەوتنە خواردنی چەرمی زین و ڕەختی خێشکەکانیان وتەنانەت لە خواردنی چەرمی قەمچییەکانیش نەدەپرینگانەوە. لە دوای ئەوە، سەگەکان بەربوونە گیانی یەکتر و یەکتریان لەتوپەت کرد و خواکانیش بەناچار سەگەکانی خۆیـانیـان خوارد. لە پێشدا کزترین و ناشیرنترین سەگەکانیان دەکوشت و ئەوانە کە

دەمان، تەماشایان دەکرد و دەیانزانی چ باسە. لە نێو سەگەکاندا ئەوانە کە لە هەمووان ئازاتر بوون بەو خەیاڵەکە کارێکی ئاقڵانە دەکەن، بەرئاوری خواکانیان بەجێ هێشت و هەڵاتن بۆ نێو لێڕەوار، بەڵام لەوێ یان لە برسان مردن یان گورگان لەبەر یەکیان هەڵدڕین.

دان چەرموو لەو بەدبەختی و ڕۆژڕەشییەدا ملی لێڕەواری گرت. ئەزموونی سەردەمی منداڵی ئەوی بۆ ژیانی کێوی لە سەگەکانی تر زیاتر ئامادە کردبوو و کردار و ڕەفتاری ویی ڕێنوێنی دەکرد. دان چەرموو لە پێش هەمووواندا دەستی بەگرتنی حەیوانە بچووکەکان کرد . دووبارە لە حەشارگەیەکدا خۆی دەشاردەوە و چاوی دەبڕییە جموجۆڵی سمۆرەی زۆربلێ لەسەر دارەکان و بەبێ سەبری و چاوەڕوانییەکی بێ بڕانەوەتر لە برسیایەتییەکەی چاوەڕێی هاتنەخواری ئەم حەیوانە بەپارێزە دەبوو، هەرکە سمۆرە دەهاتە خوار، دان چەرموو بەخێراییەکی باوەڕ پێ نەکراو لە حەشارگەکەی دەردەپەڕی و خۆی پێدا دەدا، دەکرێ بڵێین قەتیش لە دەستی ڕزگار نەدەبوون و هەرچەند سمۆرە زۆر چالاك بوو، لە چاو چالاکیی بێچووە گورگ هیچ نەبوو.

بەڵام ئەگەرچی دان چەرموو لە ڕاوە سمۆرەدا سەرکەوتووبوو، ئەوەندە سمۆرە چنگ نەدەکەوت کە پێی تێر بخوا، یان هەر نەبێ گوزەرانی پێ بکا. بەناچار کەوتە ڕاوی حەیوانی چووکتر و دووبارە جرج مشکەکانی لە بن خاك دەردێنا و دەیخواردن. تەنانەت جارێکیش لەگەڵ مشك کەروێشکێکی برسی و سامناك کە لە خۆی وەحشیتر و دڕندەتر بوو کەوتە شەڕ و ئەویشی کوشت و خواردی.

لەو وەختەدا کە قاتییەکە لەو پەڕی خۆیدا بوو، دان چەرموو جارێکی دیکە هاتەوە بەر ئاگری خواکان. بێچووە گورگ کەمێك دوور لە چادرەکان لە نێو دارەکانی لێڕەواردا خۆی حەشاردا و بەجۆرێك کە نەبینرێ، دەستی بەتەماشای هەوارگەکە کرد. لە پاشان سەری ئەو تەڵەداوانەی دا کە سوورپێستەکان بۆ گرتنی کەروێشك دایان نابوون، نێچیرەکانی بەتاڵان برد. تەنانەت داوێکی کاستوورگریی خاوەنییشی کەروێشکێکی پێوە بوو، ئەویشی تاڵان کرد، لە حاڵێکدا سوورپێستی بەستەزمان سەرگەردان و ناهومێد بەنێو لیڕەوارەکاندا بۆ نێچیرێك دەگەڕا. دان چەرموو جاری وابوو ئەوەندە کز و بێ هێز دەبوو کە وەك مردوو لەسەر زەوی دەکەوت و هەناسەی نەدەهات.

ڕۆژێکیان تووشی گورگێکی جوان عومری لەڕی نیوە مردوو بوو، ئەگەر بۆخۆشی

هەروەك ئەو گورگە برسی نەبووایە، لەوانە بوو ڕەگەڵی کەوێ و بچێتە نێو براکێوییەکانی، بەڵام بەوەزعی ئێستایەوە ناچار بوو هێرش بکاتە سەر ئەو گورگە جحێڵە و بیکوژێ و بیخوا.

بەخت و ئیقبال بەرە بەرە ڕووی تێ دەکرد. بێچووە گورگ هەمیشە وەختێك برسیایەتییەکەی دەگەیشتە ئەوپەڕی، شتێکی بۆ خواردن چنگ دەکەوت، بەتایبەتی کاتێك لە برسان کز و بێ هێز دەبوو، هەرگیز تووشی حەریفێکی لە خۆی بەهێزتر نەدەبوو. ڕۆژێکیان گەلە گورگێکی برسی ڕەپێیان نا، بەڕێکەوت دوو ڕۆژ پێشتر دان چەرموو نێچیرێکی باشی دەست کەوتبوو و زۆر تێروپڕ بوو. گورگان بێ بەزەیی و بێ ئەمان دابارینە سەری، بەڵام چونکە وەزعی وی باشتر بوو، سەرەنجام هەموویانی ماندوو کرد و گیانی دەربرد. لەوەش باشتر ئەوە بوو گورگێکی برسی کە بێ پارێزیی کردبوو و زیاتر لە هەمووان لینگی دابوو، لە ڕەوەکە هەڵ بڕا و دان چەرموو بێ ترس و دڵەخورپە بۆی گەڕایەوە و لەبەر یەکی هەڵدڕی.

دان چەرموو لەو مەڵبەندەی لێی دەژیا، ڕۆیشت و چووە شوێنی لە دایکبوونی واتە دەوروبەری لانەکە و ئەو دۆڵە سەوز و جوانە. لەوێ سەرێکی لانە کۆنەکەی خۆی دا و کیچی دیت کە وەك خۆی بەرئاوری خواکانی بەجێ هێشتوە و بۆ ترەکین گەڕاوەتەوە پەناگەی جارانی. کاتێك دان چەرموو گەیشتە بەردەرکی ئەشکەوتەکە لە بێچووە تازەکانی کیچ یەکێك نەبێ، نەمابوو، ئەویش لە وەزعێك دابوو کە بەو قاتی و قڕییە نەیدەتوانی زۆر بمێنێ.

پێشوازیی کیچ لە کوڕە گەورەکەی لە چاو پێکەوتنەکەی جاری پێشووی باشتر نەبوو، بەڵام دان چەرموو گوێی پێ نەدا. ئێستا ئەو لە دایك بەهێزتر بوو، بۆیە وەك فەیلەسووفان پشتی تێ کرد و هاتە خوارێ بۆ لای خڕەکە. لەوێ چووە کۆنە لانی دێڵەپڵنگێك کە بەمنداڵی لەگەڵ دایکی شەڕیان لەگەڵ کردبوو و ڕۆژێکی تەواو لەو ئەشکەوتە چۆڵەدا نووست.

لە ئاخری هاوینێدا کە دوا ڕۆژەکانی قاتی و قڕی بوون، دان چەرموو لەگەڵ لیپ لیپ کە ئەویش ڕووی لە بیابان کردبوو و تووشی ڕۆژێکی ڕەش هاتبوو، تێك هەڵئەنگووت. بەسەر تەختە بەردێکدا کە بەسەر خڕەکەیدا دەڕوانی، هەریەکە بۆ لایەك دەڕۆیشتن. دوو حەریف بەوەزعێکی چاوەڕوان نەکراو لە قۆرتی پەنای بەردەکەدا گەیشتنە یەکتر. هەردووکیان

ڕاوەستان و دەسبەجێ ئامادە بوون و بەساردی و بێ موبالاتی تەماشایەکی یەکتریان کرد.

دان چەرموو لە وەزعێکی زۆر باشدا بوو. هەشت ڕۆژ بوو کە نێچیری قەڵەو قەڵەوی گرتبوون و هەتا توانیبووی لەوەڕا بوو، بەجۆرێك کە دوا نێچیری هێشتا هەزم نەبووبوو. بێچووە گورگ بەدیتنی لیپ لیپ بەخۆی نەبوو هەروەك ڕۆژەکانی نێو هەوارگە مووی پشتی ڕاست بوونەوە و مڕاندی. لیپ لیپ ویستی ڕابکا، بەڵام دان چەرموو بەپاڵێکی توند لە عەرزێی دا و پاشان قوڕ قوڕاکەی گرت. لە کاتێکدا دوژمنە لەمێژینەکەی لە گیانەڵادا بوو، دان چەرموو بە خۆلەبەریەك کێشانەوە، بەدەوریدا دەسووڕا و تەماشای گیان دەرچوونەکەی دەکرد. وەختێك کاری وی یەکلا کرد، بەسەر تەختە بەردەکەدا ملی ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیشت.

کەمێك دوای ئەو پێشهاتە، بەتەنیشتی لێڕەواردا چوو بۆلای دەشتێکی پان کە دەچووەوە لێواری مەکەنزی و پێشتر چادرەکانی و ئەو دەنگانەی لێیانەوە دەهات و ئەو بۆنانەی لێیان هەڵدەستان، هەموویان بۆ ئەو ئاشنا بوون. ئەم چادرە هەر ئەو چادرەی جارانی کاستوورگری بوو کە ئێستا هاتبووە ئێرە.

گوتمان کە دیمەن و دەنگ و بۆنی چادرەکە بۆ وی ئاشنا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو چادرەی ماوەیەك لەمەوبەر دیتبووی و لە بیری مابوو، فەرقی هەبوو. ئێستا ئیدی دەنگی ناڵە و دەردی دڵی لێ نەدەهات و دەنگی تێکەڵ بەخۆشحاڵیی لێوە دەهاتنە بەرگوێ. لەنەکاو دەنگی تووڕە بوونی ژنێکیشی بەرگوێ کەوت، بەڵام تێ گەیشت کە ئەو تووڕەیییە لە گەدەیەکی پڕەوە دێتەدەر.

بۆنی ماسیی پیشاو لە هەوادا بڵاوبووەوە. دیار بوو خواردەمەنی زۆرە و دەورانی قاتی و قڕی بەسەرچووە. ئەو دەم دان چەرموو غیرەتی وەبەر خۆی نا، لە لێڕەوار هاتە دەرو ڕاستەڕێ چوو بۆ لای کاستوورگری.

گاستوورگری لە ماڵ نەبوو، بەڵام کلووکووچی خێزانی زۆر بەخۆشحاڵی پێشوازیی لێ کرد و ماسییەکی زەلامی تازەی بۆ هاویشت. دان چەرموو لەسەر زەوی ڕاکشاو بەهیوای هاتنەوەی خاوەنی دەستی بەخواردن کرد.

***

## ١٥

# دوژمنی ڕەگەزی خۆ

ئەگەر بەهۆی پێوەندییەکی زۆر دووری ڕەگەزییەوە، ئامادەیی بۆ خوو پێوەگرتن و هاواڵەتیی هاوڕەگەزەکان لە سروشتی دان چەرموودا هەبوو، لەو ڕۆژەوە کە ئەویان کردە پێشەنگی کاروان و بەخێشکیانەوە بەست، شوێنەوارێك لەم ئامادەییە نەما، چونکە لەو وەختەوە هەموو سەگەکانی کاروان لێی بێزار بوون، بەهۆی ئەو گۆشتە زیادییانەوە کە لە دەستی میتسای وەردەگرتن هەمووان ناخۆشیان دەویست و سەرەنجام لەبەرئەوەی هەمیشە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و چەتری کلکە کۆڵکنەکەی بەفیز و خۆڕانانێکی لە توانا بەدەرەوە پێ نیشان دەدان، سەگەکان تێکڕا بەتوندی لێی بێزار بوون و بێزیان لێی دەهاتەوە.

دان چەرموو بەهۆی دژکردەوەیەکی لە چار نەهاتوو، وەڵامی ڕق و قینی بە ڕق و قین دەدایەوە. نەخشێك کە بەویان سپاردبوو، واتە پێشەنگیی کاروان ئەوەندە دڵگیر و شادی بەخش نەبوو. ئەو ناچارییە کە ڕۆژ و شەو غاردا و کۆمەڵێك سەگی هەوسارپچڕاو و قین لە زگ کە سێ ساڵی تەواو ئەزیەت و ئازاری ئەویان چاشتووە، بەلوورە و هاواری لە گوێ گرانەوە سەری دەدوو نێن، شتێکی لە توانا بەدەر بوو کە ئەوی ناڕەحەت دەکرد و هانی دەدا بۆ یاخیبوون؛ بەو حاڵە دان چەرموو ناچار بوو بۆ درێژەدانی ژیان مل بۆ ئەم وەزعە ڕاکێشێ، چونکە ئەوینی ژیان لەودا لە هێزی یاخیبوون و سەرکێشی بەهێزتر بوو. لەو لەحزەیەدا کە میتسا فەرمانی ڕۆیشتنی خێشکەکەی دەدا دان چەرموو دەکەوتە ڕێ و لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی تەواوی سەگەکانی خێشکیش بەلوورە و هاواری قین لە زگانەوە بەرەو پێش ڕادەپەڕین و دادەبارینە سەری. ئەو دەرەتانی بەربەرەکانێشی نەبوو، چونکە هەرکە دەیویست بگەڕێتەوە و ئەوانەی ڕەپێی دەنێن تەمبێ بکا، میتسا بەقەمچییە درێژەکەی سەروچاوی دادەرووشاند و ئەویش چارەیەکی بۆ نەدەما جگە لەوە کە هەنگاو توند بکا و وەك با بفڕێ. خۆش ڕۆیشتنی دان چەرموو، بەرواڵەت وەك ئەوە دەچوو کە لەبەر سەگەکانی دیکە هەڵدێ؛ هەر بەکلك و کەفەڵیش نەدەکرا ئەوان لەو هەڵەیە بێنێتە دەر؛ ئەم کارە بەچنگ و ددان دەکرا و ئەویش لە ترسی قەمچیی میتسا نەیدەوێرا. بازیك

کە دان چەرمووی بەرەو پێشی داویشت، سووکایەتییەك بوو کە بەشەخسیەت و ماقووڵیی خۆی دەکرد، بەوحاڵەش بەناچاری ڕۆژ تا ئێواریێ غاری دەدا و هەڵدەبەزی.

شەخسیەت و سەنگینیی دان چەرمووی تەسلیمی ویستی خواکان کرابوو و، هەر لەبەر خاتری وانیش بوو کە ددانی بەجەرگی خۆیدا دەگرت و لە ئامبازبوونی ئەو سەگانە کە زۆر بەبێ شەرمی ڕاویان دەنا، پەژیوان دەبووەوە و لەغاوی بەدەمی سروشتی یاخی و ناڕەحەتی خۆیدا دەدایەوە. ویستی خواکان کە قانوون و قایدەی هەبوو، قەمچییەکی لە ڕیخۆڵەی شووری بەدرێژاییی دە میتر لە پشت بوو کە وەك مار پێیەوە دەدا، ئەم قەمچییە جێبەجێ بوونی قانوونی دەستەبەر دەکرد. دان چەرمووی چونکە کارێکی لە دەست نەدەهات بەناچار لە ڕقان لەغاوەکەی دەجووی و یاخیبوونێکی دەروونی، ژیانی پێ تاڵ دەکرد و ڕقەکەی خۆی قووت دەدایەوە.

هیچ بوونەوەرێك لە جیهاندا بەئەندازەی وی نەبوو بەدوژمنی ڕەگەزی خۆی. هیچ وەخت لەبەر سەگان نەدەپاڕایەوە و هیچ کاتێکیش ئەمانی نەدەدان. دان چەرمووی بەپێچەوانەی هەموو پێشەنگەکانی خێشك کە پاش برینی قۆناخێك وەختێك لە خێشك دەکرێنەوە لە دەورەی ئاگری خواکان گرمووڵە دەبەستن و خۆیان لە پەنا دەخزێنن، ئەو جۆرە ڕەفتارانەی بەخوێڕیگەری دەزانی و بەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەوە، بەتاقی تەنیا لە دەوروبەری چادرەکان دەخولایەوە و هەموو داخی دڵی خۆی بەو سەگانە دەڕشت کە بەڕۆژ ناڕەحەتیان کردبوو.

پێش ئەوەی دان چەرمووی بکرێتە پێشەنگی کاروان، سەگەکان خۆیان لێ لا دەدا و هەرگیز لەگەڵی بەرەوڕوو نەدەبوون، بەڵام ئێستا وا نەبوو. سەگەکان بەرەپێنانی ڕۆژانەی وەغیرەت کەوتبوون و چونکە هەمیشە دەیاندی لەبەریان هەڵدێ و لە مێشکی خۆیاندا خۆیان لەو بەزیاتر و بەدەسەڵاتتر دەزانی، ئیدی حازر نەبوون خۆی لێ لادەن و پاشەکشەی لەبەر بکەن. بۆیە هەرکە دان چەرمووی لە نێویان پەیدا دەبوو، هەراو کێشە ساز دەبوو و، مڕەو قرووسکە و گازگرتن و پاڵ پێوەنان بڕەوی پەیدا دەکرد. ئەو هەوایە کە دان چەرمووی هەڵی دەمژی، پڕ بوو لە بۆنی دوژمنایەتی و ڕق و قین.

کاتێك میتسا فەرمانی ڕاوەستانی بە خێشکەکە دەدا، دان چەرمووی دەسبەجێ بەقسەی دەکرد و سەگەکانی دیکە دەیانەویست دابارنە سەری، بەڵام قەمچیی میتسا حازر بوو و نەیدەهێشت. بەم جۆرە سەگەکان تێ گەیشتبوون کە هەرکاتێك خێشك بەفەرمانی میتسا ڕاوەستێ، دەبێ واز لە دان چەرمووی بێنن، و بەپێچەوانە، هەر وەخت دان چەرمووی لە خۆوە

ڕاوەستێ هەقیان هەیە دابارنە سەری و ئەگەر بتوانن لە نێوی بەرن. لە لایەکی دیکەوە دان چەرمووش لەم مەسەلەیە حاڵی بووبوو و هەرگیز لەخۆوە ڕانەدەوەستا.

ئەم قانوونە لە کاتی سەفەردا بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە هەوارگە، هەرگیز سەگەکان نەیاندەهێشت دان چەرموو ئاسوودە بێ. هەموو شەوێ بەچەق و لوور پەلاماریان دەبردە سەر و گەلە کۆمەگییان لێ دەکرد و ئەو دەرسەی شەوی پێشتر لێی فێربووبوون لە بیر خۆیان دەبردەوە و دووبارە دەرسێکی دیکە فێر دەبوون کە ئەویشیان شەوی دواتر لە بیر دەچووەوە. ئەو قینەی ئەوان دەرهەق بەدان چەرموو لە دڵی خۆیاندا هەستیان پێ دەکرد ڕیشەیەکی قووڵتری هەبوو و لەو وێکچوونەوە دەهات کە ئەوان لە نێوان خۆیان و بێچووە گورگدا دەیاندی، هەر ئەم هۆیەش بۆ خۆی بۆدروست بوونی ڕق و بێزاری بەس بوو. بێگومان ئەوانیش هەر وەك ئەو گورگێك بووبوون کە ماڵی بووبوون. بەڵام ئەم کەوی بوونە، چەندین پشت لەمەو پێش بوو و ئێستا هەموو عادات و قانوونێکی بیابانیان لە بیرچووبوو و لە بیابان بێجگە لە ترسێکی سروشتی و ئەفسووناوی لە "نەناسراو"ە بەسام و هەڕەشەکەی، بیرەوەرییەکیان نەبوو. ڕقێك کە ئەوان لە هاوڕێیەکەی خۆیانیان هەبوو، لە ڕاستیدا هەر ئەو ڕقە بوو کە لە بیابانیان هەبوو، ئەو بیابانە ئێستا لە ڕوخساری بێچووە گورگدا خۆی دەنواند و لەوان نیزیك بووبووەوە. بێچووە گورگ بۆ ئەوان نموونەی بیابان بوو، قالبێك بوو کە بیابانیان بەهەموو شتە سامناکەکانییەوە تێدا داڕشتبوو، کاتێك سەگەکان بەقینەوە کەڵپیان لێ گڕ دەکردن، لە ڕاستیدا بەخەیاڵی خۆیان بەرامبەر بەو دەسەڵاتە تێکدەر و ئەفسووناوییانە ڕادەوەستان کە لە پشت سێبەری دارەکانی لێرەوار ئەوانیان گەمارۆ دابوو و بەشێوەیەکی فێڵبازانە، لە دووری سنووری ئاگرەکانی هەوارگە بۆسەیان بۆ دانابوون.

یەکەم دەرس کە سەگەکان لە شەڕی خۆیان لەگەڵ دان چەرموودا وەریانگرت ئەوەبوو کە ئەو گورگە جحێڵە لەوە سامناکترە کە یەك بەیەك لەگەڵی بەرەوڕوو بن، بۆیە بەکۆمەڵ نەبایە هێرشیان بۆ نەدەکرد، ئەگینا ئەو دەیتوانی بەیەك شەو هەموویان یەك یەك بەنۆرە لەبەریەك هەڵدڕێ.

سەگەکان بە لە بەرچاو گرتنی ئەم نەخشەیە، هەمیشە گیانیان دەرباز دەکرد. دان چەرموو دەیتوانی هەرکام لەوان لە خۆڵ بگەوزێنێ، بەڵام پێش ئەوەی زەبری کوشندەی خۆی لە قوڕقوڕاوکەی بدا لەنەکاو خێڵی سەگەکان دەڕژانە سەری. هەرکە دەبوو بەشەڕ، تەواوی سەگەکان و تەنانەت ئەوانەش کە لە گژێك ڕاچووبوون لێك دەبوونەوە و بۆ

بەربەرەکانێ لەگەڵ وی ڕیزێکی یەکگرتوویان پێك دێنا.

بەو حاڵەش لەگەڵ هەموو تەقەلایەك کە سەگەکان دەیاندا، دان چەرموویان بۆ نەدەکوژرا. دان چەرموو حەریفێکی زۆر چوست و چالاك و بەهێز و بەسام و بەپارێز بوو. هەمیشە خۆی لە جێگای بەرتەسك و تەنگەبەر دەپاراست و هەرکە هەستی دەکرد دەیانەوێ لە قوژبنێکدا بەگیری بێنن بەشێوەیەکی کاتی ڕای دەکرد. لە عەرزیدانی وی لە توانای هیچ سەگێکدا نەبوو و هیچ سەگێك لەو هەوارگەیە شتی وای لە خۆی ڕانەدەدی. لاقەکانی بێچووە گورگ هەر بەو قورسی و قایمییە کە بۆ خۆی بەژیانەوە چەسپابوو، لە زەوی گیر دەبوون. چونکە پایەداربوون و لەسەر پێ ڕاوەستان، نیشانەی مان، بوون و کەوتن و سەرەونخوون بوون لە مردن بەولاوە مانایەکیان نەبوو، و دان چەرمووش ئەمەی لە هەموو کەس باشتر دەزانی.

بەم جۆرە، دان چەرموو بەرامبەر بەبراکانی کە ئاگری خواکان ئەوانی بێ هێز کردبوو و سێبەری خواکان، سروشتە ڕەگەزییەکانی لێ ئەستاندبوونەوە، ڕاوەستابوو و لەگەڵ تەواوی سەگەکانی هەوارگە تەپڵی شەڕی لێ دابوو. ئەم تەپڵی شەڕ لێدانە ئەوەندە خوێناوی و وەحشییانە بوو کە تەنانەت کاستوورگری بەو هەموو دڵڕەشی و وەحشیگەرییەی خۆیەوە، نەیدەتوانی سەری لێی سوڕ نەمێنێ. سوورپێست بەئیمانێکی پتەوەوە سوێندی دەخوارد کە ئەوەتا دنیا دنیایە حەیوانی وەك دان چەرمووی تێدا هەڵنەکەوتوە.

بەڵێ، دان چەرموو پێی نابووە پێنجەمین ساڵی تەمەنی کە کاستوورگری جارێکی دیکە بردییە سەفەرێکی دوورودرێژ. دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری مەکەنزی کە کاروانەکە بەوێدا تێ پەڕیبوو و چووبووە کێوەکانی "ڕووشووز" کە کەوتوونە نێوان دوولقی چۆمی مەکەنزی واتە "یووکوون" و "پۆرکووپین" ماوەیەکی زۆر هەر باسی ئەو کوشت و کوشتارەیان دەکرد کە دان چەرموو لە نێو سەگەکاندا خستبوویە ڕێ. دەتگوت بڕیاری داوە تۆڵەی هەموو هاونەوعانی خۆی لە سەگان بستێنێتەوە. لەو مەڵبەندە هێندێك سەگی ساویلکە و بەستەزمان هەبوون کە ئاگایان لە فێڵبازی و زۆرزانیی دان چەرموو نەبوو و نەیاندەزانی چۆن خۆیان لە زەبری کاریگەر و پەلاماری لەنەکاوی ئەو بپارێزن. لە کاتێکدا بەستەزمانانە وەختی خۆیان بەپێشەکی و کاردروستاییی شەڕەوە بەفیڕۆ دەدا، ئەو بێ ئەوەی حەپەی لەبەر بێتە دەرێ، وەك بریسکە خۆی پێدا دەدان و بێ ئەوەی دەرەتانیان پێ بدا، وەخۆ کەون کارەکەیانی یەکلا دەکرد.

لە ڕاستیدا دان چەرمووو حەریفێکی گەورە و قارەمانێکی بێ وێنە بوو. دەیزانی چۆن دەست بەهێز و توانای خۆیەوە بگرێ و هیچ کاتێك لە بەکارهێنانی هێزی خۆیدا هەبلە خەرجیی نەدەکرد. هیچ وەخت لە شەڕێکی دوورودرێژدا خۆی نەدەدۆڕاند و وەبن نەدەکەوت. ئەگەر ئەو زەبرە خێرایەی لە حەریفی دەدا، کاریگەر نەبووایە، خێرا دەکشایەوە و وەك هەموو گورگێك حەزی بەشەڕی تەن بەتەن و بەردرێژ نەدەکرد. بیابان وای فێرکردبوو کە تێکهەڵچوونی بەردرێژ داوێکی سامناك و مەترسییەکی ئەفسووناوییە و، بەردی بناخەی مەسەلە لەوە دایە کە دەست و لاقی شەڕکەر ئازاد بن و گەمارۆ نەدرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەئارەزووی خۆی هێرش بکاتە سەر حەریف و غافڵگیری بکا، بیکوژێ و لە مەودایەکی دیاریکراوەوە ببێتە داوەری یارییەکە و بینەری کارەساتەکە.

دان چەرمووو لە شەڕی ئەو سەگانەدا کە یەکەمجاریان بوو لەگەڵی بەرەوڕوو بن، لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم شێوەیەوە، سەرکەوتنێکی ئاسانی چنگ دەکەوت. دیارە جاری واش هەبوو کە ئەم قایدەیە نەیەتە جێگا. ڕێ دەکەوت دەستەیەك لە سەگەکان دادەبارینە سەری و پێش ئەوەی بتوانێ ڕابکا، زەبرێکیان لە لەشی دەدا. جارێکیش سەگێك لەگەڵی تێك بەربوو و برینێکی قووڵی لە لەشی کرد. بەڵام بەڕواڵەت ئەم پێشهاتانە بەدەگمەن ڕێ دەکەوتن و بەگشتی دان چەرمووو لە هەموو شەڕەکاندا ساغ و سەلامەت دەردەچوو.

یەکێکی تر لە سروشتەکانی دان چەرمووو، ئەوەبوو کە تێگەیشتنێکی زۆر دروست و ڕوونی لە وەخت و مەوداکان یان بەشێوەیەکی گشتیتر بڵێین لە زەمان و مەکان هەبوو. ئەم تێگەیشتنە دروستە لە نیهادی ویدا بەچەشنێکی سروشتی و لە خۆوە پێك دەهات. ئەو بێ ئەوەی فکر بکاتەوە یان حیساب بکا چاوی کە لە چاو هاوڕەگەزەکانی تیژتر و بەحوکمتر بوو، بەشێوەیەکی ڕاست میزان دەبوو، هەر بەو وردی و وردەکارییەش ، مێشکی ئەوەی بەچاو دیتبووی وەری دەگرت و بەکارکردن و کارتێکرانێکی زۆر ڕێکوپێك کە سروشت لە هەناوی ئەودا دای نابوو، دەسبەجێ دەگەیشتە ئاکام. بەدوای ئەوەدا دەسبەجێ دەست بەکار دەبوو و، کارەکەی خۆشی بەشێوەیەکی زۆر دروست لەگەڵ کات و جێگا ڕێك دەخست، بەجۆرێك کە زۆرجار لە یەك لە هەزاری سانیە بۆ دیتنی حەریف کەلکی وەردەگرت و هەر ئەمەش سەرکەوتنی وی دەستەبەر دەکرد.

لە هاوینێدا کاروان گەیشتە فێرت یووکۆن. کاستوورگری دوای کەلك وەرگرتن لە سەهۆڵبەندانی زستان بۆ پەڕینەوە لە ڕووبارەکانی نێوان دووچۆمی گەورەی مەکەنزی و یووکۆن، بەهاری لە کێوەکانی ڕووشووزدا ڕابواردبوو. کاتێك توانەوەی سەهۆڵەکان

دەستی پێ کرد، سوورپێست بەلەمێکی بۆخۆی دروست کرد و بەسواریی ئەو بەلەمە، هەتا گەیشتە چۆمی یووکۆن بەنێو چۆمی پۆرکووپیندا ڕۆیشتنە خوار. ئەم نوختەیە ڕاست کەوتووەتە سەر مەداری شیمالی و فێرت یووکۆن، قەڵای دێرینی کۆمپانیای "هوود سوونس بی" لەوێ هەڵکەوتووە.

لەو قەڵایەدا سوورپێست زۆر بوون. ئەرزاق بەڕادەی پێویست هەبوو و قەڵەباڵغییەکی بێ وێنە دەبینرا. هاوینی ساڵی ١٨٩٨ بوو. هەزاران کەس لەوانەی بەدوای زێڕدا دەگەڕێن هاتبوونە وێ کە بچنە داوسوون و کلووندیك. هێشتا سەدان کیلۆمیتر ڕێگایان لە پێش بوو تا بگەنە شوێنی خۆی، بەوحاڵەش ژمارەیەکیان تێدا بوو کە ساڵێك زیاتربوو بەڕێوەبوون. ئەمانە زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمیتر ڕێگایان بڕیبوو، و زۆریان لە نیوە کورەی جنووبییەوە هاتبوون.

کاستوورگری لەو قەڵایە ڕاوەستا، وردە دەنگوباسێکی زێڕی بەرگوێ کەوتبوو. سوورپێست هەریر و ئاوریشم و چەرم و پێستێکی زۆری پێ بوو. بەهیوای قازانجێکی زۆر ئەم سەفەرە دوورودرێژەی کردبوو، ئێستاش دەیدی کە قازانجەکە زۆر لەوە زیاترە کە ئەو بەتەمابووە. شیرینترین ئاواتی کاستوورگری ئەوە بوو کە ڕۆژێك لە بازرگانیدا سەدی سەد قازانج بکا و ئێستا نەیدەتوانی باوەڕبکا کە قازانجەکە سەدی هەزارە. کاستوورگری کە سوورپێستێکی ئاقڵ بوو، هەرکە وەزعەکەی وا دی، بڕیاری دا دەست بەکاسبی بکا و تەواوی هاوینێ و زستانی دادێ لەوێ بەرێتەسەر، بۆ ئەوەی هەرچەندی بکرێ زیاتری قازانج لە شتوومەکەکەی دەست کەوێ.

دان چەرموو بۆ یەکەم جار سپی پێستی لە فێرت یووکۆن دیتن... کاتێك ئەوانی لەگەڵ خوا سوورپێستەکانی خۆی بەراورد دەکرد، وای دەهاتە بەرچاو کە ئەوان لە ڕەگەزە خوایەکی بەرزتر و زیاترن. یەکەمین هەستی ئەوەبوو کە ئەو خوایانە توانایەکی زیاتریان هەیە و خوایەتیی خواکانیش لە تواناکەیان دایە.

دان چەرموو وای هەست کردبوو، بەڵام بۆ ئەو هەستە ئەقڵ و بیری بەکار نەهێنابوو. هەروەك بەمنداڵی گەورەییی ئەو چادرانە کە خواکانی ئەودەمی هەڵیان دابوون، سەرنجی وی ڕاکێشا و ئەوەی بەنموونە و نوێنگەیەك لە توانای وان زانی، ئێستاش گەورەییی قەڵاکە و ئەو خانووانەی تێیدا دروست کرابوون، سەیرتر و زیاتر فکری ئەوی بەخۆیەوە خەریك کرد و ئەوی بەنموونەیەك لە هێز و توانای خوا سپییەکان زانی. توانای

خوا سپییەکان بەرەژوورتر لە توانای کاستوورگرییش کە لە هەموو خواکانی بەهێزتر بوو، زیاتر بوو. ئێستا کاستوورگری لە پێش چاوی، لە ڕاست خوا سپییەکان، نیمچە خوایەك زیاتر نەبوو.

دان چەرموو لە پێشدا لە خوا سپییەکان بەدگومان بوو، یەکەم جار کە هاتبوونە قەڵاکە زۆر بەوردی سەرنجی دەدانێ و زۆر لەوە دەترسا کە سەرنجیان بۆ لای ئەو ڕابکشێ و زۆر بەپارێزەوە لێیان دوور دەکەوتەوە. پاشان وەختێك دیتی لە نیزیکبوونەوەی وان ئازارێك بە سەگەکان ناگا، نیزیکتر کەوتەوە.

لەو لاوە سپی پێستەکانیش زۆر بەوردی تەماشای دان چەرموویان دەکرد. ڕواڵەتی سەیر و قەوارەی تایبەتیی وی سەرنجی وانی ڕاکێشابوو و هەمووان بەقامك بەیەکتریان نیشان دەدا. دان چەرموو کەیفی بەو پێك نیشاندانە نەدەهات و کاتێك خواسپییەکان دەیانەویست لێی نیزیك ببنەوە بەقینەوە کەڵپی گڕ دەکردن و دەکشایەوە. هیچ کەس نەیدەتوانی دەست بخاتە سەر پشتی و هەرکەس زۆر دەستی هێنایە پێش بەساغی دەرنەچوو.

دان چەرموو زۆر زوو تێ گەیشت کە ژمارەیەکی کەم لە خواسپی پێستەکان – دەوری دە دوازدە کەس – هەمیشە لەو قەڵایە دەژین. هەر بە دوو سێ ڕۆژ جارێك گەمییەکی هەڵم کە ئەویش نیشانەیەکی مەزنی توانای سپی پێستەکان بوو، دەهاتە لێواری وشکایی و چەند سەعاتێك دەمایەوە. هێندێ سپی پێستی دیکەی لێ دادەبەزین و دووبارە دەڕۆیشت. ژمارەی ئەمانە یەکجار زۆر بوو و ڕۆژێکیان دان چەرموو ئەوەندەی سپی پێست لەو گەمییەدا دی کە لە تەواوی ژیانیدا ئەوەندەی سپی پێست نەدیتبوون. ڕۆژەکانی دواتریش دان چەرموو سپی پێستەکانی دەدی کە لە گەمی دادەبەزین و ماوەیەك لە قەڵا دەمانەوە و دووبارە سواری گەمی دەبوونەوە و لەسەر ئاوی چۆمەکە لە بەرچاو ون دەبوون. بەڵام هەرچەندی خوا سپییەکان لە بەرچاوی دان چەرموو بەهێز دیاربوون، بەپێچەوانە سەگەکانیان هیچ نەبوون.

دان چەرموو کاتێك ئەمەی بۆ دەرکەوت کە لەگەڵ ژمارەیەك لەو سەگانە کە لەگەڵ خاوەنەکانیان لە گەمی دابەزیبوون. تێکەڵ بوو، شکڵی ئەو سەگانە جۆراوجۆر ئەندازەی گەورەیی و چووکەڵەیشیان هەر جۆراوجۆر بوو. هێندێکیان لاقی کورت و هێندێکی تریان بەلەکی درێژیان هەبوون. کوڵکی هیچ کامێکیان وەك کوڵکی خۆی نەدەچوو. مووی هێندێکیان زۆر نەرم بوو، مووی هێندێکیشیان ئەوەندە کورت کرابووەوە دەتگوت

لە جێدا موویان نییە. لەوەش زیاتر هیچ کام لەوانە شەڕ و کێشەیان نەدەزانی.

دان چەرموو لەبەرئەوەی ڕقی لە هەموو تیرە و تایفەکانی ڕەگەزی خۆی بوو، ڕقی لەوانیش بووەوە و ئەگەر شەڕێك لە نێوانیاندا ڕووی دابا، ئەو سەگانە چارەنووسێکی شوومیان دەبوو. بەڕێکەوت زۆری پێ نەچوو کە لەگەڵ وانیش سەروکەللەی لێك دا و هەموویانی زۆر بێ هێز و کەم دەسەڵات هاتە بەرچاو.

دیارە ئەم سەگانە ساویلکە و بێ ئازار بوون. لە کاتی شەڕدا هەراوهۆریایەکی زۆریان ساز دەکرد و بەدەوری حەریفدا دەسووڕان و ئەو سەرکەوتنەی بەکارامەیی و فێڵەزانی بەدەست دێ، لە هێزی لەشی خۆیانیان داوا دەکرد. بەحەپەحەپ و هەراوهۆریا، دادەوەرینە سەر دان چەرموو و ئەویش لێیان دەکشایەوە، هەرکە پشتیان تێ دەکرد، قەپی بەسەر شانیاندا دەکرد و لە عەرزیێ دەکوتان و زەبری کاریگەری خۆی لە قوڕقوڕاوکەی دەدان. پاش ئەو شاکارە، دان چەرموو دەکشایەوە و قوربانییەکەی دەدایە دەستی سەگەکانی دیکەی سوورپێستەکان هەتا کارەکەی یەکلا بکەن.

دان چەرموو ئاقڵ بوو، لەمێژبوو دەیزانی هەرکەس سەگی خواکان بکوژێ دەکەوێتە بەر ڕق و قینی ئەوان و بێگومان خوا سپی پێستەکانیش لەم قایدەیە جیا نەبوون. بۆیە دان چەرموو تەنیا کار دروستاییەکەی پێشێی دەکرد، دوایە خۆی دەخزاندە پەنایەك و زۆر بەئارامی سەیری دەکرد، بارانی دار و بەرد و گۆپال و گوللە و چەکە کوشندەکانی دیکە بەسەر ئاواڵەکانیدا دەباری. بەڕاستی دان چەرموو کارزانێکی گەورە بوو.

هێندێ جار تۆڵەی خوا سپی پێستەکان دەگەیشتە قۆناخێکی مەترسیدار. یەکێك لەوان کاتێك دیتی تاژییەکەیان لە پێش چاو لەتوپەت کرد، دەستی دایە دەمانچە و شەش گوللەی بەدوای یەکدا هاویشتن. شەش کەس لە هێرشکەران کوژران و بریندار بوون و دەمانچەش وەك نموونەیەکی دیکەی توانای خوایانی سپی پێست، هاتە بەرچاوی دان چەرموو و شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر مێشکی دانا.

لەوەش بگوزەرێ، ئەم ڕووداوە داخاوییانە زۆریش بۆ دان چەرموو گرنگ نەبوون، چونکە ئەوەندە کارزان و کارامە بوو کە هەموو جارێ دەیتوانی بەساغی دەربچێ. لە پێشدا کوشتاری سەگەکانی سپی پێستان بۆ وی سەیرانێکی ساکار بوو، بەڵام پاشان بوو بە تەنیا کاری وی. دان چەرموو کاتی خۆی تەنیا بەکوشتاری سەگانەوە ڕادەبوارد و لەو کاتەدا خاوەنەکەشی، کاستوورگری، سەرگەرمی کاسبی و وەسەریەك نانی سامان و ماڵ

بوو. دان چەرموو لەگەڵ سەگەلی سوورپێستەکان چاوەڕێی هاتنی گەمیی هەڵمی دەکرد و هەرکە یەکێك لەو گەمییانە دەگەیشتە لێوار، یارییەکە دەستی پێ دەکرد. ئاواڵەکانیشی بەرە بەرە فێربووبوون کە ئاقڵ و بەپارێز بن، بەجۆرێك کە هەر وەخت هەستیان دەکرد سپی پێستەکان لە پەلاماری وان ئاگادار بوون و بەفیتوو سەگەکانی خۆیان بانگ دەکەنەوە تا لە هێرشکەرانیان جیابکەنەوە و دوایە مشووری هێرشکەران بخۆن، دەسبەجێ تێ دەگەیشتن و بەغار هەڵدەهاتن. بەم جۆرە یارییەکە تەواو دەبوو و سەبریان دەکرد هەتا گەمییەکی تر دەهات.

دان چەرموو هەمیشە بەرپرسی ئەوەبوو کە ئاگری شەڕ لەگەڵ ئەو سەگانەی تازە هاتوون هەڵگیرسێنێ و ئەو ئەم کارەی زۆر بەئاسانی جێبەجێ دەکرد. چونکە دان چەرموو بۆ وانیش و بۆ ئاواڵەکانی خۆشی نموونەی گورگی کێوی بوو. ڕۆژێك ئەوان خیانەتیان پێ کردبوو و ئەویان بەجێ هێشتبوو، ئێستاش دەترسان کە ئەو دووبارە بیانگرێتەوە. ئەم سەگانە چونکە لە مەڵبەندە سازگارەکانی جنووبەوە هاتبوونە لێوارەکانی یووکۆن و خاکی تاریك و سامناکی شیمال، نەیاندەتوانی پێشی ئارەزووی هەوسارپچڕاوی خۆیان بگرن کە دەیەویست، هێرش بکەنە سەر دان چەرموو. هەرچەندە لەگەڵ داب و شوێنی شارەکان ڕاهاتبوون و نەرم بووبوون، ئەگەرچی ڕێوشوێنی باب و باپیرانی خۆیان لە بیر چووبووەوە و لەگەڵ ئەوەی بیرەوەرییەکی زۆر دوور و تاریکیان لە بیابان هەبوو، بەڵام هەرکە لەگەڵ دان چەرموو بەرەو ڕوو دەبوون لەنەکاو تەواوی ئەو بیرەوەرییانە لە قووڵایی هەناویاندا زیندوو دەبووەوە و بەرامبەر بەباری گورگایەتییەك کە لە دان چەرمووداهەبوو و ئێستا بەرۆژی ڕووناك دەهاتە بەرچاویان، دەکەوتنەوە یادی دوژمنی لەمێژینە.

دان چەرموو بۆ وان نێچیرێکی حەڵاڵ بوو، هەروەك ئەوانیش بۆ ئەو هەر وا بوون.

***

## ١٦
# خوای شێت

ئەو چەند سپی پێستەی لە یووکۆن بوون، زۆر لەمێژبوو لەوێ دەژیان. ئەمانە زۆر بەفیز و خۆڕانانەوە ناسناوی "هەویرترش"یان دابوو بەخۆیان، چونکە کە نانیان دەکرد، هەویر ترشیان لەگەڵ هەویرەکە نەدەکرد و هەربۆیە نانەکەیان هەمیشە ترش و فەتیر بوو. ئەم دەستەیە لە سپی پێستەکانی تر کە بەگەمیی هەڵم دەهاتنە قەڵا، بێزار بوون و، ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بووبێ کە ئەوان هەویری نانی خۆیان هەڵدێنا و هەویر ترشیان لێ دەدا.

بەو کارە دووبەرەکی و دوژمنایەتییەك لە نێوان ئەم دوو دەستەیەدا دروست بووبوو. دانیشتووانی قەڵا بەهەر بەڵایەك کە بەسەر تازە هاتووەکان هاتبایە، کەیفیان دەکرد، بەتایبەتی لەو ڕەفتارە خەراپە کە دان چەرموو و هاورێیەکانی لەگەڵ سەگەکانی ئەوانیان دەکرد، زۆر خۆشحاڵ بوون. هەتا گەمییەکی هەڵم لە لێوار لەنگەری ڕادەگرت، ئەمانیش لە قەڵا دەهاتنە دەر و سەیری ئەو شەڕە سەگەیان دەکرد کە حەتمەن ساز دەبوو. ئەمانە کەیفیان بەو نەخشە لێزانانە و فێڵبازانەیە دەهات کە بەهۆی دان چەرموو و سەگەکانی سوورپێستانەوە بەڕێوە دەچوو و، لە خۆشییان قاقا پێ دەکەنین.

لە نێو ئەم دەستەیەدا کابرایەك هەبوو کە زۆر حەزی لەو تەماشا و سەرگەرمییانە دەکرد. هەرکە گەمیی هەڵم هۆڕنی لێ دەدا، بەغاردان و پێکەنین، خۆی دەگەیاندە دەم چۆم و کاتێك ئاخرین شەڕە سەگ تەواو دەبوو لە خەفەتی ئەوە کە کوشتارەکە زوو تەواو بووە، نێوچاوانی تێك دەنا و دەگەڕایەوە لای قەڵا. هەروەخت یەکێك لە سەگە بێ ئازار و بەدبەختەکانی جنووب لە پێ دەکەوت و لە ژێر کەلپی خێڵی دوژمناندا ئاویلکەی دەدان؛ ئەو کابرایە کە نەیدەتوانی خۆشحاڵیی خۆی لە دیتنی ئەو دیمەنە بشارێتەوە، دەستی دەکرد بەخۆ هەڵاویشتن و لە خۆشییان لە ناخی دڵەوە هاواری دەکرد و، هەموو جارێش چاوێکی پڕ لە داخ و کەسەری لە دان چەرموو دەکرد کە هۆی بنەڕەتیی تەواوی ئەو کەتنانە بوو.

پیاوانی دیکەی قەڵا ئەم کابرا دزێو و خوێن تاڵەیان ناونابوو "بیووتی" واتە "جوان چاك" و هێندێ جاریش پێیان دەگوت "بیووتی سمیث" و لەو مەڵبەندە هیچ کەس ئەوی

بەهیچ ناوێکی دیکە نەدەناسی. ئەم ناوە، ڕاست بەپێچەوانەی نێوەرۆك بوو، چونکە خاوەنەکەی بەشێکی بەجوان چاکییەوە نەبوو. سروشت لە دروستکردنی ئەودا زۆری لەچەری بەکارهێنا بوو. بیووتی کابرایەك بوو قوڵەبنەو لەڕ و لاواز، سەرێکی پێوە بوو کزتر لە لەشی و دەتگوت نوختەیەکە لە کۆتاییی هێڵێکدا دانراوە. هەربۆیە بەمنداڵی و پێش ئەوەی بەبیووتی ناوبانگ دەربکا، پێیان دەگوت "پین هێد" واتە "سەرسنجاخ" ئەم سەرە چووکەڵە لە پشتەوەڕا ڕاستەوخۆ یەك پارچە دەهاتە خوار بۆ سەر ملی، بەڵام لە پێشەوەڕا کەللەسەری وەك نانەبستە دەهاتە سەر نێوچاوانێکی قوپیو کە لەنەکاو پان دەبووەوە، دەتگوت لەوێدا سروشت لەنەکاو لە لەچەرییەکەی پەژیوان بووەتەوە و قەرەبووی بۆ کردووەتەوە، پاشان بۆ ئەوەی دڵفراوانییەکەی بگەیەنێتە ئەوپەڕی، دوو چاوی زۆر زەلامی پێ بەخشیبوو و مەودای نێوان چاوەکانیشی زۆر لە ڕادەی ئاسایی زیاتر کردبوو. لە چاوانی بەرەوخوار دەم و چاوی بەشێوەیەکی زۆر ناشیرن پان بووبوونەوە و شەویلاکەی شکڵێکی سامناکیان بەخۆوە گرتبوو. ئەم شەویلاکە قورس و زەلامانە لە ڕوخساریدا زۆر زەق دیاربوون و وا دەهاتنە بەرچاو کە لە خوارەوە پاڵیان بەسنگییەوە داوە. دەتگوت ملی توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە.

ئەم شەویلاکەیە بەو وەزعەوە کە باسی کرا، شایەتیی دەدا کە خاوەنی توانایەکی چالاکە و هێزێکی بێ بڕانەوەی هەیە، بەڵام ئەو شایەتییە، درۆیەك زیاتر نەبوو و بیووتی لە لای هەموو کەس بەقارەمانی بێ غیرەتی و بێعاری و بێ وڕەیی بەناوبانگ بوو. بۆ تەواو کردنی تاریفی بیووتی بەجێیە ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە ددانەکانی زەرد و درێژ و بەتایبەتی کەڵپەکانی درێژتر بوون. چاوە ڕیپۆقاوییەکانیشی وەك ددانەکانی زەرد بوون. دەتگوت سروشت هەرچی چڵك و چەپەڵی لە کونەکانی دەموچاوی ئەودا هەیە، بەچاوەکانیدا دەریڕشتووە. مووی سەری کە تێکەڵاوێك لە زەلکاو و خاکی زەرد بوو، تەنك و بێ سەروبەرە لەسەر کەللەی ڕوا بوو و لە پێشە سەریدا پتر بووبوو و کاکۆڵێکی دزێو و ناشیرنی دروست کردبوو. بەکورتی بیووتی جانەوەرێکی سەیر و سەمەرە بوو و، چونکە بۆ خۆشی دەستی لە شێلانی قوڕی دروستکردنی خۆیدا نەبوو، بۆیە نەدەبوو سەرکۆنە بکرێ.

بیووتی لە قەڵادا چێشتی بۆ پیاوەکانی دیکە لێ دەنا و قاپ و قاچاغی دەشوت و کاری قورسی پێ دەسپێران. هیچ کەس بەچاوی سووك تەماشای نەدەکرد، چونکە ئەندامێکی بەکەڵك بوو، هەموو کەس لە ڕووی ئینسانییەتەوە چاوپۆشیی لێ دەکرد. هەر لەو کاتەدا لێی دەترسان و بۆ لێترسانیش دەبوو، چونکە جاری وابوو نەخۆشیی بێعاریی دەگرت و

لەوانە بوو لە پشتەوەڕا بەتفەنگ یەکێك بکوژێ، یان ژەهر لە قاوەی یەکێ تر بکا. هیچ کەس نەیدەزانی وەك بیووتی قاورمە ساز بکا و لەگەڵ ئەوەی ترسی دەخستە دڵی خەڵکەوە ئاشپەزێکی چاك بوو.

بەڵێ ئەمە بوو پیاوێك کە زۆر بەتامەزرۆیی سەیری ئازایەتیی وەحشییانەی دان چەرمووی دەکرد و سەرەنجام ئارەزوویەك زیاتر لە دڵیدا نەماو ئەویش ئەوە بوو کە بەهەر نرخێك بووە ببێتە خاوەنی ئەم سەگە. بیووتی نەخشەکەی خۆی بەخۆ نیزیك کردنەوە لە دان چەرمووی دەست پێ کرد، بەڵام ئەو خۆی لێ نەدا، دیسان زیاتر چووە پێش. ئەم جار بێچووە گورگ مووی پشتی ڕاست کردنەوە و بەرقەوە کەڵپی گڕ کردن و کشایەوە. دان چەرموو ئەو کابرایەی خۆش نەویست، چونکە بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات. حەیوانەکە هەستی دەکرد خەراپییەك لەگەڵ سروشتی ئەو کابرایە تێکەڵە، بۆیە لە جووڵاندنی ئارامی دەستی و لە زمان لووسییەکانی دەترسا و لە خۆشی بێزار بوو.

لە لای بوونەوەرە ساکارەکان، هەستی چاکە و خراپە، لەوپەڕی ساکاری دایە. چاك ئەو شتەیە کە خۆشی و خۆشحاڵی پێك دێنێ و دەرد و ئازاری لێ پەیدا نابێ، بەپێچەوانە خراپ ئەو شتەیە کە لێ دەدا و هەڕەشە دەکا و دەبێتە هۆی ئەزیەت و ئازار. دان چەرموو بەدڵ دەیزانی کە بیووتی سمیث خراپە و بۆیە ئەو بێزارییەی لە وی هەبوو، ئاقڵانە بوو. لەو قەڵافەتە زەلامە و لەو گیانە شێواوە، هەڵمێکی نەدیتراو و ئەفسووناوی وەك مژ و هەڵمی باتلاغەکان هەڵدەستا کە بێچووە گورگ هەستی پێ دەکرد.

دان چەرموو لە چادرەکەی کاستوورگری بوو کە ڕۆژێکیان لەنەکاو بیووتی سمیث بۆ یەکەمجار چووە وێ. پێش ئەوەی بیووتی ببینرێ و هەر لەو لەحزەیەدا کە دەنگی پێی لە دوورەوە دەهات دان چەرموو زانیی ئەو هەستە هی کێیە و دەسبەجێ مووی پشتی ڕاست بوونەوە. هەرچەند حەیوانەکە ڕەحەت درێژ بووبوو، خێرا هەستایە سەر پێ و ڕاست لەو کاتەدا کە کابرا نیزیك دەکەوتەوە، وەك گورگان لە چادرەکە چووە دەر. دان چەرموو نەیدەزانی ئەو دوو پیاوە دەڵێن چی، بەڵام دەیدی پێکەوە قسە دەکەن. هێندێ جار کە کابرا لە نێو قساندا قامکی بۆ ڕادەداشت، دان چەرموو دەیمڕاند، دەتگوت ئەو دەستە پەنجا هەنگاو ئەولاتر ئەوەندە نیزیك بووەتەوە کە لەسەر سەری ڕاگیراوە. کابرا بەو مڕاندنە پێ دەکەنی و دان چەرموو زیاتر دەکشایەوە و بەزگە خشکە خۆی دەکێشایە پەنای چادرەکە.

کاستوورگری بەبیانووی ئەوە کە قازانجێکی زۆری لە بازرگانی دەست کەوتووە و

ئێستا پێویستیی بەهیچ نییە، حازر نەبوو بێچووە گورگ بفرۆشێ. لە لایەکیش دەیگوت دان چەرموو حەیوانێکی بەقیمەت و بەنرخە کە لە هەموو سەگەکانی خێشك بەهێزترە و بەپێشەنگی کاروان دەژمێردرێ و لە سەرانسەری ناوچەی مەکەنزی و یووکۆندا لینگەی پەیدا نابێ؛ لە شەڕدا کارامە و بەتوانایە و مرۆڤ چەند بەئاسانی مێشوولەیەك دەکوژی، ئەو بەو ئاسانییە سەگانی تر لە نێو دەبا (بەبیستنی ئەم قسەیە چاوی بیووتی سمیث بریسکەی دا و بەزمانە سوورەکەی لێوە تەنکەکانی خۆی لستنەوە)، کەوابوو ئاشکرایە کە دان چەرموو ماڵی فرۆش نییە.

بەڵام بیووتی سمیث دەیزانی کە لەگەڵ سوورپێستان چۆن خۆی ڕێك بخا. لەو ڕۆژە بەدواوە زۆرجار دەچووە سەردانی کاستوورگری و هەموو جارێش بتڵێکی ڕەش لە بن جلەکانییەوە شارابووەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ویسکی ئەوەیە کە ئارەزووی خواردنەوەی لە بنیادەمدا توندتر دەکا و کاستوورگرییش ئەو ئارەزووەی تێدا وەکار کەوتبوو، دیوارە سووتاوەکانی گەدەی ئاگریان گرت و زۆر بەئێشتیا و تامەزرۆیی داوای ئەو ئاوە سووتێنەرەیان دەکرد. هەر لەو کاتەدا مێشکی کابرای سوورپێستیش تێك چوو و هێزێکی شووم پاڵی پێوە دەنا کە ئەو ئارەزووە ئاگرینە دامرکێنێ. ئەو قازانجە زۆر و زەبەندە کە لە فرۆشتنی چەرم و هەرير و ئاوریشم دەستی کەوتبوو، بەرە بەرە باڵی گرت و چووە نێو بتڵەکەوە. وردە وردە کیسەکان دەپووکانەوە هێزی خۆڕاگریی کاستوورگرییش بەرەو کەمایەسی دەڕۆیشت.

سەرەنجام دراو و شتوومەك و ئیرادە هەرسێکیان پێکەوە ڕۆیشتن و جگە لە تینووایەتیی لە بڕانەوە نەهاتووی ویسکی، شتێك بۆ کاستوورگری نەمایەوە. ئەم تینووایەتییە بەچەشنێکی ئەفسانەیی بەسەر هەموو گیانیدا زاڵ بووبوو و بێ ئەوەی شتێك بخواتەوە لەگەڵ هەموو هەناسەیەك هێزی ئەو تینووایەتییە زیادی دەکرد.

لەو کاتەدا بیووتی سیمث هەلی بەدەرفەت زانی و هاتەوە بۆ کڕینی دان چەرموو. کاستوورگری لە بەرامبەر نرخی حەیوانەکەدا داوای خواردنەوەی کرد و ئێستا گوێی بۆ پێشنیارەکانی کڕیار کراوەتر بووبوو. سەرەنجام ڕووی لە کڕیار کرد و گوتی: ″زۆر باشە، سەگەکە بۆتۆ، ئەگەر بۆت دەچی بیبە.″

بتڵەکان درانە دەستی کاستوورگری و پاش دوو ڕۆژان بیووتی سمیث هات و گوتی: ″ئەمن ناتوانم، ئەتۆ بۆخۆت سەگەکەم بۆ بگرە.″

شەوێکیان دان چەرموو چووە ژووری چادری خاوەنەکەی و زۆر بەسەرسوڕمانەوە دیتی ئەو خواسپییە سامناکە بەپێچەوانەی هەموو جارەکانی تر لەوێ نییە. حەیوان زۆر بەشادی و خۆشحاڵی لەسەر زەوی درێژ بوو، دەتگوت بارێکی قورسیان لەسەر شانی هەڵگرتووە، بەڵام شادییەکەی زۆری نەکێشا. حەیوان هێشتا بەتەواوی ڕانەکشابوو کە دیتی کاستوورگری بەلەرزە لەرز لە جێی خۆی هەستا و هاتە لای و قایشێکی لە ملی خست، پاشان بەدەستێکی قایشەکە و بەدەستەکەی تر، بتڵێکی ڕەشی گرت و لە تەنیشت حەیوانەکە دانیشت، سوورپێست جار بەجار بتڵەکەی هەڵدێنا و ئەو ئاوە ئاگرینەی بە گەروویدا دەکرد.

سەعاتێك بەم جۆرە ڕابرد کە لەنەکاو سووکە لەرزەیەکی زەوی خەبەری نیزیکبوونەوەی کەسێکی دا. دان چەرموو تەکانێکی دایە خۆی و مووی پشتی ڕاست بوونەوە و لە حاڵێکدا سوورپێستەکە بەبێ وازی و سەرخۆشییەکی تەواوەوە سەری ڕادەوەشاند، بێچووە گورگ هەوڵی دا بەسپایی قایشەکە لە دەستی خاوەنی دەربێنێ، بەڵام قامکەکانی کە تاوێك شلی کردبوون وێك هاتنەوە و کاستوورگری لە جێی خۆی هەستا.

بیووتی هاتە ژووری چادرێ و بەرامبەر بەدان چەرموو کە لێی دەمڕاند و ئاگای لە جووڵاندنی دەستی بوو، ڕاوەستا. پاشان دەستی درێژ کرد و بۆ لای سەری حەیوانەکەی برد. دەنگی مڕاندنی دان چەرموو توندتر و ناخۆشتر بوو. دەستەکە دیسان بەسپایی نەوی دەبوو، بەڵام حەیوانەکە لە حاڵێکدا هەروا بەرقەوە تەماشای دەکرد بەرە بەرە چەمی. دەتگوت ئامادەی ڕاپەڕینە. لەنەکاو زاری دان چەرموو بڵیند بوو کە دەستەکە بگەزێ، بەڵام دەستەکە بەتوندی و خێرا کشایەوە و ددانەکانی بێچووە گورگ وەك مارێك کە قەپ بەهەوادا بکا، کەوتنە سەریەك و دەنگیان لێ هات. بیووتی ترساو و ڕق هەستاو بوو، بەڵام کاستوورگری زللەیەکی توندی لە دان چەرموو دا و حەیوان بەفەرمان بردنێکی تێکەڵ بەڕێزەوە دوولا هاتەوە و لەسەر زەوی درێژ بوو.

لەو نێوەدا، بیووتی سمیث کە بێچووە گورگ هەروا وریای ئەو بوو، ڕۆیشت و تاوێك دواتر بەگۆپاڵێکی ئەستوورەوە هاتەوە. کاستوورگری سەری قایشەکەی دایە دەستی و بیووتی وەپێش کەوت کە بڕوا، قایشەکە کێشرا، بەڵام دان چەرموو پێی چەقاند. کاستوورگری سێ چوار مستی لە قەپرغەی ڕاست و چەپی سرەواند بۆ ئەوەی هەستێ و وەدوای بیووتی بکەوێ. حەیوان ڕاست بووەوە و ویستی خۆی بەو بێگانەیەدا دا کە بەزۆر ڕای دەکێشا، بەڵام بیووتی چەکداربوو و لە مەیدان دەرنەچوو و هەتا تینی تێدا بوو

گۆپاڵەکەی لە سەری ڕاکێشا. حەیوانی بەدبەخت مەلاسی زەوی بوو. کاستوورگری پێ دەکەنی و بیووتی هان دەدا. بیووتی دووبارە قایشەکەی ڕاکێشا و ئەمجارە دان چەرمووو تەسلیم بوو و بەناڵە و قڕووسکە وەدوای کەوت.

بێچووە گورگی بەستەزمان ئیدی هێرشی نەکرد. زەبرێکی گۆپاڵ بەس بوو بۆ ئەوەی تێ بگا کە خوای سپییش دەتوانێ کەلك لەو چەکە وەربگرێ و ئەویش لەوە ئاقڵتر بوو کە لە بەرامبەر خوایەکی وادا دیسان سەرپێچی بکا. بەناچار بەقەڵافەتێکی خەمگینەوە کەوتە دووی بیووتی سمیث، بەڵام هەروا بەدەنگێکی نووساو دەیمڕاند و کلکی لە گەڵۆزی گرتبوو. بیووتی زۆر بەپارێزەوە بەسیلەی چاو تەماشای دەکرد و گۆپاڵەکەشی هەروا بەدەستەوە بوو.

وەختێك گەیشتنە قەڵا، بیووتی توند بەستییەوە و بۆ خەوتن چووە ژوورەکەی خۆی. دان چەرموو نیزیك سەعاتێك ڕاوەستا، پاشان بەددانی وەرگەڕایە قایشەکە و لە ماوەی دە سانییەدا خۆی کردەوە. وەخت بەخۆڕایی بەفیڕۆ نەچووبوو، بێچووە گورگ بەلێزانی قایشەکەی لەت کردبوو، دەتگوت بەچەقۆ بڕیویانە. دان چەرموو دەسبەجێ لە قەڵا وەدەرکەوت و ڕاستە ڕێ هاتەوە چادرەکەی کاستوورگری. حەیوان بەهیچ جۆر خۆی بەقەرزداری ئەو خوا سەیر و سامناکە نەدەزانی کە ئەوی بەزۆر بردبوو. ئەو خۆی دابووە دەستی کاستوورگری و تەنیا هی ئەو بوو.

بەسەرهاتەکە دووپات کرایەوە. کاستوورگری قایشێکی قایمتری لە ملی خست و وەسبەینێ ڕا هێنایەوە لای بیووتی. بیووتی سمیث دارکارییەکی باشی دان چەرمووی کرد. بێچووە گورگ لەبەرئەوەی بەسترابووەوە، جگە لەوە کە ڕقی خۆی بخواتەوە و لێدانەکەی قەبووڵ بکا، کارێکی لە دەست نەهات. قەمچی و گۆپاڵ بەنۆرە لەسەری دەدران. لە ژیانی خۆیدا تا ئێستا هەرگیز ئەو جۆرە بەدڕەفتاری و ئازارەی نەدیبوو، تەنانەت ئەو لێدانەش کە بەمنداڵی لە دەستی کاستوورگریی خواردبوو لە چاو ئەم وەحشیگەرییە هێلکە ڕۆنی سەرچاوان بوو.

بیووتی سیمث لێی دەدا و کەیفی دەکرد و لەو کارەی خۆی زۆر خۆشحاڵ بوو. لە کاتێکدا قەمچی و گۆپاڵەکەی حەوا دەخران و دەهاتنەوە خوار و دان چەرمووش لە تاوان هاواری دەکرد و بەخۆڕایی دەیمڕاند، چاوە زەلامەکانی بریسکەیان دەدا. ئەو کابرایە وەك مرۆڤێکی بێعار و بێ غیرەت، دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو. چونکە بۆ خۆی لە هەڕەشە و لێدانی خەڵکی تر دەترسا و دەلەرزی، تۆڵەی لە بوونەوەرەکانی لاوازتر لە خۆی دەکردەوە.

بوونەوەرێکی زیندوو پێی خۆشە بەسەر بوونەوەرێکی تردا زاڵ بێ و بیووتییش لەم قایدەیە بەدەر نەبوو. چونکە لە ئاستی هاوڕەگەزەکانی خۆیدا کز و بێ دەسەڵات بوو، داخی دڵی خۆی بەڕەگەزەکانی کەمتر لە خۆی دەڕشت. سروشتی نزمی ئەو کابرایە ئەمە بوو و، هەروەك گوتمان بۆ خۆشی نەخشێکی لە دروستکردنی خۆیدا نەبوو.

بێچووە گورگ لە هۆی ئەو سزا سەختەی کە لە بارەیدا بەڕێوە دەچوو بێ ئاگا نەبوو. وەختێك کاستوورگری قایشی لە ملی ئەو خستبوو و سەری قایشەکەی دابووە دەستی بیووتی سمیث، دان چەرموو دەیزانی کە خوایەکەی ویستوویەتی لەگەڵ بیووتی بچێ، وەختێکیش بیووتی ئەوی لە حەوشەی قەڵادا بەستبووەوە، دیسان دەیزانی کە سپی پێستەکە دەیەوێ لەوێ بمێنێتەوە. کەوا بوو دان چەرموو سەرپێچیی لە ویستی هەردوو خواکە کردبوو و شیاوی ئەوە بوو کە ئەو سزایە بچێژێ. لە ڕۆژگاری کۆنیشدا دیتبووی کە سەگەکان خاوەنیان گۆڕابوو و هەر سەگێکیش ڕای کردبایە وەك ئێستای وی لێدانی بەردەکەوت.

بەڵام هەرچەند ئەمانەی دەزانی، هێزێکی شاراوەی دیکە لە هەناوی بێچووە گورگدا هەبوو کە لە ئەقڵ و زانینەکەی زیاتر بوو. ئەو هێزە هێزی ئەمەگ ناسین بوو. دان چەرموو کاستوورگریی خۆش نەدەویست و بەوحاڵەش دەرهەقی وی، تەنانەت لە ڕق و تووڕەییشدا وەفادار دەماو نەیدەتوانی پێشی ئەو هەستەی خۆی بگرێ. ئەمەگناسین یەکێك لە سروشتە دیارەکانی ڕەگەزی وی بوو، هەر ئەم سروشتەش نەوعی وی لە نەوعەکانی تر جیادەکردەوە و نیشانی دەدا کە گورگ و سەگی کێوی دەتوانن دەست لە ژیانی بیابانیی خۆیان هەڵگرن و ببنە هاوڕێی ئادەمیزاد.

پاش ئەوەی زۆریان لێ دا، ئەمجار لەجیاتی قایش، ملیان لە بنەدارێك خست، بەڵام دیسانیش ئەمەگناسیی ئەو دەرهەق بەکاستوورگری کەمی نەکرد. کاستوورگری خوای تایبەتی و خاوەنی وی بوو و بەپێچەوانەی ویستی ئەو خوای ئەوی دابوو بە کەسێکی دیکە و خەیانەتی پێ کردبوو، بەڵام گرنگ ئەوە بوو کە ئەو بێ درێغ لەش و گیانی خۆی بەو خوایە بەخشیبوو و پەیمانێکی لەگەڵ بەستبوو کە لە خۆوە هەڵ نەدەوەشا.

شەوێ دووبارە دان چەرموو تەقەلای شەوی پێشتری تازە کردەوە و هەرکە دانیشتووانی قەڵا نووستن، دیسان وەرگەڕایە دارەکەی ملی. دارەکە ئەوەندە نیزیك و چەسپاو لە ملی خرابوو کە بەڕواڵەت جوین و شکاندنی لە تواناددا نەبوو و تا ئێستاش کەس نەیبیستبوو سەگێك ئەم کارەی لە دەست هاتبێ. بەو حاڵەش دان چەرموو ئەوەندەی هەوڵ دا و تینی بۆ

ماسوولکەکانی هێنا تا سەرکەوت، و ئەم کارەشی تا ئێستا نەبینرابوو. دان چەرموو بەیانی زوو لە کاتێکدا نیوەی دارە جووراوەکەی لە ئەستۆدا بوو، قەڵای بەجێ هێشت و هاتە دەر.

ئەقڵ فەرمانی پێ دەدا کە جارێکی دیکە نەچێتەوە لای کاستوورگری، ئەو خوا بێ وەفایە کە دووجاری خەیانەت پێ کردبوو، بەڵام زاڵبوونی هەستی وەفادارییەکەی ئەوی بردە وێ، هەتا بۆ سێیەمین جار بگیرێ و بدرێتە دەستی خوای سپی پێست. سوور پێستەکە دیسان بەستییەوە و کاتێك بیووتی سمیث بەدوای سەگەکەیدا هات تەسلیمی کردەوە.

تەمبێکردن دەسبەجێ و توندتر لە جاران دەستی پێ کرا. کاستوورگری ئارام و خۆشحاڵ سەیری دەکرد و کابرای سپی پێست گۆپاڵە وەحشییەکەی وەکار خستبوو. سوورپێست ئیدی پارێزگاریی لە بێچووە گورگ نەدەکرد، چونکە ئیدی سەگی وی نەبوو. وەختێك لێدانەکە ڕاگیرا، دان چەرموو نیوەگیان بوو. ئەگەر ئەم لێدانە وە سەگێکی جنووب بکەوتایە، بێگومان دەمرد، کەچی ئەو بەیەکجاری نەمرد، چونکە قوماشەکەی قایمتر و هێزی ژیانی سەرسەختتر و بەردەوامتر بوو، بەڵام بەستەزمانە وای لێ هات کە خۆی بەسەر پێیەوە ڕانەگرت و بیووتی سمیث ناچار بوو ماوەیەك چاوەڕوان بێ، هەتا حەیوانەکە وەخۆ کەوێتەوە و ئەو بتوانێ لەگەڵ خۆی بەرێ. بێچووە گورگ، وەختێك توانی لە جێی خۆی ببزوێ، هەستاو کوێرانە وەدوای جەلادەکەی کەوت.

ئەمجارەیان دان چەرموویان بەزنجیرێکی ئەستوور بەستەوە و سەری زنجیرەکەشیان لە کۆڵەکەیەکی ئاسن قایم کرد. ئیدی پەلەقاژەکەی دادی نەدا و نەیتوانی ڕابکا.

چەند ڕۆژ دواتر کاستوورگری کە بووبووە ئارەق خۆرێکی تەواو و بەجارێك نابووت بووبوو، ئەو قەڵایەی بەجێ هێشت و بەنیازی گەڕانەوە بۆ نیشتمان سەفەرە درێژەکەی بەسەر چۆمی مەکەنزیدا دەست پێ کردەوە. دان چەرموو لە قەڵای یووکۆندا بەجێ مابوو و بووبوو بە مڵکی کەسێك کە دەکرا بڵێی شێتە و بەنموونەیەکی تەواوی بنیادەمێکی کێوی دەژمێردرا. بەڵام لە جێدا گورگ لەکوێ دەیزانی شێتی چییە؟ ڕاستە بیووتی خوایەکی شووم و بەد ئەخلاق بوو، بەڵام هەرچی بێ خوا بوو. دان چەرموو تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە پێویستە ملکەچی ویست و ئارەزووی ئەو خوایە بێ و مل بۆ هەوەس و ئارەزووی شێتانەی وی ڕابکێشێ.

***

## ١٧

# تواناى بێزارى

دان چەرمووش بە نۆرەی خۆی لە ژێر سەرپەرستیی خوای شێتدا، بوو بەجانەوەرێکی خەتەرناك. لە پشتەوەی قەڵا لە شوێنێکی تەنگ و لە نێو قەوەزێکدا زنجیریان کردبوو و، بیووتییش بۆ ئازاردانی و بۆ ئەوەی هەمیشە نارەحەت و تووڕەی بکا و بیباتەوە سەر خووی وەحشیگەرییەکەی پێشووی، هەموو ڕۆژێ سەری دەدا. بیووتی تێ گەیشتبوو کە سووکایەتی و پێ پێکەنین ئەو حەیوانە تووڕە دەکا، بۆیە لە گاڵتە پێکردن و ئەزیەت و ئازاری وی تەنەخیی نەدەکرد. پێکەنینەکەی پڕ هەراوهۆریا و تێکەڵ بەسووکایەتی بوو، لە وەختی پێکەنیندا قامکیشی وەك گاڵتە پێکردن بۆ لای دان چەرموو ڕادەداشت. لەو وەزعەدا دان چەرموو بەڕاستی شێت دەبوو و، بەو دەمار گرژبوون و ڕق و تووڕەییە شێتییەکەی ویش، وەك هی بیووتی دەگەیشتە ئەوپەڕی.

دان چەرموو جاران دوژمنی ڕەگەزی خۆی بوو، بەڵام ئێستا بەوەحشیگەری و دڕندەییەکی زیاترەوە دەبوو بەدوژمنی دەورووبەری خۆی. لە هەستی کوێرانە و بێ لێکدانەوەی تووڕەیی و بێزاریی ئەودا، توسقاڵێك ئەقڵ نەدەدرەوشا. بێچووە گورگ لەو زنجیرەی لە ملی دابوو، لە ڕێبوارێك کە لە پشتی میلەکانی قەوزەکە ڕادەوەستا، لە سەگێك کە لەگەڵ ئەو ڕێبوارە دەهات و دەیمراند و لە خۆشیی چارەڕەشیی ئەم هاواری دەکرد، بەکورتی لە هەموو شتێك بێزار بوو. ڕقی لەو کەرەسەیە بوو کە قەوزەکەی وی لێ دروست کرابوو و لە پشتەوەی قەوەزەکەش ڕقی لە بیووتی سمیث بوو. بەڵام بیووتی لەو بەدڕەفتارییە مەبەستێکی هەبوو. ڕۆژێکیان ژمارەیەك لە سپی پێستان لە دەوری قەوەزی دان چەرموو خڕبوونەوە و بیووتی بەگۆپاڵەوە چووە ژووری قەوەزەکە و زنجیرەکەی لە ئەستۆی بێچووە گورگ کردەوە. دان چەرموو هەرکە خۆی ئازاد دی، لە نێو قەوەزەکەدا دەستی کرد بەهاتوچۆ و خەریك بوو هێرش بکاتە سەر ئەو سپی پێستانە کە لە دوورەوەی قەوەزەکە بوون. حەیوان قەڵافەتێکی بەسامی هەبوو. درێژ و ڕاکشاو بوو و بەرزاییی نێوان پێی هەتا سەر شانی ئاسایی نەبوو. ڕێکوپێکیی ئەندامی و قورساییی لەشی لە دایکییەوە بۆ هاتبوو، بێ ئەوەی پیو یان گۆشتی زیادی هەبێ، کێشی لە نەوەد کیلۆ بەرەو ژوور بوو.

لەشی سەرانسەری ماسوولکە و دەمار بوو، ئەمەش باشترین خەسڵەتە کە دەبێ شەڕکەرێك هەیبێ.

دەرگای قەوەز دووبارە کرایەوە. دان چەرموو چاوەڕێ بوو. دەتگوت ڕووداوێکی سەیر خەریکە ڕوو بدا. پاشان دەرگای کراوەوەی قەوەز لەسەر سەگێکی زەلام پێوە درا.

دان چەرموو هەرگیز سەگی وای نەدیبوو، بەڵام بەهیچ جۆر لە پەیکەری بەهێز و قەڵافەتی قەڵس و قۆڵی نەترسا و ورەی بەرنەدا. لە پێش چاوی دان چەرموو میوانەکەی شتێك نەبوو لە دار یان ئاسن دروست کرابێ، بەڵکو گۆشتێکی زیندوو بوو کە ئەو دەیتوانی داخی دڵی خۆی پێ بڕێژێ.

دان چەرموو خۆی پێدا دا بەزەبری ددانی لا ملی هەڵدڕی. سەگ بەمڕاندنێکی سامناکەوە سەری ڕاوەشاند و ئەویش هێرشی کردە سەر دان چەرموو. بێچووە گورگ کە چاوەڕێی ئەم هێرشە نەبوو، بەشێوەی هەمیشەی، لە ڕاست و چەپی دەستی بەهەڵبەزدابەز کرد و چەند جاری دیکە گازی لە سەگەکە گرت. پاشان بێ ئەوەی بەرەڵای بکا، دەمەساتێك کشایەوە.

خەڵك لە دەرێ هاواریان دەکرد و چەپڵەیان لێ دەدا و بیووتی سمیثیش کە لە ئاکامی زەحمەت و ڕاهێنانەکەی ڕازی بوو، لە خۆشییان لە کەوڵی خۆیدا نەدەگونجا. لەو دەقیقەیە بەدواوە ئیدی هیوایەك بەسەرکەوتنی ئەو سەگە زەلامە نەبوو، چونکە لە شێوەی شەڕکردندا کارامە و وشیار نەبوو و لە جموجۆڵ و ڕاپەڕیشیدا چوستی و چالاکی نەدەبینرا. سەرەنجام بیووتی سمیث بەگۆپاڵەکەی لە پشتی دان چەرمووی ڕاکێشا تا گیراوەکە بەرەڵا بکا و خاوەنی ئەو سەگەش، سەگە بەزیوەکەی خۆی لە قەوەز بردە دەرێ. بیووتی سمیث گرەوەکەی بردبووەوە و هەر لەوێ دراوەکەی وەرگرت.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو خۆشی و شادمانیی دان چەرموو لەوە دابوو کە کۆبوونەوەی خەڵکی لە پشت میلەکانی قەوەزەکەی ببینی، چونکە ئەو کۆبوونەوەیە شەڕێکی بۆ ئەو بەدواوە بوو و ئەویش تەنیا بەوە دەیتوانی توانایی خۆی نیشان بدا و ئەو ڕق و بێزارییە دامرکێنێ کە بیووتی سمیث بەئەنقەست فێری کردبوو. بیووتی سمیث لە ناسینی ئامادەیی شەڕکردن و بەربەرەکانیی دان چەرمووودا بەهەڵە نەچووبوو، چونکە لە هەر شەڕێکدا کە ڕووی دەدا بێگومان سەرکەوتن هی ئەو بوو.

لە شەڕێکیاندا دان چەرموو سێ سەگی یەك لە دوای یەك بەزاندن، لە شەڕێکی تردا گورگێکی جحێڵی، کە تازە لە بیابان گرتبوویان، بەپاڵ پێوەنانێکی توند بەجۆرێك لە

مەیدان دەرکرد کە لە قەوەزەکە چووە دەرێ، جارێکی تر، یەکجار لەگەڵ دوو سەگ بەشەڕ هـات و هـەرچـەنـد ئـەو شەڕە بـۆ ئـەو زۆر قـورس و سەخت بـوو، بـەڵام سەرەنـجـام هەردووکیانی کوشت و بۆ خۆشی ماوەیەکی زۆر کەوت.

وەختێك یەکەم بەفری پایز باری، بیووتی سمیث لەگەڵ دان چەرموو بەگەمییەکی هەڵم بەچۆمی بووکۆندا دەڕۆیشتە سەرێ، چوو بۆ داوسۆن. ناوبانگی دان چەرموو لە تەواوی ئەو مەڵبەندانە گەڕا بوو و هەموو کەس ئەوی بەناوی "گورگی شەڕکەر" دەناسی و لە نێو گەمییەکەشدا هەمیشە دەوری قەوەزەکەی پڕبوو لە سەیرکەر.

لەو کاتانەدا دان چەرموو یان ڕقی هەڵدەستا و دەیمڕاند یان ئارام و ڕەحەت ڕادەکشا و بەچاوی بێزاری و ڕقێکی قووڵەوە کە دەرهەقی هەمووانی هەبوو، تەماشای دەکردن. ئاخر بۆ دەبوو لێیان بێزار نەبێ؟ بێزاری و ڕق لێبوونەوە ئەوینی ئەو بوو و، ئەو لە دەریای ئەو ئەوینە جەهەننەمییەدا نوقم بووبوو. ژیان بۆ وی لە جەهەننەمێکی گەرم زیاتر نەبوو. ئەو بۆیە دروست کرابوو کە بەئازادی لە کێو و بیابان بژی و ئێستا دەبوو کۆتی دیلی و کۆیلەتی لە دەست و پێی خۆیدا ببینێ. خەڵك تەماشایان دەکرد و بەنێو میلەکاندا داریان لێ ڕادەوەشاند، هەتا تووڕەی بکەن و وەدەنگ بێ و پاشان قاقا پێ دەکەنین.

کاتێك گەمییەکە گەیشتە داوسۆن قەوەزی دان چەرموویان دابەزاند و خەڵك هەروا تەماشایان دەکرد. هەرکەس دەیتوانی پەنجا سەنت (نیو دۆلار) خاکە زێڕ بدا و سەیری بکا. بۆ ئەوەی سەیرکەران بتوانن کەڵك لە دراوەکەیان وەربگرن و شانۆیەکەش قازانجێکی بـۆ بـیـووتـی سمـیث هـەبـێ، دەرەتـانـی حـەسانـەوەیـان بـە دان چـەرمـوو نـەدەدا و، هـەرکـە حەیوانەکە لەبەر شەکەتی و ماندوویی دەیەویست بخەوێ، بەکوتەك وەخەبەریان دێنایەوە.

هێندێك جار کە شەڕێك دەهاتە پێش ئەویان لە قەوەز دێنایە دەر و چەند کیلۆمیتر دوور لە شار دەیان بردە قەراخ لێرەوار. ئەم کارە لە ترسی پێشگیریی سوارەی پۆلیس زۆرتر بەشەو دەکرا و لەوێ چەند سەعات چاوەڕوان دەبوون. بەری بەیانی ئەو سەگەیان دێنا کە دەبوو بە حەریفی دان چەرموو و بەدوای ویشدا خەڵکەکە دەگەیشتنە جێ.

حەریفەکانی دان چەرموو لە ڕەگەزی جۆراوجۆری سەگان و لە قەڵافەت و پەیکەری جۆراوجۆر هەڵدەبژێران. ئەوێ وڵاتی کێوییان بوو و خەڵکەکەشی هەمووی کێوی بوون. بۆیە بەشی زۆری ئەو شەڕانە ئاکامەکەیان مردن بوو. مردنەکەش بەشی سەگەکان بوو چونکە دیارە دان چەرموو حەریفێکی بەتوانا بوو و هەرگیز نەدەبەزی. ئەو شەڕانەی بەمنداڵی لەگەڵ لیپ لیپ و سەگەکانی تری کاروانی کردبوون، ئەم ڕۆژانە بەکەلکی

دەهـاتن. هیچ کـام لـە حـەریفـان نـەیـاندەتوانی پشتی لـە زەوی بدەن. سەگـەکـانی مەکەنزی و سەگـەکـانی ئیسکیمۆ و لابرادوور و "مـاستووك"ەکـان(١) و "مـالمووت"ەکـان(٢) و سەگـانی بێدەنگ و ئـەوانـەی دەوەڕین هـەموویـان لـە بـەرامبـەریدا بێ دەسەڵات بوون. دان چەرموو هـەرگیز هـەڵ نـەدەخلیسکا. خـەڵك لـە هـەموو شـەڕێکدا ئـارەزوویـان شتێکی دیکە بوو، بـەڵام ئـەو هـەمیشە ئـاواتـەکـەیـانی دەکردە بلّقی سەر ئـاو. پـەلامـارەکـانی ئـەوەندە خێرا و لـەنـەکـاو بوون کە لـە نۆ لـە دەی شـەڕەکـانی خۆیدا پێش ئـەوەی حـەریف ئـامـادەی دیفـاع بێ، ئـەوی بـەچـۆکـدا دێنـا. وای لـێ هـات کـە دەسبـەجـێ زنـجـیرەکـەیـان نـەدەکـردەوە، بـەڵکـو مـۆڵـەتـی حـەریفـەکـەیـان دەدا کە کـاردروستـایی شـەڕەکە بکا و خۆی بۆ دیفـاع ئـامـادە بکا.

بـەرە بـەرە ژمـارەی ئـەم شـەڕانـە کـەم بوو، چونکە حـەریفێکیـان بۆ دان چـەرموو دەست نـەدەکـەوت و بۆیە بـەشدارانی مل بـەملـەکە دڵسارد دەبوون. بیووتی سمیث بۆ ئـەوەی نـەیـەڵێ سەگـەکـەی بێکار بێ، گورگی پـەیدا دەکردن و لـەگـەڵی بـەشـەڕ دەدان. ئـەم گورگـانـە سووورپـێستـەکـان بـەتـەڵـە دەیـانـگرتن و هـەرکـاتێك خـەبـەری شـەڕێکی وا بـڵاو دەبـووەوە خـەڵکێکی زۆر دەهـاتنـە سەیری ململانێیـەکە.

ڕۆژێکیـان دێڵە پڵنگێکیـان لـەگـەڵ بـەشـەڕ دا و ئـەمجـارە دان چـەرموو بۆ پـاراستنی گیـانی خۆی شـەڕی دەکرد، نـەك بۆ سەرکـەوتن. دێڵە پڵنگـەکە لـە بـارەی چوستی و چـالاکییـەوە حـەریفی وی بوو و لـە بـاری دڕندەییشـەوە لـەو کـەمتر نـەبوو. چـەکی دان چـەرموو تـەنیـا ددانی بوو، بـەڵام پڵنگـەکە لـە قولاپی نینۆکـەکـانی هـەر چوار قـامکی و لـە ددانـە تیژەکـانیشی کـەڵکی وەردەگرت. بـەوحـاڵـەش دان چـەرموو سەرکـەوت و هـەتـا مـاوەیـەك لـە کۆڵی بوونـەوە: بێچووە گورگ حـەریفی جۆراوجۆری لـە نێو بردبوون و ئیدی حـەریفێکی نـەبوو.

ئـەمجـارە ئـەویـان تـەنیـا بۆ تـەمـاشاکردن دادەنـا و ئـەو پێشـانگـایە هـەتـا بـەهـارێ درێژەی هـەبوو. نێوەڕاستی بـەهـارێ پیـاوێك بـەنـاوی "تیم کینـان" کە بـەڕێوەبـەری یـارییـەکـانی سیرك بوو لـەو مـەڵبـەندە پـەیدا بوو، سەگێکی پێ بوو لـە نـەوعی "بوول داگ" کە یـەکـەمجـار بوو لـە نـاوچـەی کلووندیك دەبینرا. دیـار بوو دەبێ شـەڕێك لـە نێوان ئـەو سەگـە و دان چـەرمووودا ڕوویدا. حـەوتوویـەك پێش شـەڕەکە، لـە هـەموو جێگـایـەك لـە مـەجلیس و کۆڕ و کۆمـەڵـە تـایبـەتییـەکـان و لـە گـەڕەکـەکـانی شاردا بـاسیـان دەکرد و هـەموو کـەس بـەبێ سەبری چـاوەڕوانی سەیری ئـەو شـەڕە بوو.

---

(١) و (٢) لـە ئـەمریکـای شیمـالی دوو جۆرە سەگ بۆ ڕاکێشـانی خێشك بـەکـار دەبرێن، یـەکیـان سەگی لابرادوور و ئـەوی تر سەگی مـالمووت، یـان سەگورگێك کە وەك سەگـانی تر نـاوەڕێ، بـەڵکـو وەك گورگ دەنـەڕێنێ و دەلووڕێنێ. دان چـەرموو لـەو ڕەگـەزە سەگـەی دواییـە.

## ١٨

# مەرگی هەڵواسراو

هەرکە وەختی شەڕەکە هات، بیووتی زنجیرەکەی دان چەرمووی کردەوە و بۆ خۆی کشایەوە. دان چەرموو بۆ یەکەم جار لە ژیانی خۆیدا، خێرا هێرشی نەکرد، بەڵکو گوێی تیژکردن و زۆر بەوردی لەو حەیوانە سەیرەوە ڕاما کە لە بەرامبەریدا سەوز بووبوو، لە ژیانی خۆیدا تا ئێستا سەگی وای نەدیبوو. لەولاشەوە تیم کینان "بوول داگ"ی بەرەو پێش هان دا و بەسپایی بەگوێیدا چپاند: "دەی؛ یاڵڵا!" بوول داگ بە لاجەلاج بەرەو ناوەندی ئەو بازنەیە کە سەیرکەران دەوریان دابوو چووە پێش. هەنگاوی کورت و ڕەفتاری سەنگین و قەڵافەتی گێژ و حۆل دیار بوو. پاش چەند هەنگاو لەپڕ ڕاوەستا و بەمۆڕە مۆڕەوە سەیری دان چەرمووی کرد.

هاوارێك لە ئاپۆراکە بەرز بووەوە و ئەم دەنگە بیسترا کە دەیانگوت: "یاڵڵا چیرووکی، یاڵڵا، بیگرە، بیکوژە، دەی گیانم بی!..."

بەڵام چیرووکی (بوول داگ ناوی چیرووکی بوو)، دەتگوت ئامادەی شەڕ نییە. حەیوان بەبیستنی ئەم دەنگە سەری بۆ لای ئەو ئاپۆرایە کە هاواریان دەکرد وەرسووڕاند و لە کاتێکدا کلکە کورتەکەی زۆر بەڕووخۆشییەوە ڕادەوەشاند، چەندجار چاوی لێ داگرتن. ئەم لەسەرەخۆیییەی لە ترسی دان چەرموو نەبوو، بەڵکو هەر لەبەر تەمبەڵی و قورسیی خۆی بوو. بێجگە لەوە هیچ پێی وانەبوو ناچار بێ لەگەڵ ئەو سەگەی بەرامبەری ڕاوەستاوە بەشەڕ بێ. چیرووکی تا ئێستا ئەو نەوعە سەگەی بەرچاو نەکەوتبوو و لە پێرستی ئەو سەگانەدا کە لەگەڵیان بەشەڕ دەهات و ئێستا چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ یەکێك لەوان بوو، سەگێکی وەك ئەمەی ئێستا نەبوو.

تیم کینان هاتە نێو مەیدانەکە و لە حاڵێکدا داهاتبووەوە سەر سەگەکە، هەردوو شانی خوراندن و بەلای بەراوەژووی مووەکاندا دەستی بەپشتیدا هێنا، هەتا هانی بدا و بەرەو پێشی بەرێ. ئاکامی ئەم کارە ئەوە بوو کە چیرووکی بەرە بەرە لە جێی خۆی بزووت و بەدەنگێکی نووساو و گیراوەوە مڕاندی، پاشان ئەم مڕاندنە لە گەروویدا دەنگی دایەوە و ڕاوێژێکی توندوتیژی بەخۆیەوە گرت. ئاوازی مڕاندنەکە لەگەڵ دەست بەپشت داهێنانەکە

ڕێك كەوت و هەتا جووڵانی دەستەكە توندتر دەبوو دەنگی مڕاندنەكەش بەرزتر دەبوو تا سەرەنجام بوو بە وەڕینێكی سامناك و لە گوێ گران.

ئەم فێڵە كاری لە دان چەرمووش كرد و مووی پشت و ملی ئەویش ڕاست بوونەوە. تیم كینان پاش ئەوەی بۆ دواجار دەستی بەپشتی سەگەكەیدا هێنا و بەتەواوی ئامادەی كرد. بەجێی هێشت و بوول داگ خۆی بۆ هێرش حازر كرد؛ بەڵام پێش ئەوەی ببزوێ دان چەرموو زەبری خۆی وەشاندبوو. هاواری ئافەرین و سەرسوڕمان بەرز بووەوە. بێچووە گورگ بەچوستی و چالاكی و نەرمیی پشیلە كە لە سەگ بەدوور دەزانرێ مەودای نێوان خۆی و حەریفی بڕیبوو، زەبری خۆی وەشاندبوو و دوای بریندارکردنی وی دووبارە كشابووەوە.

بەو زەبرە گوێیەكی بوول داگ هەڵكەندرا و برینێكی گەورەشی كەوتە ئەستۆی و هەردوو برینەكەی خوێنیان لێ دەچۆڕا. بوول داگ بێ ئەوەی بناڵێنێ یان گوێ بداتە برینەكانی ڕاست بەرەو دان چەرموو چووە پێش. چوستی و چالاكیی یەكیان و ئارامی و بێ موبالاتیی ئەوی تریان خەڵكی هێنابووە جۆش و خرۆش. گرەوەكانی پێشوو بە دراوێكی زیاتر تازە كرانەوە و هێندێ كەسی تریش گرەویان كرد، هێرشی دان چەرموو و ئارامی و چوونە پێشی بوول داگ چەندین جار دووپات كرایەوە.

دان چەرموو جارێكی تر بەرەو پێش چوو، زەبرێكی تری وەشاند و بێ ئەوەی زاری حەریفی وێ كەوێ كشایەوە، بەڵام ئەو دوژمنە سەیرە هەروا بەئارامی و سەنگینی و زیپك و زاكوونەوە، بێ ئەوەی پەلە بكا، وەدوای دەكەوت، دەتگوت فەرمانبەرێكە كە زۆر بەئاسانی وەدوای كارێكی چووكەڵە كەوتووە. بێگومان بوول داگ لەو ڕەفتارەی خۆیدا مەبەستێكی هەبوو و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە شێوەیەكی ڕەچاو كردبوو. ئەو هەر بیری لە ئامانجەكەی و ڕێگای گەیشتن بەئامانجەكەی دەكردەوە و شتەكانی دیكە بۆ ئەو بایەخێكیان نەبوو.

دان چەرموو ئەم مەبەستە تێ گەیشت و بەجۆرێك سەری لێ شێوا و دوودڵ بوو كە دەست پێشخەرییەكەی نەما و كەوتە پاشەكشە. ئەم سەگە لە پێش چاوی بەڕاستی سەیر بوو. كۆڵكی لەشیان لە بنیڕا هەڵپاچیبوو و موویەك كە لەشی بپارێزێ بەئەندامی لەشییەوە دیار نەبوو. ددان بەئاسانی بەگۆشتیدا دەچووە خوار و جگە لە پیوی لەشی قەڵەوی قەڵغانێكی نەبوو. بەو حاڵەوە چاوەڕوان نەدەكرا كە حەیوانێكی وا توانای

بەرگریی لە خۆی هەبێ. کەچی سەیر ئەوە بوو کە بەهیچ جۆر نەدەشڵەژا و بێ ئەوەی بناڵێنێ و هاوار بکا، خوێن لە لەشی دەچۆڕا. ئەم مەسەلەیە دان چەرمووی تاساندبوو.

چیرووکییش ئەوەندە بێ ڕاپەڕ و سست نەبوو. بێ ڕاوەستان دەگەڕا و دەسووڕا و دوودڵ و سەرلێشێواو بوو. بوول داگ هەرگیز لە ژیانیدا لەگەڵ سەگێك بەشەڕ نەهاتبوو کە بەزەحمەت بۆی بگیرێ و حەریفێکی نەدیبوو کە لەجیاتی ئامبازبوون بەدەوریدا بسووڕێ و هەڵپەڕێ و خوارە پێچەی لە دەورە بکا.

لە لایەکی تر دان چەرمووش نەیدەتوانی ئەو جێگایەی دەیەوێ واتە قوڕقوڕاوکەی حەریف بگرێ.

بوول داگ ئەستۆی شۆڕ کردبووەوە، شەویلاکەی گەورە و سامناکی، بەپارێزەر و پاسەوانیکی زۆر کاریگەری گەرووی دەژمێردرا. لەشی چیرووکی هەروا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت. ئەستۆی و لای پشتەوەی سەری هەڵدڕابوون، کەچی هەر بەو سەرسەختی و کەللە شەقیی خۆیەوە، دان چەرمووی ڕەپێ دەنا کە هێشتا ساغ و سەلیم بوو. چیرووکی جارێك ڕاوەستا و خێرا لەبنەوە چاوێکی لە تیم کینان کرد و کلکە کورتەکەی بەنیشانەی نەبەزین و ڕاوەستان بۆ ڕاوەشاند. بەهەوڵ و تەقەلایەکی تەواوەوە لە کاتێکدا بەدوای دان چەرموودا چواردەوری مەیدانەکە دەگەڕا، درێژەی بەڕاونانی حەریف دا. لەنەکاو ئەو بازنەیەی نێو قەدبڕ کرد کە هەردووکیان لەسەری دەسووڕان و خۆی هاویشتە گەرووی دان چەرموو. ئەم خۆ هاویشتنە ئەوەندە بەکارامەیی بوو کە موویەکی زیاتر نەمابوو بگاتە نیشانە. دان چەرموو هەر بەو تاقە مووە خۆی نەجات دا و دەنگی چەپڵە ڕێزانی سەیرکەران بەشانازیی وی لە هەوادا دەنگی دایەوە.

وەخت تێ دەپەڕی. دان چەرموو هەڵبەزدابەزە سەیرەکانی خۆی هەروا دووپات دەکردنەوە و چیرووکی بە دڵنیاییەکی دوور و ناڕوونەوە لەوە کە زوو یان درەنگ بەئامانجەکەی دەگا، لە سەرسەختییەکەی خۆیدا مابووەوە. گوێیەکانی بوول داگ وەك پەڕۆیەکی ڕیشاڵ ڕیشاڵ هەڵواسرابوون. سەد برین زیاتر بەلەشییەوە بوون و لێویشی هەڵدڕابوو و خوێنی لێ دەچۆڕا. هێندێ جار دان چەرموو هەوڵی دەدا بیخاتە سەر عەرز و لەسەر سنگی ڕاوەستێ، بەڵام چونکە شانی وی لە شانی حەریف بەرزتر بوو ئەو کارەی بۆ نەکرا. بەو حاڵەش دان چەرموو چەندجار ئەم نەخشەیەی دووپات کردەوە و لەو خۆهەڵاویشتنەیدا کە دەیکرد جارێکیان بەسەر لەشی چیرووکیدا تێ پەڕی. بۆ یەکەم جار

لە ژیانی دان چەرموودا لاقی هەڵخلیسکا و دەمێکی زۆر کورت لە هەوا سووڕا، پاشان وەك پشیلە بەچالاکی وەرسووڕا، بەڵام خۆی لەسەر لاق ڕانەگرت و بەهەموو گرانایی خۆیەوە بەسەر تەنیشتێدا کەوت و کاتێك ویستی ڕاست بێتەوە، ددانەکانی بوول داگ لە گەرووی گیربووبوون.

ددانەکانی بوول داگ شوێنی خەتەریان نەگرتبوو و کەمێك بەرەژێرتر لە قورقوڕاوکەی لە نیزیك سنگی گیربووبوون، بەڵام هەرچۆنی بێ، قایم بووبوون. دان چەرموو بەلەرزەیەکی تێکەڵ بەناهومێدی سەری ڕاوەشاند و هەوڵی دا ئەو ددانە گووشراوانە لێك بکاتەوە و ئەو بارە قورسەی بەئەستۆیەوە هەڵواسراوە فڕێ بدا. ئیدی بەئازادی و ئاسانی خۆی بۆ نەدەجووڵا. وای دەهاتە بەرچاو کە ئەستۆی کەوتووەتە تەڵەیەکی ئاسنینەوە و بەستەزمان وا تێك چووبوو خەریك بوو شێت بێ. ترسی مردن لەنەکاو لە هەناویدا سەری هەڵدا ترسێکی پڕ لە ناهومێدی سەرانسەری گیانی داگرت.

دان چەرموو دەستی کرد بەسووڕان و غاردان و بادانەوە بۆ چەپ و ڕاست، دەتگوت ئەو پەلەقاژەیەی بۆ ئەوە نییە کە خۆی لە ژێر ئەو بارە قورسەی بەملیەوە ڕزگار بکا، بەڵکو بۆ ئەوەیە دڵنیابێ کە ماوە.

بوول داگ، بەپێچەوانە، ئارام و هێدی بوو و پەلەقاژەیەکی نەدەکرد، تەنیا لە فکری ئەوەدا بوو گیراوەکە بەرەڵا نەکا. هێندێ جار هەوڵی دەدا هەستێتە سەر پێ و ئەویش دان چەرمووی ڕاوەشێنێ، بەڵام دەسبەجێ دان چەرموو ئەوی بڵیند دەکرد و لە پەلەقاژە و هەڵسووڕانی خۆیدا ئەویشی ڕادەکێشا. چیرووکی بەئەنقەست خۆی دابووە دەستی سروشتی خۆی. ئەو دەیزانی کاری بنەڕەتی ئەوەیە کە گیراوەکەی توند ڕاگرێ و، لە خۆشیی ئەوەش کە ئەم کارەی بەباشی ئەنجام داوە جارجار لەرزەیەکی خۆش و شادی بزوێنی بەلەشدا دەهات. ئەو بەدفەڕە شلوێ نەدەبوو، چاوی لەسەر یەك دانابوون و خۆی مراندبوو، بێ ئەوەی خۆی خڕکاتەوە خۆی شل کردبوو تا حەریف بۆ هەر کوێیەك دەچی بەدوای خۆیدا ڕای کێشێ و لە هەر کوێیەکیش بدرابایە باکی نەبوو. دان چەرموو کاتێك لەبەر شەکەتی و ماندوویی بێ حاڵ کەوت، دەستی لە جموجۆڵ و پەلەقاژە هەڵگرت، نەیدەتوانی هیچ کارێك لەگەڵ حەریفەکەی بکا. هەرگیز لە ژیانیدا بەڵای وای بەسەر نەهاتبوو. جارێکی تر لەسەر زەوی درێژ بوو تا هەناسەیەکی بێتەوە بەر.

بوول داگ بێ ئەوەی گیرەی ددانە پۆڵایینەکانی لێك بکاتەوە، هەوڵی دا دان چەرمووی

وەرگێڕێتە سەر پشت. دان چەرمووو بەرامبەر بەم هەوڵە بەربەرەکانێی کرد، بەڵام هەستی کرد ئەو دوو شەویلاکە بەهێزە هەروا بەدەم جوینەوە پێ هەڵلا دەچن و خەریکە بگەنە شا دەماری ملی.

دان چەرمووش بە تەکانێکی پڕ ئازاری تایبەتی کە لە ترسی گیانەوە سەرچاوەی گرتبوو توانیی ئەستۆی قەڵەو و ئەستووری چیرووکی لە نیزیك شانییەوە بگرێ، بەڵام دەسبەجێ ناچار بوو بەرەڵای بکا و تەنیا بەهەڵدڕین وازی هێنا، چونکە نەیدەزانی بیجوێ و شەویلاکەی فێری ئەو کارە نەبوون.

لەم کاتەدا ئاڵوگۆڕێك بەسەر وەزعی هەردوولادا هات. بوول داگ توانیبووی دان چەرمووی بەرەو پشت بخا و لە کاتێکدا توند بەگەرووییەوە نووسابوو، سواری زگی بوو. دان چەرموو دەست و لاقی خۆی کۆکردنەوە و وەك پشیلە دەستی کرد بەڕووشاندن و هەڵدڕینی زگی حەریف. چیرووکی لەسەر تەوەرەی ددانەکانی خۆی کە چەقیبوون سووڕا و لەسەر زگی دان چەرموو کەوتە خوار، ئەگینا لەو هێرشە چاوەڕوان نەکراوەدا زگی هەڵدەدڕا.

بەڵام چارەنووس هەروەك ئەو شەویلاکەیە کە بەگەرووی دان چەرمووەوە هەڵواسرابوو و لە هەر دەرفەتێکدا بەرەو شا دەماری ملی دەچووە پێش، بێ بەزەیی و دڵڕەق بوو. تەنیا شت کە مردنی ئەو گورگە جحێڵەی وە درەنگ خستبوو، چەرمی قایمی ئەستۆی و کۆڵکی پڕ و بەپشتی ملی بوو. ئەم کۆڵکە لە زاری بوول داگدا بووبوو بەگلۆڵەیەکی گەورە کە نەیدەهێشت ددانەکانی زۆر بەگۆشتی دان چەرموودا بچنە خوار. لەگەڵ ئەوەشدا چیرووکی جار بەجار بەشێکی زیاتر لەو پێست و کۆڵکەی لە زاری خۆیدا خڕ دەکردەوە و بەم جۆرە دان چەرمووی کە سات بەسات گرانتری هەناسە بۆ هەڵدەکێشرا، بەرەو خنکان دەبرد.

شەڕەکە بەڕواڵەت تەواو بووبوو. ئەوانەی گرەویان لەسەر چیرووکی کردبوو، هەژدە هەژدە قسەیان دەکرد و نرخی گرەوەکەیان دەبردە سەرێ. ئەوانەش کە دان چەرموویان هەڵبژاردبوو بەپێچەوانە، دڵسارد بوون و حازربوون گرەوەکەیان بەدەیەك و تەنانەت بە بیست یەکی نرخەکەی بفرۆشنەوە. لەپڕ دیتیان پیاوێك لە نێو ئاپۆراکە هاتە پێشێ و چووە نێوەڕاستی مەیدانەکە. ئەو پیاوە بیووتی سمیث بوو. بیووتی قامکی بۆ لای ئەو حەیوانە کە لە گیانەڵادا بوو درێژ کرد و بەشێوەی گاڵتە و سووکایەتی پێ کردن، قاقا پێ کەنی.

ئەم کارە دەسبەجێ شوێنەواری خۆی دانا. دان چەرموو کە تووشی ڕق و قینێکی سامناك بووبوو هەرچی هێز و توانای لە لەشیدا بوو کۆی کردەوە و لە جێی خۆی ڕاست

بووەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئەو مەرگە هەڵواسراوەی جارێکی تر لەگەڵ خۆی بەدەوری مەیدانەکەدا گێرا، ڕق و تووڕەییەکەی بوو بەترسێکی لە توانا بەدەر. چاوی جگە مردنێکی مسۆگەر کە گەرووی گرتبوو هیچی نەدەدی و لە حاڵێکدا دەلەرزی و دەیمڕاند و دەکەوت و هەڵدەستایەوە و دوژمنی لەگەڵ خۆی لە زەوی هەڵدەبڕی، چەند لەحزەیەك بەخۆڕایی شەڕی کرد، بەڵام نەك لەبەرئەوە کە نیازی سەرکەوتنی بێ، بەڵکو بۆ ئەوە کە بەشکم خۆی ڕزگار بکا. دان چەرموو دیسان لە پێ کەوت و کەوتە سەر پشت. بوول داگ لەم دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و ڕادەیەکی زیاتری لە پێست و مووی ئەستۆی لە زاری خۆی ڕاکرد. خنکانی تەواو نیزیك بوو. هاوار و چەپڵەڕێزانی ئاپۆرایەکە بەشانازیی سەرکەوتوو، دەست پێ کرا و دەنگی ″چیرووکی!... چیرووکی!″ لە نێو خەڵکەکە هەستا. چیرووکی بێ ئەوەی ساتێك لە کاری خۆی خافڵ بێ بەڕاوەشاندنی کلکە چووکەکەی وەڵامی ئاپۆرایەکەی دایەوە. لە نێوان کلکی کورت و نابووت و شەویلاکەی بەهێز و پۆڵایینی ئەودا هیچ لێکوەشانەوەیەك نەبوو. یەکیان بەکەیفی تەواوەوە ڕادەوەشا و سەمای دەکرد و ئەوی دیکە بێ بەزەیی و بێ ئەمان لە گەرووی حەریف چەقیبوو و نەدەکرایەوە.

لەو نێوەدا پشوویەك کەوتە نێو کاری تەماشای خەڵکەکە و دەنگی زەنگوڵەی تێکەڵ بەحەپە حەپی سەگانی خێشك دەنگی دایەوە. سەیرکەران بەفکری ئەوەی پۆلیس هاتووە هەموویان سەریان بۆ لای دەنگەکە وەرسووڕاند، بەڵام پۆلیس نەبوو. خێشك زۆر بەخێرایی لە لای پێچەوانەی قەڵا ڕادەهات و ئەو دوو پیاوەی تێیدا دانیشتبوون، بێگومان لە سەفەری لێکۆڵینەوە یان چاو لێکردنی جێگایەك دەگەڕانەوە. موسافیرەکان وەختێك ئەو ئاپۆرایەیان دی بۆ ئەوەی بزانن هۆی ئەم قەڵەباڵغی و کۆبوونەوەیە چییە. سەگەکانیان ڕاگرت و بەرەو خەڵکەکە هاتن.

ئەو پیاوەی سەگەکانی لێ دەخوڕی سمێڵی هەبوون. پیاوەکەی تریش کە لاوێکی چوارشانە بوو ڕیشی پاك پاك تاشیبوو. ڕوخساری پیاوە گەنجەکە لە خوێنی ساغ و هەوای سارد و خێرا ڕۆیشتنی خێشکەکە سوور هەڵگەڕا بووو گوڵی کردبوو.

دان چەرموو هەروا لە حاڵی گیان کێشاندا بوو و ئیدی توانای شەڕی نەبوو، تەنیا جارجار لە تاوی دەردی خۆی هەڵدەستا و دەکەوتەوە و وەك ئەوە دەچوو کە بەرگری لە خۆی بکا، بەڵام دیار بوو ئەوەش لەگەڵ دوا هەناسە بەرەو کوژانەوە دەڕوا. بیووتی سمیث ساتێك چاوی لێ وەرنەگێڕابوو و تەنانەت هاتنی دوو موسافیرەکەش ئاوڕی پێ نەدابووەوە. بیووتی کاتێك دیتی کە چاوی قارەمانەکەی تاریك بوون و خەریکە چاو لێك

دەنێ و ئیدی چووکترین هیوا بەسەرکەوتنی نەماوە، شەپۆلی دڕندەیی و وەحشیگەرییەك کە مێشکی نەخۆشی ویی داگرتبوو، هەستا و ئەو تۆزە ئەقڵەش کە لەو مێشکەدا مابوو لەگەڵ خۆی برد. ئەو وەحشییە چونکە نەیدەتوانی خۆی بەخەڵکی دیکەدا بدا بەو پەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەیی بەرەو دان چەرموو دەرپەڕی و بۆ لێدانی ئەو حەیوانە مەزلوومە چووە پێش. هاواری ڕەخنە و فیتوو لێدان لە سەیرکەران بەرز بوو، بەڵام هیچ کەس لە جێی خۆی نەبزووت.

بیووتی سمیث بەپاژنە پۆتینە بزماردارەکانی پشتی حەیوانەکەی وەبەر پێلەقە دابوو کە لەنەکاو جموجۆڵێك کەوتە نێو ئاپۆرایەکەو هەمووان دڕیان دا. ئەم جموجۆڵە کاری ئەو لاوە چوارشانەیە بوو کە بێ پەروا لە چەپ و ڕاستەوە خەڵکی دەکشاندەوە و ڕێگای بۆ خۆی دەکردەوە.

لاوەکە وەختێك گەیشتە مەیدان کە بیووتی سمیث خەریکی کوتانی دان چەرموو بوو و لەو دەمەدا لاقێکی بڵیند کردبوو کە بەسەری حەیوانەکەیدا دا. وەختەکەی لەبار بوو و کابرای لاو کەڵکی لێ وەرگرت و مستێکی وا توندی لە دەمی بیووتی کوتا کە بەدبەختە وەك پووشکە کا لە عەرزی بڵیند بوو، لە هەوا سەر مەقولاتێکی دا و زۆر بەتوندی بەرەو پشت کەوتە سەر بەفرەکە. ئەودەم لاوەکە ڕووی لە ئاپۆرایەکە کرد و هاواری کرد:

"هەی بێ غیرەتینە!... هەی نا ئینسانینە!..."

ڕقێکی لە ڕادەبەدەر بەڵام بەجێ و پیرۆز ئەوی داگرتبوو. بریسکەیەکی سەیر وەك درەوشانەوەی پۆڵا لە چاوە خاکییەکانی هەڵدەستا و بەرەو ئاپۆرایەکە دەچوو. بیووتی سمیث کە هەستابووەوە بەترس و لەرزەوە هاتە لای ئەو تازەهاتووە. لاوەکە نەیدەزانی مەبەستی وی چییە و ئاگای لە شەخسیەتی چەپەڵ و نزمی نەبوو، بەفکری ئەوە کە بۆ شەڕ هاتووە دەستی ڕە پێش خست و مستێکی توندتری لە سەروچاوی دا و گوتی: "هەی وەحشی، نا جسن!..."

بیووتی سمیث کە جارێکی دیکە مەلاسی زەوی بووبوو، تێ گەیشت کە جارێ سەر عەرزەکە بۆ ئەو، بێ خەتەرترین جێگایە و بۆیە بێ ئەوەی نیازی هەستانەوەی هەبێ، هەر لەوێ درێژ بوو.

لاوەکە بانگی هاوڕێیەکەی کە هەتا نێوەڕاستی مەیدان بەدوایدا هاتبوو، کرد و گوتی: "مات، وەرە ئێرە؛ یارمەتیم بدە!..."

دوو پیاوە سەفەرییەکە داهاتنەوە بۆ لای شەرکەرەکان. مات دان چەرمووی ڕاگرت و لاوەکە هەوڵی دا ددانەکانی چیرووکی لێك بکاتەوە، بەڵام هەرچەندی بەو دەستە بەهێزانەی هەوڵی دا سوودی نەبوو. ئارەق بەسەروچاویدا دەهاتە خوار و هەناسە برکەی وێ کەوتبوو، جارجاریش لە بن لێوانەوە دەیبۆڵاند و دەیگوت: "هەی نا ئینسانینە!..."

حەشامات دەستی کرد بەورتەورت و بۆڵاندن. ئەوانەی ئازاتر بوون ڕەخنەیان گرت و گوتیان: ئەم میوانە بانگ نەکراوانە سەیران و سەرگەرمییەکەیان لێ تێك داین، بەڵام کاتێك لاوەکە دەستی لە کاری خۆی دەکێشایەوە و چاوە پڕ بریسکەکانی دەوانەوە دەبڕی و پێی دەگوتن: "هەی نا ئینسانینە، هەی نا ئینسانی دەبێ شەرەف"، هەموویان بێدەنگ دەبوون.

سەرەنجام مات وەقسە هات و گوتی: "بووبووورە، مستەر سکات، زەحمەتەکەت بەخۆڕاییە و مەحاڵە بتوانی ئەمانە بەم جۆرە لێك بکەیەوە."

هەردوو پیاوەکە هەستانە سەر پێ و تەماشای ئەو دوو حەیوانە شەرکەرەیان کرد کە هەروا پێکەوە چەسپا بوون. مات گوتی: "هێشتا خوێن لە ملی نەهاتووە بەم زووانە نامرێ."

سکات وەڵامی دایەوە: "هەتا چەند لەحزەی تر دەمرێ. چاوت لێ نییە بوول داگ نەختێك ددانی هەورازتر بردووە؟"

سکات چەندجار بەتوندی لەسەری چیرووکی ڕاکێشا، بەڵام دیسان ددانەکانی ئەو حەیوانە سەرسەختە لێك نەبوونەوە. بوول داگ لە وەڵامدا کلکە کورتەکەی ڕادەوەشاند واتە دەیەویست بڵێ دەزانی ئەم لێدانە مانای چییە، بەڵام ئەویش خاوەنی مافێك و ئەرکێکە و بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەیە کە ناتوانێ ددانەکانی لێك بکاتەوە.

سکات ڕووی لە حەشیمەتەکە کرد و گوتی: "دەی، یاڵڵا، چما کەس نیازی نییە یارمەتیمان بدا؟..."

بەڵام هاوارەکەی بێ ئاکام مایەوە. هەمووان گاڵتەیان پێ کرد و فەرمانی سەیر و سەمەرەیان پێ دان و بەگاڵتەیەکی تێکەڵ بەرق و قینەوە پێ کەنین.

سکات قایش پشتێنەکەی گەڕا و دەمانچەیەکی لێ دەرهێنا، پاشان لوولەی دەمانچەکەی لە شەویلاکەی چیرووکی ڕۆکرد و ئەوەندە توند بای دا و سووڕاندی کە

تـەقـەی وێك كـەوتـنـی پـۆڵا و ددانـەكـانـی بـوول داگ بـەڕوونـی هـاتـە بـەرگـوێ. هـەردوو پیـاوەكە لەسەر چۆك دانیشتبوون و داهـاتبوونەوە سەر دوو حەیوانەكە. تیم كینـان هـاتە لای مەیدانەكە، لە پێش سكات ڕاوەستا و دەستی لەسەر شانی دانا و گوتی: ″هـا، مـامە، وریـابە ددانەكانی نەشكێنی!...″

سكات لە حاڵێكدا لوولەی دەمانچەكەی لە زاری بوول داگ دا دەهێنا و دەبرد گوتی: ″ئەگەر ددانەكانی نەشكێنم ناچارم دەبێ ملی بشكێنم.″

خاوەنی چیرووكی بەشێوەی فەرماندەرانە دووپاتی كردەوە و گوتی: ″لەگەڵ تۆمە، مامە ددانەكانی نەشكێنی!...″

بەڵام چاو و ڕاوی وی ئاكامێكی نەبوو و سكات موبالاتی پێ نەكرد. تەنیا سەری هەڵێنا، چاوێكی لێ كرد و زۆر بەئارامی گوتی: ″سەگەكە هی تۆیە؟″

تیم كینان بەسووكە بۆڵەیەكەوە وەڵامی ″ئەرێ″ی دایەوە و سكات گوتی: ″زۆر باشە، كەوایە ئەتو لەجیاتی من زاری لێك بكەوە!″

تیم كینان تووڕە بوو و گوتی: ″مامە، ئەمن فێر نەبووم كارێك كە نایزانم دەستی تێ وەردەم. ئەمن هیچ كاتێك ناتوانم ئەو قفڵە بكەمەوە.″

سكات گوتی: ″كەوایە بڕۆ لاچۆ لە پێش چاوم، بەخۆڕایی ئەزیەتم مەكە.″

لەو نێوەدا سكات توانیبووی لوولەی دەمانچەكە لە قەراخی شەویلاكەی خوارەوەی بوول داگگیر بكا. سەرەنجام ئەوەندەی هەوڵ دا و تینی تێ كرد هەتا لوولەی دەمانچەكە لە لای ئەولای زاری سەگەكە هاتە دەر. كاتێك ئەم كارە جێبەجێ كرا، سكات وەك لۆسەیەك بەكار بینی لوولەكەی بەرەوژوور هەڵێنا و ئەمجار ددانەكانی بوول داگ وردە وردە لێك بوونەوە.

مـاتـیش بـەرە بـەرە گلـۆڵـەی چـەرم و كـۆڵـكـی دان چـەرمـووی لـە زاری نـیـوەكـراوەكـەی چیرووكی هێنایە دەر.

سكـات ڕووی كـردە تـیـم كـیـنـان كـە هـێـشـتـا هـەر لـەوێ ڕاوەسـتـا بـوو، و بـەشێوەیـەكـی لێبڕاوانە فەرمانی پێ دا و گوتی: ″وەرە سەگەكەت بگرە.″

تیم كینان بەقسەی كرد و داهاتەوە و چیرووكیی توند گرت، ئەمە لە حاڵێكدا بوو كە زاری چیرووكی بەدوا پاڵ پێوەنانی لوولە دەمانچەكە بەتەواوی لێك بووبووەوە. بوول

داگ بەتوندی خۆی ڕادەپسکاوت و دەیەویست دیسان خۆی بەنێچیرەکەدا بدا.

سکات دووبارە فەرمانی دا و گوتی: "بیبە، بیبە دەرێ!..."

تیم کینان و چیرووکی لە کاتێکدا هەردووکیان یەکتریان ڕادەکێشا، چوونە نێو ئاپۆرای حەشیمەتەکە.

دان چەرموو هەوڵێکی بێ هوودەی دا کە ڕاست بێتەوە و ڕاست لەو وەختەدا کە خەریك بوو هەستێ لاقە بێ هێزەکانی لەرزین و بەسپایی کەوتەوە سەر زەوی. چاوەکانی نیوە داخرا، و گلێنەکانی تاریك و لێڵ بوون. دەمی کراوەوە و ڕەق و زمانی هەڵاوەسراو و لەشی بێ هەست و ئاوساو بوو. قەڵافەتی وەك سەگێك دەچوو کە بەنیازی کوشتن گەروویان ڕێك گوشیبێ. مات بەباشی لێی ورد بووەوە و گوتی:

"حاڵی زۆر شڕە بەڵام هێشتا هەناسەی دێ!"

لەو کاتەدا بیووتی سمیث کە لە جێی خۆی هەستابوو، نیزیك دەکەوتەوە.

سکات پرسی: "مات، سەگێکی باشی خێشك قیمەتی چەندە؟"

خێشك لێخوڕەکە کە هێشتا لە پەنای دان چەرموو چۆکی دادابوو، تاوێك حیسابی کرد و گوتی: "سێ سەد دۆلار."

سکات دووبارە پرسی: "ئەدی بۆ سەگێکی ئاوا نیوە گیان و لە کارکەوتوو دەبێ چەندی بدەی؟"

مات گوتی: "نیوە."

سکات سەری بۆ لای بیووتی سمیث وەرگێڕا و گوتی: "ها، جەنابی وەحشی، گوێت لێیە؟ ئەمن سەگەکەت هەڵدەگرم و سەد و پەنجا دۆلارت دەدەمێ!"

سکات کیسە باخەڵەکەی دەرهێنا و دراوەکەی ژمارد، بەڵام بیووتی سمیث هەردوو دەستی لە پشتەوە گرتن و دراوەکەی وەرنەگرت و گوتی: "ئەمن نایفرۆشم."

سکات بەگاڵتە پێ کردنەوە گوتی: "ها! نایفرۆشی؟... بەڵام دەبێ بیفرۆشی، چونکە ئەمن دەمەوێ بیکڕم. وەرە ئەمە پارەکەت!...

سەگەکەش هی منە."

بیووتی سمیث کە هەروا دەستی لە پشت خۆی گرتبوون، کشایەوە. سکات بەتووڕەیی چووە پێش و مستی لێ ڕاست کردەوە کە لێی دا. بیووتی داهاتەوە و ناڵەیەکی لێ هات و

گوتی: ″–ئاخر ئەمنیش مافێکم هەیە.″

″ئەتۆ شەقت لەو مافە هەڵداوە و دەستت لێ هەڵگرتووە. ئێستا دراوەکەت هەڵدەگری یان ناچارم دیسان لێت دەم؟″

بیووتی سمیث لە ترسان تەسلیم بووبوو گوتی: ″زۆر باشە، ئەمن دراوەکە هەڵدەگرم، بەڵام ڕازی نیم، ئەم سەگە هی منە و وەك ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ لێم بدزی. ئاخر بنیادەم بۆ خۆی مافێکی هەیە.″

سکات لە کاتێکدا پارەکەی لە مستێ دەنا، گوتی: ″ئافەریم، زۆر ڕاستە. بنیادەم بۆ خۆی مافێکی هەیە، بەڵام خۆ ئەتۆ بنیادەم نی. ئەتۆ وەحشییەکی چەپەڵی، ئەتۆ حەیوانی!″

بیووتی هەڕەشەی کرد و گوتی: ″هەتا دێمە داوسۆن، ئاخر قانوونێکیش هەیە کە لە من بپرسێتەوە. لەوێ شکایەت دەکەم.″

سکات گوتی: ″ئەگەر لە داوسۆن زمانت بگەڕێ، دەڵێم دوورت بخەنەوە، تێ گەیشتی؟″

بیووتی لە وەڵامدا تەنیا بۆڵەیەکی لێ هات کە دیارنەبوو دەڵێ چی.

سکات بەتووڕەیییەکی کاتی و تازەوە نەڕاندی و گوتی: ″لەگەڵ تۆمە، حاڵی بووی؟″

بیووتی دووبارە بۆڵەیەکی لێ هات و کشایەوە و گوتی: ″بەڵێ.″

″بەڵێ چی؟″

″بەڵێ گەورەم.″

لەو کاتەدا دەنگێك لە نێو ئاپۆرایەکە هەستا کە دەیگوت: ″کوڕینە وریا بن، نەتانگرێ!″

بەدوای ئەم قسەیەشدا قاقای پێکەنینێکی درێژ لە بۆشایی گەڕا.

سکات پشتی لە خەڵکەکە کرد و چووە یاریدەی هاوڕێیەکەی کە دان چەرمووی بۆ لای خێشکەکە ڕادەکێشا.

ژمارەیەك لە سەیرکەران دوورکەوتبوونەوە؛ ژمارەیەکی تر دەستە دەستە بووبوون، قسەیان دەکرد و دەیانڕوانی. تیم کینان لەگەڵ دەستەیەك کەوت و پرسی: ″ئەم سەگبابە کێیە؟″

یەکێك گوتی: ″وایدن سکات.″

″بەزیادم نەکرد، وایدن سکات چ جانەوەرێکە؟″

کابرا گوتی: "یەکێك لە ئەندازیارە کەللەشەقەکانی کانگایەکە لەگەڵ هەموو سەرزلەکانی داوسۆن نێوانی خۆشە. ئەتۆ ئەگەر ژانەسەرت نییە، باشترە خۆی لێ نەدەی. ئیدی خۆت زانی، لەسەر من پێ گوتنەکەیە. ئەم پیاوە لەگەڵ هەموو مووچەخۆرانی دەوڵەت ڕێکە و بەڕێوەبەری دایرەی زێڕیش یەکێك لە دۆستانی نیزیکیەتی.

تیم کینان گوتی: "ئەمنیش فکرم کردەوە کە ئەم کابرایە دەبێ شتێك بێ، هەربۆیەش بوو کە بەخزمەتی نەگەیشتم."

***

۱۹

# تەربیەت هەڵنەگر

وایدن سکات گوتی: ″ئەمن خەریکە ناهومێد بم!″

سکات لە بەردەرگای ماڵە دارینەیەك كە لە نیزیك داوسۆن، بۆ دانیشتنی خۆی هەڵبژارد بوو، دانیشتبوو، چاوی لە ماتی لێخوڕی سەگەکانی دەکرد کە ئەویش بەنیشانەی ناهومێدی و دڵساردی شانی هەڵدەتەکاند. هەردووکیان وریای دان چەرموو بوون. گورگی جحێڵ کە بەزنجیر بەسترابووەوە، مووی لەسەر پشتیٚ ڕاست کردبوونەوە و زۆر بەدڕندەیی دەیەویست خۆی بەرەڵا بکا و پەلامار بەرێتە سەر سەگەکانی خاوەنی تازەی. بەڵام سەگانی خێشك بیٚ هەست دانیشتبوون، چونکە مات بەچەند کوتەکێك دەرسی دادابوون و تێی گەیاندبوون کە واز لە دان چەرموو بێنن. لەو وەزعەدا هەموویان، کەمێك دوورتر، بیٚ ئەوەی بەڕواڵەت ئاگایەکیان لەو هاوڕیٚ ڕووگرژ و بەد ئەخلاقەیان هەبیٚ ڕاکشابوون و سەریان وەسەر دەستیان کردبوو. وایدن سکات دووبارە وەقسە هات و گوتی: ″ئەمە گورگە هیچ ڕێگایەکیش بۆ ڕامکردنی نییە.″

مات بەرپەرچی دایەوە و گوتی: ″لەو بارەیەوە نابیٚ توند بڕۆین. هەرچەند بڕوای تۆ ئەمەیە، بەڵام شتیکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم حەیوانە ڕەگێکی سەگی تێدایە و ئەمن بەوپەڕی بوێرییەوە عەرزت دەکەم کە...″

مات لێرەدا قسەی خۆی بڕی و بەحاڵەتی باوەڕ بەخۆبوونەوە سەری ڕاوەشاند و چاوی لە ″کێوی گاکێویـان″ کرد کە لەو بەریانەوە بەلووتکەی پڕ لە بەفرەوە گەردنی هەڵکێشابوو، دەتگوت دەیەویٚ نهێنیی خۆی تەنیا بۆ کێو بدرکێنیٚ.

سکات پاش چەند لەحزە بیرکردنەوە، بەنەختێك ڕووگرژییەوە گوتی: ″باشە بۆ بێدەنگ بووی، بۆچی لە گوتنی زانیارییەکانت درێخی دەکەی؟ باوەڕی تۆ چییە؟ زوو بیڵیٚ، گیانت دەرچیٚ!″

مات قامکی بۆ لای دان چەرموو ڕا داشت و گوتی: ″گورگ بیٚ یان سەگ فەرق ناکا، ئەم حەیوانە لە پێشدا کەوی بووە.″

″نا!″

″بەڵێ کەوی بووە و خێشکیشی ڕاکێشاوە. تەماشای بەرسینگی بکە! شوێنی پەت و قایشەکانی دەبینی!″

″مات، قسەی تۆیە. ئەم حەیوانە پێش ئەوەی ببێتە هی بیووتی سمیث، سەگی خێشك بووە.″

″ئەمنیش هیچ بەدووری نازانم، دووبارە ببێتەوە سەگی خێشك. ″سکات بەتووڕەیی و تێکچوونەوە گوتی: ″ئەتۆ ئەم قسەیە لە کوێوە دێنی؟″

بەڵام هەرکە ئاوڕی دایەوە سەر دان چەرمووو، خەم دای گرت و بەڕاوێژێکی خەفەتبارانەوە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: ″لەم دوو حەوتووەدا حەیوانەکە لەجیاتی ئەوەی باش بێ، وەحشیتر بووە.″

مات گوتی: ″بەباوەڕی من واباشترە ئەم حەیوانە بەرەڵا بکەین، دەبێ تاقیی بکەینەوە و بزانین چ دەبێ، ئەمن دەزانم ئێوە خۆتان دەتانەویست ئەو کارە بکەن بەڵام نەتانتوانی لێی نیزیك ببنەوە، چونکە گۆپاڵتان پێ نەبوو.″

″زۆرباشە، ئەتۆ تاقیی بکەوە!″

لێخوڕی سەگانی خێشك گۆپاڵێکی درێژی بەدەستەوە گرت و ڕۆیشت بۆ لای دان چەرموو کە بەزنجیر بەسترابووەوە. حەیوان دەسبەجێ قووت بوو، و وەك شێرێك کە لە پشت میلەی قەوەزەکەیەوە بڕوانێتە قەمچیی عاملێنەرەکەی چاوی بڕییە گۆپاڵی دەستی مات.

مات گوتی: ″بڕوانە، چاوی نەبڕیوەتە من، ئەمەش باشترین نیشانەی ئەوەیە کە ئەو حەیوانە هێندە وەحشی نییە و نیازی نییە خۆی بەمندا دا. نەخەیر، نەخەیر، هێندەش وەحشی نییە.″

لە کاتێکدا دەستەکەی تری مات لە ملی دان چەرمووو نیزیك دەبووەوە، گورگی جحێڵ مڕاندی و مووی پشتی ڕاست بوونەوە، بەڵام لەسەرەخۆ لەسەر زەوی درێژبوو. حەیوانەکە تەماشای ئەو دەستەی دەکرد و هەر لەو کاتەدا بەسیلەی چاو ئاگاشی لەو دەستە بوو کە گۆپاڵی پێ بوو و بەهەڕەشەوە لەسەر سەری هەڵاوەسرابوو. مات زنجیری قەڵەدەکەی کردەوە و کشایەوە.

دان چەرموو نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە ئازاد بووە. چەند مانگ بوو کە بووبووە هی بیووتی سمیث و لەو ماوەیەدا هەرگیز لەحزەیەکی ئازادی نەدیبوو. تەنیا ئەو وەختە کە

دەیانەویست بەشەڕی بدەن، زنجیرەکەیان دەکردەوە و پاش تەواوبوونی شەڕەکە دووبارە زنجیریان دەکردەوە.

دان چەرموو نەیدەزانی دەیانەوێ چی لێ بکەن، لەوانە بوو بیربکاتەوە کە خواکان خەریکن پەندێکی تازەی بەسەر بێنن. حەیوانەکە وریای خۆی بوو. لەسەرەخۆ وەڕێ کەوت. لەنەکاو لەو دووپیاوەی تەماشایان دەکرد لای دا و بەوردە هەنگاو چوو بۆ لای ماڵەکە و چووە ژوورێ. هیچ شتێك ڕووی نەدا و گومان و دوودڵییەکەی پتر بوو. دان چەرموو لە ماڵەکە هاتە دەرێ، چەند هەنگاو بەرەو پێش ڕۆیشت و تەماشای خواکانی خۆی کرد.

سکات پرسی: ″تۆ بڵێی ڕانەکا؟″

مات بە شان هەڵتەکاندن وەڵامی دایەوە: ″کەس نازانێ. بەڵام هەرچۆنێك بێ ڕێگایەکی دیکەمان بۆ تاقیکردنەوە نییە.″

سکات لە ڕووی بەزەیی و دڵسۆزییەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: ″حەیوانی بەستەزمان! ئەو تەنیا پێویستی بەخۆشەویستی و میهرەبانیی ئادەمیزاد هەیە و هیچی دی.″

سکات ئەمەی گوت و چوو بۆ لای ماڵەکە و کوتە گۆشتێکی هێنا بۆ دان چەرمووی هاویشت. حەیوان زۆر بەوردی و بەدگومانییەوە تەماشای کرد.

لەو نێوەدا یەکێك لە سەگەکان گۆشتەکەی دی و بەغار بۆی چوو. سکات بەسەریدا گوراند: ″ئاهای، ماژوور، وەرە ئێرە!″

بەڵام حەیوانەکە درەنگ ئاگادار بوو. دان چەرموو خۆی پێدا دابوو و زەبری خۆی وەشاندبوو. سەگەکە گەوزی. وەختێك هەستایەوە دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە گەرووی دەچۆڕا و هێڵێکی سووری بەسەر بەفرەکەدا دەکێشا.

سکات گوتی: ″ئەم کارە زۆر وەحشییانە بوو، بەڵام دەرسێکی باش بوو.″

مات غاری دا پێشەوە کە دان چەرمووی تەمبێ بکا. حەیوان خۆی هاویشتە لاقی و ددانەکانی بریسکەیان دا و دەنگێك هەستا.

دان چەرموو لە حاڵێکدا هەروا دەیمڕاند چەندین میتر کشایەوە و مات کە ڕاوەستا بوو، چاوێکی لە لاقی خۆی کرد و گوتی: ″ناجسن، باشی گرت.″

پاشان دڕاوایی پانتۆڵ و دەرپێیەکەی و پەڵە خوێنێکی کە هەر دەهات و بڵاو دەبووەوە نیشان دا.

سکات بەناڕەحەتییەوە گوتی: ″ئەمن ڕاستم دەکرد کە دەمگوت هیوایەك بەڕاهێنانی ئەم حەیوانە نییە. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەی دامان و ئەو هەموو زەحمەتەی کێشامان ئاکامەکە ئەوە بوو کە دەیبینی.″

سکات لە حاڵێکدا قسەی دەکرد و خەفەتی دەخوارد دەمانچەکەی دەرهێنابوو و تەماشای عەمبارەکەی دەکرد تا بزانێ پڕە یان نا. مات نەیهێشت و گوتی: ″مستەر سکات، ئەم سەگە لە جەهەننەمدا ژیاوە و ئێمە نابێ چاوەڕوان بین دەسبەجێ ببێتە فریشتەیەکی بێ گوناح. باشترە دیسان مۆڵەتی بدەینێ.″

″ئاخر ئەتۆ بڕوانە ماژوور، حەیوانی بەستەزمان!″

مات ئاوڕی دایەوە و چاوێکی لەو سەگە هەژارە کە لە نێو بەفرێدا لە خوێنی خۆی گەوزیبوو و دوا هەناسەی ژیانی هەڵدەهێنا، کرد و گوتی: ″ڕاستە، مستەر سکات، بەڵام ئەتو خۆت فەرمووت کە ئەم کارە دەرسێکی باش بوو. ماژوور دەیەویست بەشە گۆشتی دان چەرمووی بخوا، بەڵام بەسزای کردەوەی ناشیرنی خۆی گەیشت و کوژرا. دیارە ئەم ڕووداوە جێگای داخە، بەڵام ئەمن بایەخێك بۆ سەگێك کە لە کاتی وا دا دەست لە هەقی خۆی هەڵدەگرێ، دانانێم.″

″بەڵێ، کەس نابێ لە هەقی خۆی خۆش بێ، بەڵام هەقیش سنوورێکی هەیە.″

مات لەسەر قسەی خۆی سوور بوو و گوتی: ″ئەمنیش شیاوی ئەم تەمبێیە بووم؛ ئاخر چ پێویست بوو لێی دەم؟ ڕێگا بدە با بمێنێ ئەگەر چاتر نەبوو بۆ خۆم دەیکوژم.″

سکات دەمانچەکەی لەو لا داناو گوتی: ″زۆر باشە، ئەوە ڕێگام دا. خوا بۆ خۆی دەزانێ کە حەز ناکەم نەخۆم و نەهیچ کەس بیکوژی، بەڵام ئاخر چ دەکرێ، ئەم حەیوانە تەربیەت هەڵگر نییە. ئێستا با ئازاد بێ، بزانین چۆن دەبێ؟ دەبێ تاقیی بکەینەوە.″

سکات چوو بۆ لای دان چەرموو و بەزمانی خۆش دواندی.

مات گوتی: ″ئەم کارەی تۆ دروست نییە، بەبێ گۆپاڵ نابێ لە مەترسی نیزیك ببیەوە.″

بەڵام سکات سەری ڕاوەشاند و بڕیاری دابوو متمانەی دان چەرموو کە هێشتا بەدگومان و دوودڵ بوو، بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

دان چەرموو بەدگومان بوو و پێی وابوو خەریکە کارەساتێك ڕوودا. ئەو سەگی خوای کوشتبوو و لاقی هاوڕێی خوای گرتبوو و بێگومان سزایەکی سەختی بۆ دادەنرا. حەیوان مووی پشتی ڕاست کردبوونەوە و ددانەکانی نیشان دەدان، چاوی بریسکەی دەدا و

سەرانسەری گیانی ئامادە و وشیار بوو. خوا گۆپاڵی بەدەستەوە نەبوو. دان چەرموو نیزیکبوونەوەی قبووڵ کرد. دەستی خوا هاتە پێش و لە ژوور سەرییەوە داهاتەوە. دان چەرموو خۆی مات کرد و هەرواش وشیار بوو. پێی وابوو ئەم دەستە مەترسییەکی گیانی هاتووەتە بەر و خیانەتێکە پێی دەکرێ. ئەو دەستی خواکانی دەناسی و دەیزانی چ توانا و کارامەیییەکیان لە لێداندا هەیە. لە لایەکیش قەت پێی خۆش نەبوو یەکێك دەستی لێ بدا، بۆیە بەهەرەشەیەکی زیاترەوە مراندی، بەڵام دەستەکە هەروا دەهاتە خوار. دان چەرموو حەزی نەدەکرد بیگرێ و بەوحاڵەش ڕێگای دا ئەو مەترسییە نەناسراوە دیسان نیزیکتر ببێتەوە؛ بەڵام هەستی سروشتی پاراستنی گیانی بەتوانایەکی زیاتر لە توانای ویستی خۆی لە هەناویدا سەری هەڵدا و بەسەریدا زاڵ بوو.

وایدن سکات پێی وابوو دەتوانێ بەچوستی و چالاکی دەستی خۆی بکێشێتە دواوە، لە گەزین بەدوور بمێنێ. بەڵام نەیدەزانی دان چەرموو لە مار خێراتر خۆی داوێ و زەبری خۆی دەوەشێنێ. سکات هەرکە هەستی کرد بریندار بووە هاوارێکی کرد و دەستە خوێناوییەکەی بەدەستەکەی تر گرت.

مات بەپەلە چووە ژووری ماڵەکە و تفەنگەکەی هێنا. سکات هاواری کرد و گوتی: "ئاهای، مات، چ دەکەی؟... نیازی چیت هەیە؟... وەرە ئێرە!"

مات بەساردی وەڵامی دایەوە: "ئەمن ئێستا بەڵێنێکم بە تۆ داوە و دەمەوێ بەڵێنەکەم بەرمەسەر. پێم گوتی ئەگەر جارێکی دیکە کارێکی خەراپی کرد دەیکوژم."

"نا، نا، نەیکوژی."

"پێت ناخۆش نەبێ! ئەمن دەیکوژم، دەشبینی بیکوژم باشترە."

ئێستا نۆرەی سکات بوو دیفاع لە دان چەرموو بکا. حەیوان چۆن دەتوانێ لەم دەرفەتە کورتەدا باش بێ و تەربیەت هەڵگرێ. لەو ماوەیەدا بیورێك لە دەسك نەدەنرا، هەتا دەگا بەوەی سەگێك تەربیەت کرێ. ئەم پێشهاتەش خەتای سکات بوو، ئەو بۆ خۆی پارێزی نەکردبوو و گوناحەکە لە ئەستۆی خۆی بوو.

لە ماوەی ئەم وتوویژەدا دان چەرموو هەروا توورە بوو، دەیەویست بەرامبەر بەتەمبێیەك کە پێی وابوو مسۆگەرە ڕابوەستێ. حەیوان دڵنیا بوو کە ڕەفتارێکی وەك ڕەفتاری بیووتی سمیثی لەگەڵ دەکرێ. ئەمجار ڕووگرژی و هەڕەشەکەی ڕووی لە سکات نەبوو، بەڵکو ڕووی لە مات بوو.

مات گوتی: "مستەر سکات، ئەگەر بەقسەی تۆ بکەم، ئەمجار دەمخوا."

بەهیچ جۆر وانییە، ئەو ڕقی لە تۆ نییە، ڕقی لە تفەنگەکەتە. بزانە چەند بەهۆشە!... ئەویش وەك من و تۆ چەکی گەرم دەناسێ. تفەنگەکەت بێنە خوار!"

مات بەقسەی کرد و پاشان گوتی: "بەڕاستی سەیرە. ئێستا ئیدی قسەی نییە. باش وایە دووبارە تاقیی بکەینەوە."

مات کە تفەنگەکەی بەدیواری ماڵەکەوە هەڵپەساردبوو هەڵی گرتەوە و دان چەرموو دیسان دەستی کردەوە بەمڕاندن. دووبارە تفەنگەکەی دانایەوە و لێی دوورکەوتەوە و دیتی دان چەرمووش لێوی پێکەوە نان."

سکات گوتی: "مات، ئێستا تفەنگەکەت هەڵگرەوە و سێرەی لێ بگرە."

مات هاتەوە لای تفەنگەکە و هەڵی گرت و بەسپایی هێنایە سەرشانی. کاتێك قۆنداخی تفەنگەکە بەلاچاوی ماتەوە نووسا. مڕاندن و توورەیی دان چەرموو لە ڕادە چووە دەر. هەرکە ئامادەبوو تەقەی لێ بکا دان چەرموو خۆی هەڵدا و چووە ژووری ماڵەکە. مات دەستی لە تاقیکردنەوە هەڵگرت. پاشان تفەنگەکەی وەلانا و ڕووی لە ئاغای خۆی کرد و گوتی: "مستەر سکات، ئەمنیش هاتمە سەر بڕوای تۆ. ئەم حەیوانە زۆر لەوە بەهۆشترە کە بکوژرێ. بەڕاستی حەیفە بمرێ!"

***

٢٠

# خوای خۆشەویستی

بیست و چوار سەعات بەسەر ئازادیی دان چەرموودا تێ پەڕیبوو. ئەو دەستەی ئازادیی دابووەوە بەو، ئێستا بریندار بوو و بە کەتانێك پێچرابوو و بەئەستۆی بریندارەکەوە هەڵواسرابوو.

هەرکە سکات لە دان چەرموو نیزیك بووەوە، حەیوان مڕاندی و مانای ئەو مڕاندنەش ئەوە بوو کە حازر نییە مل بۆ سزای کردەوەی خۆی ڕاکێشێ. دەرکەوت کە دان چەرموو لە شەوی ڕابردووەوە تا ئێستا لە فکری سزای کارە ناشیرنەکەی خۆیدا بووە. لە ڕابردوودا زۆرجار ڕێ کەوتبوو کە سزاکەی وەدوا بکەوێ، ئێستاش باش دەیزانی کە تاوانێکی گەورەی کردووە و ددانی بەلاقی خوای سپیدا بردووەتە خوار کە لە ژووروی هەموو خواکانەوەیە، کە وابوو لە قانوونی خواکاندا ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەو تاوانە نابێ بێ سزا بمێنێتەوە.

خوای سپی نیزیك کەوتەوە و چەند هەنگاو دوورتر لەو دانیشت، بەڵام بەو کارە مەترسییەك تووشی دان چەرموو نەبوو. بەپێی عادەت وەختێك خواکان دەیانەوێ تەمبێ بکەن هەمیشە بەپێوە ڕادەوەستن، لە لایەکی دیکەش ئەم خوایە، گۆپاڵ یان قەمچی یان چەکێکی گەرمی بەدەستەوە نەبوو، بێجگە لە هەمووی ئەوانە دان چەرموو خۆشی ئازاد بوو و ئەگەر پێویست بایە دەیتوانی ڕابکا و خۆی بگەیەنێتە جێیەکی بێ خەتەر.

خوای سپی ئارام دانیشتبوو و لەبەرئەوەی جووڵەیەکی لێ نەبینرا، مڕاندنەکەی دان چەرمووش بڕایەوە و لە سنگیدا بێدەنگ بوو. ئەو دەم خوا وەقسە هات. مووی ملی دان چەرموو ڕاست بوونەوە و دیسان دەستی کردەوە بە مڕاندن. خوا هەروا بەنەرمی و خۆشی قسەی دەکرد و چووکترین کردەوەی دوژمنانە و توندوتیژی نەبوو. قسەکانی نەرم و خۆش و دوور لە هەڵچوون و تووڕەیی بوون. هەتا ئێستا هیچ کەس بەو زمان شیرنی و دڵگرییە و بەو ڕاوێژە نەرم و بەئاهەنگەوە قسەی لەگەڵ دان چەرموو نەکردبوو. حەیوان هەستی بە شتێکی وەك لەزەت دەکرد، بەڵام نەیدەزانی ئەم هەستە چییە و لە کوێوە هاتووە. بەپێچەوانەی سروشتی وەحشی و سەرکێشی دان چەرموو، هەستی متمانەیەکی تایبەتی

ئەوی بۆ لای ئەم خوا پاڵ پێوە دەنا، دەتگوت وا هەست دەکا کە لە پەنای ویدا لە ئەمن و ئەماندا دەبێ.

پاش ماوەیەك خوا لە جێی خۆی وەستا و چووە ژووری ماڵەکە. کاتێك گەڕایەوە دان چەرمووو زۆر بەوردی تەماشای دەکرد و دووبارە ترسی ڕێ نیشتەوە. بەڵام خوا ئەمجاریش گۆپاڵ و قەمچیی پێ نەبوو و بەدەستە بریندارەکەی شتێکی لە پاش خۆی نەگرتبوو، تەنیا کوتە گۆشتێکی بەدەستە ساغەکەیەوە بوو و هیچی دیکە.

خوا دووبارە هات و هەر لە جێی جارەکەی تر لە نیزیك دان چەرموو دانیشت. حەیوان گوێی قوت کردن و بەبەدگومانییەوە لە خوا و لەو گۆشتەوە کە بەدەستییەوە بوو ڕاما و خۆی سازکرد کە لەگەڵ دیتنی چووکترین کردەوەی دوژمنانە بەرەو پاش بکشێتەوە. سزایەکەی دیسان وەدرەنگ کەوتبوو. خوا گۆشتەکەی هەتا نیزیك لمبۆزی وی بردە پێش و، واش دیار نەبوو کە ئەم بەخشینە مەترسییەکی تێدا شارابێتەوە. بەو حاڵەش دان چەرموو دەیزانی خواکان زۆرزان و بەتوانان و لەوانەیە لە پشتەوەی ئەو کوتە گۆشتە بێ ئازار و بەڕواڵەت باشەدا بە نەخشەیەکی وەستایانە ناهەقی و خەیانەتێکی سامناك شاردرابێتەوە. هەرچەند گۆشت پێدانەکە بەشێوەی دۆستانە و تێکەڵ بەخۆشەویستی بوو، بەڵام دان چەرموو لەوە ئاقڵتر بوو کە دەسبەجێ تەسلیم بێ و دەمی لێ بدا. ئەزموونی ڕۆژگاری پێشوو بەتایبەتی لە بارەی ژنانی سوورپێستەوە نیشانی دابوو کە زۆرجار تەمبێکردن و میهرەبانی بەشێوەیەکی دڵتەزێن تێکەڵ بوون و گۆشت و بەرد پێکەوە بەسەریدا باریون.

سەرەنجام خوای سپی گۆشتەکەی لەبەر پێی دان چەرموو لەسەر بەفرێ فڕێ دا و، حەیوانەکە بێ ئەوەی تەماشای بکا، زۆر بەوردی بۆنی پێوە کرد. دان چەرموو هەروا چاوی لە خواوە بڕیبوون. دیسان پێشهاتێکی خەراپ ڕووی نەدا. خوا کوتە گۆشتێکی دیکەی بۆ هاویشت. دان چەرموو دیسان لە خواردنی خۆی پاراست و خوا کوتە گۆشتی سێیەمی بۆ فڕێ دا. ئەم کردەوەیە چەندین جار دووپات کرایەوە، بەڵام وەختێك هات کە خوا ئیدی گۆشتەکەی بۆ ناویشت، بەڵکو بەدەستییەوە گرت و بەدەستی خۆی بردییە بەردەمی دان چەرموو.

دان چەرموو برسی و گۆشتەکەش تازە و بەتام بوو. حەیوان زۆر بەپارێزەوە هەنگاو بەهەنگاو هاتە پێش. دەتگوت بڕیاری داوە دیارییەکەی قبووڵ بکا. بێ ئەوەی چاو لە خوا

وەرگێڕێ گوێیەکانی خەواندن و مووە درێژەکانی ملی بێ ئەوەی بۆخۆی بیەوێ ڕاست بوونەوە. مڕەیەکی سووك و بێ هەست لە گەرووی گەڕا، دەتگوت دەیەوێ نیشان بدا کە ئامادە و وشیارە و بەفریو ناچێ. دان چەرموو بەم وەزعەوە ملی درێژ کرد و کوتە گۆشتەکەی وەرگرت و خواردی. دیسان ڕووداوێکی ناخۆش ڕووی نەدا. سزایەکەی هەروا وەدرەنگ کەوتبوو، حەیوان لێوەکانی لستنەوە و چاوەڕێ ما. خوا جارێکی دیکە هاتە پێش و بەنەرمی و میهرەبانی قسەی لەگەڵ کرد و پاشان لەسەرەخۆ دەستی درێژکرد. لە دەنگیدا خۆشەویستی هەست پێ دەکرا و دەستەکەشی مەترسیی لێ دەکرا و دان چەرموو لە نێو ئەم دوو هێزە دژبەیەکەدا زۆر توند سەری لێ شێوابوو. بڕیاری حەیوانەکە بوو بەوە کە بمرێنێ و گوێیەکانی بەنیشانەی وشیارکردنەوە بخەوێنێ، بەڵام گاز نەگرێ. دەستەکە هەروا هاتە خوارێ تا گەیشتە سەر مووە گرژبووەکانی.

دان چەرموو کشایەوە، بەڵام دەستەکە ئارامتر و نیزیکتر بەدوایدا هات. حەیوان دەلەرزی و دەیەویست مل بۆ لاواندنەوە ڕابکێشێ، بەڵام نەیدەتوانی ئەو هەموو بەڵا و ئەزیەت و ئازارەی لە دەست خواکانی دیکەی دیوە، بەڕۆژێك لە بیر خۆی بەرێتەوە. پاشان دەستەکە هەڵگیرا و جار بەجار بەنەرمی و بەلاواندنەوە هاتەوە خوار. دان چەرموو لە حاڵێکدا جاروبار دەیمراند و بێدەنگ دەبووەوە، وریای جموجۆڵی ئەو دەستە بوو. حەیوان هێشتا نەیدەتوانی نیازی ڕاستەقینەی خوای سپی تێ بگا. لاواندنەوەکە نەرمتر بوو و دەستەکە گەیشتە بنانگوێی و حەیوان هەستی بەلەزەتێکی زیاتر کرد. لەم کاتەدا مات لە ژوورەکە هاتە دەر تا قاپێکی پڕ لە چڵپاو کە بەدەستییەوە بوو، بڕێژێ. کاتێك چاوی بەسکات کەوت هاواری کرد و گوتی: "بەڕاستی ئەمن سەرم لە کاری تۆ دەرناچێ."

لەبەرئەوەش کە سکات هەروا دان چەرمووی دەلاواندەوە و وەڵامێکی نەدایەوە، لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: "دەمزانی ئەتۆ ئەندازیارێکی لێوەشاوەی، بەڵام خوا هەقە زەوق و لێهاتوویی منداڵیی خۆت بەفیڕۆ داوە. بریا هەر لە سەرەتاوە چووبایتە یەکێك لەو سیرکانە و خەریکی ڕامکردنی حەیواناتی کێوی بووایەی!..."

دان چەرموو کاتێك گوێی لە دەنگی مات بوو دەسبەجێ کشایەوە و لێی مڕاند، بەڵام ئیدی بۆ سکات نەیدەمڕاند. دووبارە سکات لێی نیزیك بووەوە و دەستی لەسەر سەری حەیوانەکە دانا و لاواندییەوە.

بۆ دان چەرموو ئیدی ئەو ژیانە پڕ نەگبەتەی پێشوو کۆتایی پێ هاتبوو و خەریك بوو

بەرە بەیانی ڕۆژێکی زۆر ڕووناك و خۆش دەنگووت. وایدن سکات دەبوو سەبر و حەوسەڵە و تەقەلایەکی زۆر بەکاربێنێ، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە خۆشە بێنێتە دی، چونکە دان چەرموو ئیدی ئەو بێچووە گورگە ساویلکەیەی بیابان نەبوو کە لەش و گیانی تەسلیمی کاستوورگری بێ و وەك مێوی نەرم هەموو شکڵ و شێوەیەکی لێ ساز بکرێ. ئەو لە هەلومەرجێکی پڕ لە قین و بێزاریدا لە کڵ دەرهاتبوو و تێکەڵاوێکی ئاسنین بوو لە دووربینی و پارێز و فێڵ و تەڵەکە. ئێستا هێزێکی تازە بەناوی خۆشەویستی ئەوی ڕێك دەگوشی و دان چەرموو دەبوو لە ژێر تەوژمی ئەو هێزەدا تەسلیم بێ و سەر دانەوێنێ. وایدن سکاتیش وەختی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە ئابڕووی دان چەرموو بۆ ئەو بگێڕێتەوە، یان باشتر بڵێین ئابڕووی مرۆڤایەتی لە تاوانێکی دەرهەقی ئەم حەیوانە کرابوو، بێنێتەوە جێگای خۆی. ئەم مەسەلەیە بۆ وایدن سکات مەسەلەیەکی ویژدانی بوو، قەرزی شەرەف بوو، قەرزێك بوو کە ئادەمیزاد بەحەیوان قەرزدار بوو و دەبوو بدرێتەوە.

یەکەمین بۆچوون کە دان چەرموو لە خوا تازەکەی هەیبوو، ئەوەبوو کە لە بیووتی سمیث باشترە و، هەربۆیەش وەختێك پەتەکەیان لێ کردەوە مایەوە و ڕای نەکرد؛ لە پاشان بۆ ئەوەی ئەمەگناسیی خۆی دەربخا، بوو بەپارێزەری ماڵ و داراییەکەی خاوەنی. ئەو کاتەی سەگانی دیکەی خێشك دەخەوتن ئەو وریا بوو و بەدەوری ماڵێدا دەسووڕا. یەکەمین میوان کە بەشەو هاتە سەردانی سکات، ناچار بوو بەگۆپاڵێکی درێژەوە لەگەڵ دان چەرموو بەشەڕ بێ، هەتا خاوەنەکەی هات و دەنگی دا. دان چەرموو زوو فێربوو چۆن لە بارەی خەڵکەوە داوەری بکا. کەسێك کە ڕاستەڕێ بێ ترس دەهاتە بەردەرگا هەقی هەبوو بێتە ژوورێ، بەڵام حەیوان ئەوەندەی لێ وریا دەبوو هەتا خاوەنەکەی دەهات و بەگەرمی وەری دەگرت، کەسێکیش کە بە بێدەنگی و بەهەنگاوی دوودڵانە و گومان لێکراوەوە دەهات و بەپارێزەوە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد و دیار بوو، بەدوای شتێکی نهێنیدا دەگەڕێ، تەکلیفی ڕوون بوو و دان چەرموو دەیزانی چی لێ بکا.

سکات هەموو ڕۆژێ لاواندنەوەی دان چەرمووی درێژە پێ دەدا و حەیوانەکە جار لە جار زیاتر کەیفی دەکرد و لەزەتی دەبرد. وەختێك دەستی خاوەنی لە لەشی دەدرا، دیسان دەیمڕاند، بەڵام حەیوان بێجگە لە مڕاندن دەنگێکی تری لە گەرووی نەدەهات زمانێکی تری بۆ سوپاسکردن نەبوو.

دان چەرموو زۆری هەوڵ دابوو ڕاوێژی ئەم مڕاندنە نەرمتر بکا، بەڵام نەیتوانیبوو، بەو

حاڵەش گوێی لەسەر هەستی سکات توانیبووی لەو مڕاندنە وشك و زبرەدا دەنگێکی وەك مرخە مرخی پشیلە ببیستێ. وەختێك خوای دان چەرموو لە پەنای بوو، حەیوان هەستی بەلەرزەت و دەماخێکی لە ڕادەبەدەر دەکرد و کاتێك دوور دەکەوتەوە، ترس و نیگەرانییەکی لە توانا بەدەر دای دەگرت و ڕووناکاییی لە دڵدا نەدەما، دەتگوت لەنەکاو هەڵدێرێکی بەسام و ترس لە پێش پێی، دەمی لێك کردوەتەوە. لە ڕابردوودا ئامانج و مەبەستی ئەوە بوو کە گیانی خۆشەویستی هەمیشە سلامەت بێ ، ئازار و ئەزیەتێکی تووش نەبێ، بەڵام ئێستا وەزعێکی دیکەی بۆ پێك هاتبوو. حەیوان لە بەیانیڕا لەجیاتی ئەوەی لە پەناگای گەرم و نەرمی شەوانەی خۆیدا بمێنێ، دەهاتە بەردەرگای ساردی ماڵەکە و چەند سەعات چاوەڕێ دەبوو هەتا بەختیاریی دیتنی خوا خۆشەویستەکەی خۆی دەست کەوێ و سەرە قامکی میهرەبان و پڕ لاواندنەوەی وی لە لەشی بدرێ و قسەیەکی دڵخۆشکەر لە زمانی نەرم و شیرینی ببیسێ. ئیدی ڕەنج و کوێرەوەری بۆ ئەو گرنگ نەبوو و تەنانەت گۆشتیش بۆ ئەو لە پلەی دووەمدا بوو. بەڵێ، گۆشتیش بۆ ئەو گرنگ نەبوو، بەجۆرێك کە زۆرجار وەختێك دەیدی خاوەنی بەنیازی چوونە شار لە ماڵ دەردەکەوێ، خواردنەکەی بەنیوە چڵی بەجێ دەهێشت و وەدوای دەکەوت.

خوای دان چەرموو خوایەکی ڕاستەقینە بوو، خوای خۆشەویستی بوو، خوایەك بوو کە بەڕێکەوت هاتبووە سەر ڕێگای گورگی جحێڵ، هەتا خونچەی هیوای لەبەر تیشکی گیانبەخشی ئەودا بپشکوێ و دەم بکاتەوە. دان چەرموو دەرهەقی ئەم خوا خۆشەویستەی، پەرستنێکی دەروونی و بێدەنگی پەیدا کرد، بێ ئەوەی دیمەنێکی ئاشکرای هەبێ. حەیوان زۆر لەمێژبوو بە بەدبەختی و پەژارە و کوێرەوەری ڕای بواردبوو و ئێستا نەیدەزانی بە چ جۆرێك شادمانی و بەختەوەریی خۆی دەرببڕێ؛ زۆر لەمێژبوو کە خەمناك و پەشێواو، ئازاری گیانی و لەشیی دەکێشا و ئێستا نەیدەزانی چۆن پێ بکەنێ و بپشکوێ. زۆرجار کە خواکەی تەماشای دەکرد و لەگەڵی دەدوا، لەوە کە نەیدەتوانی ئەوین و هەستی دەروونی خۆی دەرببڕێ وبیهێنێتە سەر زمانی، جۆرە کۆڵە گروویەکی تایبەتیی لە ئەوکێ دەما.

زۆری پێ نەچوو، دان چەرموو تێ گەیشت کە دەبێ واز لە سەگەکانی خاوەنی بێنێ و هەربۆیە پاش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی وەك ئەو ڕۆژانە کە پێشەنگی کاروان بوو، بەوان نیشان دا، ئیدی ئازارێکی پێ نەگەیاندن؛ بەڵام سەگەکانیش ئەرکی سەرشانیان بوو کە پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕانەکێشن و لەسەر ڕێگای وی وەلاکەون و هەموو کاتێك گوێ بەفەرمانی بن. دان چەرموو هەر بەو شێوەیە ماتیشی وەك بەشێك لە دارایی خاوەنی چاو

لێ دەکرد و کاری پێی نەبوو. هەمیشە مات خواردنی بۆ دان چەرموو دێنا، بەڵام حەیوان هەستی دەکرد کە ئەم خواردنەی لە لایەن خاوەنیرا بۆ دەنێردرێ. یەکەم جاریش مات ئەوی لە خێشك بەست، بەڵام دان چەرموو لە پێشدا بەقسەی ئەو سەری نەوی نەکرد و هەتا خاوەنی فەرمانی پێ نەدا، حازر نەبوو پەت و قایش وەربگرێ. دان چەرموو قانوونی کاریش کە بەپێی ویستی خاوەنی بەسەریدا سەپا بوو، هەر لە مات فێربوو و لەبەرئەوەی مات لە پێشدا ئاگای لە کارامەیی و لێوەشاوەییی دان چەرموو نەبوو، هەتا نەیکردە پێشەنگی کاروان، بەو جۆرەی پێویستە ملی نەدایە کار.

ڕۆژێکیان مات ڕووی کردە ئاغای و گوتی: "مستەر سکات، ئەگەر ڕێگام بدەی هەرچی لە دڵم دایە بیڵێم، عەرزت دەکەم زۆر باش بوو ئەم سەگەت لە بیووتی سمیث کڕی. بەڕاستی، بێجگە لەو لێدانەی لەو بەستەزمانەت دا، بەکڕینی ئەم سەگە جەرگت بە کوچکەوە دا.

لەجیاتی وەڵام بریسکەی ڕق و قینێکی کۆن لە چاوی سکاتدا درەوشا و لە خۆوە ئەم وشەیەی بەسەر زمان داهات: "ئەی وەحشی!..."

بەهاری دواتر نیگەرانییەکی سەخت بەسەر دڵی دان چەرمووودا زاڵ بوو. خوای خۆشەویستی ون بووبوو. لە پێش ڕۆیشتنیدا جانتا و بەستەیەکی زۆریان بردبوو و سکات بەدوای واندا ڕۆیشتبوو، بەڵام دان چەرموو هیچی لەو شتانە و لەو هاتوچۆیانە نەدەزانی، هەتا دوایە بەرە بەرە ڕوون بووەوە و زانی چ باسە.

شەوی دواتر، حەیوان لە بەردەرگای ماڵەکە چاوەڕوانییەکی درێژ و خۆڕایی کێشا، بەڵام خاوەنی دیار نەبوو، نیوەشەوێ، بایەکی ساردی دەهات و ناچار بوو بخزێتە پەناگایەکەی خۆی. حەیوان کەمێك نووست، بەڵام دوو سەعات پاش نیوەشەو جارێکی تر نارەحەتیی دووریی خاوەنەکەی دای گرت و ناچار گەڕایەوە بەر دەرگای سارد و سەهۆڵ بەستووی ماڵەکە و گوێی بۆ بیستنی هەستی پێی ئاشنا هەڵخست. بەیانی زوو دەرگا کرایەوە و مات هاتە دەرێ. حەیوان بەرۆخسارێکی خەمگینەوە تەماشای کرد.

مات بەهیچ ڕێگایەك نەیدەتوانی مەسەلەکە لە دان چەرموو حاڵی بکا. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێ پەڕین و خوای دان چەرموو نەدەهاتەوە. گورگی لاو کە تا ئەو دەم هەرگیز نەیزانیبوو نەخۆشیی چییە، نەخۆشییەکی وا سەختی تووش بوو کە مات ناچار بوو، بیباتە ژووری ماڵەکە. مات لە نامەی دواییدا کە بۆ سکاتی نووسی، ئەم مەسەلەیەشی لێ زیاد کرد و خەبەری نەخۆشیی دان چەرمووی پێ ڕاگەیاند.

وایدن سکات لە شاری ″سیرکل سیتی″ نامەی ماتی خوێندەوە. مات نووسیبووی: ″ئەم گورگە نەحلەتییە ئیدی کارێك ناکا و خواردن ناخوا. ئەمن نازانم چی لێ بکەم. حەیوان دەیەوێ بزانێ تۆ چیت بەسەر هاتووە و چوویە کوێ. بەڵام ئەمن نازانم چۆنی ئەم مەبەستە تێ بگەیەنم. پێم وایە خەریکە لە تاوی تۆ دەمرێ.″

لە ڕاستیدا قسەکانی مات ڕاست بوون. دان چەرموو ئەوەندە بێ حاڵ بووبوو کە ئەگەر لە ژوورێ هاتبایە دەر سەگەکانی خێشکیش دەیانتوانی لەبەر یەکی هەڵدڕن. بەدبەختە هەمیشە لە ژوورێ لەبەر ئاگردان دەکەوت و خواردنیشی نەبوو. نەجیبی و بەدفەڕیی مات لە بەرچاوی وەك یەك بوون، و هەرچۆنێك بووایە چاوە بێ شۆق و خەماوییەکانی بۆ لای ئەو هەڵدەبڕی، پاشان سەری دەکەوتەوە سەر دەستەکانی و ئیدی جووڵەی نەدەکرد.

شەوێکیان کە مات بەسپایی ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و لە بن لێوانەوە ورتەی دەهات، لەنەکاو دەرپەڕی. دان چەرموو بەسپایی ناڵاندی و پاشان هەستا گوێی بە دەرگاوە ناو زۆر بەتامەزرۆیی گوێی هەڵخست. لەحزەیەك دواتر هەستی پێیەکی هاتە بەر گوێ و دەرگا کرایەوە. وایدن سکات وەژوور کەوت. هەردوو پیاوەکە دەستی یەکتریان گوشی، پاشان سکات تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و گوتی: گورگەکەم لە کوێیە؟″

دان چەرموو دووبارە چووبووەوە پەنای ئاگردان و وەك سەگانی ئاسایی بەدەوری خاوەنیدا هەڵبەزدابەزی نەدەکرد.

مات گوتی: ″بڕوانە چۆن کلکی ڕادەوەشێنێ!″

وایدن سکات دان چەرمووی بانگ کرد. حەیوان بەرەفتارێکی ساکار و ئاسایی هاتە پێش، بەڵام شادی و دەماخێکی زۆر لە چاوە گەشەکانیدا دەخوێندرایەوە. سکات بەرامبەری هەڵترووشکا و زۆر بەلێزانی و کارامەیی دەستی بەگوێ و مل و پشتیدا هێنا و لاواندییەوە. دان چەرموو مڕاندنە شیرن و دڵگرەکەی خۆی دەست پێ کردەوە، پاشان لە نەکاو سەری بردە پێش و لە بن باخەڵی خاوەنیدا شاردییەوە، دەتگوت دەیەوێ بەختەوەری و خۆشحاڵیی خۆی لە پێش چاوی خەڵك بشارێتەوە.

بەگەڕانەوەی خاوەنی خۆشەویست، نەخۆشیی دان چەرموو خێرا بەرەو چاکبوونەوە چوو. حەیوان دووشەو و ڕۆژێك لە ماڵ نەچووە دەر. وەختێك هاتە دەر سەگەکان کە هێزی سروشتیی ئەویان لە بیر چووبووەوە و تەنیا بێ هێزی و لاوازیی ڕۆژەکانی دواییان لە

بـیـر مـابـوو، شالاویـان بـۆ بـرد. زۆی پـێ نـەچـوو هـەمـوویـان شکـان و بـەقرووسکـە و هـاوارکردن هـەڵاتن و هـەتا شەوێ نەهـاتنەوە. شەوێ هـەموویان سەر شۆڕ و مـەزڵووم کەوتنە بەرپێی و ڕێوشوێنی ملکەچی و گوێ لە مستیی خۆیان بـەجێ هێنا.

پاش ماوەیەکی درێژ شەوێکیان مات و سکات ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتبوون و وەك باو بوو، پێش خەوتن قوماریان دەکرد. لە نەکاو دەنگی هـاوارێك بڵێند بوو و نەڕەیەکی وەحشییانەیان گوێ لێ بوو.

مات بەئاغای خۆی گوت: ″وادیارە گورگەکە کەسێك ڕە پێ دەنێ.″

هـەردووکیان چرایان هەڵگرت و دەرپەڕین. لە حەوشەی پیاوێکیان دی کە لەسەر بەفرێ بەرەوپشت کەوتبوو. هەردوو قۆڵی لەسەر دەموچاوی نوشتاندبوونەوە، هەتا دەموچاو و گەرووی لە چنگ و ددانی گورگی زۆردار بپارێزێ. ڕقێکی سەرسوڕهێنەر دان چەرمووی داگرتبوو و زۆر بەبەدفەڕی و بێ ڕەحمی هێرشی دەکردە سەر ئەندامانی جێی هەتەری کابرا. قۆڵی لە شانیڕا هەتا جمگەی هەڵدڕابوو و کراسە خورییە شینەکەی بووبووە کۆنە پەڕۆیەك. هەردوو باسکیشی بەسەختی بریندار بوون و خوێن فیچقەی لێ دەکردن.

وایدن سکات ئەستۆی دان چەرمووی گرت و لە حاڵێکدا بەتوندی پەلەقاژەی دەکرد دووری خستەوە. لەو کاتەدا مات یاریدەی کابرای برینداری دەدا کە ڕاست بێتەوە. کابرا قۆڵەکانی بەردانەوە و ڕوخساری دزێو و حەیوانیی بیووتی سمیث دەرکەوت. مات وەك کـەسێك کـە دەستـی لـە پـۆلـووی سوور دابـێ، کشایـەوە. چـاوی بـیـووتـی سمـیث لـەبـەر ڕووناکاییی چرایەکە بریسکەیەکی جەهەننەمیی دا و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. هەر کە دان چەرمووی لە دەستی سکاتدا دی، دووبارە شوێنەواری ترس لە ڕوخساری دزێو و بێزراویدا دەرکەوت.

هەر لەو کاتەدا مات چاوی بەدوو شت کەوت کە لەسەر بەفرێ ڕەش دەچوون. مات لێیان ورد بووەوە و دیتی زنجیرێکی پۆڵا و گۆپاڵێك لەوێ کەوتبوون. مات ئەوانی بەوایدن سکات نیشان دا. سکات بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەری ڕاوەشاند، پاشان دەستی لەسەر شانی بیووتی سمیث کە هەروا دەلەرزی، دانا و ئەوەندەی تین دایە کە ناپیاوە وەك خولخولە بەدەوری خۆیدا سووڕا.

تەنانەت یەك وشەش قسەیان پێکەوە نەکرد.

وەختێك خوای نەگبەت لە پێش چاو ون بوو، خوای خۆشەویستی دان چەرمووی لاواندەوە و دەستی لەگەڵ كرد بەقسە و گوتی: ″باشە، دەیانەویست تۆ بدزن، ها؟... ئافەریم، ئافەریم، ئەو بەدبەختە بەهەڵە چووبوو، وا نییە؟″

مات بەپێكەنینەوە گوتی: ″حەتمەن لەو پێشوازییەی لێی كراوە، پێی وابووە فەوجێك جنۆكە هێرشیان بۆ كردووە.″

دان چەرموو هەروا توورە و تێكچوو مووی پشتی گرژ كردبوون و دەیمڕاند. پاشان بەسپایی مووەكانی خەوتنەوە و دەنگێكی نەرم و خۆشی وەك مرخە مرخی پشیلە، لە گەرووی هات.

***

## ٢١

# سەفەری دووردرێژ

پێش ئەوەی پێشهاتێك ڕوویدا، دان چەرموو هەستی دەكرد كە بەدبەختییەكی گەورە خەریكە ڕوو دەدا. خواكانی بێ ئەوەی بیانەوێ ئەم نهێنییەیان بۆ ئاشكرا دەكرد. گورگی جحێڵ لەبەر دەرگاوە، ڕازی دڵیانی لە هەناویاندا دەخوێندەوە.

شەوێكیان كە مات لەگەڵ سكات شێوی دەخوارد لە نەكاو كەوتە قسە و گوتی: ″مستەر سكات، گوێ بدەیە، ئاگات لێیە؟″

سكات گوێی هەڵخست. لە پشت دەرگاوە دەنگی ناڵەیەكی كز و بەسۆزی وەك گریان دەهات. قرخەیەكی درێژ جێگای ئەو ناڵەیەی گرتەوە و پاشان بێدەنگ بوو. دان چەرموو دڵنیا بوو، چونكە هێشتا خواكەی هەڵنەفڕیبوو.

مات گوتی: ″ئەمن پێم وایە ئەم گورگە لە مەبەستی تۆ حاڵی بووە.″

سكات لە حاڵێكدا مات و حەیران تەماشای هاوڕێیەكەی دەكرد و دیار بوو دڵ و زمانی یەك نین، وەڵامی دایەوە: ″باشە، با وابێ! ئاخر بەفكری تۆ ئەمن لە كالیفۆڕنیا چ لەم گورگە بكەم؟″

مات بیروڕای خۆی دەربڕی و گوتی: ″ئەمنیش وا دەڵێم، گورگ لە كالیفۆڕنیا بەكەلكی چی تۆ دێ؟″

سكات درێژەی بەقسەی خۆی دا و گوتی: ″سەگانی سپی پێستان لەگەڵی هەڵناكەن و هەركە لە گەمی دابەزی هەمووان دەكوژێ. ئەگەر قەرار بێ، ئەو هەموو سەگە ببژێرمەوە نابووت دەبم. جگە لەوە پۆلیسیش لە گورگێكی وا خۆش نابێ و بەكارەبا دەیكوژێ.″

مات بۆی سەلماند و گوتی: ″دەزانم، ئەم گورگە نەحلەتییە قاتڵێكی سەیرە.″

لە دەرێ دیسان دەنگی ناڵین بەرز بووەوە و دیسان قرخەیەكی پڕ مانا و پڕ پرسیار جێگای گرتەوە.

مات گوتی: ″ئەمە ئاشكرایە كە ئەم حەیوانە بیر و ئەندێشەیەكی هەیە كە ئێمە لێی بێ خەبەرین، بەڵام ئەمن نازانم ئەو لە چڕا زانیویە كە دەتەوێ بڕۆی. بەڕاستی ئەقڵم بۆی ناچێ.″

سکات بەنارەحەتییەوە وەڵامی دایەوە: "ئەمنیش هیچی تێ ناگەم."

کاتێك ئەو سەعاتە شوومە گەیشت، دان چەرموو لە دەرگای کراوەی ماڵەکەڕا چاوی بەخوای خۆشەویستی کەوت کە جانتاکەی لە عەرزی داناوە و شتی جۆراوجۆری تێ دەخا. لە ماڵێدا هاتوچۆیەك هەبوو، وەزعی ئارام و بێدەنگی ماڵەکە تێك چووبوو. ئیدی دان چەرموو گومانی نەما کە خواکەی خۆی ساز دەکا وەك جاری پێشوو لەوێ بڕوا و ئەوی تووشی دووریی خۆی بکا.

شەوی دواتر، دان چەرموو دیسان وەك گورگ لووراندی. هەروەك بەمنداڵی کاتێك ڕای کردبووە بیابان و پاشان هاتبووە چادری کابرای سوورپێست و شوێنی کاروانە ڕۆیشتووەکەی دیبوو، لە جێی چادری کاستوورگری لووتی لە ئاسمان کردبوو و لووراندبووی، ئەو شەوەش هەروەك ئەو ڕۆژانە لەبۆزی بەرەو ئەستێرە سارد و بێ موبالاتەکان بڵیند دەکرد، بەلوورەی درێژ درێژ باسی بەدبەختیی خۆی بۆ دەگێڕانەوە.

دوو پیاوەکە لە ژووری ماڵێ چووبوونە سەر جێگا و دەیانەویست بخەون. مات لە پشت پەردەکەی خۆیەوە بەسکاتی گوت: "ئەم نەحلەتییە دیسان دەستی کردووەتەوە بە نەخواردن."

سکات جووڵەیەکی کرد و بۆڵەیەکی لێ هات. مات لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: "کاتێك وەزعی ئێستای لەگەڵ جاران بەراورد دەکەم، دەڵێم ئەگەر تا بەیانی نەمرێ مۆجیزەی کردووە."

سکات لە تاریکاییدا هاواری کرد و گوتی: "وست بە ئیدی! چەند زۆر دەڵێی؟ ئەتۆ لە ژنانیش زۆربلێتری."

وەسبەینێڕا، دان چەرموو بڕیاری دا پێ بەپێی خاوەنەکەی بڕوا و یەك لەحزەش بەجێی نەهێڵێ. لەو نێوەدا، حەیوان تەماشای ئەو کەلوپەلەی دەکرد کە لەسەر زەوی بڵاو بووبوونەوە. سندووقێکی بڵیند و دوو توورەکەی گەورە لە کەلوپەلەکە زیاد بووبوون. مات نوێن و باڵتۆ چەرمەکانی سکاتی دەخستە موشەممایەکی گەورەوە. لەو کاتەدا دوو کەسی سوورپێست هاتن و بەرێنوێنیی مات بارگە و بنەی سکاتیان هەڵگرت. مات خۆشی دەستە نوێنەکەی هەڵگرت.

وەختێك مات گەڕایەوە سکات لە بەردەرگای ماڵەکە دەرکەوت و دان چەرمووی بانگ کرد و بردییە ژوورێ. پاشان بەئەسپایی گوێی حەیوانەکەی لاواندنەوە و قسەی لەگەڵ

کرد. سکات گوتی: ″ئەی حەیوانی مەزڵوومی من، بزانە کە ئەمن دەچمە سەفەرێکی دووورودرێژ و ناتوانم تۆ لەگەڵ خۆم بەرم. وەرە دیسان بۆ ماڵئاوایی مرەمرێکی دڵگرم بۆ بکە. ئەمە دواجارە کە من گوێم لە مرەی تۆ دەبێ.″

بەڵام دان چەرمووو نەیمراند، بەڵکو بەخەفەتەوە چاوێکی لە چاوی خواکەی کرد و سەری هاویشتە نێو باسکەکانی.

مات گوتی: ″زووبە، ئاغا، گەمی هۆڕن لێ دەدا.″

لە ڕاستیدا هۆڕنی گەمیی هەڵم لە یووکۆن بەرز بوو.″

مات دووبارە گوتی: ″مستەر سکات پەلە بکەو ئەم خواحافیزییە درێژە ببڕەوە. وەرە لە دەرگای پێشەوە بچۆ دەر و توند دای خە. ئەمنیش دەرگای پشتەوە دادەخەم.″

هەردوو دەرگا لە یەك کاتدا داخران و دەنگێکی وشکیان لێ هات. پاشان ناڵە و قرخەیەکی بەسۆز هاتە بەرگوێ.

وەختێك سکات لە سەرەوژێری تەپۆڵکەکە بەرەو بەندەر دەهاتە خوار بەئاوەڵەکەی گوت: ″مات، ئەتۆ دەبێ باشت ئاگا لێی بێ و وەزعی ویم بۆ بنووسی.″

″بەچاوان، ئەمر دەکەی... ئا، گوێ بگرە!″

هەردووکیان ڕاوەستان. دان چەرمووو وەك ئەو سەگانە کە خاوەنیان مردبێ، دەیلووراند و بەهاوارێکی تێکەڵ بە قین و دەرد و ئازار، بێ بەشیی خۆی دەردەبڕی. دەنگی هەروا تیژتر و بەرزتر و جگەربڕتر دەبوو، پاشان لەرزەیەکی دڵتەزێنی پەیدا دەکرد و بێدەنگ دەبوو و دووبارە بەرز دەبووەوە.

″کازیوە″ یەکەمین گەمی بوو کە ئەو ساڵە لە کلووندیکەوە دەڕۆیشت. حەشیمەتێکی یەکجار زۆری لەو کەسانە تێدا سوار بووبوو کە وەدوای زێڕ کەوتبوون و ئێستا دەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان. هێندێکیان سامانێکی بێ ئەندازەیان وەچنگ کەوتبوو و هێندێکیشیان تووشی هەژاری و دەستتەنگییەکی سەخت هاتبوون. هەموویان هەر بەو ئیشتیایەوە کە هاتبوون ئامادەی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان بوون.

لە نیزیك پەیژەی پردەکە، سکات دەستی ماتی دەگوشی و مات ئامادە دەبوو کە بێتەوە خوار. لەنەکاو دوو هەنگاو لەو لای خۆی لە پشتەوە سکات چاوی بە شتێك کەوت و لێی ورد بووەوە. سکاتیش ئاوڕی دایەوە دوای خۆی. دان چەرمووو لەسەر پردەکە دانیشتبوو و چاوەڕوان بوو.

دوو پیاوەکە چەند قسەیەکیان پێکەوە کرد و چونکە هەردووکیان دەرگاکانیان باش داخستبوو ئافەریمیان بەیەکتر گوت. دان چەرمووو هەروا بێ ئەوەی بجوولێ گوێیەکانی مات کردبوون و تەماشای دەکرد.

مات گوتی: ″بابچم لەگەڵ خۆم بیهێنمە خوار.″

بەڵام هەرکە بۆ لای دان چەرموو چوو، حەیوانەکە دەسبەجێ ڕای کرد. مات وەدوای کەوت و بەڵام دان چەرموو لە نێو حەشیمەتەکەدا ون بوو و دەورێکی پردەکەی دا، جارێکی دیکە دەرکەوتەوە و خولێکی دیکەی دا، بەڵام هەرچۆنێك بوو نەکەوتە بەردەستی مات. ئەو دەم سکات بانگی کرد. حەیوانەکە دەسبەجێ بەقسەی کرد و هات.

سکات دەستی کرد بەلاواندنەوەی. لە نەکاو دیتی برینێکی تازە لەسەر لووتی هەیە و نێوان هەردوو چاوانیشی ڕووشاڵێکی تێ کەوتووە. مات دەستی بەژێر زگی حەیوانەکەدا هێنا و گوتی: ″ئێمە لە بیرمان چووبوو پەنجەرەکە داخەین. نا جسنە شووشەکەی شکاندووە بەکەلێنی پەنجەرەدا هاتووەتە دەر، زگیشی بریندار بووە.″

بەڵام وایدن سکات گوێی بۆ قسەی ئەو ڕانەگرت و لە فکرەوە چووبوو. هۆڕنی ″کازیوە″ ڕای گەیاند کە گەمییەکە وەڕێ دەکەوێ. کڕاواتەکەی (بۆینباخ) لە ملی کردەوە و چوو بۆ لای دان چەرموو کە لە ملی بخا و بیهێنێتە خوار.

سکات گوتی: ″نا، هاوڕێ، پێویست نییە، لێی گەڕێ، کارت پێی نەبێ، خواحافیز، ئەتۆ ئیدی دەتوانی بڕۆی. لە بارەی گورگەکەشەوە پێویست نییە، شتێکم بۆ بنووسی، ئەمن لەگەڵ خۆمی دەبەم.″

مات بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ″چۆن؟... دەتەوێ بفەرمووی کە...!″

″هەر ئەوەیە کە گوتم!... وەرە کڕاواتەکەت هەڵگرە. ئەمن وەزع و حاڵی ویت بۆ دەنووسم.″

مات هاتە خوارێ، بەڵام لە نێوەڕاستی پەیژەکە ڕاوەستا و گوتی: ″دڵنیام کە ئەم سەگە ناتوانێ لەگەڵ ئاو و هەوای وێ بسازێ. کاتێك گەرما داهات کوڵکەکەی لە بنڕا بۆ ببڕنەوە.″

پەیژەکەیان هەڵکێشا. ″کازیوە″ وەڕێ کەوت و لە لێوار دوور کەوتەوە. وایدن سکات بەنیشانەی ماڵئاوایی دەستی بۆ مات ڕاوەشاند، پاشان هاتەوە لای دان چەرموو و گوتی: ″باشە، شێتی نەحلەتی، چۆنی پێت خۆشە وا بکە!″

***

## ٢٢

# خاکی جنووب

دان چەرموو لە سانفەڕانسیسکۆ لە گەمی دابەزی و مات و حەیران بوو. هەتا ئێستا هەمیشە بەسەرخۆیدا زاڵ بوو و دەیتوانی جڵەوی دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا بێ، بەڵام لەو دەقیقەیەدا خۆی لێ ون بووبوو. لەو کاتەوە کە بەسەر شەقامە بەردڕێژە لووس و بریقەدارەکانی ئەو شارە گەورەیەدا دەڕۆیشت، سپی پێستەکان لە پێش چاوی بووبوونە خوایەکی زۆر سەیروسەمەرە و ئەفسووناوی. ئەو ماڵە دارینانە کە تا ئێستا دیتبوونی، ون بووبوون و ئەو خانووبەرە گەورە و بڵندانە جێگایان گرتبوونەوە. شەقامەکان بەچەندین مەترسیی نەناسراو و ئەفسووناوی وەك لۆری و ترۆمبیل و فایتوون داپۆشرابوون. ئەسپی گەورە گەورە و بەهێز عارەبانەی گەورەیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشان. بەژێر ئەو تەلە ئەستوور و درێژانەدا کە بەهەوادا ڕاکشابوون قەتاری کارەبایی بەتوندی تێ دەپەڕین و وەك پڵنگەکانی لێرەواری شیمال نەڕە و لوورەیەکی پڕ هەڕەشەیان لە پشتی مژ و دووکەڵەوە لێ بەرز دەبوو.

ئەم شتانە هەموو نموونە و دیاردەی دەسەڵاتە گەورەکان بوون. ئادەمیزادەکان لە پشت ئەوانەوە و لە نێو ئەواندا وریا بوون و بەڕێوەیان دەبردن و فەرمانیان دەدا. شارێکی گەورە و بەسام بوو.

دان چەرموو هەروەك ئەو ڕۆژانە کە تازە لە بیابانەوە ڕووی لە چادری کاستوورگری کردبوو، چووکەڵەیی و نابووتیی خۆی بەرامبەر بەیەکەمین شوێنەوارەکانی خوایان هەست پێ کردبوو، ئێستاش هەستی پێ کرد و ترسا. حەشیمەتی لە ئەژمار بەدەری خواکان و قەڵەباڵغیی پڕ جموجۆڵی وان ئەوی گێژ کرد. دەنگی وەك هەورە تریشقەی شەقامەکانی شار گوێچکەی کەڕ کرد و هاتوچۆی لە چەشنی لافاو و بێ بڕانەوەی ئامرازەکان حاڵی وی تێك دا. حەیوان هیچ وەخت پێویستیی پێوەندی و ژێرفەرمانیی خۆی دەرهەق بەخوای خۆشەویستی بەو ئەندازەیە هەست پێ نەکردبوو، بەجۆرێك بوو کە لە ترسان شانبەشانی وی دەڕۆیشت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر پێشهاتێك حازر و ئامادە بوو.

ڕێکەوتێکی تازەی هاتە پێش کە هەتا ماوەیەکی یەکجار درێژ یادی وەك مۆتەیەکی سامناك لە مێشکی و لە خەونەکانیدا مایەوە. کاتێك هەردووکیان لە شار تێ پەڕین، گەیشتنە ئیزگەیەکی پڕ لە قەتار. لەوێ سکات دان چەرمووی بەجێ هێشت (یان دان چەرموو وا حاڵی بوو کە ئەوی بەجێ هێشت) و حەیوانەکە لە نێو عارەبانەیەکی بارکێشاندا لە پەنای کۆمەڵێکی گەورە سندووق و جانتا زنجیر کرا. لەوێ خوایەکی بەهێز و بەتوانا فەرمانی دەدا و خواکانی دیکە بەستەو جانتاکانیان دەبرد و دایان دەبەزاندن. دان چەرموو لەو جەهەننەمە پڕ هەراوهۆریا و جەنجاڵییەدا هەتا کاتێك کەلوپەلەکەی خاوەنی نەناسییەوە و لە پەنای خۆی نەیدیتن، نەهاتەوە سەرەخۆ. حەیوان زۆر بەوردی وریای کەلوپەلەکە بوو.

سەعاتێك پێ چوو، وایدن سکات هاتەوە. خوای چوارشانەی بارکێشەکان بۆڵەیەکی لێ هات و گوتی: "باش بوو هاتییەوە، سەگەکەت نەیدەهێشت تەنانەت قامکیش لە کەلوپەلەکەت بدەم."

دان چەرموویان لە عارەبانەکە هێنایە خوار و حەیوانەکە زۆر سەری سوڕما. شارە ئەفسووناوییەکە لە بەرچاوی ون بووبوو. ئەویان لە نێو ژوورێکی وەك ژووری ماڵاندا بەند کردبوو و دیسانیش شارەکە دەوری دابوو. دان چەرموو چەند لەحزەیەك لەو ئاڵوگۆڕە سەیرە سەری سوڕما و پاشان ئەویشی وەك نموونەیەکی دیکەی توانای ئەفسووناوی و نەناسراوی خواکان دانا. ئەمەش شتێکی تایبەت بەخواکان بوو و دان چەرموو توانای دەستتێوەردانی نەبوو.

فایتوونێك لەوێ ڕاوەستابوو. ژن و پیاوێك نیزیك بوونەوە. ژنەکە باوەشی کردەوە و توند دەستی دەستۆی خوای دان چەرموو کرد. ئەم کارە لە بەرچاوی دان چەرموو کردەوەیەکی خراپ و دوژمنانە بوو و حەیوان زۆر بەڕقەوە دەستی کرد بەمڕاندن. سکات باوەشی کردەوە و چوو بۆ لای دان چەرموو و ڕای گرت و بەدایکی گوت: "شتێك نییە دایە، مەترسە، ئەم حەیوانە پێی وابوو ئەتۆ نیازی ئازاردانی منت هەیە. هیچ وەختێك شتی وا قبووڵ ناکا."

ژنەکە هەروا لە ترسان ڕەنگی بزڕکابوو و سەروپۆتەڵاکی تێك چووبوو، پێ کەنی و گوتی: "بەو پێیە، ڕۆڵەگیان، هەتا ئەم سەگە دیار بێ، ئەمن ناتوانم تۆ لە باوەش بگرم و ماچت بکەم."

″دایە گیان، وانییە، زۆر زوو فێری دەکەین ڕەفتاری خۆی باش بکا.″

بەڵام لەبەرئەوەی دان چەرموو بەچاوی دەرپەڕیوەوە هەروا دەیمڕاند و ئارامی نەدەگرت، سکات دووبارە دەستی بەپشتیدا هێنا و گوتی: ″بکەوە، ئاغا، بکەوە، ئارام بە!″

حەیوان بەنابەدڵی بەقسەی کرد.

سکات بێ ئەوەی چاو لە دان چەرموو وەرگێڕێ باوەشی بۆ دایکی کردەوە و گوتی: ″دایە گیان، ئێستا وەرە!″

بەڵام حەیوان هەروا مووی لەسەر پشتی ڕاست بووبوونەوە و دەیەویست ڕاست بێتەوە. سکات بەسەریدا نەڕاند و گوتی: ″بکەوە، بکەوە!″

دان چەرموو دیسان کەوت، بەڵام زۆر بەنیگەرانی وریای هەموو ڕەفتارێکی دوژمنانەی پێشوازیکەران بوو. لەو ڕەفتارانە ڕووداوێکی خەراپ دروست نەبوو.

ئەوجار کەلوپەلەکەیان لە نێو فایتوونەکە هاویشت و خوای خۆشەویستی و خواکانی بێگانە سواربوون. دان چەرموو بەوشیاری بەدوای فایتوونەکەدا غاری دا و مووەکانی پشتی هەروا گرژ بوون. دەتگوت دەیەوێ لە ئەسپەکان حاڵی بکا کە لە حاڵێکدا بەو خێراییە خواکەی وی لەگەڵ خۆیان دەبەن وریای هەموو ئاکار و کردەوەیەکیانە.

چارەکە سەعاتێك دواتر فایتوونەکە لە دەرگایەکی بەردینی گەورە چووە ژوور و بەنێو شەقامێکی جواندا کە هەردووبەری دارەگوێز بوون و دارەکانی وەك گۆمبەز سەریان وێك هێنابوو، چووە پێش. لە چەپ و ڕاست چیمەنی سەوز و بەرین ڕاخرابوون و لە نێو وانیشدا داربەڕوو بە لك و پۆپی پڕ و ئەستوورەوە چووبوونە ئاسمان. کەمێك ئەولاتر دیمەنێکی پێچەوانەی دیمەنە سەوز و جوانەکەی چیمەن دەهاتە بەرچاو. ئەو سەوزە گیا پێگەیشتووانە کە هەتاو زەردی کردبوون هەتا چاو هەتەر دەکا دیار بوون. تەپۆڵکەی ڕەنگ قاوەیی داپۆشراو بەلەوەڕگەی پان و بەرینیش لە ئاسۆ دەرکەوتبوون. لەوسەری شەقامە جوانەکە خانووبەرەیەکی ڕازاوە بەچەندین پەنجەرە و پێش دەرگایەکی سەرداپۆشراوەوە دەهاتە بەرچاو.

دان چەرموو دەرەتانی نەبوو ئەو هەموو دیمەنە جوانە تەماشا بکا، چونکە هێشتا فایتوونەکە نەچووبووە ژووری باخەکە کە سەگێکی زەلام لە نەوعی سەگانی بەرمێگەل بەلمبۆزی تیژ و چاوی داگیرساوەوە، ڕق ئەستوور و بێ باك هێرشی کردە سەر. سەگی هێرشکەر کەوتە نێوان دان چەرموو و خاوەنی و دەیەویست لە باخەکەی دەربکا. مووی

پشتی دان چەرموو گرژبوون و خەریك بوو زەبری كاریگەر و مەرگ هێنەری خۆی لەسەری سەگی مێگەل بدا كە لەنەكاو لاقی ڕەق بوون و حاڵی تێك چوو و دەستی لە شەڕ هەڵگرت. سەگی بەرمێگەڵ مێ بوو و قانوونی ڕەگەزیی دان چەرمووش ڕێگای نەدەدا هێرش بكاتە سەر سەگی مێ. هەستی سروشتیی گورگی جحێڵ دەبووژایەوە و ئەویش چارەیەكی بێجگە لە ملكەچی بۆ فەرمانی ئەو هەستە سروشتییە نەبوو. بەڵام سەگی بەر مێگەل وانەبوو. سروشتی ئەو بێزارییەكی توند لە بیابان و هەموو شتەكانی بیابان بوو. دان چەرموو لە پێش چاوی وی گورگێك بوو كە پشتاوپشت خواردنی خۆی لە مێگەلە مەڕان دابین كردبوو و چەندین سەدە بوو كە لەگەڵ وی دوژمن بوو.

لە كاتێكدا دان چەرموو بۆ خۆپاراستن لە شەڕی حەریف دەكشایەوە، سەگی بەر مێگەل، خۆی پێدا دا و ددانی بەشانیدا بردە خوار. حەیوان بەخۆی نەبوو مراندی و هەوڵی دا دیسان خۆی لەو سەگە بەئازارە بپارێزێ. سەگی بەرمێگەل هەروا بێ بەزەیی و بێ پەروا وەدوای دەكەوت و ساتێك نەیدەهێشت ئاسوودە بێ.

پیاوێكی نەناسیاو كە لە فایتوونەكەدا بوو، سەگەكەی خۆی بانگ كرد و گوتی: ″كوولی، كوولی، وەرە ئێرە!″

وایدن سكات پێ كەنی و گوتی: ″بابە، زۆر گوێ مەدەیە، ئاخر ئەم گورگەش دەبێ بەڕێوشوێنی ئێرە ڕابێ و چ باشتر كە هەر لە ئێستاوە دەست پێ بكا.″

فایتوونەكە هەروا دەڕۆیشت و كوولی هەروا ڕێگای دان چەرمووی بەستبوو و لەگەڵ هەموو فێڵ و تەڵەكەیەك كە گورگی زۆرزان بەكاری دێنا، ئەو نەیدەهێشت بەنێو باخەكەدا بڕوا. خوای خۆشەویست بەرە بەرە نەدیو دەبوو. دان چەرموو كە جاڕز بووبوو، یەكێك لە فێڵەكانی شەڕی وەبیر هاتەوە و پاڵێكی توندی بەسەگی بەئازارەوە نا. دێڵە سەگ لە عەرزێ گەوزی و لە حاڵێكدا ناڵەی دڵتەزێنی وی دەنگی دەدایەوە، دان چەرموو بەدوای فایتوونەكەدا ڕای كرد. فایتوون لە بەردەركی خانووبەرەكە ڕاوەستا.

لەوێ دووبارە ڕووداوێكی ناخۆش هاتە پێش. تولەیەكی ڕاوێ لە حەشارگەیەك دەرپەڕی و بێ ئەوەی ببینرێ لەنەكاو خۆی بەدان چەرموودا دا. زەبرەكە هێند توند بوو كە گورگی جحێڵ خۆی نەگرت و كەوت. ڕقێكی زۆر دای گرت و خێرا ڕاست بووەوە تا مشووری ئەو سەگە بێ شەرمە بخوا. ڕاست لەو كاتەدا كوولی كە وەدوای نێچیری خۆی كەتبوو بە ڕق و قینێكی زیاترەوە گەیشتە جێ و ڕێگای بەچەتەی بیابان گرت. بێگومان

ئەگەر کوولی نەهاتبایە، تولّەی ڕاویَ لە نێو دەچوو، بەلاّم دێڵە سەگ مۆڵەتی بە دان چەرموو نەدا و بیَ پەروا خۆی پێدا دا. دان چەرموو بۆ دووەمین جار مەلاّسی زەوی بوو.

لەو کاتەدا وایدن سکات بوو بە نێوبژیکەر و دان چەرمووی گرتەوە. بابیشی سەگەکانی دیکەی بانگ کرد. سکات گوتی: ″میواندارییەکی چ گەرمیان لەم گورگە بەستەزمانەی شیمال کرد! ئەم حەیوانە لە تەواوی ژیانیدا تاقە جارێك پشتی لە زەوی درابوو، بەلاّم ئەم نارەسەنانە لە ماوەی نیو دەقیقەدا دووجاریان پشتی وی لە زەوی دا.″

هێندیَ خوای نەناسیاوی تر لە مالّیَ هاتبوونە دەر. هێندێکیان بەڕێز و ئەدەبەوە لەوانی دیکە دوور ڕادەوەستان، بەلاّم دوو خوای ژن هەر ئەو ئاکاری دوژمنانەی ژنەکەی پێشوویان دووپات کردەوە و دەستیان لە ئەستۆی خاوەنی کرد. چونکە ویَ دەچوو دیسان لەم ئاکارەی خواکان وەزەندییەك بەخوای دان چەرموو نەگاو دەنگیشیان ڕاوێژی هەڕەشە و پەلاماری نەبوو، حەیوانەکە چاوپۆشیی کرد و نەیمڕاند. لە پاشان هەموو ئەو خوایانەی لەویَ بوون بەنەرمی و میهرەبانی دەستیان کرد بەلاواندنەوەی دان چەرموو، بەلاّم ئەو بەمڕاندنێکی نەرم ئەوانی تیَ گەیاند کە باشتر وایە خەریکی کاری خۆیان بن. خوای دان چەرمووش دەستی بە دڵخۆشیدانەوەی وی کرد و لەسەرەخۆ چەند جار دەستی لەسەری دا و لاواندییەوە.

خواکان لە پلیکانەکانی پێش خانووبەرەکە سەرکەوتن و چوونە ژووریَ. یەکێك لە خواکانی ژن دەستی لە ملی کوولی کردبوو و دەیەویست بەنەرمی و لاواندنەوە ئارامی بکاتەوە. بەلاّم کوولی هەدای نەدەدا و هەروا دەیمڕاند، وا دیار بوو چاوپۆشیی خواکان لە هاتنە ژووری ئەم گورگە کێوییەی بۆخۆی بەسووکایەتی دەزانی و بەدڵەوە لەو باوەڕەدا بوو کە خواکان لە بارەی ئەو چاوپۆشییە بیَ مانایەدا خەتابارن. دیك تولّەی ڕاوی خاوەن مالّ، ئێستا لەسەر پلیکانی دالاّنیَ ڕاکشابوو، کاتێك دان چەرموو پیَ بەپێی خاوەنەکەی بەوێدا ڕابوورد لێی مڕاند.

سکات دەرگای ژوورەکەی کردەوە و پاشان ڕووی کردە گورگەکە و گوتی: ″وەرە، گورگی من، لە پێشدا ئەتۆ بچووە ژوور.″

دان چەرموو بەکلکی هەڵکراو و لاقی ڕاکێشاوەوە، بیَ ئەوەی چاو لە دیك وەربگێڕی، بەناز و خورانانەوە چووە ژوور. حەیوان وریا بوو کە نەکا تولّە ڕاوییەکە لە تەنیشتیڕا لە نەکاو هێرشێکی تری بۆ بکا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسییەك کە لە ژووری

ماڵەکەدا پەیدا بێ، حازر و ئامادە بوو. لە نێو ژوورەکەدا شتێك نەبینرا کە بۆ لێ ترسان ببێ و ڕێکەوتێك ڕووی نەدا. دان چەرموو زۆر بەوردی دەوروبەری خۆی بەتاقی کردەوە و پاشان بەمراندنێکی نیشانەی ڕەزامەندییەوە لەبەر پێی خاوەنەکەی ڕاکشا. بەڵام لە هەموو حاڵێکدا گوێچکەکانی قوت و وشیار، وریای هەر چەشنە مەترسییەکی شاراوە بوون. کێ دەیزانی؟ لەوانە بوو لە نێو میچی بڵیند و بەرینی ئەو خانووە جوانەدا کە وەك میچی تەڵەیەکی گەورە لە ژوور سەری قورسایی دەکرد، مەترسییەکی سامناك بۆی لە بۆسەدا بێ و ئەو ئاگای لێ نەبێ.

بەڵێ، کێ دەیزانی.

***

## ٢٣

# هەرێمی دەسەڵاتی خوا

دان چەرموو بەپێی سروشتی تایبەتی خۆی، نەك هەر دەیتوانی لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر و شتی جۆراوجۆر ڕا بێ، بەڵکو پێویستیی ئەو ڕاهاتنەشی هەست پێ دەکرد و تێ دەگەیشت، بەجۆرێك کە لە "سیێراوێستا" (مڵکی سکات قازی، باوکی وایدن سکات) بەزوویی لەگەڵ هەموو شتێك ڕاهات و هەر وای دەزانی لە ماڵی خۆیەتی.

دیك، توڵەی ڕاوێ، پاش چەندجار زویر بوون و نازکردن حازر بووبوو لەبەر خاتری خاوەنەکانی چاو لە چارەی ئەو گورگە بکا و لەگەڵی هەڵ کا، تەنانەت بێ مەیل نەبوو دۆستایەتیشی لەگەڵ بکا، بەڵام دان چەرموو گوێی نەدەدایە دۆستایەتیی هیچ کام لە هاونەوعانی خۆی. ئەو هەمیشە دوور لە کۆڕی هاوڕەسەنانی خۆی ژیا بوو، ئێستاش دەیەویست هەروا بمێنێ. بۆیە دەست پێشخەرییەکانی دیکی بۆ دۆستایەتی، بێ وەڵام هێشتەوە و هەموویانی ڕەت کردەوە. سەگی نەجیب دەستی لە نیازەکەی خۆی هەڵگرت و لەوە بەدوا موبالاتێکی بەدان چەرموو نەکرد، هەروەك ئەویش گوێی نەدەدایە دیك.

بەڵام ڕەفتاری کوولی لەگەڵ دان چەرموو وابوو، هەرچەند بەهۆی پشتیوانیی خواکانەوە ناچار بوو بوونی وی لەو ماڵەدا قبووڵ بکا، بەڵام نەیدەتوانی دەست لە ئازار و ئەزیەتی هەڵبگرێ. گورگان ئەوەندەیان مێگەلە مەڕ تاڵان کردبوون و لەگەڵ باب و باپیرانی بەشەڕ هاتبوون کە ئەو نەیدەتوانی ئەو هەموو ڕابردووە لە بیر خۆی بەرێتەوە. کوولی بەکەلك وەرگرتن لەوە کە چونکە دێڵ بوو، دان چەرموو شەڕی لەگەڵ نەدەکرد، بۆ ئازار و ئەزیەتی وی هیچ دەرفەتێکی لە کیس خۆی نەدەدا؛ دان چەرموو بەناچاری کوڵکی ئەستووری پشتی خۆی دەکردە سوپەری ددانە تیژەکانی و پاشان ئارام و سەنگین بەڕێی خۆیدا دەڕۆیشت. هەر کاتێك بێ شەرمیی کوولی لە ئەندازە دەچووە دەر و بەدڵڕەقییەکی زیاترەوە ددانی لە گۆشتی وی ڕۆ دەکرد، دان چەرموو بەتووڕەیی، بەڵام بێ موبالات سەری وەردەسووڕاند و لەسەر هێڵێکی بازنەیی دەستی دەکرد بەغاردان. بەڵام سەرەنجام فێربوو هەر کاتێك دیتی نیزیك دەبێتەوە هەستێ و جێگایەکەی خۆی بەجێ بێڵێ.

دان چەرموو لە ژیانی تازەی زۆر مەبەستی تازە فێربووبوو، مەسەلە گرنگەکانی ژیانی

لێرە زۆر لـە هـی مـەملـەکەتی شیمـال ئـاڵۆزتر بـوون. خـاوەنـەکەی ئێستـاشی هـەروەك کاستوورگری بنەماڵەیەکی هەبوو کە لە جلوبەرگ و خواردن و خانووبەرەدا لەگەڵی شەریك بـوون و دەبـووایـە هــەر وەك خـۆی جـێگـای ڕێزی دان چـەرمـوو بـن. ژمـارەی ئەندامانی ئەم خێزانە لە هی بنەماڵەی کاستوورگری زیاتر بوو. خاوەنی، دایکی و باوکی، سکات قازی و دوو پووری و ژنەکەی "ئالیس" و دوو منداڵی بچووکی، کوڕە چوار ساڵەکەی و کچە شەش ساڵەکەی، ئەندامانی ئەو خێزانەیان پێك دێنا. دان چەرموو بێ ئەوەی بزانێ چ خزمایەتییەك لە نێوان خاوەنی و ئەمانەدا هەیە، ڕێگای دەدا هەر کام لـەوان بـیلاوێننـەوە و دەستـی خۆشەویستیی بـەسەردا بێنن. یـاریکردن لـەگـەڵ منداڵـە خۆشەویستەکانی خاوەن ماڵیش زوو فێربوو، و بەمیهرەبانیی وان بەدفەڕی و ئەزیەت و ئازاری منداڵە سووڕپێستەکانی لە بیرچووەوە. دان چەرموو بەئەنقەست هێندێ دەست بزێویی شێتانـەی منداڵـەکانیشی قبـووڵ دەکرد و هـەرکاتێك لـە ڕادەبـەدەر ئـەزیـەتیان دەکرد، لێیان دوور دەکەوتەوە. بەو حاڵەش هیچ کەس نەیدەتوانی ئەو مڕاندنە خۆشەی وەك مرخەمرخی پشیلە لە زاری وی ببیسێ، چونکە دان چەرموو ئەو دەنگەی تەنیا لە خۆشیی خوا خۆشەویستەکەی لە گەروو دەهات و بەس.

ڕەفتـاری دان چـەرمـوو لـەگـەڵ خزمـەتکـارەکـان دەبـوو جۆرێکـی دیکـە بـێ. لـەبـەرئـەوە ئەوانیش ملّکی خاوەنە خۆشەویستەکەی بوون چاوی لێ دەپۆشین و کاری بەکاریان نەبوو. ئەمانە وەك "مات" کە لە کلووندیك خزمەتی خاوەنی دەکرد، بەرپرسی چێشت لێنان و قاپ شوشتن و کارەکانی تری نێو ماڵ بوون؛ دان چەرموو ڕێگای نەدەدا ئەمانە بیلاوێننەوە و هیچ ئۆگریشیان نەبوو.

هـەرێمی دەسەڵاتی خوا خۆشەویستەکەی هەتا دەرەوەی ماڵێش دەڕۆیشت و بەڕادەی پێویست بەرین بوو، بەڵام بێ بڕانەوە نەبوو. میلەیان بەدەوری ئەو هەرێمەدا کێشابوون و خاکی پشت میلەکان ملّکی تایبەتیی خواکانی تر بوو. لە مەملەکەتی شیمال تەنیا حەیوانی کەوی کە لەگەڵ مرۆڤ دەژیا سەگ بوو و هەموو حەیوانەکانی تر لە بیابان دەژیـان، سەگـەکـان هـەقیـان هـەبـوو ئـەگـەر ئـەو حـەیوانـانـەیـان دەست کـەوێ بـە هـی خۆیانیان بزانن. بەپێی ئەم قانوونە دان چەرموو گەیشتبووە هەر گیانداریك، لەبەر یەکی هەڵدڕیبوو و خواردبووی و هەرگیز بەبیریدا نەدەهات کە لە مەملەکەتی جنووب وەزعەکە جۆرێکی تر بێ. ڕۆژێکیان دەمەو خۆرهەڵات لە کاتێکدا هەروا بەخۆی دەگەڕا. بەلای جووچکە مریشکێکدا تێ پەڕی کە لە کولانە مریشك هاتبووە دەرێ و گەیشتبووە حەوشی

ماڵێ. دان چەرموو لە چاو ترووکاندنێکدا جووچکەکەی گرت. جووجیلەی بەستەزمان لە ترسان، قیڕاندی و باڵەفڕەی کرد، بەڵام دەسبەجێ خورا. گۆشتی جووجیلەکە لەبەر دانێکی زۆر لەمێژبوو، دەیخوارد، زۆر قەڵەو و ناسك بوو و دان چەرموو پاش ئەوەی لێوە بەخوێنەکانی لستنەوە، هەستی کرد زۆر بەلەزەت بووە و هەتا ئێستا خواردنی وا بەلەزەت و خۆشی نەخواردووە.

لای نیوەڕۆیە بەخت یار بوو و دان چەرموو تووشی جووجیلەیەکی دیکە بوو کە لە حەوشی تەویلەیدا لە دانی دەگەڕا. یەکێك لە مەیتەرەکان هاتە یاریدەی جووجەڵەکە. مەیتەر لە مەترسیی گورگی زاڵم بێ خەبەر بوو لەجیاتی گۆپاڵ، قەمچی باریکی فایتوونێکی هەڵگرت و چووە پێش. دان چەرمووکە لەوانە بوو بەگۆپاڵ بکشێتەوە لەو قەمچییە باریکە نەترسا و بەزەبری یەکەم، جووجیلەکەی بەرەڵا کرد و هێرشی کردە سەر مەیتەرەکە. هەر لەو کاتەدا کە قەمچییەکە بۆ دووەمین جار دەهاتە خوار، گورگی بێدەنگ و ئارام خۆی هاویشت و بەگەرووی کابرای مەیتەرەوە هەڵواسرا. بەستەزمان کەوت و هاواری، "ئەی خوا هاوار، بەفریام بگەن!"ی لێ هەستا. پاشان قەمچییەکەی فڕێ دا و هەردوو باسکی وەك خاچ کردنە سوپەری گەرووی. گۆشتی باسکی هەتا سەر ئێسك هەڵڕیشا و لە حاڵێکدا خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕۆیشت، هەستایەوە و هەڵات بۆ لای تەویلە. ئەگەر لەو دەمەدا کوولی نەهاتبایە و نەکەوتبایە نێو کارەساتەکە حیسابی کابرای مەیتەر تەواو بوو. دێڵەسەگ، تووڕە و بێ ئەمان، خۆی بە دان چەرموودا دا. دەرکەوت بەدگومانیی وی دەرهەق بەو گورگە وەحشییە زۆر ڕاست و بەجێ بووە و بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە، بەپێچەوانەی هەڵەی خواکان، بۆچوونەکەی ویی بەتەواوی ئیسبات کردووە، دەرکەوت کە چەتەی بیابان ڕەسەنی خۆی دەرخستووە و تاوانەکانی پێشووی دەست پێ کردوونەوە.

مەیتەرەکە هەڵاتبووە پەنایەك و دان چەرمووش لە بەرامبەر ددانە پڕ ڕق و قین و هەڕەشەکانی کوولیدا دەکشایەوە. سەرەنجام وەڕەز بوو و شانی خۆی لە پێش دەمی وی ڕاگرت و پاشان بۆ ئەوەی دێڵەسەگەکە ماندوو بکا، بەسەر هێڵی بازنەییدا ڕای کرد، بەڵام کوولی ئامادە نەبوو دەست لە تەمبێی تاوانبار هەڵبگرێ و وای لێ هات کە ئاخرەکەی دان چەرموو ماقووڵی و سەنگینییەکەی وەلانا و بەرەو بیابان ڕای کرد.

کاتێك سکات لە مەسەلەکە ئاگادار بوو گوتی: "خەراپ نەبوو ئەمە فێری دەکا کە لەمەودوا کاری بەجووجیلەکان نەبێ، بەڵام ئەمنیش ئەگەر جارێکی دیکە کاری وای لێ ببینم، دەرسێکی باشی دادەدەم."

دوو شەو دواتر باشتر لەوە کە سکات دەیەویست هەڵکەوت. دان چەرموو لە نیزیکەوە لە کولانەی مریشکەکان ورد بووبووەوە و شارەزای عادەتیان بووبوو. کاتێك دنیا بەتەواوی تاریك بوو و مریشکەکان هەریەك لە جێی خۆیان هەڵنیشتن، بەسپایی و ئارام، بەدارێکدا کە لەو نیزیکانە بوو سەرکەوت و خۆی هاویشتە سەربانی کولانەکە. لەوێڕا بەسەر عەرزیدا خزی و چووە ژووری کولانەکە. لە هاواری مریشکەکان هەنگامەیەکی سەیر بەرپا بوو و کوشتارێکی سامناك وەڕێ کەوت. بەیانی وەختێك سکات لە هۆدەکەی خۆی هاتە دەرێ، مەیتەرەکە کەلاکی پەنجا مریشکی سپی لە ڕەگەزە ڕەسەنەکانی لەسەر پلیکانەکان و لە بەرچاوی وی بەڕیز دانابوو.

سکات لە سەیران و بەئافەریمی ئەم شاکارە بێ وێنەیەی کوشتار، فیتوویەکی درێژی لێ دا. هەر لەو کاتەدا دان چەرموو هات و بێ ترس و شەرمەزاری لە چاوەکانی خاوەنییەوە ڕاما. حەیوان چونکە لە دزێویی ئەم تاوانە ئاگادار نەبوو، وەك کەسێك کە کارێکی شیاوی ئافەریم و ستایشی کردبێ، هەر بەو بەخۆنازین و لە خۆبایی بوونی جارانییەوە بەڕێگادا دەڕۆیشت. سکات لێوی خۆی بەددانی گرت و زۆر بەتووڕەیی لەگەڵ دان چەرموو قسەی کرد. تووڕەیییەکەی لە ڕاوێژی قسەکانیدا دەردەکەوت. پاشان پشت ملی گرت و لمبۆزی بردە پێش کەلاکی مریشکەکان و هەر لەو حاڵەدا زللەیەکی توندی لە لاچاوی ڕاکێشا.

جاران وەختێك کاستوورگری یان بیووتی سمیث، زللەیان لێ دەدا، حەیوانەکە تەنیا ئێشی لەشی هەست پێ دەکرد، بەڵام ئێستا بەتەمبێی خوای خۆشەویستی، ئەگەرچی سووکتریش بوو، زۆر ناڕەحەت دەبوو و زەبرەکە کاری دەکردە سەر ناخی دەروونی. ئێشی زللەیەکی زۆر سووکی خاوەنی ئێستای چەندین جار زیاتر لە دارکارییەکانی ڕۆژگاری پێشوو بوو، چونکە ئەم زللە سووکە نیشانەی ئەوە بوو کە خوای خۆشەویستی لێی تووڕەیە و ئەویش هەرگیز توانای هەڵگرتنی باری بەدبەختییەکی وا گەورەی نەبوو. دان چەرموو لەو ڕۆژە بەدواوە هەرگیز وەدوای جووجیلەکان نەکەوت.

پاش ئەو وەختە دیسان سکات ئەوی بردە کن کولانەی مریشکەکان و لە نێو واندا بەرەڵای کرد. دان چەرموو کاتێك ئەو گۆشتە بەتام و زیندووەی لە پێش دەمی خۆی هەست پێ کرد، خەریك بوو تەسلیمی سروشتی بیابانیی خۆی بێ و ئامبازیان بێ، بەڵام خاوەنی بە فەرمانێکی قایم ئەوی لەو کارە گێڕایەوە و لەغاوی بە زاری نەوسی سەرکێشیدا دایەوە. لەوەبەدوا دان چەرموو هەرێمی جووجیلەکانی نەشکاند و ئەوانی لە بیرخۆی بردەوە، بەڵام چونکە هێشتا بابی سکات لە تەمبێ و تەربیەتی وی دڵنیا نەبوو

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆیە بەفەرمانی سکات دان چەرموویان لە کولانەی مریشکەکاندا حەبس کرد و هیچ شتێك ڕووی نەدا. حەیوان لەوێدا ڕاکشا و خەوی لێ کەوت. کاتێك وەخەبەر هات لە قاپی ئاوی مریشکەکان ئاوی خواردەوە، پاشان لە دیلیی خۆی وەڕەز بوو، بەناچار خۆی هەڵاویشت و چووە سەربانی کولانەکە، و لەوێڕا بازی دا. پاشان بەئارامی گەڕایەوە لای ئەندامانی بنەماڵە کە هەموویان لەسەر پلیکانەکانی بەر دەرگا کۆ بووبوونەوە و وریای ئاکارەکانی وی بوون. سکات قازی، باوکی سکات لە ڕوخسارییەوە ڕاماو چەندین جار ئەم ڕستەیەی دووپات کردەوە: "دان چەرموو، بەڕاستی ئەتۆ زۆر لەوە بەنرختری کە بیرم لێ دەکردەوە."

دان چەرموو فێربوو کە دەبێ کاری بە جووچکە مریشکی خواکانی تریش نەبێ. لە ماڵێدا بێجگە لە مریشك، پشیلە و کەروێشك و قەلەموونەش هەبوون، و ئەوانیش دەبوو لە ئەمن و ئەماندا بن و بەگشتی دەبوو هەرچی بوونەوەری زیندوویە لە پەلاماری ئەو بەدوور بێ. تەنانەت لە چیمەنە دوور و چۆڵەکانیشدا هەوێردە دەیتوانی بەدڵنیایی بەبن لووتیدا بفڕێ و ساغیش دەرچێ. دان چەرموو لە تاوان دەلەرزی، بەڵام بەسەر سروشتی سەرکێشی خۆیدا زاڵ دەبوو و جووڵەی نەدەکرد، چونکە ویستی خواکان ئەمە بوو.

بەو حاڵەش ڕۆژێکیان لە قەراخ مێشە، چاوی بە "دیك" کەوت کە کەروێشکێکی دیتبووەوە و ڕەپێی دەنا، خاوەن لەوێ بوو، کەچی نەك هەر دیکی دەنگ نەدا، بەڵکو ئەویشی هان دا کە لەگەڵ ئەو سەگە ڕاوکەرە وەدوای نێچیرەکە بکەوێ. لەوەڕا قانوونێکی دیکەی بۆ دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو کە: کەروێشکی مێشەی وەك حەیوانە ماڵییەکان لە "پەنا" دانین و سمۆرە و هەوێردە و کەویش هەروان. ئەمانە جانەوەری بیابانن کە پارێزگاریی خواکان نایانگرێتەوە و ئەو مافانەیان نییە کە حەیوانە ماڵییەکان هەیانە، و سەگان ئازادن و دەتوانن ڕاویان بکەن.

ئەم قانوونانە هەموویان ناڕوون و پێچەڵپووچ بوون و لێك جیاکردنەوەی کات و جێگای جێبەجێکردنی دروستی هەر کام لەوان دژوار بوو. ڕێوشوێن و داب و دەستووری ئەم شارستانەتییە تێکەڵوپێکەڵە کە وەك گلۆڵەی ئاڵۆز تێك با هەڵدرابوو و هەمیشە پێشی بەدەرخستنی شوێنەوارەکانی سروشتی سەرکێشی دان چەرموو دەگرت، ئەو حەیوانەی زۆر جاڕز کردبوو.

دان چەرموو ڕۆژێکیان بەدوای فایتوونی خاوەنە خۆشەویستەکەیدا چووە شاری "سان ژووزە"، نیزیکترین ئاوەدانیی کویستان. لەوێ چاوی بەدوکانی قەسابەکان کەوت کە گۆشتی سوور و خوێناوی، بێ هیچ لەمپەرێك هەڵاوەسرابوو، بەڵام ئەو هەقی نەبوو

دەمی لێ بدا. خەڵك کە ئەویان دەدی، ڕادەوەستان و زۆر بەوردی تەماشایان دەکرد و لەوەش خەراپتر، تەنانەت دەستی میهرەبانی و لاواندنەوەشیان بە سەریدا دێنا و ئەو دەبوو مەترسیی وێکەوتنی ئەو هەموو دەستە نەناسیاوانە قبووڵ بکا و دەنگی دەرنەیە. پاشان خەڵکەکە وەك ئەوەی لە بوێری و ئازایەتیی خۆیان ڕازی بن، بەکاوەخۆ و بێ باکانە ئەویان بەجێ دەهێشت و بەڕێی خۆیاندا دەڕۆیشتن.

سەرگەرمیی زۆربەی منداڵەکان لەسەر جادەی ″سیێراوێستا″ ئەوەبوو کە وەختێك دان چەرموو بەوێدا دەڕۆیشت بەردی پێدا بدەن. حەیوان دەیزانی کە هەقی نییە وە دوایان کەوێ، بەڵام گیانی دادخوازیی وی، لەم حوکمە زۆرە ملێیە بەئازار بوو. ڕۆژێك خاوەنی لە فایتوون دابەزی و بەقەمچییەك کە بەدەستییەوە بوو، منداڵەکانی تەمبێ کرد، بەجۆرێك کە لەوە بەدوا بەردیان بەدان چەرموودا نەدەدا. حەیوان لەم مەسەلەیە زۆر خۆشحاڵ بوو.

سێ سەگی زەبەلاح کە هەمیشە لەسەر چوار ڕێیەکان و لەبەر دەرگای مەیخانەکان دەخولانەوە فێربووبوون کە هەروەخت دان چەرموویان لەسەر ڕێگای ″سان ژووزە″ دی، شالاوی بۆ بەرن. حەیوان ئەو شالاوانەی قبووڵ دەکرد و بۆ دوورخستنەوەیان تەنیا لێی دەمڕاندن و، ئەگەر بریندارییشیان کردبایە شەڕی لەگەڵ نەدەکردن. جارێکیان خاوەنەکانی ئەو سەگانە، ئەوانیان لە دان چەرموو بەردا؛ سکات فایتوونەکەی ڕاگرت و دەستووری بە سەگەکە دا″ ″کس، کس، کس، بیان گرە!″

دان چەرموو دوودڵ بوو. لە پێشدا چاوی لە خاوەنی کرد و پاشان تەماشای سەگەکانی کرد، بەچاوی خۆی دەیپرسی داخوا باش حاڵی بووە یان نا. خاوەنی بەسەر لەقاندن وەڵامی ″ئەرێ″ی دایەوە و پاشان دووپاتی کردەوە: ″یاڵلا، بیانگرە، دەی!... کس، کس، کس،!...″

دان چەرموو بەم فەرمانە هێرشی کردە سەر دوژمنانی خۆی. هەنگامەیەکی سەیر بەرپا بوو، هاوار و مڕاندن و دەنگی ددانان بەرز بووەوە. هەورێکی تۆز و غومار لە جادەکە بڵێند بوو و مەیدانی تاریك کرد. چەند لەحزەیەك پێ چوو، دوو سەگیان کەوتن و ئەوی تریش ڕای کرد، هەڵاتووەکە لە ئەستیرەیەك پەڕییەوە و بەسەر پەرژینێکدا بازی دا و ملی بیابانی گرت. دان چەرموو بەهەنگاوی بێ هەست و گورگانەی خۆی ئەوەندەی وەدوا کەوت هەتا پێی گەیشتەوە و کوشتی.

پاش ئەو سەرکەوتنە ئیدی شەڕە سەگێك بۆ دان چەرموو نەهاتە پێش. لە تەواوی ئەو ناوچەیەدا ناوبانگی دەرکرد و خەڵك نەیانهێشت سەگەکانیان ئازاری بدەن.

***

## ٢٤

# هەوەسی جینسی

چەند مانگ تێپەر بوون، خواردن لە "سیێراوێستا" زۆر بوو و کارێکیش نەبوو. دان چەرموو قەڵەو بووبوو و بەبەختیاری دەژیا. لە مەملەکەتی جنووب نەك هەر وەزعی لەش ساغییەکەی باش بووبوو، بەڵکو گوڵی وجوودی وەك هاوینی سەوز و جوانی ئەو مەڵبەندە دەپشکووت و دەگەشایەوە. ئیدی مەڵبەندی ژیانی تێکەڵ بەدوژمنایەتی و بێزاری نەبوو، ئیدی مەترسی و دەرد و مەرگ لە بن سێبەراندا بۆسەیان بۆ دانەدەنا و ترس و هەڕەشەی "نەناسراو" بەتەواوی لە نێو چووبوو؛ تەنیا کوولی هێشتا کەتنەکەی ئەوی دەرهەقی جووجیلەکانی لە بیر نەچووبوو و، تەواوی هەوڵ و تەقەلای سکاتی بۆ ئاشت کردنەوەیان، بێ ئاکام هێشتبوو. کوولی تاعوونێك بوو کە بە دان چەرموووەوە نووسابوو و هەروەك فەرمانبەرێکی پۆلیس کە بەدوای تاوانبارێکدا دەگەڕێ، شەو و ڕۆژ بەدوایەوە بوو. هەروەخت دان چەرموو بە پێخۆشبوون تەماشای کۆترێك یان جووچکە مریشکێکی دەکرد، دەسبەجێ دەگەیشتە سەری و هێرشی دەکردە سەر. لەم دواییانەدا باشترین ڕێگا کە حەیوان بۆ دامرکاندنی قینی کوولی دیبوویەوە ئەوە بوو کە لەسەر زەوی ڕاکشێ و سەری لە نێو پەنجە دەستانیدا بشارێتەوە و خۆی دە خەو بکا. دێڵەسەگ بەم کارە لە ڕوو دەچوو و بێدەنگ دەبوو.

دان چەرموو بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، لە خۆوە بیرەوەریی بەفری لە بیر دەچووەوە، تەنیا جاروبار لە گەرمای سەختی هاویندا کاتێك لەبەر تیشکی هەتاو جاڕز دەبوو، یادێکی تاریك و لێڵی سەرمای مەملەکەتی شیمالی بەمێشکدا تێ دەپەڕی.

خاوەنی زۆرجار بەسواریی ئەسپ دەچووە گەڕان و، یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی دان چەرموو ئەوە بوو کە لەگەڵی بچێ. لە مەملەکەتی شیمال ئەمەگناسیی خۆی بۆ کاستوورگری بەڕاکێشانی خێشك ئیسبات کردبوو، بەڵام لێرە خێشکێك لە گۆڕێدا نەبوو و بارێك نەبوو لە کۆڵێی نێ، بەناچار ئەرکێك کە پێی سپێرابوو ئەوەبوو کە بەدوای ئەسپی خاوەنیدا غاربدا. درێژترین ڕێگا ڕۆیشتن ئەوی ماندوو نەدەکرد و پاش ئەوەی بەڕەفتاری ڕێکوپێك و ماندوویی نەناسی گورگانەی خۆی، پەنجا کیلۆمیتر ڕێگای دەبرِی، هێشتا حەساوە بوو و شاد و بەدەماخ، هەڵبەزدابەزی دەکرد.

لە یەکێك لەو گەڕان و سەیرانانەدا خاوەنی، جوانوو ئەسپێکی تۆڕ و تازە زینکراوی ڕەسەنی فێر دەکرد کە بەسەر کۆسپدا باز بدا. سکات چەندین جار ئەسپەکەی هێنابووە پێش کۆسپەکە و هەوڵی دابوو پێی باز بدا. حەیوان دەترسا و دەکشایەوە و بەتووڕەیی دەهاتە سەر پاشووان. لە نەکاو لەو لەحزەیەدا کە سکات بەتوندی لە کەلەکەی دەدا ئەسپەکە چەند جار هەڵی هاویشت و ئاخرەکەی سەر سمی دا. دان چەرموو کە زۆر بەنیگەرانییەوە تەماشای ئەم دیمەنەی دەکرد، ئیدی خۆی پێ ڕانەگیرا و خۆی هاویشتە سەر ئەسپەکە و لە نەکاو دەستی کرد بەوەڕین. ئەم دەنگە یەکەم جار بوو کە لە گەرووی دەهاتە دەر.

وەجواب هاتنی دان چەرموو بۆ خاوەنی زۆر شووم و بەدئاکام بوو. ئەسپ لە ترسان ڕاست بووەوە و بەچوار ناڵی دەستی کرد بەلینگدان. سوار و ئەسپ بەسەریەکدا گلان و لاقێکی سکات شکا. دان چەرموو خۆی هاویشتە گەرووی حەیوانەکە، بەڵام خاوەنی دەنگی دا و ڕای گرت. سکات کە لەسەر زەوی کەوتبوو لە گیرفانەکانی گەڕا بۆ قەڵەم و کاغەز، بەڵام پێی نەبوو، بەناچار بڕیاری دا دان چەرمووی بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك بنێرێتەوە ماڵێ. بۆیە ڕووی تێ کرد و فەرمانی دا کە: ″بڕۆوە ماڵێ، بڕۆ!″

بەڵام دان چەرموو بەنیاز نەبوو خاوەنی بەجێ بێڵێ. سکات فەرمانی خۆی بەشێوەیەکی فەرماندەرانەتر دووپات کردەوە. دان چەرموو کە تێگەیشتنێکی ناڕوونی لە مانای ″ماڵێ″ هەبوو بەقەڵافەتێکی خەمناکانەوە تەماشای وی کرد و دوورکەوتەوە، پاشان گەڕایەوە و لە ناخی دەروونەوە ناڵەیەکی بەسۆزی کێشا. ئەمجارە سکات بەڕاوێژێکی نەرم بەڵام قورس و قایم قسەی لەگەڵ کرد. دان چەرموو گوێی مات کردن و گوێی بۆ ڕاداشت و وای نیشان دا کە تێ دەکۆشێ لە قسەکانی حاڵی بێ.

خاوەن دەیگوت: ″یاری لەمێژینە و خۆشەویستم، تۆ گوێت لە قسەکانم هەیە؟... بڕۆ... بڕۆ، ڕاستە ڕێ بچۆوە ماڵێ، باش تێ دەگەی؟ بڕۆ باسی منیان بۆ بکە! بڕۆ گورگی خۆم! یەکسەر بۆ ماڵێ!... ماڵێ...″

دان چەرموو بێ ئەوەی بەباشی لە مانای تەواوی ئەم وشانە حاڵی بێ، تێ گەیشت کە خوا دەیەوێ ئەو دەسبەجێ بچێتەوە ماڵێ. حەیوان پشتی لە خاوەنی کرد و بەپێچەوانەی ویستی خۆی غاری دا. بەڵام جارجار ڕادەوەستا و ئاوڕی دەدایەوە دوای خۆی. سکات هەروا هاواری دەکرد: ″بڕۆ!... بڕۆ...″

کاتێك دان چەرموو گەیشتەوە ماڵێ، ئەندامانی بنەماڵە هەموویان لەسەر پلیکانەکانی

پێش ماڵێ کۆ بووبوونەوە هەتا بایان لێ بدا. حەیوان هەناسە بڕکەی وێ کەوتبوو و تۆزاوی بوو.

دایکی سکات هەرکە چاوی بەگورگی جحێڵ کەوت گوتی: ″وایدن هاتووەتەوە.″

منداڵەکان غاریاندا بۆ لای دان چەرموو کە یاریی لەگەڵ بکەن، بەڵام ئەو کشایەوە و ئامادەی یاری نەبوو. منداڵەکان ئەویان لە نێو کورسییەکی دەسکدار و نیو تەختێکدا بەگیر هێنا، بەڵام ئەو زۆر بەوەحشیگەری پڕاندی و هەوڵی دا خۆی ڕزگار بکا. دایکی سکات لەو مڕاندنە بێ وێنەیە کەوتە لەرزین و گوتی: ″ئەمن دەترسم سەرەنجام ئەم گورگە کێوییە ڕۆژێك لەخۆوە ئامبازی منداڵەکان بێ.″

سکات قازی بەڕاوێژێکی فەیلەسووفانە گوتی: ″گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە! پیاوی ئاقڵ متمانە بەگورگ ناکا، لە لەشی ئەم حەیوانەدا بێگومان چەند دڵۆپێك خوێنی سەگ هەیە، ئەگینا تا ئێستا هەموومانی خواردبوو.″

قازی هێشتا دەیەویست قسە بکا کە لەنەکاو دیتی دان چەرموو بەرامبەری وێستاوە و بەقەڵافەتێکی تایبەتییەوە دەمرێنێ. دەسبەجێ فەرمانی پێ دا و گوتی: ″بڕۆ بکەوە! بڕۆ لاچۆ لە پێش چاوم!″

دان چەرموو گەڕایەوە لای ژنی خاوەنی و داوێنی کراسە جوانەکەی گرت و کێشای. کراسەکە دڕا و ئالیس هاوارێکی پڕ لە ترسی کرد.

دایکی سکات گوتی: ″خوا بکا ئەو سەگە هار نەبووبێ باشە. ئەمن هەمیشە بەکوڕەکەم گوتووە و دەڵێم کە ئاو و هەوای دەوروبەری ئێمە بەکەلکی حەیوانەکانی ماڵبەندی هەمیشە سەهۆڵ بەستووی شیمال نایە.″

دان چەرموو ئێستا ئیدی بێدەنگ بووبوو و نەیدەمڕاند، بێ هەست وێستابوو، سەری بەرز کردبووەوە و تەماشای ڕوخساری ئەندامانی بنەماڵەی دەکرد کە هەموویان تێیەوە ڕامابوون. کۆڵەگروویەکی بێدەنگ لە گەرووی گیرابوو و هەموو ئەندامی لەشی دەهەژان، دەتگوت دەیەوێ مەبەستێکی لە گەڕانەوە نەهاتوو لە خەڵکی ماڵێ حاڵی بکا. یەکێك لە پوورەکانی سکات گوتی: ″بابە، بۆ سەرنج نادەن، ئەم حەیوانە وەك ئەوە دەچێ کە بیهەوێ قسە بکا!″

لەم کاتەدا دان چەرموو بەهەموو هێزی خۆی دەستی کرد بەوەڕین. ئەم دەنگە بۆ دووەم جار و دواجار لە ژیانیدا بوو. حەیوان مەبەستی خۆی گەیاندبوو. ئالیس

بەقەڵافەتێکی جیددییەوە گوتی: ″حەتمەن سکات شتێکی بەسەرهاتووە!″

حەشیمەتەکە بەجارێك دەرپەڕین و بەدوای دان چەرموودا کە لە پلیکانەکان دەچووە خوار وەڕێ کەوتن. حەیوان جاروبار ئاوڕی دەدایەوە تا دڵنیابێ کە بەدوایدا دێن.

بەڵێ، پاش ئەم ڕووداوە، میوانی ″سیێراویێستا″ لە ماڵێدا پلە و پایەیەکی دیکەی پەیدا کرد. تەنانەت ئەو مەیتەرەش کە باسکی بەددانەکانی وی هەڵدڕابوون، قبووڵی بوو کە دان چەرموو ئەگەر گورگیش بێ، لە هەموو سەگانی دنیا بەهۆشترە. سکات قازییش لەسەر ئەم باوڕە سوور بوو و بۆ ئیسباتی ئەم باوەڕەشی هەزاران دەلیل و بەڵگەی لە کتێبی فەرهەنگ و کتێبە جۆراوجۆرەکانی مێژووی سروشت دێنایەوە.

زستانی دووەم کە دان چەرموو لە مەملەکەتی جنووبی دەگوزەراند، خەریکی تەواوبوون بوو، ڕۆژەکان بەرە بەرە درێژ دەبوون. حەیوان شتێکی تازەی بۆ دەرکەوت کە زۆری پێ خۆش بوو، یانی تێ گەیشت کە ددانەکانی کوولی ئیدی بەو بێ ڕەزایی و بێ پەروایییەی جاران هەڵنادڕن و ئازاری نادەن و دێڵەسەگ لە وەختی یاریدا نەبێ، گاز ناگرێ کە ئەویش زۆر بەئەسپایی و خۆشە. دان چەرموو هەموو بەدئەخلاقییەکانی وی لە بیرچوونەوە و هەرکاتێك کوولی بەناز و نیم نازەوە بەدەوریدا دەهات، ئەو بەسەنگینی و ماقووڵییەکەوە کە بۆنی خۆشەویستی و سەفای لێ دەهات، وەڵامی دەدایەوە.

ڕۆژێك دوای نیوەڕۆ، کوولی ئەوی بەنێو چیمەن و مێشە سەر سەوزەکاندا بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و بردیە ڕێپێوانێکی دوورودرێژ. خاوەنی کە ئێستا چاك بووبووەوە، دەیەویست بەسواری بچێتە گەڕان. دان چەرموو ئەمەی دەزانی. ئەسپی زینکراو لە بەر دەرگای ماڵێ چاوەڕێ بوو. دان چەرموو لە پێشدا دوودڵ بوو، بەڵام دوایە هەستێکی باڵاتر لە قانوونی خواکان و تەنانەت ویستی خۆشی بەسەریدا زاڵ بوو؛ پاشان هەرکە دیتی دێڵەسەگ لە دەوروبەری کەوتووەتە هەڵبەزدابەز و یاری دەکا و خۆی بەسەر و گوێیاندا دەدا، پشتی دە خاوەنی کرد و بەرەو کوولی پێی پێوەنا.

خاوەن ئەو ڕۆژە بەتەنیا چووە گەڕان. لەولاشەوە دان چەرموو لە نێو مێشەکاندا شان بەشانی کوولی غاری دەدا، هەروەك کیچی دایکیشی وەختی خۆی لەگەڵ یەك چاوی بابی لە لێرەوارە بێدەنگ و ئارامەکانی خاکی شیمالدا شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن و کەیفیان دەکرد.

***

## ٢٥

# گورگە خەو

ئەمە پەیوەندیی بە زەمانێکەوە هەبوو کە خەبەری ڕاکردنی ″جیم هاڵ″، تاوانباری بەناوبانگ، لە بەندیخانەی ″سان کۆنتین″ لە هەموو ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووبووەوە. ئەم کابرایە زگماك ئینسانێکی خەراپ بوو و کۆمەڵیش نەیتوانیبوو کاری بکاتە سەر و ڕەفتاری باش بکا.

کۆمەڵ ڕەق و زبرەو جیم هاڵیش نموونەیەکی بەرچاوی کۆمەڵ بوو. جیم هاڵ خۆی کردبوو بە حەیوانێکی دڕندە، حەیوانێك لە شکڵی ئینساندا، بەڵام هەزار جار وەحشیتر لە وەحشیترین گۆشت خۆرانی جیهان.

تەمبێ و سزا سەختەکان هەرگیز نەیانتوانیبوو سروشتە حەیوانییەکانی لە نێو بەرن. تەمبێ و سزا تەنیا ڕەفتارێك بوون کە لە منداڵییەوە لەگەڵی کرابوون، واتە لەو ڕۆژەوە کە بەشیرەخۆرەیی درابوو بە هەتیوخانەی سانفەرانسیسکۆ و مێوی وجوودی ئامادە بوو هەموو شکڵ و شێوەیەك وەربگرێ، بێجگە لە تەمبێ هیچی نەدیبوو. یەکەم جار کارێکی ناشیرنی کردبوو و سێ جاریان ناردبووە بەندیخانە. هەتا کۆمەڵ دڵڕەقتر و بێ بەزەییتر ئەوی دەکوتا، ئەویش وەحشیتر و سرکتر، بەرامبەر بەکۆمەڵ ڕادەوەستا. بەشی وی لە ژیان کراسی بەندییەکان و برسییەتی و قەمچی و گۆپاڵ بوو و لە کۆمەڵ لەمانە زیاتر شتێکی پێ نەبڕابوو.

لە سێیەمین ساڵی گیرانی خۆیدا درابووە دەستی بەندییەوانێك کە وەك خۆی حەیوانێکی وەحشی و دڕندە بوو. ئەو بەندییەوانە هەمیشە کلیل و دەمانچەی بەدەستەوە بوون، بەڵام جیم هاڵ جگە لە دەستی بەتاڵ و ددانی تیژ شتێکی پێ نەبوو، ئەمەش تەنیا جیاوازیی نێوان ئەم دووانە بوو. کەوابوو؛ چونکە ئەو بەندییەوانە چەکدارتر بوو هەمیشە بۆ ئەزیەت و ئازاری ئەو پیاوە لەو باڵادەستییەی خۆی کەڵکی وەردەگرت. بەندییەوان هەمیشە ئەوی ئەشکەنجە و ئازار دەدا و لە بارەی کاروبار و ڕەفتارییەوە درۆی لەگەڵ سەرۆکەکانی خۆی دەکرد. ڕۆژێکیان جیم هاڵ خۆی بەجەللادەکەی دادا و وەك حەیوانە وەحشی و خوێنخۆرەکانی دارستان بەگەروویدا نووسا و ویستی بیخنکێنێ.

بەندیی خوێنخۆر لە سزای ئەم کردەوەیەدا گوێزرایەوە، بۆ ژێرخانی تاکە کەسیی ئەو

بەندییانە کە ئومێدی باش بوونیان نییە و بڕیار درا هەتا هەتایە لەوێدا بمێنێتەوە. تەخت و میچ و دیواری ئەم ژێرخانە ئاسن بوون. ئیدی هەرگیز نەیدەتوانی هەتاو ببینێ. ڕۆژانی دەمەو ئێوارەیەکی تاریك و شەوانی تاریکستانێکی ڕەش و بێدەنگ بوون. ئەویان بەزیندوویی لە گۆڕێکی ئاسنیندا ناشتبوو. ئیدی چاوی بەڕوخساری ئینسانێك نەدەکەوت و گوێی لە قسەی هیچ کەسێك نەدەبوو. وەختێك خواردنیان بۆ فڕێ دەدا وەك دڕندەیەك لە قەوەزدا دەینەڕاند. چەندین ڕۆژ و شەو ڕق و بێزاریی خۆی بە نەڕەنەڕی شێر دەردەبڕی و چەندین شەو و ڕۆژیش زاری پێکەوە دەنا و دەنگی لەبەر دەرنەدەهات و گیانی بێدەنگ و ئارامی، خۆی دەخواردەوە. ئەمانە چەند نموونەیەك لە ئاکار و کرداری ئەو جانەوەرە سامناکە بوون و لە مێشکی شێتێکی زنجیرکراویش لەمە زیاتر ڕەنگدانەوەیەك بەدی ناکرێ.

جیم هاڵ سێ ساڵی بەم حاڵەوە گوزەراند، هەتا شەوێك لەو ژێرخانە ڕای کرد. ئەفسەری پاسەوانی بەندیخانە، کاتێك خەبەریان پێ دا، زۆر بەبێ موبالاتی شانی هەڵتەکاند و گوتی شتی وا مومکین نییە. بەڵام دەرگای ژێرخانەکە کرابووەوە و تەرمی پاسەوانێك کە خنکاندبوویان لە بەر دەرگا کەوتبوو. تەرمی دوو پاسەوانی دیکەش کە هەر بەو شێوەیە خنکابوون، ڕێگای ڕاکردنی وییان بەدالانی بەندیخانەدا، لەوێوە بۆ حەوشە و بۆ سەر دیواری حەوشە نیشان دەدا.

جیم هاڵ کە بەچەکی سێ پاسەوانی کوژراو، چەکدار بووبوو لە کێو و بیابانادا ئاوارە و سەرگەردان بوو و کۆمەڵ بە تەواوی دەزگا و ڕێکخراوی ڕێکوپێکی خۆیەوە لە دوای دەگەڕا. خەڵاتێکی گەورەیان بۆ سەری وی دانابوو ، جووتیاران بەهیوای ئەو خەڵاتە بە تفەنگە ڕەشکەوە شوێنیان هەڵدەگرت و دەیانەویست بە ڕەشە ڕاو لە داوی بخەن. مردنی وی دەیتوانی خانوویەکی گەورە لە بارمتە دەربێنێ، یان منداڵێك لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بنێرێتە ناوەندی. خەڵکی شاریش، چونکە پاراستنی نەزمی گشتییان پێ باشە، تفەنگیان وەرگرتبوو و بەدوایدا دەگەڕان. دەستە سەگێکی دڕندەش لەبەرئەوەی لاقی برینداربوو و خوێنی لێ چۆڕابوو، شوێنیان هەڵگرتبوو و ڕاویان دەنا. هێندێ سەگی دیکەش، وەك سەگانی پۆلیس کە بەناوی قانوون غارغارێن دەکەن و مووچە لە کۆمەڵ وەردەگرن، بەکۆمەگی تەلگراف و تەلەفۆن و قەتاری تایبەتی سەریان دەدوو نابوو و لە کۆڵی نەدەبوونەوە. هێندێ جار ڕێ دەکەوت ئەوانەی لە دوای دەگەڕان تووشی جیم هاڵ بن، کە زۆر بەئازایەتی لە شوێنی جۆراوجۆر لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبوو؛ ڕۆژی دواتر، لە

شارەکـان، خـەڵك لـە ڕۆژنـامـەکـانـی خـۆیـانـدا، زۆر بـەتـامـەزرۆیـی مـوو بـەمـووی ئـەو تێکهەڵچوونانـەیـان دەخوێندەوە. ئاکامەکە ئەوەبوو کە یەك دووکەس کوژرابوون و یەك دووکەسی تر بریندار ببوون و تاوانباریش هەروەك جاران ڕای کردبوو، بەڵام لە جێی کوژراوەکان چەند پیاوی دیکە ڕاست دەبوونەوە و هەروا بەگەرمی وەدوای دەکەوتن.

پاشان وەختێك داهات کە جیم هاڵ لە نەکاو ون بوو. سەگان بێ هوودە شوێنی وییان هەڵدەگرت و نەیاندەدیتەوە. وای لێ هات کە چەکدارەکان لە خڕو دۆڵە چۆڵ و هۆڵەکان بەرۆکی شوانە بێ گوناهەکانیان دەگرت و هەتا ئەو بەستەزمانانە کەسایەتیی خۆیان ئیسبات نەکردایە ئازادیان نەدەکردن. لەولاشەوە دەستەیەك لە پیاوانی کەللەشەق کە شەو و ڕۆژ خـەونـیـان بـە خـەڵاتـی گـۆڕیـنـەوە دەدی، لـە دە دوازدە جـێگـای کـێوپـارە حەستەمەکان، لە بەندەنەکان و لە بناری کێوەکاندا، شوێنی تاوانباری ڕاکردوویان دەدۆزییەوە و وەدوای دەکەوتن.

بەو حاڵەوە خەڵکی "سییێراویستا" بەترس و ئیشتیاوە ڕۆژنامەکانیان دەخوێندەوە. ژنەکان نیگەران بوون و سکات قازی بێ هوودە هەوڵی دەدا ترسەکەیان بەپێکەنین و گاڵتە لە بیر بەرێتەوە. هۆی نیگەرانییەکەیان ئەوە بوو کە هەر ئەم سکات قازییە لە دوا ڕۆژەکانی خزمەتی خۆیدا جیم هاڵی دادگایی کردبوو و حوکمی دابوو. جیم هاڵ جاری یـەکـەم لـەو تـاوانـەی کـە پـێیـانـەوە بـەستبـوو، بـەدوور بـوو و گـونـاحـێکـی نـەبـوو. پۆلـیس بەکاردروستایی تایبەتی و دۆسیە سازکردن، کارەکەی لێ خەراپ کردبوو و چونکە بڕیاری دابوو بەیەکجاری کارەکەی یەکلا بکا، بەهێندێ بەڵگەی ساختە و شایەتیی بەدرۆ ڕێگای بۆ لە نێوبردنی ئەو خۆش کردبوو.

سکـات قـازی کـە ئـاگـای لـە ئـەسڵـی مـەسەلـەکە نـەبـوو، حـوکمـی مـەحکـووم کـردنـی تـاوانـباری بەبڕوایەکی پتەو و بەپێی ئەو بەڵگە و شایەتییانە کە لە دۆسیەکەدا هەبوون، دەرکردبوو. بەڵام جیم هاڵ ئەوی بەهاودەستی پۆلیس دەزانی و کاتێك بیستی کە بە پەنجا ساڵ مردنی بەکاوەخۆ لەو ژێرخانە تاریکەدا مەحکوومی کردووە، لەپڕ لە هۆڵی کـۆبـوونـەوەی دادگـادا هـەستـایـە سەر پـێ و بـەهـاوار و نـەڕەیـەکـی تـونـد و لـە گـوێگـران نـاڕەزایـی و بـێزاریـی تـونـدی خـۆی لـەو جـۆرە قـازییـە و لـەو جـۆرە دادوەرییـە دەربـڕی. مەحکووم لە کاتێکدا بەپاڵ پێوەنانی پاسەوانەکە لە کۆبوونەوە دەردەکرا، وەك شێر نەڕاندی و سوێندی خوارد کە ڕۆژێك تۆڵەی خۆی وەردەگرێتەوە.

دان چـەرمـوو نـەیـدەتـوانـی شتـێك لـەو بـاسـانـە تـێ بـگـا. بـەڵام لـەو کـاتـەوە کـە لـە

″سیـێراوێستـا″ لـە ڕاکـردنـی جـیـم هـاڵ ئـاگـادار بـوون، لـە نـێوان ئـەو و ئـالیس خـێزانـی خـاوەنیدا، نهێنییەك دانرا. هـەموو شـەوێ کاتێك هـەموو دەخـەوتن ئـالیس لـە هـۆدەکـەی خـۆی دەهـاتـە دەر و دان چـەرمووی دەبـردە هـۆڵـی گـەورەی ژێرخـانـەکـە. بـەیـانییش پـێش هـەموو کـەس ئـەو دەهـاتـە دەر و حـەیوانـەکـەی دێـنـایـە دەر، چونکە داب وابـوو کـە هیچ وەخت نـەیـاندەهـێشت دان چـەرموو لـە ژوورێ بخـەوێ.

بـەڵـێ، شـەوێکیـان دان چـەرموو لـە بێدەنگی و تـاریکـاییی شـەودا وەخـەبـەر هـات و بـێ ئـەوەی دەنگ بکـا دەستی بـە پرخـەپرخ کرد. لـە بـۆنێك کـە بـا بـۆی دێنا، تـێ گـەیشت کـە خوایـەکی بێگانـە پـێی دەومـاڵـە نـاوە. حـەیوان گـوێی هـەڵخست و هـێندێ دەنگی زۆر کز کـە لـە جموجـۆڵـی نـادیـار و بـەپـارێز هـەڵدەستـان، هـاتنـە بـەرگـوێی. دان چـەرموو نـەیمـڕاند، چونکە شێوەی کـاری لـەو جـۆرە وەختـانـەدا ئـەوە نـەبـوو. خـوای نـەنـاسیـاو کـە وەك سێبـەر دەخـزی دەرکـەوت. دان چـەرموو بـە بێدەنگییەکی زیـاتر لـە بێدەنگیی ئـەو، سێبـەرەکـەی گرت وەدوای کـەوت. گـورگـی جـحێڵ ئـەو کـاتـەی لـە بیـابـانـدا بـۆ خـۆراك دەگـەڕا، فێربـووبـوو کـە هـەرگیز خـۆی ئـاشکرا نـەکـا.

خـوای نـەنـاسیـاو لـە پـێش پلیکـانـی گـەورە ڕاوەستـاو گـوێی هـەڵخست. دان چـەرموو وەك مـردووان هـەستی لـە خـۆی بـڕی، بـەڵام بـەوریـایی چـاوەڕێ مـا. لـە سـەرەوەی پلیکـانـەکـە هـۆدەی خـاوەنـی بـوو و لـە تـەنـیشتـی ویش هـۆدەی خـواکـانـی دیکـەی مـاڵـێ کـە خـۆشەویستترین سامـانـی خـاوەنی بوون. مووی پشتی دان چـەرموو ڕاست بـوونـەوە، بـەڵام دیسـانیش چـاوەڕێ مـا. لاقی خـوای بێگـانـە لـە عـەرزی هـەڵبـڕا و دەستی کـرد بـە وەسـەرکـەوتن لـە پلیکـانـەکـان.

دان چـەرموو لـەو لـەحزەیـەدا زەبـری خـۆی وەشـاند؛ حـەیوان هـەر بـەشێوەی خـۆی، بـێ ئـەوەی خـەبـەر بـدا، لـەشی قـورسی خـۆی وەك بـەردێك کـە بـەقـۆچـەقـانـی هـاویـژرابـێ، بـەرەوپێش هـاویشت و بـەپشتی خـوای بێگـانـەی دادا و، هـەردوو دەستی لـە شـانـی گیربـوون و ددانـە بـێ بـەزەیییـەکـانی لـە پشت ئـەستـۆی ڕۆچـوون. خـوای نـەنـاسیـاو بـەرەوپشت کـەوت و هـەردووکیـان پێکـەوە کـەوتنـە سـەر زەوی.

دانیشتووانی مـاڵـێ زۆر بـەترسـەوە لـە خـەو ڕاچـەنین. هـەمووان سـەریـان بـەسـەر پلیکـانـانـدا شـۆڕ کـردبـووەوە و گـوێیـان لـە دەنگێك بـوو وەك دەنگی شـەڕە جنـدۆکـە. بریسکـەی گـوللـە دەمـانـچـەکـان لـەگـەڵ هـەورە تریشقـەی نـەڕەو گـۆڕە تێکـەڵ بـووبـوو. دەنگی ئینسـانێك هـەستـا

و هـاواری ترس و گیـان دەرچوونی هـەڵکێشا. ئـەمجار دەنگێکی زۆر لـە شووشە شکاو و مێز و کورسی پێکدادراو بەرز بووەوە، بەڵام بەزوویی بێدەنگییەکی سامناك باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا. تەنیا هەناسەی نەخۆشێکی سەرەمەرگ وەك بڵقی سەرئاو کە دەتەقیّ و دەنگێکی سووکی لیّ دیّ، لە قووڵاییی ئەو ژێرخانە تاریکەوە هاتە سەریّ و ئەویش پاش ماوەیەك بێدەنگ بوو.

وایدن سکات دوگمەی کارەبای سووڕاند و پلیکان و هۆڵی ژێرخانیّ لە ڕووناکاییدا نوقم بوون. باب و کوڕ دەمانچەیان تاو دانیّ و زۆر بەپارێزەوە هاتنە خوار، بەڵام ئیدی مەترسییەك لە گۆڕێدا نەبوو. لە نێو قەنەفە وەرگەڕاوەکان و شووشە شکاوەکاندا پیاوێك لەسەر تەنیشتیّ کەوتبوو و ڕوخساری خۆی لە ژێر باسکەکانی خۆیدا شاردبووەوە. وایدن سکات داهاتەوە و باسکەکانی لادان و ڕوخساری بۆ لای ڕووناکایی سووڕاند. نەناسیاو گەرووی هەڵدڕابوو و گیانی لەبەردا نەمابوو.

سکات قازی بەخۆی نەبوو هاواری کرد: "جیم هاڵ!"

باب و کوڕ تەماشای یەکتریان کرد و لە مانای تەماشای یەکتر حاڵی بوون. پاشان گەڕانەوە لای دان چەرموو. ئەویش چاوی لە سەریەك دانابوون و لەسەر کەلەکەی کەوتبوو. پیلووەکانی لەسەرەخۆ هەڵهاتن و تەماشایەکی ئەو کەسانەی کرد کە داهاتبوونەوە سەری. کلکی زۆر بەئەسپایی جووڵا بۆ ئەوەی سڵاو لە خاوەنەکەی بکا. وایدن لاواندییەوە و حەیوان بەنیشانەی ئەمەگناسی پرخەپرخێکی کرد، بەڵام دووبارە پێڵووەکانی کەوتنەوە سەریەك و سەری کەوتە خوار و لەشی وەك توورەکەیەکی سارد و بیّ جووڵە لە سەر زەوی ما.

دەسبەجیّ بەتەلەفۆن نەشتەرگەر (جەراحێکیان بانگ کردە سەر دان چەرموو. کاتێك نەشتەرگەر لە شارەوە گەیشتەجیّ ڕووناکایی بەرەبەیان لە پەنجەرەکانی دابوو. نەشتەرگەر سەعات و نیوێك چاوی لە حەیوانەکە کرد و پاشان گوتی: "ئەگەر ڕاستتان دەویّ ئەم سەگە تەنیا یەك لە هەزار شانسی زیندوومانی هەیە، چونکە بێجگە لە برینەکانی ژوورەوەی و ئەو هەموو خوێنە کە لەبەری ڕۆیشتووە، دەستێکیشی شکاوە و سیّ پەراسووشی ورد بوون و یەکێك لە پەراسووە شکاوەکانیشی لە سیپەلاکی ڕاچووە و کونی کردووە. حەتمەن ئەو حەیوانەیان هەڵاویشتووە و کەوتووەتەوە؛ ئەمجار ئەمەش کە گوتم بێجگە لەو سیّ گوللەیە کە لە سیّ شوێنی لەشی دیواودەر بوون. بۆیە ئەوەش کە

دەڵێم لە هەزاری یەك شانسی چاك بوونەوەی هەیە، زۆری گەشبینی تێدایە و لە ڕاستیدا شانسەكە یەك لە دە هەزارە.″

سكات قازی بەدكتۆری گوت: ″دكتۆر، لەم یەك لە دە هەزارەش دەبێ كەلك وەربگیرێ و لە هیچ تەقەلایەك درێخی نەكرێ. ئەگەر پێویستە بە تیشكی ئێكس عەمەلیاتی بكە. هەرچی پێویستە بۆی بكە و خەمی پارەت نەبێ. وایدن، تۆش تەلەفۆن بۆ سانفەڕانسیسكۆ بكە و داوای دكتۆر نیكوولی بكە. بووبوورە جەنابی دوكتۆر، مەبەستم بێ ئەدەبی لە خزمەت ئێوەدا نییە، بەڵام دەمەوێ هەرچی لە تواناذا هەیە بۆ چارەسەری ئەم سەگە بیكەم.″

نەشتەرگەر بەڕووخۆشی پێ كەنی و گوتی: ″ئەمر دەكەی جەناب، ئەمن تێ دەگەم، دیارە هەقتانە و ئەم سەگە دەبێ وەك ئینسانێك، وەك منداڵێكی نەخۆش، خزمەتی بكرێ. ئەمن سەعات دە دێمەوە. ئێوە پەیتا پەیتا پلەی گەرمای لەشی بگرن.″

دان چەرموو زۆر بەوردی برینەكانی بۆ پێچران. هێندێ كەس پێشنیاریان كرد سیستەرێكی تایبەتیی بۆ بگرن، بەڵام كچەكانی سكات ئەم پێشنیارەیان ڕەت كردەوە و بۆ خۆیان خزمەتی دان چەرموویان وەئەستۆ گرت. دەرمانی دان چەرموو ئەوەندە خێرا چووە پێش كە شانسی سەركەوتن گەیشتە ئەو یەك لە هەزارە كە نەشتەرگەرەكە ئەویش بەپارێزەوە بۆی چووبوو، ئیدی هیوای چاكبوونەوە زیادی كرد. نەشتەرگەر لە بۆچوونی خۆیدا بەهەڵە چووبوو، چونكە تا ئێستا ئەو نەخۆشی خاوەن شارستانەتیی تیمار كردبوون كە پشتاوپشت خوویان بە شارستانەتی و شارنشینییەوە گرتبوو و لاواز و بێ هێز بووبوون. هێزی ژیانی دان چەرموو بەپێچەوانە، شتێكی دیكە بوو و ڕاستەوخۆ لە بیابانەوە دەهات. بۆیە نەشتەرگەرەكە لەسەر ئەو بۆچوونە هەڵەیەی جێگای سەركۆنە نەبوو.

برین پێچان و لە گێچ گیرانی لەشی دان چەرموو، بڕستی جموجۆڵیان لێ بڕیبوو و ئەویان وەك دیلێك لێ كردبوو كە تەناف پێچ كرابێ. بەستەزمانە حەیوانی نەخۆش ڕۆژ بەڕۆژ كزتر و بێ هێزتر دەبوو. چەند سەعات لەسەریەك دەنووست و لە ئاكامی ئەو خەونە ناخۆشانەدا كە دەیدیتن لە خەو ڕادەپەڕی و ناڕەحەت دەبوو. تارماییيەكانی ڕابردوو لە بەرامبەریدا ڕاست دەبوونەوە و دەوریان دەدا. خەونی دەدی كە لەگەڵ كیچ لە لاندا دەژی و لە پەنای دایكی بەختەوەرە؛ خەونی دەدی كە بە ترس و لەرزەوە دەخزێتە بەر پێی كاستوورگری و ڕێز و ملكەچیی خۆی پێ نیشان دەدا؛ خەونی دەدی كە بووەتە پێشەنگی

سەگانی خێشك و لەگەڵ لیپ لیپ بەنێو بەفرێدا وەك با دەفڕێ و هەردووكیان لە دەستی ئازاری قەمچیی میتسا لە گیان جاڕز بوون؛ ژیانی نەگبەتباری خۆی لە لای بیووتی سمیث و شەڕەكانی دوایی دەهاتنەوە بەرچاو و دەنگی نەڕە و ناڵەی هەروەك ئێستا لە شەڕ دابێ، لە خەودا دەبیسترا. بەڵام ناخۆشترین خەونی ئەوەبوو كە لە بن دەوەنان بۆسەی بۆ سمۆرە ناوەتەوە و چاوەڕوان بووە، ئەم حەیوانە بەپارێزە لەسەر دارێ بێتە خوارێ؛ پاشان وەختێك خۆی پێدا داوە حەیوانەكە بووە بەقەتارێكی كارەباییی سامناك و پڕ هەڕەشە كە بەهاوار و نەڕەی لە گوێ گران و بەپڕیشك هاویشتنێكی سەرسوڕهێنەر، وەك كێوێكی گەورە غاری داوەتە سەری كە بەجارێك ورد و خاشی بكا. هەروەك خەونی دەدی كە بازی ڕاوكەر لە ئاسمانی شیندا دەفڕێ و لێی دەخەفتێ كە لە عەرزی هەڵبڕێ و لەو كاتەدا كە دێتە خوارێ دەبێتە ئەو قەتارە كارەباییە شووم و بەسامە. خەونی دەدی كە دووبارە كەوتووەتەوە دەستی بیووتی سمیث و سەیركەران لە دەوری قەوەزەكە كۆبوونەوە و ئەویش لە نێو قەوەزدا دێت و دەچێ و چاوەڕوانە كە دەرگا بۆ حەریفەكەی بكەنەوە. دەرگا دەكرێتەوە و دیسان هەر ئەو قەتارە كارەبابییە نەحلەتییە دەردەكەوێ و هێرش دێنێ.

سەرەنجام پاش ئەوەی نەشتەرگەر دوا تەقەڵی برینەكانی نەخۆشی لە پێش چاوی هەموو میوانەكان هەڵگرت دان چەرموو هەوڵی دا هەستێ و بچێتە لای سكات كە بانگی دەكرد، بەڵام حەیوان لەبەر بێ هێزی لەرزی و كەوتەوە سەر زەوی. لەوە كە نەیتوانی فەرمانی ئاغاكەی بەجێ بێنی بەخۆیدا شكایەوە. ژنەكان لێكرا هاواریان كرد كە: ″ئەمەیە گورگی پیرۆز!″

سكات قازی بە قەڵافەتێك كە نیشانەی سەركەوتن بوو تەماشای كرد و گوتی: ″ئەمن دەمگوت ئەمە گورگە ڕاستیش بوو. كارێك كە ئەم حەیوانە كردی لە دەستی سەگێكی ساكار نەدەهات. بەڵێ دیارە گورگە.″

قازی ژن بۆی سەلماند و گوتی: ″گورگی پیرۆزە.″

″ گورگی پیرۆز ناوێكی زۆر باشە و ئەو لەمماڵەدا ناوێكی تری نابێ.″

نەشتەرگەر گوتی: ″ئێستا هەوڵ بدەن دووبارە حەیوانەكە فێری ڕێگا ڕۆیشتن بكەنەوە. دەبێ هەر ئەمڕۆ دەست پێ بكەین. وەرن بیبەنە دەرێ.″

دان چەرموویان بەپێوە ڕاگرت. ماسوولكەكانی ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز دەبوونەوە و دەكەوتنەوە كار. هەموویان هاتن بن پیلی بگرن و فێری ڕۆیشتنی بكەنەوە. دان چەرموو

بەلەرزە لەرز، بەڵام وەك شایەکی بە شەوکەت هەتا نێو چیمەنەکە بەڕێ کرا و لەوێ پشووی دا. پاشان خزمەتکارەکان هەڵیان گرتەوە و هەتا بەردەرکی تەویلەیان برد. لەوێ کوولی لەگەڵ شەش حەوت تووتکی چووکەڵە و جوانی کە لەبەر تیشکی گیانبەخشی هەتاو یارییان دەکرد، ڕاکشابوون. دان چەرمووو بە سەرسوڕماوی تەماشای تووتکەکانی کرد. کوولی لێی مڕاند و ئەویش دوورکەوتەوە و نەچووە پێش.

لە کاتێکدا یەکێك لە ژنەکانی ماڵێ توند کوولی بەئامێزەوە گرتبوو، خاوەنە خۆشەویستەکەی بەلاقی خۆی یەکێك لە تووتکەکانی لە دان چەرمووو نیزیك کردەوە. لەبەر شك و گومان مووی پشتی گورگی جحێڵ ڕاست بوونەوە، بەڵام خاوەن ئارامی کردەوە و تێی گەیاند کە هەرچەند کوولی بەقینەوە دەمڕێنێ، ئەم تووتکە ئازارێکی پێ ناگەیەنێ. تووتکە جوانکیلەکە لە دەوروبەری دان چەرمووو دەستی کرد بەیاری و هەڵبەز دابەز. حەیوان گوێی مات کردبوون و زۆر بەوردی تەماشای دەکرد. پاشان لووتی هەردووکیان وێك کەوت و زمانێکی گەرم و نەرم لە لمبۆزی دان چەرمووو درا. دان چەرمووش لە خۆوە زمانی دەرکێشا و بێ ئەوەی بزانێ بۆ وا دەکا، دەموچاوی تووتکەکەی لستەوە.

بەدیتنی ئەم دیمەنە، خواکان چەپڵەیان لێ دا و هاواری شادمانییان لێ بەرز بوو. دان چەرمووو بەو هەڵڵاو هەنگامەیە ناڕەحەت بوو. بێ هێزی سەرتاپای لەشیی داگرت و هەر لەوێ ڕاکشا. بەپێچەوانەی ویستی کوولی تووتکەکانی تریش هاتنە لای دان چەرمووو و لە دەوروبەری دەستیان بە یاری و هەڵبەز دابەز کرد.

دان چەرمووو بەپێی سروشتی وەحشی و چۆڵپەرستیی لەمێژینەی خۆی لە پێشدا ویستی ئەوانە لە دەوری خۆی دەرکا، بەڵام دوایە، لە نێو چەپڵە ڕێزانی پڕ لە ئافەریمی خواکاندا بڕیاری دا ئارام بێ و ڕێگا بدا تووتکەکان بەسەر سەروچاویدا بێن و یاری بکەن. لەو کاتەدا کە تووتکە ژیکەڵەکان لەسەر پشت و کەلەکەی هەڵدەبەزین و ئاکاری شیرن و جوان و پێکەنین هێنەریان لە خۆیان نیشان دەدا و بەدنیایەك پاکی و سەفاوە سواری یەکتر دەبوون، دان چەرمووو چاوی لەسەریەك دانابوون و لە ژێر تیشکی گیانبەخشی هەتاوی بەهاردا ئارام خەوی لێ دەکەوت.

کۆتایی

***

# فەرهەنگۆك

## ئـ

ئامبازبوون: خۆپێداوان، بەگژدا هاتن

ئاویلکە: هەلکە، ئەلکە، هەناسەی سەرەمەرگ

ئەستێر: گۆلاو، گۆلاوی دەستکرد

ئەندازیار: (مهندس)

ئەوك: قورگ، گەروو

ئێرەیی: بەخیلی، حەسوودی، (حسد)

## ب

بازنە: دایرە

باڵندە شوور: چونکە باڵندەیەکی وا لە کوردەواریدا نییە، (مفهوم)ی ناوەکە کراوە بە کوردی

بڕست: توانا، تاقەت، تەکان

بزووت: لکەداری نیوە سووتاوی سەر ئاگر

بوێری: ئازایەتی، نەترسی

بۆ چرووك: بۆنی سووتانی گۆشت و ئێسك

بۆ زوورروو: بۆنی سووتانی خوری و موو

بووژانەوە: نوێبوونەوە، وەخۆکەوتنەوە

بوونەوەر: (موجودات)

بەرمیل: بۆشکە، تەنەکەی گەورەی ئاو

بێشە: میشە، دارستانی بی و بناو و سپێدار. زیاتر بۆ خۆڕست بەکار دەبرێ، نەك بۆ دەستنێژ.

## پ

پارێز: خۆپاراستن، (احتیاط)

پووکانەوە: پووچانەوە، بەتاڵبوونەوە

پەنا: تەنیشت نیزیك

پیلوو: پێڵوو، چەرمی بەروپشتی چاو

## ت

تابڵەمە: بۆتە، (بوتقە)

تلانەوە: تل خواردن، لە جێگای خۆ بزووتن + جووڵانێك كە زۆر بەئەنقەست نەبێ

تلۆفك: سەرچڵ، سەرپۆپ، بەرزترین لكی دار

تووك لێكراو: كۆڵك لێكراو، دوعای خراپ لێكراو

تەباخ: ئاورگ، وەجاخ، ئاگردان، وەسیلەی چێشت لێنان

تەبارە: كەڵەكە، بارستایی

تەناف بازی: یاری لەسەر تەناف وەك ئەوەی لە سێركدا دەیكەن

تەنگە: بەرسنگ + ئەو گوریس یان قایشە كە بە بەر سنگی وڵاخ دادێ و بارەكەی پێ قایم دەكرێ

تەنەخی: درێخی، كەمتەرخەمی، خۆبواردن

تەوەرە: میحوەر، (محور)

تێك ئاڵقان: تێكەوە هاویشتن، ئاڵقاوی یەكبوون، تێك گیران

## چ

چاوقایم: پڕ ڕوو، بێ شەرم، بێ چاو و ڕوو

چەرمەشوور: چەرمی شوور، چەرمی گاكێوی كە بۆ كاڵە كەڵكی لێ وەرگیرێ

چێڕگ: چرگ، قەلەموونەی كێوی

## ح

حەریف: خەنیم، (خصم)، (ڕەقیب)

## خ

خاڵیگە: بەتاڵاییی کەلەکە، نێوانی ڕان و پەراسوو

خنکەخنك: نیخەنیخ، پشووسواربوون و هەناسەگرانبوون

خوراو: ئەوی دەخورێ، (مأکول)

خولانەوە: سووڕانەوە

خولخولە: شتێك کە لە دار دروست دەکرێ و وەك تایەی ترۆمبیل دەخرێتە ژێر عارەبانە و شتی لەو بابەتە بۆ ئەوەی خێرا بڕوا

خولدان: سووڕان، خول خواردن

خۆپارێزی: خۆپاراستن، (احتیاط) کردن.

خۆرا: ئەوەی دەخوا، (أکل).

خەفتان: لێ خەفتان، ئەوە کە بۆ کەسێك لە کەمیندا بی تا بتوانی دەستی لێ بوەشێنی

خەنیم: حەریف، (خصم)، (ڕەقیب).

خێشك: شتێکە بۆ سواربوون و بارلێنان لە دار دروست دەکرێ و ولاخ ڕای دەکێشی. لەم کتێبەدا لە جێگای (سورتمە) دانراوە کە سەگ ڕای دەکێشێ و بۆ سەر بەفر بەکاردێ.

خێشك ئاژۆ: ئەو کەسەی خیشك لێ دەخوڕێ

## د

داسەکنان: ڕۆسەکنان، ئارام گرتن، هێدی بوونەوە

دان چەرموو: ددان سپی، کەڵپ سپی

داوەڵ: ئەو شتەی لە پەڕۆ و پاڵ بەشکڵی ئینسان یان حەیوانات دروست دەکرێ

دەخۆنووسان: غاردان، بەغار ڕۆیشتن، تین دەخۆکردن

دەست پێوەگرتن: خۆبواردن لە زێدە خەرجی، (تقشف)، (صرف جوئی)

دیواودەر: ئەمدیو و ئەودیو، دیواودەربوونی گوللە ئەوەیە کە نیشانەکە کون بکا و بچێتە دەر.

## ر

ڕاپەر: (حرکة)، (تحرك)، بەکاربوون

ڕاوێچکە: هاتوچۆ لە مەودایەکی کورتدا، قەدەم لێدان، پیاسە

ڕاهێنان: عاملاندن، (تدریب)، (تربیت)

ڕایی کردن: وەڕێخستن، ئازاد کردن، نەجاتدان

ڕچە: ڕێگای نێو بەفر، جێ پێی مرۆڤ لە نێو بەفردا

ڕووبەر: دیوی سەرەوەی هەر شتێك، (سطح)

ڕووشاڵ: هەڵبوونی بەشێك لە چەرم و گۆشتی لەش، (خراش)

ڕەوینەوە: سڵەمینەوە، ترسان و دەرپەڕین

ڕیپۆق: ئاوی چاو کە وەك کێم و زوخاو بەچاوانەوە ڕەق دەبێ

## ز

زویربوون: زیزبوون، تۆران

زیپك و زاکوون: کارلێهاتوویی، جەربەزە، بەهیممەت بوون

## س

سام گرتوویی: سام ڕێ نیشتن، ترس سوار بوون

سامەڕستوو: سام شکاو، ترس لە دڵدا نەماو

سرك: سڵ، ئەو حەیوانەی بەدیتنی لە نەکاوی هەر شتێك دەرەوێتەوە

سوجەی سوور: نەوعێك مارە کە ڕەنگی سوورە و خەتەرناکە

سەراورد: سنوور، تخووب، (حدود)

سەگورگ: سەگێك کە ڕەگێکی لە گورگ تێدا بێ، واتە یەکێك لە دایك و بابی گورگ بن.

سەمەندۆك: دارێکە هەردوو سەری قایشی تێ دەخرێ و بۆ بەستنەوەی سەگی دڕ کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

سیپاڵ: پەڕۆکۆن، پەڕۆی دڕاو، جلکی شڕ.

سیرك: ئەو شوێنەی حەیواناتی بۆ یاری لێ دەعاملێنن و یارییان پێ دەکەن.
سێرەگرتن: ڕاداشتن و چاو لە جاسووس کردنی تفەنگ بەمەبەستی تەقە پێ کردن.
سیکەدانە: چیکڵدانە، (حوصلە)

## ش

شاڵاو: هێرش، پەلامار

شووبا: شەوبا، شیوبا، پشووەبا

شوور: گاکێوی

شوێن: جێ پێ، (أثر)

شەویلاکە: شەویلکە، (فك)

شیو: دۆڵ، خڕ، قووڵایی نێوان دوو باسك

## ق

قاوەجۆش: ئەو دەفرەی قاوەی تێدا ساز دەکرێ

قرووسکە: دەنگی سەگ و گورگ لە ترسان، یان لە ڕقان

قوڵەبنە: کورتەبنە، کورتە باڵا، خڕین

قۆرت: پێچ (لۆفە)

قوڕقوڕاوگە: قوڕقڕۆگە، شادەماری مل

قەبارەبەستن: کەڵەکەبوون، کەوتنە سەریەك

قەپ: قەپاڵە، گاز

قەپاڵە: قەپ، گاز، پارووی گەورە داگرتن

قەڵەدە: ئەو قایشەی لە ئەستۆی سەگ و پشیلە دەخرێ

قەڵەمباز: بازی گەورە، خۆ فڕێدان

## ك

کاردروستایی: خۆ ئامادەکردن، خۆسازکردن، تەدارەك دیتن

کۆخین: کۆکین

کۆسپ: (مانع)، لەمپەر

کوشم هەڵاتن: خۆ ماتکردن، خۆکزکردن، دۆشدامان

کولانە: هێلانە مریشك، شوێنی حاوانەوەی مریشك و جووچك

کون پشکنین: هەوڵدان بۆ زانینی کەلێن و قوژبنی مەسەلەیەك (کنجکاوی)

کەتن: تاوانی گەورە

کەلەکە: پەراسوو، تەنیشت

کەڵپ: ددانی سەگ و گورگ و ...، دوو ددان لەملا و ئەولای دەم (ناب)

کەوی:ماڵی، ڕام، دژی کێوی

کێوی: وەحشی، دژی کەوی

## گ

گرمووڵە بەستن: خۆ خڕکردنەوە، خۆ کوشم هەڵێنان

گڕووەبا: هەناسەبای لە نەکاو و بە تین

گنخاندن: تەنەخی پێ کردن، وەدرەنگ خستن

گۆڕایی: دەشتایی، تەختایی

گۆڕەهوو: گۆڕ گومکردوو، مردووی بێ سەروشوێن چوو

گەنە گەنە: گیایەکە بۆ زگ ئێشە وەك دەرمان کەڵکی لێ وەردەگیرێ

## ل

لاپانك: سووچێکی چادرە کە چیغی لێ دەگرنەوە و دەیکەنە پەسیوێك

لاجەلاج: لاژە لاژ، لارە لار، لاتسیاو لاتسیاو

لاکێشەیی: (مستطیل)ی

لان: هێلانە، جێگای خەوتنی گورگ و ورچ و دڕندەی کێوی بەگشتی

لە باراندا بوون: لە توانادا بوون، لە دەست هاتن

لەچەری: سەقیلی، دڵ نەهاتن (بخل)

لەمپەر: سوپەر، بەرگێڕەوە، کۆسپ

لێوار: کەنار، ڕۆخ (ساحل)

## م

مشك کەروێشك: لەجیاتی (ابن عرس)ی عەرەبی، یان (راسو)ی فارسی بەکارهاتووە، ڕەنگە پڕ بەپڕ نەبێ، بەڵام لەوە باشتر چەنگ نەکەوت

ملۆمۆ: بۆنکردنی سەگ و گورگ بۆ دیتنەوە و ناسینی شتەکان

موشەمما: (مشمع)، پارچەیەك کە مێوی لێ دەدرێ بۆ ئەوەی ئاو نەدا + هەر قوماش و پارچەیەك کە ئاو نەدا

مەڵبەندی ژیان: (بیئة)، (محیط زیست)

مەیتەر: ئەو کەسەی خزمەتی ئەسپ و ماین دەکا

مێشە: ئەو شوێنەی بی و سپێدار و بناو و ئەو جۆرە دارانەی لێ ڕواوە. زیاتر بۆ دەست نێژ بەکار دەبرێ.

مێمڵ: مڵە + سپڵی لاورگ، ئەوەی دەبێتە هۆی زەحمەت و ناڕەحەتی

## ن

نارەتە: نەڕە، نەعرەتە

نواندن: نیشاندان + خەواندن

نوخشە بەخێر: (تفاؤل)

نوخشەی خەراپ: (تشاؤم)

نەجم: نەجوولاو، نەبزووتوو

نەقایل: ناڕازی

نێو بوێر: نێو بەنێو، جارێك نا جارێك

## و

وەبا هاتن: کاتی جووتبوونی سەگ و گورگ هاتن

وەزەندی: ئازار، (أذیة)، (گزند)

## هـ

هاوشیر: ئەو بێچووانەی پێکەوە لە دایك بوون و پێکەوە شیریان خواردووە

هۆمەن: هێرش، پەلامار، شالاو

هەبلەخەرجی: دەست پێوە نەگرتن، بەخۆڕایی خەرجکردن

هەتەر: (أثر) + (خطر)

هەرد: زەوی، عەرد، (أرض)

هەرمان: هەمیشە مان، نەمری، (أبدیت)

هەڵپڕووزان: سووتانی مووی سەر و دەموچاو بەشێوەیەکی نیوە چڵ

هەڵتووتەکان: نەوعێك دانیشتنی سەگ و گورگە

هەوڵ و دەوڵ: هەوڵ و تەقەلا

هەوێردە: باڵندەیەکی کێوییە

هێڵ: خەت

***